# دوو ڕوانگە و دوو ڕەوتی نێو حیزبی دیموکرات

ئەحمەدی قادری

**بەرچاو ترین سروشتی دیموکراسی، بەرچاو گرتنی مافی کەمایەتی یە نەك پەیڕەو کردنی کەمایەتی لە زۆرایەتی**

ناوی کتێب: دوو ڕوانگە و دوو ڕەوتی نێو حیزبی دیموکرات

نووسەر: ئەحمەدی قادری

تایپ و مونتاژ: ئاکامی قادری

ژمارەی سپاردنی وەزارەتی ڕۆشنبیری :
نۆبەتی چاپ:
چاپخانەی:
تیراژ: 1000
وێنەی سەر بەرگو دیزانن: کاک ئەیوب شهابیڕاد

## ڕوون کردنەوەیەك

لەمێــژبوو پێوەبــووم ســەبارەت بــەڕەوتی دووبەرەکایــەتی و دەســتەبەندی کەبەداخــەوە بۆتــەکالاو لەمێــژوو دا بــەبالای کــورد بــڕاوەو، ڕیزەکــانی حیزبــی دیـموکراتی کوردستانی ئێرانی تووشی قەیرانێکی ترسناکی نێـو خـۆیی کـردوە، هەڵسەنگادن و شی کردنەوەیەکی پوخت و پاراوهەڵێنجم و لـە پـەرتووکێك دا بـۆ بەرەی داهاتووی نەتەوە بەش خووراو و بەشکراوەکەمی بەجێ بێڵم . تا بـەڵکوو بۆ ئەوان ببێ بە دەرس و ئەزموونێکی بەکەڵك ولەداهاتوودا خۆیان و گەلەکەیانی پێ لە زیانەکانی ئەو پەتا ماڵ وێرانکـەرە و، ئـەو دیـاردە قێـزەون و دزێـوە پـێ ڕزگار بکەن . بەڵام چەندی بیرم لێ دەکردەوە، چوارچێوەی نهێنی پـارێزیی نێـو

ڕێزەکانی حیزب کەبەشێك لە پڕەنسیپە ئەخلاقی یەکانی هەر مرۆڤێکی شۆڕشگێڕوکەسایەتی یەکی سیاسی یە، مەودای لێ بەرتەسك کردبوومەوە و بواری لێ ناهەموار کردبووم . خۆ ئەگەر بێ دەنگەشم لێ کردباو داباماین لیچ، بە خەسارێکی قەرەبوونەکراوم دەزانی و، دەیندارى ڕۆڵە ئەرك وەخۆگرەکانی بەرەی داهاتووی کۆمەڵ دەبووم و، خۆم بە قەرزداری ویژدانی خۆم دەزانی .

سەرەنجام بەداخەوە ڕۆژگار گەیشتە قۆناغێك کەبەهۆی پێك هێنانی کەش و هەوایەکی نادیموکراتی یانە، وەڕێخستنی ڕەوتێکی شێوە پۆلیسی، گرتنە پێشی سیاسەتی پاڵ پێوەنان و لە پەراوێز خستنی لانی کەم نیوەی کادروپێشمەرگەی خاوەن ئەزموون و کەسانی خاوەن نەزەروهەوڵ دان بۆ یەك دەست کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن قۆڵی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی سێزدەهەم، پڕوپاگەندە لە نێو ڕیزەکانی حیزبەوە بۆسەر ماڵپەڕەکانی ئینتێرنێت سنووری بەزاندو، بوو بە بنێشتە خۆشکەی سەر زاروزمانی نەیارانی گەلەکەمان . منیش بەپێچەوانەی ویستی خۆم کە قەت بەئاواتی ئەو ڕۆژەوە نەبووم، لەسەر ئەوە ساخ بوومەوە کەئەوەی لەبیرم مابێ بە لاپەڕە قاقەزانی وەرکەم و، لەمەترسیی لەنێوچوون و دەستی دزوجەردانی ڕزگار کەم و، بڵاوکردنەوەکەشی هەڵ گرم بۆ ئەو قۆناغەی کەناچار بە بڵاوکردنەوەی ببم .

ئێستا کەبەناچاری لێ بڕاوم ئەو ئەمانەتە بەدەستی نەوەکانی داهاتووی کۆمەڵ بگەیەنم و ئەو کۆڵە قورسە لەسەر شانی خۆم سووك بکەم، ڕوون کردنەوەی ئەم چەند خاڵە بەپێویست دەزانم :

1 ــ بۆئەوەی بابەتە کە وشك و برینگ و ڕەق و تەق نەبێ و خوێنەر لەخوێندنەوەی ماندوونەبێ، وەك مێژوو تۆمارم نەکردوەوبەسەیکی یادداشت و بیرەوەری و بە ئەدەبیاتێکی ساکارو بەوشەی ڕەوان و خۆماڵی دام ڕشتوە .

2 ـ تا ئەو جێگایەی ئاگادار بووم و لەتوانام دابووبێ، بەبێ وەبەر چاوگرتنی تەعەسسوبی وشك و، لایەنگریی بێ جێ لەلایەنێك و، تاوانبارکردنی بەناهەقی لایەنی بەرامبەر مەبەستەکانم درکاندوون . هەرخالێك بە لگەی ڕوونم لەسەری نەبووبێ نەم نووسیوەو، نەزێدە ڕەوییم کردوە و نە بوختانیشم بۆ کەس هەڵبەستوە .

3 ـ ئەوەی کە لە زۆر جێگا دا نەخشی خۆم زەق کردۆتەوەو سنگم ڕەپێش داوە، بەو مانەیە نەبوە کەخۆم کردبێتە قارەمانی داستانەکە، بەڵکو تەنیا بەو مەبەستەیە کەبە بە لگەوە سەلماندبێتم تا چ ڕا دەیەك دژی دەستەبەندی و گرژی و ئالۆزی لەنێو ڕیزەکانی حیزب دا بووم و، بۆ لەنێو بردنی ئەو دیاردە دزێو و ناشارستانی یە چەندەم هەوڵ داوە . بۆیەهیوا دارم ئەوەم بەخۆڕانان و خۆهەڵنان بۆ لەقەڵەم نەدەن و، باری خەمخۆری و دڵسۆزی یەکەم بۆ لەبەر چاو بگرن .

4 ـ ئەوەی لەبەر دەستتان دایە، سەروبەری هەڵسەنگاندن و لێك دانەوەو شی کردنەوەی خۆمەو، هەر هەڵە و کەم و کووڕی یەکی تێ دا وەبەر چاو بکەوێ بۆ خۆم لێی بەرپرسم و تاوانەکەی لەئەستۆی خۆمە .

5 ـ هەروەك لە باسەکانیش دا ئاماژەم پێ کردوە، ئەم پەرتووکە بە شێکی زۆر کەم لەو ڕووداوە خەم هێنەرانەیە کە لە و ماوەیە دا بەرۆکی حیزبەکەمانیان گرتوون . هۆیەکەشی ئەوەیە کە تەنیا ئەوەی بەڕوونی بە چاوی خۆم دیتوومن و بەگوێی خۆم بیستوومن تۆمارم کردوون و ،بۆ کۆکردنەوەی شتی زۆرتر کەمتر بەم لاولادا هەولم داوە . لەلایەکی دیکەشەوە بەو هۆیەوە کەمن لە ڕێبەرایەتیی حیزب دا نەبووم و، ڕەنگە زۆر شتی دیکە لە نێوان ئەندامانی ڕێبەرایەتی دا ڕەدەڵ و بەدەڵ بووبێ و ئێمە لێی بێ ئاگابین . هەربۆیە هیوادارم لە داهاتوو دا

هەرکەس لەو بوارە دا چی بەلاوەیە بڵاوی بکاتەوە و، وەك بەشێك لەمێژووی پڕ کارەساتی حیزبەکەمان بۆ بەرەی داهاتووی نەتەوەکەمانی بەجێ بێڵێ .

6 ـ لەگەڵ ئەوە دا کەڕەنگە ئەم نووسراوەیە بە مەزاقی هێندێکان خۆش نەبێ و، بە دووری نازانم ببێتە هۆی دەمە قاڵی و لەلایەن و کەسانێکەوە ڕەخنە باران بکرێم، بەو پەڕی دڵ فراوانی یەوە بۆڕەخنەو ڕێنوێنی یەك لەلایەن هەرکەسانێکەوە بە نووسراوە بەدەستم بگا، ئامادەی ڕوون کردنەوەو وەڵام دانەوەم .

7 ـ لە دوایی دا ئارەزوو دەکەم وبەدڵ خۆزگە دەخوازم قەت ئەو قۆناغە نەهاتایە پێش و ئەو هەلە بۆ من نە ڕەخسابایە کە ئەو پەڕتووکە بڵاو بکەمەوەو، نهێنی یەکانی نێو ڕیزەکانی حیزب ئاوا بەڕاشکاوی بدرکێنم و، بەناچار پرێسکەی دڵی مشتاخی خەمانم بۆ دۆست و دوژمن بکەمەوە . بەڵام بڕوا بکەن لەبەر ئەوە ناچار بە بڵاوکردنەوەی بووم کە لانی کەم بەشێك لە چەواشە کاری یەکانی لایەنی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی و ئەو بوختانە نا ڕەوایانەی بۆیان هەڵ بەستبووین، بەبەڵگەوە بخەمە بەر چاوی خوێنەران و بۆداوەری بانگ هێشتنیان بکەم .

لەگەڵ ڕێز و سپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی مامۆستایانە ڕەخنەم لێ دەگرن و ڕێنوێنیم دەکەن .

**1ی ڕەشەممەی ساڵی 1385ی هەتاوی**

# خەباتی دەروون حیزبی یان دەستە بەندی و جەناح بازی؟!

هەرلەکۆنەوە و لەسەرەتای سەرهە ڵدانی دیاردەی دیموکراسی یە وە باو بووە کەلە خۆڕادیوان بۆ وە ئەستۆ گرتنی پۆستە گرنگەکان چ لەنێو دەزگا حکوومی یەکان و چ لەنێو ڕیزی ڕێکخراوە سیاسی یە دێموکرات و پێشکەو تووەکان دا، ململا نێ و کێبەرکێ یان هێناوەتە ئاراوە . لەسە ر و بەندی هەڵبژاردنەکان دا



هەواڵنامەی کتێب

وەجـــمو جـوولّ کـەوتوون و بۆڕاکێشـانی سـە رنـجی کەسـانی دەور و بـەریان و وەخـۆکردنی لایـەنگران بەمەبەسـتی مسـۆگەر کردنـی زۆرایـە تیـی دەنگـەکان لەڕێگای مەشرووعەوە، هەموو توانای خۆیان وەگەڕ خستووە .

کـەوابوو زۆرئاسـایی یـە لـەنێو ڕیزەکـانی حیزبـی دێـموکراتی کوردسـتانی ئێـرانیش دا وەك حیزبێکـی لەمێژینـە و خـاوەن ڕابردوویـەکی پڕلەسـەروەری کەڕێبەرایـەتیی بزووتنـەوەی میللـی دێـموکراتیکی گـەلی کـورد لـە کوردسـتانی ئێرانی وەئەستۆ گرتوە، ئەو دیاردەیە لەبرەودابێ و، هەرکـەس بـەکردەوە خـۆی بە شیاوی وە ئەستۆگرتنی هەر پۆستێك بزانێ ، مافی بێ ئەملا و ئەولای خۆیەتی هەوڵی بۆبداو خۆی بۆ ماندوو بکا . بـەلاّم بـەو مەرجـەی وەدەست هێنـانی ئـەو پۆستەی هەوڵی بۆ داوە، لـە پێنـاوی بەرژەوەنـدیی گشـتیی حیـزب و لـەپێناوی گەشە سەندنی بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەی دابێ نەك مەقام تەڵەبی و دەسەلاّت پەرستی .

نامەوێ زۆر بەرەو دوابگەڕێمەوە و ڕابردووی سەرجەم هەڵبژاردنەکانی حیزبـی دێـموکراتی کوردسـتانی ئێـران لـە سـەرەتای دامەزرانیـەوە تائێسـتا بدەمـە بەرسەرنج و شیکردنەوەیان لەسـەر بکـەم . چونکە نـە نیـازێکی ئـەوتۆمان پێـی هەیـە و نەپێویسـتی باسەکەشـمانە . تـەنیا بـۆ ڕۆچـوون بـەناخی باسـەکەم دا، سووکە ئاماژەیەك بەو ململانێ و کێبەر کێ یانە دەکەم کە چەند کۆنگرەی لـەوە پێش بەچاوی خۆم دیتوومن و بەگوێی خۆم بیستوومن .

ئەوەندەی لەبیرم بێ کە لەکۆنگرەی چوارەمەوە بەتەواوی ئاگاداری بەشـێکی بەرچـاو لــە هەڵبژاردنــەکانی نێوڕیزەکـانی حیزبـی دێــموکرات دا بـووم، لــە هەڵبـژاردنی کەسـێك یـان کەسـانێك لـە پۆسـتی سـکرتێری ڕا بگـرە تائەنـدامانی ڕێبەرایەتیونوێنــەرانی کۆنگرەوکۆمیتــەی شارســـتان و . . .، لێهــاتوویی و لێوەشاوەیی و ڕابردووی تێکۆشان و . . . لەبەر چاودەگیرا . واتـە هەرکـەس بـۆ

هەواڵنامەی کتێب

هەرپۆستێك خۆی کاندیدا کردبایە، دەچووە پشتی تریبوون و خۆی بەدەنگدەران دەناساندو، ئامادەیی خۆشی بۆ وەئەستۆ گرتنی هەربەرپرسایەتی یەکی پێی سپێردرابایە، ڕادەگەیاند .

تەنانەت لەکۆنگرەکان دا واباو بوو کە دوو کەسی ئاگادار بەسەر ڕابردووی ئەو پالێوراوە دا، یەکیان بەموخالیف و ئەویدی بەموافیق قسەیان لەسەر دەکرد . ئەوجار بەپێی هەڵسەنگاندن و لێ ورد بوونەوەی دەنگدەران دەنگی وەردەگرت و مافی خۆی پێ دەدرا. ئیتر پێویست نەبوو قورئانێکی بۆوە بن هەنگڵ بدەیوپاکانەی بۆبکەی . بەڵام ئەو ڕەوتە پڕ دەسکەوت و بەواژەی ئێستایی (دیموکراتیك)ە، بەداخەوە بەرە بەرە بایەخی خۆی لەدەست داو هێدی هێدی لەگەڵ سرت و خورت و کاکە و برالەو نان بەقەرز دان بۆ گەیشتن بەکورسیی دەسەلات جێگۆڕکێی کرد . بائەوەش لەبیرنەکەین کەململانێوکەڵەوەکێشی لەنێو ئەندامانی هەرحیزب و ڕێکخراوێکی دێموکرات و پێشکەوتوو دا وەك خەباتی دەروون حیزبی باو بووە و ئەگەر لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتیی بزووتنەوە وگەشە پێدانی ڕەوتی بەرەو پێش بردنی سیاسەتی ئەو حیزبەدابێ، کارێکی پیرۆزو ئەرکێکی جێگای ڕێز و پێ زانینە . بەڵام ئەگەر بەمەبەستی پاوانخوازی و دەسەلات پەرستی و خۆ هەڵنان بێ و، لەو نێوە دا کەسانێك بۆ گەیشتن بەمەستی تایبەتیی خۆیان کەڵکی لێوە رگرن و نان بەنرخی ڕۆژ بخۆن و لە ئاوی لێڵ ماسی بگرن، گومانی تێ دا نیە زەبر لەڕەوتی سەرلەحاندایەکی و هاو فکری و نیاز پاکیی نێو ڕیزەکانی حیزب دەوەشێنێ و بەرپێ گرتنی ئەرکی سەرشانی دڵسۆزانی ئەو ڕێکخراوەیە .

بازۆر حاشیە نەڕۆم و لەمەبەست دوور نەکەومەوە . کەڵەوە کێشی و ململانێی ئەم دوایی یانەی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەلەسەر و بەندی بەستنی کۆنگرەی دەیەم دا ڕاشکاوانەوتوند وتیژتر لەپێشوو سەری

هەڵـدا، زۆرتـر بەمەبەسـتی هەڵبـژاردنی مامۆسـتا عەبـدوڵلای حەسـەن زادە بەسکرتێری گشتیی حیزب بوو . هۆیەکەشـی ئـەوە بـوو کـە یەکـەم : مامۆسـتاو هـاوبیرانی لەهـەوڵی ئـەوەدا بـوون کۆتـایی بـەلێك دابڕانـی دوو بـاڵی حیزبـی دیـموکراتی کوردسـتانی ئێـران بـێ و بنەماڵـەی گـەورەی حیـزب وەسـەریەك کەوێتەوە کە ئـەو ئەرکەشـیان بـەجێ گەیانـد . بـەڵام کـاك مسـتەفای هیجـری و هاوبیرەکـانی موخـالیفی یەکگرتنـەوە بـوون . دووهـەمیش : بـەلێك دانـەوە و هەڵسـەنگاندنی زۆربـەی دڵسـۆزانی حیـزب چ لـەباری ورد بـینی و لێکدانـەوەی سیاسی و چ لەبواری نێو نەتەوەیی (دیپلۆماسی) دا، تواناولێوەشاوەیی مامۆستا لـەوانی دیکـە بەرچـاو تربـوو. بـەڵام کـاك مسـتەفای هیجـری کەپێشـتر جێگـری سکرتێر بوو و بەدوای شەهید کرانی کاك دکتۆر سادقی شەرەفکەندی دا لەلایـەن کۆمیتــەی ناوەنــدی یــەوە بەســکرتێری گشــتی هەڵبژێردرســابوو، وەدەســت هێنانەوەی ئەو پۆستەی بەمافـی بێ ئەملاوئەولای خۆی دەزانی و هەموو توانـای خۆی بۆ وەگەڕ خستبوو. هەربۆیـە هەوڵـدان بـۆ وەخـۆ کردنـی لایـەنگر لێبڕاوانـە وەبرەو کەوت و، ڕاوێچکە کردن و سرت وخرت وکۆزیلکە بەسـتن لەگـەڵ بـەڕێوە بردنی ئەرکی ڕۆژانە ودژایەتی لەگەڵ دوژمنی سەرکی جێ گـۆڕکێی کـرد. لێـرەدا بێ جێ نازانـم بەشێك لەو نامەیە کەبۆ کۆنگرەم ناردبوو، تۆمار بکەم و ئێوەشـی لێ ئاگادار بن کەسەرەتاکەیم ئاوا دەست پێ کردبوو:

ــ بەڕێزان بەشدارانی کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دیـموکراتی کوردستانی ئێران !

وێڕای ماندوو نەبوونی و هیوای سـەرکەوتن بـۆ کۆنگرەکـەمان، سـەرنجتان بـۆ ئەم چەند خاڵەی خوارەوە ڕادەکێشم:

هـەروەك دەزانـین بەشـێك لەخـەباتی هـەر حیـزب ورێکخراوێکـی مەسئوول و پێشکەوتوو، خەباتی دەروون حیزبی یە . چونکە ئەو شێوە خەباتە دەبێتە هۆی زیندووڕاگرتن و پتەو تر بوونی تەشـکیلاتەکەی و، یـەکگرتووتر بـوونی ڕیزەکـانی

ئەو حیزبە. کەوابوو بۆ حیزبی ئێمەش کەرێبەر و رێکخەری خەباتی رزگاری خوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانە و لەبەرامبەر هەر چەشنە گۆڕانکاری یەك دا کەلەبەرژەوەندیی نەتەوەکەمان دا بێ بەرپرس و ئەرك وەخۆگرە، ئەو شێوە خەباتە پێویست و رەوایە.چونکە ئەگەر جیاوازیی بۆ چوون و بیروڕای جۆراو جۆر ودژ بەیەك لەگۆڕێ دا نەبن و بڕیارەکان یەك لایەنە لەلایەن کەسێك یان کەسانێکەوە بدرێن و بەدەنەش بێ ئەملاوئەولا بەرێوەیان بەرێ، نەك هەر بەحیزبێکی پێشەنگ وپێشکەوتوو لەقەڵەم نادرێ، بەڵکو لەوانەیە تووشی هەڵەو لارێ بوون و تەنانەت سەرەڕۆییش ببێ . زۆر باش لەبیرمە لەکۆنگرەی شەشەم دا کەئەو هەموو جیاوازیی بۆچوون و قرەوقوولەو هەراوهۆریایەی تێدا هاتە گۆڕێ، لەکۆتایی کۆنگرەدا رێبەری مەزنمان دکتۆر قاسملووی شەهید فەرمووی :

" ئەمن ئەم کۆنگرەیە بەکۆنگرەیەکی زیندوو دەزانم . چونکە باسی بەپێزو جۆراوجۆری تێدا کران و کەس نەزەراتی خۆی نەشاردەوەو بەراشکاوی هەموو شتێك باس کرا"

بەلام بەداخەوە ئەو شێوەخەباتە پردەسکەوتە لەنێو حیزبی ئێمەدا بەرە بەرە کاکڵە و نێوەرۆك و مانای راستەقینە خۆی لە دەست داوە و لەگەڵ توند و تیژی جێگۆڕکێی کردووە وسەری کێشاوەتە قۆناغی مەقام تەڵەبی و مەزنی خوازی! هەربۆیە ئەگەر ئەو رەوتە بەو شێوەیە لەبرەودابێ، لە جیاتی ئەوە ریزەکانی حیزب یەکگرتووترویپتەو تروتوند وتۆڵ تر بکاو، نیازپاکی و هاوفکری پەرەپێ بدا، بەرەو هەڵدێرپاڵمان پێوەدەنێ و، بێ سەرەو بەرەیی زیاتر پەرە دەگرێ و، سەرەرای ئەوە سەربەخۆیی بڕیاردان لەدەست دەدەین، ئەو ئیعتیبارو پرێستیژەی وەدەستمان هێناوە لەکیسمان دەچێ .

ئێستا بمانەوێ و نەمانەوێ و پێمان خۆشبێ و پێمان تاڵ بێ، ئەو دیاردە دزێوە بەڕوونی لەنێو ڕیزەکانی حیزب دا هەست پێ دەکرێ و تەنانەت لەدەرەوەی حیزبیش بەئاشکرا کەوتۆتە سەر زاروزمانان . مەسەلەی ناوچەگەرایی‌وزاڵبوونی ڕابیتە بەسەر زابیتە داو زۆرشتی دیکەی لەو بابەتانە، لەمێژە لەگۆڕێ دایەو بۆ کرتاندنی ڕایەڵ و پۆی حیزبەکەمان بۆ تە خۆرکە وخۆرەوئەگەر بۆ لەنێوبردنی هەنگاو هەڵ نەگرین زەبری بەژانمان لێ دەوەشێنێ .

ئێستا سەر هەڵدانەوەی ئەو دیاردە دزێوە لەکوێوە سەرچاوە دەگرێ و، بە چ مەبەستێکەوسوودوبەرژەوەندی یەکەی لەخزمەت کێ دایە ؟! پرسیارێکە کە دەبێ ڕێبەرایەتیی حیزب وەڵامەکەی بزانێ . مەبەستم ئەوە نییە کە ڕێبەرایەتی بەپشتیوانی کردن لەو دیاردەیە تاوانبار بکەم، بەومانایەدەڵێم کە ڕێبەرایەتی دەبا پێش هەموو کەس هەستی پێ کردبایەودژایەتیی لەگەڵ کردبایەوبۆ دامرکاندنەوە و ڕیشەکێش کردنی بەپەلە هەنگاوی هەڵگرتبایە .

بەڕاستی بۆ حیزبێکی خاوەن مێژووی خەباتێکی دوور و درێژوپڕلەڕووداووکارەساتی وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەڕێبەرورێکخەری بزووتنەوەی میللی دیموکراتیکی گەلێکی هەشت میلیۆنی یە و، ئەو هەموو ئەزموونە بەنرخانەی پاشەکەوت کردوون و، بۆ لەنێو بردنی ناکۆکی و دوو بەرەکایەتیی نێوان ڕێکخراوە سیاسی یە کوردستانی یەکان بۆتە نێو بژیوان و سەرکۆنەیان دەکاو، سەرکەوتنی گەلی کورد لەتەبایی و یەکیەتی و نیاوپاکی دا بەدی دەکا، جێی داخ وتەنانەت زۆر شەرمە کەتائێستاش نەیتوانیوە ئەو شێوەکەپێویستە ڕیزەکانی خۆی پتەو بکاو گرژی و ئاڵۆزی یەنێو خۆیی یەکان چارەسەر بکا !!

بێ گومان هەمووتان لەمن باشتر دەزانن کەئەگەر ئەو ڕەوتە چەوتە هەرچی زووتر بەری پێ نەگیرێ و، بۆ چارەسەر کردنی یەك جارەکی هەنگاوی بۆ

هەڵنەگیرێ، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر تەشەنا دەکاوڕەنگە لەدوا ڕۆژدا بەهای قورستر و قوربانیی زۆرتری پێویست بێ و، زیانی گەورەتری بەدوادابێ . هەربۆیە ئەرکی سەرشانی هەر ئەندامێکی دڵسۆزوهەرخەمخۆرێکی ڕاستەقینەی حیزبەکەمانە کەبۆ لەنێو بردن و ڕیشەکێش کردنی ئەو نەخۆشی یە زیانبارە کەهەمووماں باش دەزانین لەبەرژەوەندیی دوژمنانی ئازادی دایەو زیانەکەشی ئاوقای حیزب و گەلەکەمان دەبێ، بێ دەنگ دانەنیشن و بۆ زیندە بەگۆڕکردنی هەنگاوی پێویست هەڵێننەوە . هەرلەو پێوەندی یەدا، داواو پاڕانەوەشم لەنوێنەرانی کۆنگرە ئەوەیە کەلەباسەکانی کۆنگرە دا ئەو مەسەلەیە بەجیددی بگرن . بەتێروتەسەلی باسی لەسەر بکەن و بۆدۆزینەوەی ڕشەی نەخۆشی یەکەو، لەنێو بردنی یەکجارەکیی ئەو پەتایە کەتەنیا ئاو لەئاشی دوژمن دەکاو، زیانەکەشی بەبزووتنەوەی گەلەکەمان دەبڕێ، هەنگاوی لێبڕاوانە هەڵگرن . باگرێیەك کەبەدەست دەکرێتەوە بەددانی نەسپێرین .

بەو هیوایە کۆنگرەی دەیەم کۆنگرەیەکی پڕ دەسکەوت و خاوەن بەهرەبێ و، دۆستان شادودوژمنانی نەتەوەکەمان کوێر بکاو، تەبایی و نیاز پاکی بگەڕێتەوە نێو ڕیزەکانی حیزب و، یەك دڵ و یەك ئامانج درێژە دەری ڕێبازی پیرۆزی شەهیدە نەمرەکانمان بین و، بەوەدیهێنانی ئامانجیان ڕووحیان شاد بکەین . دەبا سەداقەت و ڕاستی و پاکی بکەینە سەرمەشقی ژیانی شۆڕشگێڕانەمان و، نەفرەت بنێرین بۆ دەستەبەندی و ناکۆکی و دوو بەرەکی"

**هاوڕێتان ئەحمەدی قادری ــ 1374/1/20 هەتاوی**

**ئەوە بەشێك لە قسەكانـم بوو كە لە كۆنفرانس دا بـاسم  كردن و بۆ كۆنگرەشم نـاردن .**

**پوختەی مەبەست:**

كۆنگرەی دەیەم كەمن شانازیی بەشداربوونیم پیّ نەبڕابوو، ڕۆژی 23ی مانگی خاكەلێوەی ساڵی 1374ی هەتاوی دەست بەكار بوو . لەدرێژەی كاری كۆنگرە دا لایەنی مامۆستا كەزۆرایەتیی بەرچاوی دەنگی نوێنەرانی كۆنگرەی لەپشت بوو، بەمەبەستی هێور كردنەوەی گرژی و ئاڵۆزیی بارودۆخەكەو، بەلەبەرچاو گرتنی هاوسەنگی یەك لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتیی حیزب دا، لەهەرتك لایەن

هەواڵنامەی كتێب

کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژارد وکۆنگرە بەسەرکەوتنەوە کۆتایی بەکارەکانی هێنا.

لەیەکەم کۆبوونەوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی نوێ دا، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە بەسکرتێری گشتی هەڵبژێردرا و، دیاردەی دەستەبەندی تاڕادەیەك بەرواڵەت دیزەبەدەر خۆنە کرا.

کـۆنگرەی دەیـەم گەیشــتە کۆتــایی و بەرهەمــەکانی گەیشــتنە ئاکــام. بەرپرسایەتی یەکان دابەش کرانەوە، تـەبایی و دڵگـەرمی بەئـەرك و تێکۆشـانی حیزبی تاڕادەیەکی بەرچاو بەسەر دڵساردی و بـێ سـەرەو بـەرەیی دا زاڵ بـۆوە، هەست کردن بەبەرپرسایەتی لەناخی دڵسۆزانی حیـزب دا بووژایـەوە و بـەماوەی زیاتر لەساڵێك نە لێـك مۆڕبوونـەوە دیـتراو نەغەیبـەت و یـەکتر کوتـانی پاشـەملە لەکەس بیسترا. کەچی مەخابن! لەسەر و بەندی کۆنگرەی یازدەهـەم دا، ئـاوری بـن کایـە گەشـایەوە و دەسـتەبەندی سـەری هەڵدایـەوە ! سـرت و خـورت جێـی بەتــەبایی و نیازپــاکی لێژکردەوەوڕاپەڕانــدنی ئــەرکی ڕۆژانــە وەپــاش گــوێ خرایەوە ! کۆنفرانسەکان یەك لە دوایەك گەیشـتنە کۆتـایی و ئـەوجاریش نسـیبم لەبەشدار بوونی کۆنگرە بـێ بـەش مایـەوە. هەربۆیـە بەناچـار ئـەم نامەیـەم بـۆ کۆنگرە نارد کەهەر نەبێ گازندەوسکاڵای خۆم لەوبارە نالەبارەی بەسـەر ڕەوتـی بزووتنەوەکەمان دا زاڵە دەربڕم و، بێ زاریی خـۆم لـەڕەوتی دەسـتەبەندی و دوو بەرەکایەتی بەگوێی بەشدارانی کۆنگرە ڕابگەیەنـم. بۆ سەلـماندنی بـێ لایـەنی و ئاگادار بوونتان لەچۆنیەتیی بـۆ چوونەکانــم، دەقـی نامەکـەش تۆمـار دەکـەم و ئێوەش بۆ داوەری بانگ هێشتن دەکەم :

ــ بەسلاو لەنوێنەرانی خۆشەویستی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزبی دیـموکراتی کوردستانی ئێران کەبەش بەحاڵی خۆم وەك کۆنگرەیەکی چارەنووس سـازی لـێ دەڕوانـم و سەرکەوتنی بـۆ خوازیـارم. زۆرم پـێ خـۆش بـوو کـەوەك ئەنـدامێکی لەمێژینەی حیزبە خۆشەویستەکەم شانسی بەشداربوونـم لەو کۆنگرەیەدا هـەبا و

پرێسکەی دڵی پڕلەناسۆری خۆم بۆ بەشداران کردباوەولەو باسانەی لەلایەن هاوڕێ یانەوە دێنە گۆڕێ، کەڵکم وەرگرتبایە . بەڵام ئێستا کەبەهەر هۆیەك بووبێ نەمتوانیوە ئەو شانازی یە وەدەست بێنم، سکاڵاوگازندەودەردە دڵەکانی خۆم لەچەند خاڵدا کورت کردوونەوەوبەهۆی مەحەببەتی یەکێك لەهاوڕێ یانەوە پێشکەشی بەشدارانی کۆنگرەی دەکەم :

بازۆرکاتی کۆنگرەنەگرم و ڕاستەوخۆ بێمە سەر باسەکانم :

1ــ کاتێك لەکۆنفرانس دا باسی دەستەبەندی و ناتەبایی و دوو بەرەکایەتیی نێو ڕیزەکانی حیزبم کرد و تاوانەکەشم دایەپاڵ ئەندامانی ڕێبەرایەتیی و، پاشان ئەندامانی دەفتەری سیاسی بەگشتی حاشایان لێکردو، بەدڵنیایی یەوە بۆچوونەکەی منیان وەدرۆ خستەوە، بەتەواوی گومانم لەبۆچوونەکانم کرد و هێندەی نەما بوو لەوەی کەگوتبووم پاشگەزببمەوەوداوای لێ بووردن بکەم . کەچی بەداخەوە کەمی پێ چوو دیاردەناحەزەکە بەڕوونی خۆی نواندو، مانگ حەو جێ بەئەنگوستێ نەبوو! هەروەك دیتمان لەبەریەك ڕاچوونەکە بەڕادەیەك توندوتیژ و جیددی بوو، کاری ڕۆژانە و دژایەتی لەگەڵ دوژمنی سەرەکی لەبیر کراو، هەی لەوەی بەهەر شێوەیەك بۆی بلوێ، لایەنگرێك بۆخۆی زیاد بکاو، لەوکێ بەرکێ یە دا کەهەدەف بێ هێزکردنی لایەنی بەرانبەری بوو، پلەی یەکەم وەدەست بێنێ !!

خۆزگە دەخوازم نوێنەری کۆنگرەبام و بۆتەنیا کات ژمێرێکیش دەسەڵاتی کۆنگرەم هەبایە، بۆئەوەی لەدەورەی هەوەڵی هەڵبژاردن دا نەم هێشتبایە تاقەناوێك لەسەر بەڵگەی هەڵبژاردن بنووسرێ و هەموویانم بەسپی تەحویل دابانەوە . جائەگەر پرسیار کرا بۆ؟ دەمگوت : هەرلەبەرئەوەی بۆتان دەرکەوێ کەئێوە پاڵێوراوان بۆ خۆتان مەسئوول نین و ئێمەین کەهەڵتان دەبژێرین و دەتانکەین بەکەڵەگای خۆمان !

هــاوڕێ یــان! بــە دڵنیــایی یــەوە دەتوانــم بڵــێم : ئەگــەر شــەهید و کــەم ئەندامەکانـمان زانیبایان حیزبایەتی دەگاتە قۆناغێـك کەلـەجیاتیی بـیر کردنـەوە لەسیاســەتی دواڕۆژ و داڕشــتنی گــەلاّ ڵــەوپلان بــۆ گەشــە ســەندن و بــەرەوپێش بردنــی ڕەوتــی بزووتنەوەکــەمان و پتــەوتر کردنــی ڕیزەکــانی حیــزب، ئەنــدامانی ڕێبەرایەتی هەموو وزەوتوانای خۆیان بۆ ورد کردنی کەسایەتیی یەکتر لـەپێناوی دەست ڕاگەیشتن بەکورسیی دەســەلاّت و پاوانــخوازی دا وەگــەڕ دەخــەن، قــەت ئامادە نەدەبوون ئەوفیداکاری و لەخۆبووردوویی یە لەخۆیان نیشان بدەن و ببنە سووتەمەنیی ئەو دیاردە دزێوە !!

ئەگەر گەلەکەمان و دڵسۆزانی حیزبەکەما زانیبایان لەم هەل و مەرجـە ناسکە دا لەجیاتیی هەوڵ دان بۆ دۆزینــەوەی ڕێگــا چارەیەك بــۆ دەربــازبوون لــەپیلانی دوژمن و، پاراستنی گیانی جگەرگۆشـەکانیان لەمەترسـیی تـیرۆری تیرۆریسـتانی کۆماری ئیسلامی، ئاوا دەمـمان لەجـەرگی یـەك ناوەوبەمەبەسـتی بەرژەوەنـدیی شەخسی یەکتر دەبوغزێنین و قینەبەرایەتیی یەکتر دەکـەین و، دژایـەتیی لەگـەڵ دوژمنی سەرەکیمان وەلاناوە، قەت شانازی یان پێـوە نـەدەکردین و، لـەجیاتیی پشتیوانی لێکردنـمان نەفرەتیان لیٚ دەکردین و تف و نەحلەتیان بۆ دەناردین .

ئەگەر جارێك بۆ هەمیشە ئەندامانی دەفتەری سیاسی بیریان لـەوە کردبایـەوە کەبەهۆی ئەو ڕەوتە زیانبارودزێوەی لـەنێو ڕیزەکـانی حیـزب دا وەبرەوکـەوتوە، چەندە بیٚ سەرەو بەرەیی هاتۆتە گۆڕیٚ و چ کەسانێك بەسوودی خۆیـان کـەڵکی لیٚ وەردەگرن و، تا چ ڕادەیەك ناڕاستەوخۆ لەپێناوی بەرژەوەندی یەکانی دوژمن دایە، قەت ڕێگایان نەدەدا بەدەنەی حیزب شیروتیران لێك بسوون و، ڕێگا بۆ ئەو کەسانە خۆش بکەن کەبەهەربیانوویەك بیٚ لەبیری ئەوەدان ڕیزی پێشمەرگایەتی بەجیٚ بێڵن و لەم کاتە ناسکە داماڵ جیایی مان لەگەڵ بکەن .

ئەگەر کادرو پێشمەرگە بێ لایەنەکان لەنێو ڕیزەکانی حیزب دا کەبەداخەوە ڕادەشیان زۆر نیە، زانیبایان ئاوا دەبنە سووتەمەنیی دیاردەی دوو بەرەکایەتی و ناتەبایی نێوان ئەندامانی ڕێبەرایەتی و ئاوا بەناهەق مافیان پێشێل دەکرێ و مایە پوچ دەردەچن، قەت بیریان لە حیزبایەتی نەدەکردەوەو، لەجیاتیی ئەو هەموو کێشەوبەرەو تەنگ و چەڵەمەوترس و لەرز و بێ دەرەتانی یە، درێژەیان بەژیانی شەخسیی خۆیان دەداوخێری ئەو شانازی یەیان دەبەشیەوە !

بەلاّم هاوڕێ یان ! ئێستاش درەنگ نەبوە و بەقەولی گوتوان : "زەرەر لەنیوەش بگەڕێتەوە هەرباشە" دەبا یەك دڵ و یەك گیان، بۆیەك مەبەست و یەك ئامانج، نەفرەت لە دوو بەرەکی و ناتەبایی بکەین و، لەوە زیاتر خۆمان دەینداری خوێنی شەهیدان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان و گەلە ستەم لێ کراوەکەمان نەکەین . دەبا بەگیانێکی پڕ لەفیدا کاری یەوە لاپەڕەیەکی نوێ لەڕەوتی خەبات و تێکۆشانی داهاتوومان هەڵدەینەوەو، تەبایی و نیازپاکی بکەینە سەرمەشقی ئاکارو کردەوەی شۆڕشگێڕانەمان . با سەرلەحاندایەکی و لەخۆ بووردوویی بکەینە بەردی بناغەی ژیانی پێکەوە بوونی بەئاشتی مان و، دوو دڵی و لێك مۆڕ بوونەوەوگرژی و ئاڵۆزی بۆ هەتا هەتایە زیندەبەگۆڕ بکەین . با لەپێناوی وەدی هێنانی ئامانجی بەرز و لەمێژینەی حیزب و گەلە بەئاوات نەگەیشتووەکەمان دا یەك دڵ ویەك گیان ڕەوڕەوەی مێژوو بەرەو ترۆپکی سەرکەوتن پاڵ پێوە نێین و، بەو کردەوە شۆڕشگێڕانەیەمان گیانی نەمری شەهیدەکانمان شاد بکەین .

2ــ ئێمە خۆمان بەڕێبەروچاو سووری گەلەکەمان دەزانین و قاڵبووی کوورەی خەباتی هەژدە ساڵەی چەکدارین و بەخەیاڵی خۆمان دەریایەك ئەزموونی بەکەڵکمان پاشەکەوت کردوە، بەلاّم ئەگەر پێ لەهەقێ نێین و ڕاستی یەکەی بێژین، لەگەلەکەمان بەجێ ماوین . چونکە لەهەموو ئەو ماوەیە دا تەنیا خۆمان

بەکاری عەمەلی یەوە خەریك کردوە و نەمانتوانیوە ئەوشێوە کەپێویستە لەباری سیاسی یەوە خۆمان پێ بگەیەنین! ئەوەلەکاتێك دایە کەزۆربەی خوێندەوار و ڕووناك بیرەکان لەنێوخۆی ولآت دا وەدوای مەسایلی سیاسی کەوتوون، خوێندوویانەتەوەوخۆیان پێ گەیاندوە . هەربۆیە کاتێك لەگەڵ کادرەکانی حیزبی بەرەو ڕوودەبن، چاوەڕوانن لەپێوەندی لەگەڵ مەسەلە سیاسی یەکانی ڕۆژ، ڕوو داوەکانی سەردەم و شی کردنەوەی سیاسەتی حیزب شتی نوێ یان لێ فێر بن . بەلآم کاتێك هێز و توانای ئەوان هەڵدەسەنگێنن و بەکردەوە بۆیان دەردەکەوێ نانێکی بەنێو چاوانەوە نیە، نا هومێد دەبن و بەگوێی خۆم بیستوومە کەگوتوویانە: "خۆزگە هەر لە دوورەوە ناوبانگمان بیستبان و لەنزیکەوە نەمان دیتبان !"

بۆیە پێشنیارم ئەوەیە کەڕێبەرایەتیی داهاتوو لەهەوڵی بەهێزکردنی کۆمیتەی شارستانەکان و پێگەیاندنی کادرەکاندابێ . بەتایبەت لەم قۆناغەدا کەبەداخەوە بواری خەباتی چەکداریمان لێ بەربەست کراوە، کاتی ئەوە هاتوە لەهەموو کۆمیتەکان دا دەورەی بارهێنانی کادر پێك بێ و بتوانین ئەو کەلێنە پڕ بکەینەوە .

3ــ ئێستا لەم قۆناغە دا مەڵبەند و کۆمیتەی شارستانەکان کەتەنیا ئاڵقەی پێوەندیی نێوان حیزب و گەلەکەمانن و، دەتوانن سیاسەتی حیزب بۆنێو خەڵك وەگوێزن و سەرنجی ڕووناکبیران و لاوە ئەرك وەخۆگرەکان بۆلای حیزب ڕاکێشن و لێکیان نزیك بکەنەوە، بەداخەوە لەمێژە وەك ئۆرگانێکی لاوەکی چاویان لێ دەکرێ و ئەوشێوە کەشیاوی قۆناغەکەیە بایەخیان پێ نادرێ ! لەجیاتیی ئەوەی باشترین و خاوەن ئەزموون ترین کادری تەشکیلاتی یان بۆ تەرخان بکرێ، ئەگەر لەنێو خۆشیان دا کادرێك لەباری سیاسی یەوە پێ

گەیشـتبێ، جـێ بـەجێ هـەڵی دەگـرن و لەیـەکێك لەئۆرگانـەکانی دەوروبـەری دەفتەری سیاسی کاری پێدەسپێرن !

هەربۆیە تەشکیلاتی نێوخۆمـان لەوپـەڕی لاوازی دایـە وقـەت وەلاّم دەرەوەی هەل و مەرجی ئێسـای بزووتنەوەکـەمان نیـە . بەوهیوایـە ڕێبەرایـەتیی داهـاتوو بەجیددی لە بـیری ئەومەسەلەیە دابێ و ڕێگـا چارەیەکی ئەساسـیی بـۆ ڕەچاو بکا.

4 ــ بەداخەوە هەڵسەنگاندن بۆ دیاری کردنی پلـەی تەشـکیلاتیی کادرەکـان لەگرێـژە نـە چـووەوڕەوتی ئاسـایی خـۆی لەدەسـت داوە . ئێسـتا وەك مـن بیستوومە : ئەوکادرانەی ساڵانە بۆوەرگرتنی پلەی تەشکیلاتی پێشنیار دەکرێن، بـۆ ئۆرگانـەکان بۆتـە سـەهمییە ! واتـە فـلاّن ئۆرگـان لەوسـاڵە دا هـەقی پێشـنیارکردنی تـەنیا ئەوەنـدە کـادرەی هەیـە ! پاشـان ڕادەی دیـاری کراوبەکۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی دەناسێندرێ و ئەویش چەندی بەکەیفێ بـوون بەدەفتەری سیاسی یان پێشنیاردەکا ! دەفتەریش بڕیار لەسەر ئەوەنـدە کەسـە دەدا کەپێشتر لەسەری ڕێك کەوتوون !

ئاکامی ئەو بەرنامە ڕێژی یە دەبێتـە هـۆی ئـەوە کەهێنـدێکان بەتاڵووکـە پـێ دەگەن و گەلێك کەسیش وەپاش گوێ دەکەون و ماف خۆیان پـێ ناگـا . چـونکە ئەو ئۆرگانەی کەوا دابنێین نەفـەرێکی وەك سـەهمییە لـێ وەردەگـیرێ ! ڕەنگـە هەرکەسی وای تێدا نەبێ بەوزووانـە شـیاوی وەرگـرتنی پلـەی تەشـکیلاتی بـێ . بەلاّم ئۆرگانێك کە دوو کەسی بۆ دیاری کراوە، ڕەنگە چەند کەسی وای تێـدا بـێ ماف وەرگرتنی پلەی هەبێ .

پێم ناخۆش بوو نـموونە بەخۆم بێنمەوە، بەلاّم کەس لەخۆم باشـتر ناناسـم . ئەمن بـەئاگاداریی هـەموو ئەوکەسـانەی لـە کۆمیتـەی شارسـتانی بانـە داکاریـان کردوە کەنزیك ترین کەس کاك عوسـمانی ڕەحیمی و کاك سەید برایـمی هاشـمی

هەرئێستا لێرە حازرن، ساڵی 1362 ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستان و کادری دەرەجە سێ بووم . ئێستا کەساڵی 1376ە و چواردە ساڵ بەسەر دا تێ دەپەڕێ، هەر دەرەجە سێم و ئاڵوگۆڕ بەسەر پلەی تەشکیلاتیم دا نەهاتوە !! جاڕەنگە ئەو سەهمییەی بۆ ئۆرگانەکەمان لەبەر چاوگیراوە، بەشی منی تێ نەکەوتبێ ! هەرچەند لەماوەی ئەوچوارساڵەی لەڕادیۆ دا کارم کردوە، کاک حەسەنی شەرەفی دەڵێ: "پێشنیارم کردووی و دەفتەری سیاسی ڕەتی کردۆتەوە" بەڵام باوادابنێین کەهەر پێشنیار نەکراوم و بەهەر هۆیەك بووبێ لەبیر چوومەوە ! خۆ ئەندامانی دەفتەری سیاسی هەموویان زۆرباشم دەناسن و لەهەموانیشم بیستوە کە هەر پۆستێکم پێ سپێردرابێ لەئەرکی ڕۆژانەم وەدوا نەکەوتووم .

سەیر ئەوەیە کەبۆ یەك جاریش پێم نەگوتراوە فلاّن تاوانت لەسەرە، یان فیسار کەم و کووڕی لە کارەکانت دا وەبەر چاو کەوتووە تا منیش بەخۆم دا بێمەوە و تاوانەکەم قەرەبوو بکەمەوە. بۆیە پێشنیارم بۆ ڕێبەرایەتیی داهاتوو ئەوەیە کە لەوبوارە دا چوارچێوەیەکی گونجاو تر ڕەچاو بکاو، بە پێی ڕابردووی تێکۆشان و لێ وەشاوەیی کادرەکان مافی خۆیان بۆ لەبەر چاو بگیرێ .

5 ـــ سەبارەت بەتێکۆشانی تەشکیلاتی و خەباتی دیپلۆماسی مان لەدەرەوەی وڵات لەپێوەندی لەگەڵ ناکۆکی و ناتەبایی نێوان هاوڕێ یانی بەرپرس لە ئورووپاو، کار شکێنی و یەکتر قبووڵ نەکردنیان و . . . . کەزیانێکی قەرەبوو نەکراوی بە پرێستێژی حیزب و ڕەوتی بەرەو پێش چوونی بزووتنەوەکەمان لەدەرەوەی وڵات گەیاندوە، لەمێژە بۆتە بنێشتە خۆشکەی سەر زار و زمانان و ئەمن سەر لەنوێ تێ هەڵ ناچمەوە . پێشنیارم بۆ ڕێبەرایەتیی داهاتوو ئەوەیەکەبەهەڵسەنگاندن و لێ ورد بوونەوەی تەواو، بۆ لەنێو بردنی ئەو دیاردە زیانبارە هەنگاو هەڵێنێتەوەو جارێك بۆ هەمیشە

لێبڕاوانە لەبەرانبەر ئەوکەسانە دا هەڵوێست بگرێ کە بە هەرشێوەیەك دەبنە کۆسپی سەر ڕێگای بەرەو پێش چوونی تێکۆشانی حیزب لەدەرەوەی وڵات .

ئێستا کە خەباتی چەکدارانە تاڕادەیەك لەباوکەوتووە، دەبێ هەموو هێز و توانای خۆمان بۆ پتەوترکردنی خەباتی دیپلۆماسی لەدەرەوەی وڵات وەگەڕ خەین و، لەڕەوتی ڕووداوەکان دا هەلە ڕەخساو و لەبارەکان بەسوودی بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەمان وەقۆزین و، لەگەڵ کاروانی پێشکەوتن لەجیهان دا خۆمان بگونجێنین .

6ـ سەبارەت بە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کە لەم هەلە دا ئاڵقەی پێوەندیی نێوان حیزب و گەلەکەمانە، پێشنیارم بۆ ڕێبەرایەتیی داهاتوو ئەوەیە کە لێبڕاوانە لەبیری پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کادری فەننی دابێ . ئێمە ئێستا موهەندیس خەیاتیمان هەیە کە ناشکوری نەبێ سەری لەگوێی قەبری دەلەرزێ و هاکا ماڵاوایی لێ خواستین . هەر وەها لەباری وێژەر و نووسەر و ئۆپێڕاتۆریشەوە لاوازین و پێویستە بۆبەهێزکردنی لەهەوڵ دابین .

7ـ پێشنیارم بۆ کۆنگرەی یازدە ئەوەیە : هەم ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و هەم دەفتەری سیاسی ز یادبکرێن . لەو پێشنیارەم دا مەبەستم ڕازی کردنی دڵی کەس نیە، بۆیە دەڵێم : ئەگەر ئەندامانی دەفتەری سیاسی حەوت کەس بن، باشتر بەکارەکانیان ڕادەگەن . تەنانەت دەکرێ یەکێك لەئەندامانی دەفتەری سیاسی وەك هاوکاری سکرتێر هەمیشە لەسکرتاریا بێ، بۆ ئەوەی سکرتێر بۆ ڕاگەیشتن بەئەر کەکانی دەستی ئاوەڵاتر بێ و زۆرتر لەبیری بیرکردنەوە لەدوارۆژی بزووتنەوەکەمان دابێ .

8 ـ بۆ بووژاندنەوەی تەشکیلاتی نێوخۆ پێشنیارم ئەوەیە : بەهەر شێوەیەك بێ کادری نێو خۆیی پێ بگەیەنین . ڕایەڵەی پێوەندی گرتنیان بۆ دابین بکەین

و لەباری منالدیشەوە بەپێی توانا چاوەدێری یان بکەین و ئەرکی سەر شانیان سووك بکەین .

جارێکی دیکەش هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرە دەخوازم . هێوادارم کۆنگرەیەکی پڕ دەسکەوت و پڕ خێروبێر بۆ داهاتووی حیزب و گەل و بزووتنەوە ڕەواکەمان بێ و لەبەری وە حەسێین".

ئەحمەدی قادری

1376/9/27ی هەتاوی

مێژوو ئەوقۆناغەشی بەجێ هێشت، ڕۆژی 1ی مانگی بەفرانباری سالی 1376ی هەتاوی کۆنگرە دەست پێکراو پاش پێنج ڕۆژان کاری بەردەوام کۆتایی پێهات . لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی نوێ دا، مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە بەتەواوەتیی دەنگی ئەندامان بەسکرتێری گشتی هەڵبژێرایەوە .

نرخ و بایەخی دەسکەوتەکانی کۆنگرە لە ئاستێکی نزیك بەلوتکە دا بوون . لەزۆرانم بیست کەبەسەرکەوتوو ترین کۆنگرەی حیزب لەقەڵەم درا . یەکێك لەبڕیارەکانی کەبەلای منەوە ئەگەر بەڕێوە چووبایە بەنرخ ترین دەسکەوت بوو، وازهێنان لەدەستە بەندی و پێکەوە ژیانی بەتەبایی و نیاز پاکیی نێو ڕیزەکانی حیزب بوو . ئەوەم لەزمانی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە وە بیست کەلەکۆبوونەوەیەکی بەرینی دوای کۆنگرە دا فەرمووی :

ـ یەکێك لەشانازی یەکانی کۆنگرەی یازدە ئەوەیە کە:

ڕیشەی دەستەبەندی و دوو بەرەکایەتیمان لەبن هەڵ کێشاوە .

هەواڵنامەی کتێب

ئەمن کەتەنیا ویژدانی خۆم شاهیدە بەبیستنی ئەو وشەیە چەندە گەشامەوە و، وەك دەڵێن:

گەز گەز باڵام پێکرد، بەدوای فەرمایشەکانی مامۆستا دا چوومە پشت تریبونەکەوگوتم :

ــ لەسەر کەوتنی پڕ دەستکەوتی کۆنگرەی یازدە پڕ بەدڵ خۆشحاڵم و پیرۆزبایی بەهەموو دڵسۆزانی حیزبەکەمان دەڵێم . ئەوە خۆشترین مژدەوگەورەترین دەسکەوتی خەبات و خۆ ڕاگریمانە کە لە وزەمان دا هەبێ دیاردەی دەستە بەندی بۆ هەتا هەتایە بە زبڵدانی مێژوو بسپێرین . بەڵام دیسانیش بەش بەحاڵی خۆم نیگەرانم کەبۆمان بەڕێوە نەچێ . چونکە لەکۆنگرەی دەیەمیش دا ئەوبڕیارەمان دا و بەداخەوە بۆمان بەڕێوە نەچوو . هیوادارم ئەم جارەیان بۆ بەڕێوە بردنی بەدڵ لێبڕابین و لەزیانەکانی دەرس و ئەزموونمان وەرگرتبێ .

ئەوەشم لێ زیاد کرد کەئەگەر لێرەبەولاوە دیاردەی دەستە بەندی سەری هەڵ دایەوە، تاوانەکەی لەپێش هەموان دا لەئەستۆی سکرتێری حیزب و پاشان ئەندامانی دەفتەری سیاسی و بەگشتی ڕێبەرایەتیی حیز بە .

لێرە دا بوو کەبەش دارانی کۆبوونەوەکە بەپشتیوانیی لەوبۆچوونە چەپڵەیەکی دوور و درێژیان لێدا .

دواترکە بەخزمەت مامۆستا گەیشتم، گلەیی کرد و فەرمووی :

ــ پێم خۆش نەبوو قسەکانت بەگومانەوە کردن .

منیش عەرزم کرد :

ــ زۆرجاران بۆخۆت فەرمووتە جاری وایە پیاو پێی ناخۆشە بۆ چوونەکەی وەڕاست گەڕێ . ئەمن بەپێی ئەوئەزموونانەی لە ڕابردوو پاشەکەوتم کردوون، ئێستاش ترسم لەوەهەیە کەئەوبڕیارەمان بۆ بەڕێوە نەچێ . هیوادارم بۆ

چوونەکەم وەڕاست نەگەڕێ و بتوانین ئەوکۆسپە گەورەی سەرڕێگای تێکۆشـانی داهاتوومان تەخت کەین و دۆستان شاد و دوژمنانـمان کوێر بکەین .

هۆی ئەوەی ئەمن هەر لەسەرەتاوە دیاردەی دەستـەبەندیم بـەزیانێکی قەرەبوو نەکراوی ڕەوتـی بزووتنەوەکـەمان دەزانـی و خـۆم تێکـەڵ نـەکرد و بـێ لایەن مامەوە، زۆر لایەنی زیانبارم تێدا بەدی دەکردن کەلێرە دا بەکورتی ئاماژە بە هێندێکیان دەکەم :

1ــ لەهـەرتك لا کەسـانی خـاوەن هەڵوێسـت و دڵسـۆز هـەبوون کەلـەپێناوی بەرژەوەنـدیی گشـتی و بـەرەوپێش بردنـی ڕەوتـی بزووتنەوەکـەمان دا لـەژیانی خۆیـان مایـەیان دانـابوو و جێگـای بـڕواو متمانـە بـوون . جـا ئەگـەر لایەکیانـم وەپاش گوێ خستبایە، هـەم زوڵـم لـەو مرۆڤـە تێکۆشـەرانە دەکـراو هـەم زیـان بەرەوتی گەشەسەندنی نێو ڕیزەکـانی حیزبەکـەمان دەگەیشـت و، هـەم لـەباری ویژدانی یەوە خۆم بە قەرزدار و بەرلۆمە دەزانی .

2ــ لەهەرتك لا کەسـانی بەرچـاو تـەنگ و سوودپـەرسـتی واهـەبوون کـەنانیان لـەئاژاوە و گێـرە شـێوێنی دابـوو . لـەئاوی لێـڵ ماسـی یـان دەگـرتن و تـەنیا بەرژەوەندیی شەخسیی خۆیان بەلاوە گرنگ بوو . بۆ دەست ڕاگەیشتن بەو پلەو مەقامەی کەبەهەق شیاوی نەبوون، هەموو توانای خۆیـان وەگـەڕ دەخسـت و لـە هیچ پیلانێك بۆ بـەلاڕێ دا بردنـی کەسـانی سـاویلکە و کـەم ئـەزموون دەسـتیان نەدەپاراست !

3ــ ململانـێ و کەڵەوەکێشـی یەکـە گەیشـتبوە قۆناغێـك کـەبۆ هێنـدێکان نەزاکەتی کەلام و پرەنسیپە ئەخلاقی یەکان بەتەواوی نرابوونە ژێر پـێ و سـەری کێشابووە تیرۆری شەخسییەت .

4ـ کەڵکی خراپ وەرگرتن (سوءئیستیفادە)کردن لەپشێوی و ئاڵۆزیی نێو ڕیزەکانی حیزب و، وە پاش گوێ خستنی ئەرکی حیزبایەتی و، بایەخدانی تەواو بەخۆش گوزەرانی و ڕابواردن بۆ هێندێکان لەهەموو شتێك گرنگتر بوو .

5ـ زۆرکەسان بەهۆی دەستەبەندی و دوو بەرەکایەتی یەوە بەناهەق بەو پلەوپایە گەیشتن کەزۆریان مابوو بیگەنێ و، گەلێکانیش لەوپێوەندی یە دا مافیان ژێر پێ نرا و ڕەنج بەخەسار چوون .

6ـ لەسۆنگەی ئەو خۆڕەپێش کردن و خۆ هەڵنانە دا، زۆر کادری بەئەزموون و، پێشمەرگەی لەمێژینەو، کوڕانی دڵسۆز کەهیوای دواڕۆژی حیزبەکەمان بوون، بەهۆی بەهێند نەگرتنی کار و تێکۆشانی لەمێژ ساڵەیان، دڵ سارد و نا هومێد بوون و ڕێگای دوورە وڵاتیان گرتە بەر و ماڵ جیایی یان لەگەڵ کردین .

ئەوەی زیاتر لەهەمووی ئەوانە جێگای نیگەرانی و ناهومێدی بوو و، هیوایەك بۆ چارەسەرکردنی نەمابوو، ئەوەبوو کە ڕەوتەکە لەڕێبەرایەتی یەوە سەرچاوەی گرتبوو و، بۆ نێوبەدەنەش تەنیبوویەوەو ڕیشاژۆی کردبوو . چەندی بیرم لێ دەکردەوە ، دۆش دادەمام و ڕێگای لەنێوبردنیم بەدی نەدەکرد . چونکە وەك پێشتر ئامـاژەم بۆ کردبوو، کەسانی مەسڵەحەت ویست و دەسەڵات پەرست ئاشیان بەوئاوەدەگەڕا و ئامادە نەبوون هەنگاوێك بۆ لەنێوبردنی هەڵێننەوە . هەرچەند لەکۆنگرەی یازدەهەمیش دا هەروەك کۆنگرەی دەیەم بە وەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندیی حیزب و بزووتنەوەی گەلەکەمان لەهەڵبژاردنی ئەندامانی ڕێبەرایەتی دا هاوسەنگی وەبەرچاوگیرابوو و، وەزعەکە تاڕادەیەك هێور ببۆوە و سرت و خورت لەقۆناغی لاوازی دابوو، بەڵام جێی هومێد نەبوو. چونکە بەپێچەوانەی بڕیاری کۆنگرە، دیاردەی دەستەبەندی ڕیشەکێش نەکرابوو و هەر پووش بەسەر و سرێش لەمە بوو! هەربۆیە لەسەر و بەندی کۆنگرەی دوازدە دا سەرلەنوێ ناسۆرەکان سەریان وەسوێ نایەوە .

دەستەبەندی و کەڵەوە کێشیی ئەمجارەیان لەگوێن کۆنگرەکانی پێشوو نەبوو. بڕیار و بەڵێنەکانی کۆنگرەی یازدەهەم لەبیر کران و، کاری ڕۆژانە و بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبی لەگەڵ ڕاوێچکە کردن و سرت و خورت و دەعوەت و دەعوەتکاری جێ گۆڕکێ یان کرد . هەموو هەوڵ و تواناکان بۆ وەخۆکردنی لایەنگر بەتایبەت لەنێو ڕیزەکانی پێشمەرگە دا وەگەڕ خران ! خۆئەگەر بڵێم بەرتیل و دەم شیرینیش هاتەکایەوە ڕەنگە بوختانم نەکردبێ ! ساوەی لەوەی بەهەر نرخێك بۆی دەست بدا، کەسێك بۆلای بیر و بۆچوونەکانی خۆی ڕاکێشێ و دەنگێك لە ژمارەی دەنگەکانی زیاد بکا !

ئێمە کەئەوکات لەکەرکوك بووین لەگەڵ ئەوەش دا شوێنەکەمان تا ڕادەیەکی زۆر چەپەك و دوورە گۆڵمەز بوو، شتی وام دەدی و دەبیست هەتا ئێستاش هەر پێیەوە دەتلێمەوە و، ویژدانم دەپرووشێنێ و لەگێڕانەوەی شەرم دەمگرێ ! تەنانەت لە بوختان هەڵبەستن و درۆ و دەغەڵ کاریش نەدەپرینگانەوە و شەرمیان لەوە نەدەکرد کەڕۆژێك لەڕۆژان ڕووی ڕاستی یەکان خۆ دەنوێنێ و سەرەنجام بەدرۆ دەبنەوە !! زۆرجاران لەدڵی خۆم دا دەمگوت : هەیاران ! ئێمە ڕۆژی بەرێ بۆ چ مەبەستێك دەستمان لەژیانی ئاسایی خۆمان هەڵگرت و، لەپێناوی چ ئامانجێك دا ماڵ و هێلانەی خۆمان بەجێ هێشت و تووشی تووشی بووین و، ئێستا تووشمان بە تووشی چ ڕۆژگارێکی ناسازگارەوە بووە ؟! تۆ بڵێی ئەو پلەو پایەی هێندێکان بەناهەق هەوڵی بۆدەدەن ئەوەندە بێنێ هەموو شتێکی لەپێ ناوبنێی ؟؟! لەو پێوەندی یەدا نامەیەکی سکالا و گازندەم بۆ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە نووسی و پرێسکەی دڵی پڕ لەژانی خۆم تێدا کردەوەو داوای ڕێنوێنیم لێ کرد . ئەویش نامەکەی بەهەموو ئەندامانی دەفتەری سیاسی نیشان دا بوو، بەڵام وەلامێکم پێ نەگەیشتەوە . بەداخەوە نامەکەم نەماوە لێرە دا تۆماری بکەم .

له کورتی وەی بڕین، کۆنفرانسی بەشی پێشمەرگە و ناوەند و کۆمیتەکان یەك لەدوا یەك دەستیان پێکرد و بەر و دوا گەیشتنە کۆتایی . نۆبەگەیشتە کۆنفرانسی کادرەکانی کۆمیسیۆنەکانی دەور و بەری دەفتەری سیاسی کەنەك بۆ هەرتك لایەن چارەنووس ساز بوو، بەڵکو چارەنووسی کۆنگرەشی دیاری دەکرد . ئەمن تا ئەوکاتەش بێ لایەنیی خۆم پاراستبوو، بڕیارم وابوو: بۆ ئەوەی بتوانم بێ لایەن دەنگی خۆم بدەم، تەنانەت خۆشم کاندید نەکەم . هەربۆیە ڕاوبۆچوونی هەرتك لام وەردەگرت و دەمدانە بەرسەرنج .

هێشتا حەوتوویەکی مابوو کۆنفرانس دەست پێ بکا بۆ ئەنجام دانی مەئمووریەتێکی کۆمیسیۆنی ڕادیۆ هاتمەوە بۆلای دەفتەری سیاسی و بەوردی کەش و هەوای ناسالمی ململانێکەم گرتە ژێر چاوە دێری . پرسیاری بێ لایەنانم کرد کەسم وەگیر نەکەوت ڕاوێژی لەگەڵ بکەم و هەر یەك بەلایەك دا خۆی ساخ کردبۆوە . چوومە خزمەت مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە و لەگەڵ دەربڕینی داخ و سکالا لەوپشێوی و ئاڵۆزی یە، داوای ڕێنوێنیم لێ کرد. مامۆستا هەرچەند بەڕواڵەت وەسەر خۆی نەدێنا، هەستم پێ کرد لە دڵەوە نیگەرانی وەزعەکە بوو. بەپەرۆشەوە لێی دەڕوانی و بەکۆسپی سەر ڕێگای بەرەوپێش چوونی ڕەوتی بزووتنەوەکەمان و زیانێکی قەرەبوو نەکراوی دەزانی . ئەمن زۆرتر بەناخی باسەکە دا ڕۆچووم و پرسیارم لێ کرد کەلەوپێوەندی یەدا ڕاو بۆچوونی خۆی بە چ شێوەیەکە و، پشتیوانیی لەکام لایەن دەکا و بە چ شێوەیەك لەبیری چارەسەرکردنی دایە؟ لەوەڵام دا فەرمووی :

ــ ئەمن وەك لەمێژە ڕام گەیاندوە : لەگەڵ دەستەبەندی نیم و پشتیوانیی لەهیچ لایەنێك ناکەم . وەك سکرتێری حیزب بیر دەکەمەوە و چەندی لەتوانام دا بێ بەوەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندیی حیزبەکەم لە هەوڵی دامرکاندنەوەی

ئەوئالۆزی و پشێوی یەدام . جانازانم کێ چەندەم بەقسە دەکا و تا چەندە سەرکەوتوو دەبم ؟

ئەو بۆچوونەی مامۆستا چەندی بلێی جێگای خۆشخاڵی بوو. تاڕادەیەکی بەرچاو ئۆخژنی بەدڵم دا هێنا، هەستم بەوە کرد کەتروسکەیەك بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەری ناکۆکی و دوو بەرەکایەتی یەکە وەبەرچاو دەکەوێ و ئاسۆی گەیشتن بەئاواتی لێك نزیك بوونەوە و پێك گەیشتن زۆر دوور نیە .

ئێستا کاتی ئەوە هاتبوو کەمنیش ڕێگایەکی گونجاولەگەڵ هەلومەرجەکە بۆ خۆم ڕەچاو کەم و بەشێوەیەك خۆم ساخ وەکەم . چونکە ئەگەر هەروا بێ لایەن مابامەوە، دەبوومە تاقانەیەکی بێ هەڵوێست و بەشدار بوونم لەکۆنفرانسەکەش دا نەك هەرنرخ و بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵکوو دەبوە هۆی تەریك مانەوەشم لەکۆڕی هاوسەنگەران و کەس حیسابی بۆ نەدەکردم . هەربۆیە پاش هەڵسەنگاندن و لێ وردبوونەوەی تەواوگەیشتمە ئەنجام و تێکەڵ بە کۆڕی هاوەڵان بووم .

کۆنفرانس ڕۆژی 8 ی مانگی خەزەلوەری ساڵی 1379ی هەتاوی لەیەکێك لەساڵۆنەکانی سەربە دەفتەری سیاسی دەستی پێ کرد کەلەگەڵ ڕەوتی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکانی پێشوو بەتەواوی لە ناتەبایی دا بوو. شێوەی هەڵبژاردن بەرگی نوێی کردە بەروسەرجەم دیاردەوپڕەنسیپە دێموکراتیکەکان وەپاش گوێ خران ! جاران کەپاڵێوراوان بەویستی خۆیان یان بە لێکدانەوەی ئۆرگانەکەیان دیاری دەکران و دەهاتنە گۆڕەپانی کێبەرکێی هەڵبژاردن، ئەمجارەیان پەڕی هەلاویشت و بوو بەلیستی نەگۆڕ ! واتە هەرلایەنەی بەلێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی خۆی چەند نوێنەر بۆ کۆنگرە لەبەر چاوگیرابوون و دەبا دەنگ وەرگرن، لەنێو لیستەیەك دا ناودێر کرابوون . دیارە کەسانی دیکەش جیا لەو لیستەیە دەیان توانی خۆ کاندیدا بکەن، بەلام دەنگ دەران بەگشتی

لەسەر ئەوهەڵوێستە كۆك و یەك دەنگ بوون كەجیا لەو كەسانەی نێو لیستەكە، دەنگ بەكەسێكی دیكە نەدەن ! دیارە ئەوانەش كەلەنێو لیستەكان دا (لیستی یەك و دوو) ڕیز كرابوون، وەنەبێ هەموویان كەسانی ورد بین و خاوەن نەزەروپسپۆڕی بواری سیاسی بووبن و ڕادەی تێگەیشتن و پێ گەیشتوویی یان بۆ لەبەرچاو گیرابێ . بەڵكوو زۆربەیان بەو مەبەستە دیاری كرابوون كەلەكۆنگرە دا كێ یان پێ ناساندن دەنگی بدەنێ و لەچوار چێوەی ڕاوبۆ چوونەكانی ئەوان بەموو كلانەبن . لەیەك قسە دا نەك هەرنەدەكرا بەكۆنفرانسێكی مۆدێڕن و پێشكەوتوو لە قەڵەم بدرێ، بەڵكوو كەش و هەوایەكی بەتەواوی داسەپێنراو بەسەری دا زاڵ بوو . ئەمن بۆخۆم كەپاڵم وەلیستی یەكەوە دابوو و لەڕیزی پالێوراوان دا جێگام بۆكرابۆوە، كەسانێك دەنگیان پێ دابووم كەڕەنگە هەرچارەشیان نەویستبم و دەنگم بەكەسانێك دابوو هەر نەشم دەناسین. !

سەبارەت بەهەڵبژاردنی لیستەی یەكیش وەنەبێ هەروا كێزەر كوتی و كوێرانە بووبێ . یاخۆ ئەوانەی سەربەو لیستە بوون سەرجەم كەسانی پسپۆڕ و شارەزای بواری سیاسی و جێی متمانە بووبن و، ئەوانی سەربەلیستەی دوو بەگشتی بێ كەڵك و كار لێ نەهاتوو . نەخێر ناوەڵلا، لەهەرتك لیستەكە دا هەم كەسانی خاوەن باوەڕ و دڵسۆز و هەم بێ كارەومەسلەحەت ویست وەبەرچاودەكەتن . بەلام بەتێڕوانین و هەڵسەنگاندنی خۆم : دڵسۆزان و بەتەنگەوە بووانی بەرژەوەندی یە گشتی یەكانی حیزب و بزووتنەوە ڕەواكەمان كە لە لیستەی یەك دا بوون، لەهی لیستەی دوو پتر و بەرچاو تر بوون . بۆیە لەوهەڵبژاردنە دا هەرنەبێ ویژدانی خۆمم لێ ڕازی بوو.

كاكڵەی مەبەست : كۆنفرانس كۆتایی بەكارەكانی هێنا، لیستەی یەك كەچارەنووسی كۆنگرەشی لەگرەودابوو، دەنگی متمانەی وەرگرت و هەموو

هەوڵەكانی لایەنی لیستی دوو بێ دەسكەوت مانەوە و تاقە نوێنەرێكیان دەنگی متمانەی وەرنەگرت .

قۆناغێكی تابڵێی پڕ پرسیار بوو . ڕەشباڵی ناهومێدی بەسەر هەستی هیوای بەشێكی بەرچاو لەكادر و پێشمەرگەكان دا كشابوو. زۆران ترسی ئەوەیان ڕێ نیشتبوو كە ئەگەر ڕەوتەكە لەودان و پێ یە بەرەوپێش بڕوا، كردەیان كۆنەگرێ و ڕەنج بەخەسار بن و مافیان لێ زەوت بكرێ . بۆیە گەلێكان تەنانەت لەبەڕێوە بردنی ئەركی پێسپێردراوی ڕۆژانەشیان دا دڵسارد بوون و مەترسیی ئەوە كەشوێنەواری خراپی لەسەر ڕەوتی گەشە سەندنی خەبات و خۆڕاگریمان هەبێ، لەڕەگی بناگوێ نزیكتر بوو . هەر بۆیە دۆست و دوژمن بەچاوی گومانەوە لە ئاكامی كۆنگرەیان دەڕوانی . دۆستان و دڵسۆزان نیگەران و دڵ بەخەم و دوژمنان كیسەیان بۆ لەبەریەك هەڵوەشان، یان هەرنەبێ قەڵت و بڕ بوونی ڕیزەكانی حیزب هەڵدروو بوو . تەنانەت لەنێو ڕیزەكانی خۆشمان دا ئەو نیگەرانی یە كەچارەنووسی حیزب بەرەوكوێ پاڵەستۆ دەدرێ و ئاوقای چ ڕژد و هەڵدێریك دەبێ لەگۆڕێ دابوو.

تیخ بەئێسقان گەیشتبوو، تەنیا كەسانی ورد بین، خاوەن ئەزموون، نیاز پاك، ئەرك وەخۆگر، بەتەنگەوە بوو، دڵ نەرم و خاوەن مەتانەت دەیان توانی گۆی سەركەوتنی بەرژەوەندی یە گشتی یەكانی حیزب و بزووتنەوەكەمان لەمەیدانی تاقی كردنەوە بڕفێنن . دەبا ڕێبەرایەتیی حیزب بەتایبەت بەرەی لیستی یەك كەچارەنووسی كۆنگرەی لەپاوان دا بوو، بەلەبەر چاوگرتنی ئەوئەركە مێژووییەی كەوتبوە سەر شانی، بەدوور لەهەر چەشنە هەڵ چوون و لەخۆبایی بوونێك وەجووڵێن و، بۆ هێور كردنەوەی ئەوبارە گرژ و ئاڵۆزە و ئەوكەش و هەوا ناسالەمەی باڵی بەسەر قۆناغەكە دا كێشابوو، بەمەبەستی پاراستنی

بەرژەوەنـدی یـە گشـتی یـەکانی حیـزب و بزووتنەوەکـەمان هـەنگاوی پێویسـت هەڵگرن .

لەکورتی وەی بڕین، بەخۆشی یەوە چاوەڕوانی یەکان لەمپەری ناهومێدی یان پەڕاند، ئەزموونەکانی ڕابردوو کرانـە دەسـمایەی ڕەوتـی ڕوو داوەکـە و کۆسـپی سەر ڕێگای فیل سواری و پاوانـخوازی یان تێك شکاند . ئـەقڵ و مـەنتیق بەسـەر هەستی هەڵچوون و ئیحساسات دا زاڵ بوو . ڕێبەرایەتیی حیـزب بەهەسـت کـردن بـەو مەسـئوولییەتە قورسـەی مێـژوو خسـتبوویە سەرشـانی وەخـۆ کـەوت . کۆبوونـەوەی کۆمیتـەی ناوەنـدی پێـك هـات و ڕاوێـژ و بیروڕاگۆڕینـەوە لەسـەر وەزعەکە هاتە گۆڕێ . سەرەنـجام بەتـەواوەتیی دەنگـی ئەنـدامانی ڕێبەرایـەتی متمانە بەمامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە کـرا کەئـەرکی نێـو بـژیوانی وەئەسـتۆ گـرێ و بەشـێوەیەك نەشـیش بسـووتێ و نەکـەباب، ئاوێـك بـەوئاگرە بڕێـژێ و هەتوانێك بەسەر ئەو ناسۆ رە بەسۆیە دا بکێشێ .

ماوەیەکی دیکەش بەسەر دا تێپـەڕی و ڕۆژی 3ی مـانگی سـەرماوەزی سـاڵی 1379ی هەتاوی، سەرجەم نوێنەرانی کۆنگرە بۆ هوتێل (قەسری کەرکووك) کـە پێشـتر لەلایـەن دەفتـەری سیاسـی یـەوە کـار دروسـتایی بۆکرابـوو، بانگهێشـتن کراین . کۆنگرە دەستی بەکارەکانی کرد و بەرەبەرە قۆناغـەکانی وەدوا خـۆ دان و نۆبە گەیشتە سەر هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی . لیستی پێش نیار کراو بۆ دەنـگ وەرگـرتن کەپێشـتر لەلایـەن مامۆسـتا عەبـدوڵڵا حەسـەن زادەوە بەڕاوێـژ کـردن ئەنـدامانی ڕێبەرایـەتیی ئامـادە کرابـوو، هەڵواسراوومامۆسـتا فەرمووی :

ــ ئەوە لیستی کۆمیتەی ناوەندی یە، دیارە کەسانی دیکەش جیـا لەولیسـتە دەتـوانن خۆیـان کاندیـد بکـەن و ئێـوەش دەتـوانن دەنـگ بەکەسـانی جیـا لەولیسـتەیەش بـدەن، بـەڵام کۆمیتـەی ناوەنـدی دەنـگ بـەو لیسـتەیە دە دا.

سەرەنجام لیستەکە ئەوەندە وەستایانە و بەلێزانی ئامادە کرابوو کەبێ ئەوە بەرەورووی هیچ چەشنە گیروگرفت و تەنگ و چەڵەمەیەك ببێ، دەنگی متمانەی سەر جەم نوێنەرانی کۆنگرەی بۆخۆی مسۆگەر کرد .[1] مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە کەنیشانەکانی سەرکەوتن لەسەر تاپای وجوودی دا بەدی دەکرا، لەپشت تریبوونی کۆنگرە هەمبەر بەبەشداران بەچاوی پڕ لەفرمێسکی شادی و خۆش حاڵی یەوە، کۆتایی هاتنی سەرکەوتوانەی کۆنگرەی ڕاگەیاند . ئەوجار هاوڕێ یانی لیستەی یەك و دوو، بەدڵ فراوانی یەوە ئامێزیان لەیەك وەرێناوبەڵێنیان دووپات کردەوە کە دڕدۆنگی و گومان و دوودڵی لەنێوانیان دا لەگەڵ نیاز پاکی و بڕوا بەیەك بوون جێ گۆڕکێ بکا .

لێرە دا بێ جێ نازانم ئاماژە بەخاڵێکی گرنگ بکەم . ئەویش ئەوەبوو کەزۆربەی نزیك بەتەواوی ئەندامانی کۆنگرە پێشنیاری هەڵوەشانەوەی ئەو بەندەی ئەساسنامەمان کرد کە " هەرکەس تەنیا بۆ دوو دەورە دەتوانێ خۆی بۆ پۆستی سکرتێری کاندیدا بکا " بەلام مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە کەکاتی خۆی بۆ خۆی چەسپاندبووی، دژی پێشنیارەکەمان ڕاوەستاوپێی لەسەر ئەوە داگرت کەجێگیر بوونی ئەو بەندە هەمیشەیی یە ونابێ ئاڵ و گۆڕی تێ دا بدرێ . یەکێك لە بڕیارە هەرە مەزنەکانی کۆنگرەی دوازدەهەم کەبەدەنگی تێکڕای بەشداران پەسند کرا ئەوە بوو کە : ململانێ و دەستەبەندیی بەنهێنی بۆ هەمیشە بەزبڵدانی مێژوو بسپێردرێ و، هەرکەس بۆ برەوپێد انەوەی ئەو دیاردە زیانبارە هەوڵ بد ا، لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی یەوە هەڵوێستی لێبڕاوانەی لە بەرامبەردا بگیرێ و تەنانەت بۆی بەخەیانەت بەحیزب و بزووتنەوەکەمان بژمێردرێ . ئەوە

---

[1] لەبەر ئەوە کاتی خۆی بەوردی لەسەر باسی کۆنگرە دواوم، لەوردە کاری یەکانی و تۆمارکردنی ناوی ئەندامانی ڕێبەرایەتی خۆم بوارد .

دەسکەوتێکی هەرە مەزن و مێـژوویی بـوو کـە دەیتـوانی نیازپـاکی و تـەبایی لـە نێوڕیزەکانی حیزب دا دوو چەند انـە پتـەوتر بکـاو، دۆسـتان و دڵسـۆزان شـادو، دوژمنان کوێر بکاو، لەوە بەدواوە هەموو تواناکان بـۆ بـەرەوپێش بـردن وگەشـە پێد انی ڕەوتی خەبات وەگەڕ بـخاتەوە .

ڕەوتەکە هێدی هێدی بەرەو هێور بوونەوە و سەقامگیر بوونەوەی تەبایی نێو ڕیزەکانی حیزب لەهەژان دابوو . زۆران بەدڵ و بەگیان لێبڕابوون و هەموو توانای خۆیان بۆ بنبڕ کردنی دیاردەی دەستەبەندی و دووبەرەکایەتی وەگەڕ خستبوو . یەك لەوان کاك بابا عـەلی مێهرپـەروەر بـوو کـە بەمەبەسـتی ڕیشـەکێش کردنـی یەکجارەکیی دەستەبەندی و نان بەقەرزدان و پەنا بەفرۆفێڵ و گزی کـاری بـردن بەمەبەسـتی دەسـت ڕاگەیشـتن بەوپلـە و پایـە و بەرپرسـایەتی یـەی کەبەهـەق هێنـدێکان شـیاوی نـەبوون، گەڵاڵەیـەکی نـوێی هێنایـە کایـەوە . لـەنێوەرۆکی پێشنووسی گەڵاڵەکە دا هـەق بەهـەق دار دەگەیشـت و هەرکـەس بـەپێی توانـا و لێهـاتوویی خـۆی و دەرەجەبەنـدیی ئـەو ئیمتیازانـەی لـەگۆڕەپانی کـردەوە دا وەدەستی هێنابوون، دەگەیشـتە ئـەو پلەوپایـەی کەشیاوی بـوو. ئـەو خاڵانـەی ئیمتیازی یان بۆ لەبەر چاو گیرابوو بەشێوەی خوارەوە ڕیزبەندی کرابوون :

ڕابـردووی تێکۆشـان، ڕادەی خوێنـدەواریی، بەرپرسـایەتی یـەکان، پلـەی تەشکیلاتی، ئەند امەتیی نهێنی، بەند کران، ئاگاهیی سیاسی، توانـای نووسـینی سیاسی، قـودرەتی بـەیان ، ڕاپـەڕ( سـوورعەتی عەمـەل) لـەکار دا، تێگەیشـتنی سیاسـی و لێکـد انـەوە لەسـەر مەسـەلە سیاسـی یـەکان، سـەراحەتی لەهجـە، مودیرییـەت، قبووڵ کردنی بەرپرسایەتی، ڕووحییەی هاو فکری، بەرخورد لەگەڵ خـەڵك، هەسـت کـردن بەبەرپرسـایەتی، نهـێنی پـارێزی، نووسـین و وەرگێـڕان لەبواری جۆراوجـۆر دا، چـاپکردنی بەرهـەم، ڕاپرسـی، تەشـویق و تـەمبێ لـەنێو

حیزب داو هێندیك شتی دیكەی لەوبابەتانە كەهەر كام لەوانە ئیمتیازی بۆ لەبەر چاوگیرابوو.

بەپێی ئەو ئیمتیاز بەندی یە كەنازانم سەرهەد و سنوورەكەی چەندە بوو، هەركەس بەو ڕادەیە گەیشتبایە هەقی بوو بۆ ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی یان جێگر هەڵبژێردرێ كەزۆربەی دیارده دێموكراتیكەكانی تێد ا وەبەرچاو گیرابوون . دیاره هەمووكەس دەیتوانی خۆی كاندید بكا، بەڵام ئەوانە هەڵ دەبژێران كەئیمتیازیان زیاتر بێ .

گەلاڵەكە بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیار لەسەر دان بەدەفتەری سیاسی و پاشان كۆمیتەی ناوەندی پێشنیار كرا . بەڵام كاك مستەفای هیجری بەهێندێك بیانووی جۆراوجۆر دژی وەستاو نەچوە ژێرباری پەسند كردنی ! ئەوكات كەسیش نەی دەزانی مەبەستی كاك مستەفا لەو دژكردەوە چی یەو بەچ مەبەستێك دژایەتیی لەگەڵ دەكا؟! بەڵام ڕێبەرایەتیی حیزب كەباشترین ڕێگای چارەسەر كردنی ناتەبایی و ناكۆكی یەكانی نێو ڕیزەكانی حیزبی دەزانی، لێی پاشگەز نەبۆوەوپاش دەست تێوەردانێكی خۆماڵیانە و بەردەشۆروتەتەڵە كردن و بیر و ڕا گۆڕینەوەلەسەری، بەتێكڕای دەنگی ئەندامانی ڕێبەرایەتی پەسندی كردكەتەنانەت دەنگی كاك مستەفاشی لەگەڵ بوو . پاشان كۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دا بۆ چەسپاندنی لەنێو ڕیزی بەدەنەش دا شی كردنەوەی لەسەر بكرێ و لەجێ دا بوو بەگەلاڵەی كۆمیتەی ناوەندی . ئەو جار كۆمیتەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی ئیمتیازەكان لە چەندكەسی وردبین و شارەزا پێك هات . تەنانەت فۆڕ میشیان پێ پڕ كردینەوە كەئەوەی ڕادەی ئیمتیازەكانی بگاتە ئاستی خۆی مافی خۆی پێ بدرێ . هەر لەگەڵ ئەوەش دا، داوایان لەهەموو ئۆرگانەكان كرد كەهەركەس ڕەخنەو پێشنیارێكی بۆ باشتر بوونی ئەو گەلاڵەیە هەبێ، دەتوانێ

بەنووسراوە بیدا بەکۆمیتەی دیاری کردنی ئیمتیازەکان و ڕاوێژی لەسەر بکرێ .
لەوپێوەندی یە دائەمن ئەم چەند تێ بینی یەم بۆ ناردن کەوەبەرچاوی بگرن :
ـــ زۆر بەڕێز لیژنەی هەڵسەنگاندنی ئیمتیازی کاندیداکانی ڕێبەری لە کۆنگرەی سێزدە دا !

وێڕای سڵاو و ماندوونەبوونی لەئێوەی ماندوویی نەناس .

سەرەتا بەپێویستم زانی پشتیوانیی بێ ئەملا و ئەولای خۆم لەوتەرحە کە لەڕاستی دا کەش و هەوای نێوڕیزەکانی حیزبی بەباری موسبەت دا گۆڕیوە، دووپات بکەمەوە . هیوادارم لەمە بەولاوە کەس نانی دەستەبەندی نەخواوەق بە هەقدار بدرێ و ڕێگە بەئاژاوەگێڕان نەدرێ لەئاوی لێڵ بەسوودی خۆیان ماسییان بگرن . لەسەرداوای خۆتان چەن تێ بینی یەکم هەیە کەهیوادارم بۆ باشتر بوونی ئەوگەلاڵەیەوەبەرچاوی بگرن .

1ـ ڕابردووی تێکۆشان ئیمتیازی کەمی بۆ لەبەرچاوگیراوە .

2ـ ئەو ئیمتیازانەی بۆ ڕاپرسی لەبەر چاوگیراون بەتەواوی نازانم .

3ـــ بەرپرسایەتیی کۆمیتەی ناوچەکان هیچ ئیمتیازێکی بۆ لەبەر چاونەگیراوە کە دەبا بایەخی پێ بدرێ .

4 ـ ئەخلاق و دەست پاکی کە بەبڕوای من خاڵێکی بەهێزە بۆ هەرمرۆڤێکی شۆڕشگێڕ، ئەوشێوە کەپێویستە بایەخی پێ نەدراوە .

5 ـــ ئەندامەتیی نەهێنی لەدەورانی شا دا هیچ ئیمتیازێکی بۆ لەبەرچاونەگیراوە کەزوڵم لەزۆران دەچێ . بۆ وێنە بۆخۆم نزیك بەحەڤدە ساڵ شەرەڤی ئەندامەتیی ئەو سەردەمەم هەیە .

6ـ بۆ چاپ و بڵاوکراوە پێویستە وردتر هەڵی سەنگێنن . بۆ هەر جڵد کتێبی لەچاپ دراویان ئامادەی چاپ بەپێی قەوارەو نێوەرۆك دەبا ئیمتیاز لەبەرچاو گیرابایە . ئەمن بۆخۆم کەتا ئێستا کەدوو جڵد کتێبم لەچاپ دەرچووە و شەش

جلّدی دیکەشم ئامادەیەولەبەر بیّ دەرەتانی هەروا لەچاوەڕوانی دان، لەومافە بێبەش دەکرێم .

7ـــ ئەگەر کاندیدا بوون بۆ ڕێبەرایەتی بەپێی ئیمتیازە، پێویستە ئەوئیمتیازبەندی یە بۆکۆنفرانسەکانیش وەبەر چاوبگیریّ .

**وێڕای سوپاس ئەحمەدی قادری**

**1382/11/30ی هەتاوی**

ماوەی نزیك بەسیّ ساڵێك بەسەر هێمنایەتیی نێوڕیزەکانی حیزب دا تێپەڕ بوو. بەڕواڵەت هیچ چەشنە گرژی و ئاڵۆزی و دەستەبەندی یەك هەست پیّ نەدەکرا . چاوەڕوان بووین ئەودیاردە دزێوە بەتەواوی لەنێو چووبیّ و بۆ هەتاهەتایە بەزبلّدانی مێژوو سپێردرابیّ . ئەو هیوایە بەهێز بووکە لەوە بەدواوە کەس بە گزی و فزی سنگی خۆی ڕەپێش نەکاومافی کەسانی نیازپاك و دەروون خاوێن ژێر پیّ نەنریّ . چاوەڕوان بووین هەرکەس بەپێی ئەو ئیمتیازانەی لەڕابردووی تێکۆشانی دا پاشەکەوتی کردوون، ماف خۆی پیّ بدریّ و کەس دەستە و داوێنی ئەوی دی نەبیّ و سواڵی سیاسی نەکا .

لەو ماوەیە دا هەستی هاو فکری و نیاز پاکی بەتەواوی بەسەر دڕ دۆنگی و دوودڵی دا زاڵ بوو . هەر کەس لەپۆستی خۆی دا بەدڵ گەرمی یەوە لەهەوڵی بەڕێوە بردنی ئەرکی پیّ سپێردراوی خۆی دا بوو . بەلاّم سەد مەخابن، ئەو قۆناغە دڵ خۆش کەرە، ئەو ڕەوتە هێمن و سوود بەخشە کەم تەمەن بوو . وەك شاعیر گووتوویەتی :

**بەلاّم هەی هات ڕۆژیّ وابیّ**

**کورد ئەزموونی لەدەست دابیّ**

بە نزيك بوونەوەی بەستنی كۆنگرەی سێزدەهەم، هەموو هیواكان لەگەڵ ناكامی بەرەوڕوو بوون . ناسۆرەكان سەر لەنوێ سەریان وەسوێ نایەوە و كۆنەزام تەشەنایان كردەوە ! دەنگۆی ناڕەزایەتی وتەنانەت دژایەتی كردنیش لەگەڵ گەڵاڵەی ئیمتیازبەندی لەنێو بەدەنەدا كەوتەسەر زاروزمانان و بەماوەیەكی كورت تەشەنای كردە نێوكۆبوونەوەی شانە تەشكیلاتی یەكانی ئۆرگانەكانی حیزب . هۆیەكەشی ئەوەبوو كە كۆمیتەی ناوەندی دوای پەسند كرانی گەڵاڵەكە، بەپێی وەی كە كاك مستەفای هیجری بەرپرسی كۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی بوو، ئەركی شی كردنەوە و چەسپاندنی تەرحەكەی لەنێو بەدەنە دا بەوی سپارد كە لایەنە بەهێزەكانی ئەو گەڵاڵەیە بۆ كادروپێشمەرگەكان باس بكاوبۆ بڕیار لەسەردانی یەك جارەكی بەكۆنگرە بسپێردرێ . بەڵام بەداخەوە كاك مستەفا نەك هەر بۆ جێبەجێ كردنی هەنگاوی نەنا، بەڵكو هەروەك دواتر بەڕوونی دەركەوت، بەنهێنی بەدژی تەرحەكەسازماندەهی كردبوو. ! بائەوەشمان لەبیر نەچێ كە كاك مستەفا لەكاتی هێنانە گۆڕی تەرحەكە بۆ كۆمیتەی ناوەندی تەنیا دوو كەسی لەگەڵ دابوون، بەڵام دوایە بەهۆی ئەوسازماند ەهی یەوە، زۆر كەس لەوانەی دەنگی یان پێ دابوو لێی پاش گەزبوونەوە و بەدژی ڕاوەستان . بۆ وێنە كاك تەیموری مستەفایی كەلە كۆبوونەوەیەكی بەرینی ساڵۆنی دەفتەری سیاسی دا كاك بابەعەلیی مێهرپەروەر بەڕووی دادایەوەوگوتی :

ـ كاك تەیموور هەوەڵێ لەهەموان زیاتر موافیقی ئەو تەرحەبوو كەچی لێی پەشیمان بۆوە. !

سەرنجام ئەوگەڵاڵەیە بەماوەیەكی دووردرێژ بوو بەپێخۆری كۆبوونەوەكانی كۆمیتەی ناوەندی و، پاش بارە و بار كردن و لەبەریەك كێشانەوە و ڕاوێژكردنێكی بەردرێژ، هەموو هەوڵەكان نەزۆك مانەوە و بەوتەی ڕێبەری مەزن و لەدەس چوومان شەهید دوكتور قاسملوو: ئەم جاریش"باجی دیموكراسیمان

دا " و دا گەڕاینــەوە بـۆژێر سـفر! گەلاڵــەی ئیمتیازبەنـدی لەلایـەن ئەنـدامانی ڕێبەرایــەتی یــەوە ڕەت کرایــەوە وکــورد گوتــەنی : " قــازانج ســەری مایــەی خوارد" ! جێی سەرنجە کۆمیتەی ناوەندی بـەڕوونی هەسـتی بەهەڵوێسـتی نێـو بەدەنـە، بەتایبـەت لـەنێو پێشـمەرگەکان دا کردبـوو، بۆیـە بۆخـۆی تەرحەکـەی ڕەتکردەوە نەوەك بۆ بڕیار لەسەردانی یەك جارەکی بچێتە کۆنگرەولـەوێ ڕەت بکرێتەوە .

ئــەوە ڕێ خــۆش کردنێــك بــۆ ســـەرهەڵدانەوەی ســـەرلەنوێی دیــاردەی دەسـتەبەندی و هەسـتی پاوانــخوازی بـوو کـە بەڕاشـکاوی خـۆی نوانـد ەوە. بەڕوونی دەرکەوت کە کۆمیتەی تەبلیغات بۆ چەسپاندنی گەلاڵەی ئیمتیاز بەنـدی کـە بـەرپر سـایەتی یەکـەی بـەکاك مسـتەفای هیجـری سـپێردرابوو، بەتــەواوی تەبلیغاتی بە پێچەوانەی بۆ کـراوە و، بـۆ ڕەتکردنـەوەی لەگـەڵ ئەوبەشـەش لـە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کەدژی وەستان، کاکە و برالەیەك کرابوو . بەشێکی هـەرەزۆر لەبەدەنـەیان وا تێگەیانـدبوو کەهێنانـە گـۆڕی ئـەو گەلاڵەیـە لەلایـەن ئەوبەشە لەئەندامانی ڕێبەرایەتی یەوە بەمەبەستی مانەوەی خۆیان و پاوانکردنی دەسـەلات و، ڕێگـرتن لەکەسـانی گەنــجی خـاوەن نـەزەر و لێوەشـاوەیە بۆنێـو ڕێبەرایەتیی حیزب کەتواناى وەرگرتنی بەر پرسـایەتی و لێـك دانـەوەی سیاسـی یان لـەوان پتــرە ! ئـەوە بوختـانی هەڵبەسـتــراونیە و بـەگوێی خـۆم لەزۆرانـم بیستووە . دیارە لەو نێوە دا کەسانی هەل پەرستیش وەك دەڵێن : " شـەریکی دزوڕفیقی قافڵە " وەبەرچـاو دەکـەوتن کەهەلەکـە بەسـوودی خۆیـان وەقـۆزن و لەئاوی لێڵ ماسییان بگرن .

کـورت و کـر مانــجی : گـرژی و ئـاڵۆزی کـەش و هــەوای هێمنایـەتی یەکـەی شـڵەقاند و، دەسـتەبەندی بەئاشـکرا سـەری هـەڵ دایـەوە و تونـد و تیژترلەهـەر قۆناغێك وەبـرە وکـەوت . بـەلاّم بەپێچـەوانەی جارەکـانی پێشـوو ئەمــجارەیان

کەلەڕاستی دا وەك کودیتایەك خۆی نواند، یەك لایەنە بوو . بەڕاشکاوی دەرکەوت کەهەر بەدوای تەواوبوونی کۆنگرەی دوازدەهەم دا، بەرەی لیستی دوو کەلەپابەند بوونی لایەنی لیستەی یەك بەبڕیاری دژی دەستەبەندیی کۆنگرە دڵنیابوون، بەوەپاش گوێ خستن و بەهێند نەگرتنی بڕیارەکە بەنهێنی وەخۆ کەوتبوون . بەوەگەڕ خستنی هەموو توانای خۆیان بۆ پتەوکردنی ڕیزەکانیان چ لەنێو ئۆرگانەکانی حیزب و چ لەدەرەوەی وڵات وەجموجووڵ کەوتبوون و دەستیان نەپاراستبوو. تەنانەت لەگەڵ بەشێك لەئەندامانی ڕێبەرایەتیش کەپاراستنی پۆست و بەرژەوەندی یەکانی خۆیان بۆ مەبەست بوو، بەدانی هێندێك قەول و بەڵێنی، بەنهێنی کاکەوبرالەیان کردبوو . لەیەك قسەدا سازماند ەهی یەکی ئەوتۆ پتەویان ڕێك خستبوو کەلێبڕاوانە لەسەرکەوتنی خۆیان دڵنیا بوون و کورد گوتەنی : "کەڵەشێری خۆیان بەلەپەوە لێنابوو" .

زیانەکانی ئەو دەستەبەندی یە لەو قۆناغە ناسکەی بزووتنەوەکەمان دا یەك و دوو نین . بەڵام ئەوەی لەو پێوەندی یە دا لەهەموان زۆرتر هەستی ڕووشاندم و بۆ هەموو دڵسۆزانی حیزب و بزووتنەوەکەمان جێی داخ و نیگەرانی بوو و هیچ پاساودانەوەیەك پێی قەرەبوو ناکرێتەوە، لە گرێژە نەچوون و لەبەریەك ترازانی شیرازەی ڕێ و شوێنە ئوسووڵی یەکانی پێشبڕکێی ململانێ بوو . نهێنی یەکان سنووریان بەزاند و کێشە نێو خۆیی یەکان کەنەدەبا لەچوار چێوەی نێوخۆی ئۆرگانەکان بترازێن، بۆسەر تۆڕی ئینتێرنێت پەڕیان هەڵاویشت ! سایتی " دیمانە" بوو بە مەیدانی تراتێن و هەرکەس بەمەیلی خۆی ئەسپی ئیحساساتی تێدا تاودا . کەسانێك کەبەهەرهۆیەك دەخۆیان ڕانە دە دی بەئاشکرا و بەرەوڕوو خۆلەقەرەی باسە مەنتیقی و حاشا لێ نەکراوەکان بد ە ن، بێ ئەوەی خۆیان بناسێنن، چاویان نووقاند و دەمیان کردەوە و، چی بەزاریان دا هات لەقسەی سووك و بوختان هەڵبەستن تەنانەت دەرهەق بەهاوڕێ یانی بەرپرس و ئەرك

وەخۆ گر و دڵسۆزانی حیزبیش، نەیان گێڕایـەوە و داخـی دڵـی خۆیـان بەلاپـەڕە قاقەزان وەرکرد ! ! چەندی لە دەستیان هـات ئاویـان لەئاشـی دوژمـن کردوڕقـی ڕەقی خۆیان پیێ دامرکاند ەوە . بەڵام داخوا ئەوزیانە قەرەبوونەکراوانە ویـژدانی ئەوکەسانەی ڕووشاند کەبەهەر مەبەستێك بـوو، بواریـان بـۆ ئـەو شـەڕە جنێـوە ڕەخساند.؟

لەو پێوەندی یەدا زۆرکـەس لەدڵسـۆزانی حیـزب و دۆسـتانی وەفـاداری گـەلی کـورد، داخ و کەسـەری خۆیـان لـەوبارە نالـەباروگرژی و ئـاڵۆزی یـە دەربـڕی و، بەگویێ یان داداین کەسوود و بەرژەوەنـدی یەکـەی تـەنیا بـەدوژمنانی حیـزب و گەلەکەمان دەبڕیێ و، ژان و ئازارەکانیشی بۆ هەتا هەتایە لەسەر دڵی نەشتەر ئـا ژن کراوی دڵسۆزانی نەتەوەکەمان بەجیێ دەمێنیێ . ڕیشی خۆیان لەبەر گـرتین و، داوێنیان باداین کەبە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندی یەگشـتی یـەکان، هەسـتی مـەزنی خـوازی و دەسـەلاَت پەرسـتی وەلانـێین و، تـەبایی و نیـاز پـاکی بکەینـە بەردی بناغەی پێکەوە ژیانی بەئاشـتیمان . کەچـی بەداخـەوە بایـەك بـوو بـەبن گویێ دا تیێ پەڕی. !

ئێســتا بــەپێی ئەوبەنــد ە کەمامۆســتا عەبدوڵلاحەســەن زادە بــۆ خــۆی لەئەساسـنامەی حیـزب دا چەسـپاندبووی، لـەڕیزی کاندیـد ا تـۆریی پۆسـتی سکرتێری دا نەبوو . بەو پێیە لەهەموو نیشـانەکان ڕا بـەڕوونی دیـار بـوو کـەکاك مستەفای هیجری سـکرتێری بـیێ ئـەملا و ئـەولای داهـاتووی حیزبـی دێـموکراتی کوردستانی ئێران دەبیێ . چونکە لەلایەکەوە زۆر لەمێـژ بـوو لەهـەوڵی وەدەست هێنانی ئەو پۆستە دابوو و، لەو لاشەوە بەهۆی هەوڵد انێکی بـیێ وچـان لەهـەموو کۆنفرانسـەکانی ناوەنـد وکۆمیتـە و بەشـی پێشـمەرگە و تەنانـەت لـەدەرەوەی ولاَتیش، زۆرایەتیی دەنگەکانیان بۆ مسۆگەر کردبـوو . بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش دا کاك بابا عەلیی مێهر پەروەر کەپێشتریش ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو، کاندید

اتۆریی خۆی بۆ پۆستی سکرتێری ڕاگەیاند . بۆ ئەومەبەستەش کۆبوونەوەیەکی بەرینی لەئەندامانی دەفتەری سیاسی، بەشێك لەئەند امانی کۆمیتەی ناوەندی و کادروپێشمەرگەکانی دەوروبەری دەفتەری سیاسی پێك هێنا . پاش ڕوون کردنەوەیەکی کورت لەسەر هەل و مەرجەکە، بەرنامەی کاری داهاتووی خۆی بەڕوونی ڕاگەیاند کەلە چەندین بەند دا گەلاڵەوڕیز بەندی کرابوون و داواشی لەبەشد اران کرد لەو پێوەندی یەدا ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕن .

کۆبوونەوەکە لەگەڵ ئەوە دا بەمەزاقی هێندێکان خۆش نەبوو و ئەوانەی قورمیش کرابوون بەهیچ مەنتیقێك دانەدەکەوتن، لەباری سیاسی یەوە گرنگی و بایەخێکی بەرچاوی لەخۆ گرتبوو . زۆرکەس لەبەشداران قسەیان کرد، گەلێك باسی جۆراوجۆرهاتنە بەر لێدوان و هەڵسەنگاندن . گەلێکان پرێسکەی دڵی مشتاخی خەمانیان کردەوە . هێندێکانیش سنووری هەست کردن بە بەرپرسایەتی یان بەزاندوپڕەنسیپە ئەخلاقی یەکانیان بەهێند نەگرت و نەزاکەتی کەلامیشیان نایە ژێر پێ! ئەمن لەگەڵ ئەوەش دا هەلەکەم بەلەبارزانی هەستی مەبەستی تێد ا دەربڕم و، زۆرم پێ بوو لەبەردەم بەشد ارانی کۆبوونەوەکە دا هەڵی ڕێژم و کوڵی دڵی لە کوڵی پێ دامرکێنمەوە، هەربەم چەند ڕستەیە قنیاتم کرد کە کاکڵەی مەبەستەکانم بەکورتی تێد ا گونجاندبوون و سەرەتای قسەکانم ئاوادەست پێ کرد:

ــ ئەوە نیشانەی کامڵ بوون و پێگەیشتوویی هەر حیزبێکی سیاسی یە کەچەند کەس لەکادرەکانی لە خۆڕاببینن خۆیان بۆ پۆستی سکرتێری لەدەسك بنێن . کەوابوو بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو تێکۆشەرانی ئەو حیزبەش جێگای خۆشحاڵی و شانازی پێوەکردنە کە وەجاخی ڕوونە و لەو کاروانە وەدوا نەکەوتوە . بەڵام هاوڕێ یان ! لەوە دڵنیابن کەئێمە لەهەلومەرجی ناسکی ئەمڕۆی بزووتنەوە ڕەواکەمان دا، پەکمان لەسکرتێر نەکەوتوە . گومان

لەوە دا نییە هەرکام لەئەندامانی دەفتەری سیاسی ئەو پۆستەی لەئەستۆبێ، ئەگەر ڕێبەرایەتیی حیزب بەدڵەوە هاوکاریی بکەن، لەبەڕێوەبردنی ئەرکەکانی دا سەرکەوتوو دەبێ . بەڵام ئەگەر دوکتور قاسملووی مەزنیش زیندوو بکەینەوەوبیکەینەوە بەسکرتێر، مادام ڕێبەرایەتیی هاوکاریی نەکا لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی دا سەرناکەوێ .

ئێستا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ:

داخوا ئەو بێ سەرەوبەرەیی و کەس لە کەسەی لەم قۆناغە ناسکەی بزووتنەوەکەمان دا باڵی بەسەر ڕیزەکانی حیزب دا کێشاوە، تاوانەکەی لەنەبوونی مودیریەتی سکرتێرەکەمانە، یان هاوکاری نەکردن و بەدەنگەوە نەهاتنی ئەندامانی ڕێبەرایەتی یە ؟! ئەمن بە دڵنیایی یەوە دەتوانم بڵێم کە سەرلەبەری لە کەمتەرخەمی و هاوکاری نەکردنی ئەندامانی ڕێبەرایەتی یەوە، جابەهەر مەبەستێك بووبێ سەرچاوەی گرتوە . کەوابوو ئەوەی ئێمە ئێستا پەکمان لەسەری کەوتووە و، پێی موحتاجین و، بێ ئەو سەرکەوتنمان جیا لەئاوات و خەون و خەیاڵێك نیە، هاوکاری و هاو فکری و هاودەنگی یەکیەتی و یەکبوونمانە .

ئێمە بۆ دەبێ گلەیی لە ڕێکخراوە سیاسی یەکانی کوردستانی عێراق بکەین کەیەك ناگرن، لەحاڵێك دا ئەوان لەوڵاتی خۆیان و لەنێوگەلی خۆیان دان و هێزوتوانای خۆیان لەمەیدانی کردەوەش دا سەلماندوە . ئەدی بۆخۆمان کەلەچاو ئەوان مستێکین و، دوور لەگەل و نیشتمان لە ئاوارەیی و دربەدەریش دا ژیان دەبەینە سەرێ و تەنگ چەڵەمەشمان بەپێی فیلانە، بۆ لە وزەمان دا نیە یەك بگرین ؟! دەبا ئەو غیرەتە لەخۆمان نیشان بدەین و ڕەخنە لەخۆمان بگرین و خۆمان سەرکۆنە بکەین .

لەلایـەکی دیکەشـەوە ئـەمن بەڕاسـتی بەزەیـیم بـە بڕیارەکـانی حیـزب دادێ کەهەر بڕیاردەدەین و بۆشـمان بەڕێوە ناچن! ئاخر ئێمە لەکۆنگرەی دوازدەهەم دا بڕیارمـان نـەدا هەرکـەس لەهـەر پۆسـتێك دابـێ و بـۆ هەرمەبەسـتێك بـەنهێنی دەسـتەبەندی بکـا، لەلایـەن کۆمیتـەی ناوەنـدی یەوەهەڵوێسـتی لەبەرانبـەر دا بگیـرێ وبـۆی بەغەیانـەت لەقەڵـەم بـدرێ ؟ ئـەدی بۆچـی بەعالـەمی ئاشـکرا دەرکەوت کە کراوە و کەسیش ورتەی لەبەردەرنەهات ! ! هیوادارم ئـەو سـرت و خورت و کەڵـەك و کوڵەکـە بـەخێر بگـەڕێ و تووشـی زیـانی قـەرەبوو نـەکراومان نەکا .

ئـەوە سـەروبەری ڕاوبۆچوونەکانـم بـوو کەبـەخڕوپڕی لەبەردەسـتی ئێـوەی خوێنـەری خۆشەویسـتم ڕۆنـا . کەچـی دوای کۆبوونەوەکـە و تائێسـتاش زۆران بەمۆڕەوە لێم دەڕوانن و بەلالووتی سڵاۆەکەشم دەستێننەوە ! ئەوەش بەرهـەمی هـەق وێـژی و دژی دەسـتەبەندی و دووبەرەکایـەتی لـە حیزبێکـی دیـموکرات و پێشکەوتن خواز دا بەڕابردووی پەنجاونۆ ساڵ تێکۆشانی بەردەوام کەلەمسـتیان نام ! ! هەربۆیە لەئاکامی کۆنگرەوداهاتووی ئەورەوتـە چـەوتە نیگـەران بـووم و ئەو پەندەم وەبیر هاتەوە کەدەڵێ : " چێشتی خۆش لەئەنگۆرێ ڕا دیارە " .

بـەلاّم دیسـانیش شـانازیی پێـوە دەکـەم و خـۆم بەسـەرکەوتوو دەزانـم کەخاوەنی بیری سەربەخۆی خۆمم و، بۆ وەدەست هێنـانی پلـەو پایـە نەبوومـە داردەستی هیچ کەس . بەڵێنیشم داوە قەت سواڵی سیاسی نەکەم و ئەگەر سـەد ئەوەندەی دیکەش مافم ژێر پێ نرێ و ناهەقیم لەگەڵ بکـرێ، لەسـەر پێـی خـۆم ڕاوەستم و بەمەبەسـتی پاراسـتنی بەرژەوەنـدیی شەخسـی چاولەدەسـتی کـەس نەبم . خۆهەرنەبێ ویژدانی خۆم لێ ڕازی یە .

لـەکورتی وەیبـڕین، پـاش کۆنفرانسـی ناوەنـد و . . . نۆبـە گەیشـتە سەربەستنی کۆنفرانسی کادرەکانی کۆمیسیۆنەکانی سەر بەدەفتـەری سیاسـی و

دەوروبـەر . ڕۆژی 12ی بانەمـەڕی سـاڵی 1383ی هـەتاوی، بـۆ سـاڵۆنی کۆبوونەوەکان بانگ هێشتن کراین . کۆنفرانس بەبەشد اریی سەرجەم ئەند امـانی دەفتەری سیاسی و بەشێك لە ئەند امانی کۆمیتەی ناوەندی و کادرەکان دەستی پێ کرد . کاکڵەی ڕاپۆرتی کۆمیتـەی ناوەنـدی بـۆ کـۆنگرەی سـێزدە کەلەلایـەن بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە سکرتێری گشتیی حیزبەوە ئامادە کرابوو، پێشکەشـی بەشـد اران کـرا . نۆبـە گەیشـتە سـەر هەڵسـەنگاند ن و بیـروڕاگۆڕینەوەوسکالاو ڕەخنەوپێشنیارەکان . بەلام بەپێچەوانەی هـەموو یاسـا و ڕێ و شوێنە دیموکراتی یەکان، ماوە بـەهیچ کـەس نـەدرا لـەئازارە دەروونـی یەکان بدوێ و تەنیا وشەیەك سەبارەت بەوقۆناغـە پـڕ لەئاستەنگە لـەزاری هـیچ کـەس بێتـە دەرێ . هەربۆیـە بێجگـە لەوانـەی خـەتیان درا بوویـە و قـورمیش کرابوون، کەم کەسان قسەیان کرد . سەرجەم قسەکانی خۆم لەپشـتی تریبـوون ئەوەند ە بوون کەگوتـم :

ـ ئەمن زۆر شتم هـەبوو لێـرە باسـی کـەم و پرێسـکەی دڵـم بـۆ بەشـد ارانـی کۆنفرانس بکەمەوەولەئازارە دەروونی یەکان بـدوێم . بـەلام ئێسـتا کەشـمشێری سانسوور ئەوەند ە بەبڕشتە کەس وەدوا خـۆی نـادا، نـەم وێـرا خـۆی لەقەرەبـد ەم، داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم .

باسـەکان گەیشـتنە کۆتـایی و نۆبـە گەیشـتە سـەر هەڵبـژاردنی نوێنـەرانی کۆنگرە . بۆ ئەو قۆناغـەش بەوشـێوەیە ڕێـك خرابـوو کەهـەر ئۆرگانـەی بـەجوێ نوێنەری خۆی هەڵ بژێرێ . ئێمە وەك کۆمیسیۆنی ڕادیۆ کەچـوار نوێنـەرمان بـۆ لەبەرچـاو گیـرابوون، زۆر پێشـتر نـاوی هەرچـواریان لەلیسـتەیەك ئـاخنرابوو و بڕیاریان لەسەردرابوو . هەربۆیە ئەوانەی سەربەخۆ و دژی دەستەبەندی بـووین، نـەك هــەرخۆمان کاندیـد نـەکرد، بـەڵکوو دەنگیشـمان نـەدا و بەرگەکانـمان هەربەسپی تەسلیم کردنەوە . دیارە ئەمن وەك خۆم ئـەوە یەکـەم جـار بـوو ئـەو

شێوە هەڵوێستەم گرتبێ و پێشم وانەبوو کارێکی باشم کردوە، بەڵام چاوەڕوان بووم کەدوایە بانگ کرێم و ڕەخنەم لێ بگیرێ تامنیش لەو هەلە کەڵك وەرگرم و بتوانم زووخاوی دڵی خۆم هەڵ ڕێژم . کەچی کەس بەهێندی نەگرت و هەرلێشیان نەپرسینەوە ! چونکە مەبەستی ئەوان تەنیا کۆکردنەوەی دەنگەکان بە سوودی خۆیان بوو و چاویان لەبەڕێوەبردنی هەموو دیاردە و یاسا دیموکراتیکەکان نوقاندبوو !

کۆنفرانسەکان بەگشتی گەیشتنە کۆتایی و لایەنی کاك مستەفای هیجری سەرکەوتنی بەپێی ویستی خۆیان تێدا وەدەست هێنان . بەڵام بەپێی ئەو پێکهاتە (تەرکیبە)ی لەهەڵبژاردنەکان دا وەبەرچاو دەکەوت، دووپات بوونەوەی مێژوو بوو. یانی لەجێد ا وەبیرهێنەرەوەی چارەنووسی کۆنگرەی دووهەمی حیزب و کودیتاکەی عەبدوڵلاّی ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) و، چاوەڕوانیی قەڵت و بڕکردنی سەرلەنوێی ڕیزەکانی حیزبی لێ دەکرایەوە . هەربۆیە زۆران بەگومانەوە لەئاکامی کۆنگرەی سیزدەهەمیان دەڕوانی، مەترسیی ئەوە لەکەنگرەی سیزدەو ئاکامەکانی لەئاستی خۆ گونجاند ن لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان و هەلو مەرجی ئەو قۆناغە ناسکەی بزووتنەوەکەمان لەناتەبایی دابێ، لەڕەگی بناگوێ نزیك تر بوو . چونکە لەنیشانەکان ڕا دیار بوو کەهێندێك لەکەسانی خاوەن نەزەر و شارەزا لەبواری سیاسی دا دەنگیان پێ نەدرێ و لە ڕێبەرایەتیی حیزب وەلانرێن . ئەو گومانە بەهێز بوو کە ڕێبەرایەتی یەکی شارەزاوشیاوی بەڕێوەبردنی ئەو بەرپرسایەتی یە قورسەی مێژوو خستبوویە سەر شانمان، لەو کۆنگرەیە نەیەتە بەرهەم . هەربۆیە گەلێکان لەسەر ئەو ڕایەکۆك بوون کەبەستنی کۆنگرە لەو هەلو مەرجە ناسك و دژوارەدا و، بەو گومان و دڕدۆنگی یەوە کەبەزەقی خۆی نواندبوو، نەك هەر لەبەرژەوەندیی قۆناغی بزووتنەوەکەمان دا نیە، بەڵکوو زیانیشمان پێ دەگەیەنێ . لەوپێوەندی

یەداوبۆبەرگری کردن لەئەگەری ئەو خەسارە چاوەڕوانکراوە، زۆران لێبڕاوانە تکایان لە کاك مستەفاوهاوبیرەکانی کرد کەبەمەبەستی هێور کردنەوەی گرژی و ئالۆزیی بارو دۆخەکەو، دامرکاندنەوەی ئەو هەستە بەد گومانی یە لەنێو ڕیزەکانی حیزب دا کەبەسەر نیاز پاکی و تەبایی دا زاڵ بوو، بەستنی کۆنگرە بۆماوەیەکی دیاری نەکراو، وەدوابخرێ . هەربەوبۆنەوە ئەوانەی دژی دەستەبەندی و دووبەرەکایەتی بوون، لە نامەیەك دا بەئیمزای زیاتر لەنیوەی کادرەکانی حیزب وێڕای دەربڕینی بێزاری و ناڕەزایەتیی خۆمان لەو کەش و هەوا ئالۆزە، داوای وەدواخستنی کۆنگرەمان لەدەفتەری سیاسی و ڕێبەرایەتیی حیزب کرد . بەڵام سەد هاوار بەپوولێك ! ڕێبەرایەتیی حیزب گوێی بۆ گازندەوسکالاّمان نەگرت و هەموو هەوڵەکان لەگەڵ ناکامی بەرەو ڕوو بوون !

قۆناغێکی پڕلەپرسیارو گرێ کوێرەوتێکەڵ بەنیگەرانی بوو. لایەنی ئەرخەیان لەسەرکەوتنی بێ ئەملاوئەولای خۆیان، سنگیان تێ هەڵ دەپەڕاندو، زۆرانیش نیگەرانی پاشەڕۆژ بوون . کەس لەبیری ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێ سپێردراوی دانەبوو ! ئەوەی لەسەر زاروزمانان وەبەرگوێ دەکەوت هەرسرت و خورت و گازندەوسکالاّ بوو . دژایەتی کردن لەگەڵ دوژمنی سەرەکی لەسەر لاپەڕەی مێژوو بەتەواوی سڕابۆوەوناوی هەرلە کوولەکەی تەڕیش دا نەمابوو ! ! هەموو تواناکان بۆ بەهێزکردنی دەستەبەندی و خۆڕەپێش دان بەمەبەستی دەست ڕاگەیشتن بە کورسیی دەسەڵات وەگەڕ خرابوون و لەیەك قسە دا دەتوانم بڵێم : دوژمن بەتەرخان کردنی هەموو هێزوتوانای ماددی و مەعنەویی خۆی نەیدەتوانی وەها زەبرێك لەپەیکەی بزووتنەوەکەمان بوەشێنێ !

بائەوەشمان لەبیرنەچێ هەروەك پێشتریش ئامـاژەم بۆ کردبوو، لایەنی لیستەی یەکی پێشوو جیالەوانەی بەمەبەستی پاراستنی پۆستەکەیان پاڵیان وەلایەنی کاك مستەفا دابوو، هەروا پابەند بەبڕیاری دژی دەستەبەندیی

کۆنگرەی دوازدە مابوونەوەونەك هەر کاکەوبرالەیان لەگەڵ کەس نەکردبوو، بەڵکوو دژی هەرشێوە دەستەبەندی یەك ڕاوەستابوون . بەلاّم بەپێچەوانەوە لایەنی کاك مستەفا بە چنگ و نینۆك تێوە چووبوون و لەسیمی ئاخریان دابوو .

ئەمن بەش بەحاڵی خۆم نیگەرانی ئەوە نەبووم داخوا پۆستی سکرتێری بەکێ دەبڕێ و کێ دەبێتە ئەندامی دەفتەری سیاسی یان ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران . چونکە نە قینم لە کەسانێك بوو، نەکەسیشم بەمەبەستێکی تایبەتی خۆش دەویست . لەوەش دڵنیابووم ئەوانەی بۆ دەست ڕاگەیشتن بەوپۆستانە خۆیان لەدەسك ناوە، نەدژی سیاسەتی ڕاست ورەسەنی حیزبی دێموکراتن و، نە لەهەوڵی بەلا ڕێ دا بردنی ڕێبازی بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی گەلەکەشمان دان . ئەوەی بیرم لێ دەکردەوە وپێ یەوە دەتلامەوەو، وەك خۆرە لەمێشکم دا تریتانەی دەکرد، چارەنووسی حیزبەکەم بوو . بیرم لەوە دەکردەوە : داخوا ئەوانەی لەدوا ڕۆژدا ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبە وەئەستۆ دەگرن، لێزانی و دووربینی و لێك دانەوەی سیاسی یان لەچ ئاستێك دابێ ؟ تاچ ڕادەیەك بڕوایان بەهاوفکری و هاودەنگی و بڕیاردانی بەکۆمەڵ هەبێ ؟ هێزی ڕاکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتی و، ڕۆچوونیان بەناخی مەسەلە سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری و کۆمەلاّیەتی یەکان لەهەلو مەرجی ئێستا دا تا چ ڕادەیەك بێ ؟ داخوا گەرەکیانە ڕێبەری هەموو حیزب بن یان هێندێکان وەخۆکەن و ئەوەی بەموو لەچوارچێوەی بۆچوونەکانی ئەوان کلابێ قتی کەن و خێرەکەی وەبەشن؟! ئەوانەوزۆر شتی دیکەی لەوبابەتە کۆمەڵەپرسیارێك بوون کەبەدواوەلاّمەکەیان دا سەوداسەروهەڵوەدابووم . لەو پێوەندی یەداهانام وەبەربیری گەلێك لەبیرمەندان برد و بەدەستی بەتاڵ گەڕامەوە . خەمی ئەوەم لەبەر بوو کەهێندێکان نانیان بەنرخی ڕۆژ دەخوارد و بەدوای گەیشتن بەکورسیی دەسەلاّت دا هەموو بەرژەوەندی یەکانی حیزب و گەلەکەمانیان وەپاش گوێ

دەخست . بەو پێ یە مافی زۆر کەس لەدڵسۆزان لەبن پـێ یـان دا دەفلیقایـەوە و زۆرکەسیش بەگزی و فزی بەو پلەوپایە دەگەیشـتن کەبەهـەق شـیاوی نـەبوون . هەربۆیە لەگژ فکران ڕادەچووم و خەوم خەم و خواردنـم خەفەت بوو .

گەلێك جاران زۆر لەهاوڕێ دڵسۆزەکانـم لەڕووی نیاز پاکی یـەوە سـەرکۆنەیان دەکردم، وەبەر لێشاوی تەشەروتوانـجانیان دەدام و دەیان گوت :

ـ ئەرێ مردووت نەمرێ، بۆ پێت وایە حیزبی دێـموکرات تەنیا لەسەر شانی تۆ ڕاوەستاوە ؟! بۆ هێندەت کۆڵ پێـوە هـەڵ گرتـوە ؟ خۆتـۆ گلێنـەی لەچێشـت گەرم ترنی ! چیت لەدەسـت هـات و چـیان پـێ سپاردی بـەپێی توانا تەنـەخی مەکەوکارت بەکاری کـەس نـەبێ . خـۆ تـۆ لـەو هـەموو عالەمـەی دڵسـۆز ترنـی، هەرچی دەبێ بابێ !

بەڵام لێتان ناشارمەوە، هەمووئەو ئامۆژگاری یانە بەلامەوە دڵخۆشی دانەوەی نەخۆشی بوون . بۆخۆم دەمزانی کوێم دێشێ، " مشتەی نێو هەمانەکە " پشـتی شـکاندبووم ! ناشـڵێم ئـەمن لەهـەمووی ئەوانـە بەبیـرتروتێگەیشتووتربووم . ئەوەی من بیـرم لێ دەکردەوەئەوان زۆرتریشیان لێ دەزانی، بـەڵام پـێ لەهـەقێ دەنێم، ڕەنگە دڵی ئەوان لەهیمن گەورەتروئاسـتی بیـرکردنەوەیان بـەر بـڵاو تـر بووبێ .

لۆمەم مەکە ن و بە " بەمامـە خەمـە " شـم لەقەڵـەم مـەدەن . ئـاخر حیزبـی دێـموکراتی کوردستانی ئێران بۆ من هەموو شتێك بوو . زیاتر لە چل و سێ سـاڵ بوو هەموو ئاوات و خۆزیاکانـم لەسەر کەوتنی ئەو حیزبە دا کۆکردبوونەوە . هیچ شتێکم نەمابوو لەپێناویم نـەنابێ، تەنانـەت گیانیشـم کەبـەنرخ تـرین سـەرمایەی ژیانی مرۆڤە، لەگرەوی حیزب دا بوو . زۆرجاران لەپێناوی ئەو ڕێبازە پیـرۆزە دا لە دە هـەنگاویی مـەرگ ڕزگـار ببـووم و هـەر کۆڵیشـم نـەدابوو . دووری لەزێـد و ژینگەونیشـتمان، بـێ بەشـی لەدیـداری ئـازیزان و دۆسـت و یـاران، برسـیەتی و

تینوێتی، نەداری و دەست تەنگی، سەرماوگەرما، مەحروومییەتی ماڵ و منداڵم لەزۆربەی پێداویستی یەکانی ژیانی سەردەم، سەرەنجام تەمەنێك پەڕیوەی هەندەران بوون، هەمووی لەپێناوی سەرکەوتنی حیزب و بەئاوات گەیشتنی گەلەکەم دا وەخۆم گرتبوون و تەنیا ڕێگای ڕوون و هیواوهومێدم لەسەر کەوتنی حیزب و گەیشتن بەئامانجە پیرۆزولەمێژینەکانی دا بەدی دەکردن . هەربۆیە بەچاوێکی پڕ لەچاوەڕوانی یەوە لەکۆنگرەی سێزدەوئاکامەکانیم دەڕوانی .

جێی سەرنجە جاران چەند مانگ پێش بەستنی کۆنگرە،ناميلکەيەك بەناوی "بۆڵتەنی کۆنگرە" لە چەند قۆناغ دا بلاٌودەکرایەوە . هەر کەس ڕەخنەوگازندەوبۆچوون و پێشنیارێکی هەبایە، بەنووسراوە دەی نارد بۆ کۆمیتەی ئامادە کردنی کۆنگرەو، لە ژمارەکانی بۆڵتەن دا بلاٌو دەکرایەوە . ئەوجار دەکەوتە بەر لی ٚورد بوونەوەوهەڵسەنگاندنی خاوەن نەزەران و، یان لە ژمارەکانی داهاتوو دا وەلاٌمی دەدرایەوە، یان دەگەیشتە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی و دەکەوتە بەر باس و لێکۆڵینەوەو، ئەگەر پێویست بایە لەکۆنفرانسەکان و تەنانەت لەکۆنگرەش دا باسی لەسەر دەکرا . بۆکۆنگرەی سێزدەهەمیش ئەو ڕەوتە ڕەچاو کراوتەنانەت نەزەراتیش کۆکرانەوە . ئەمن ڕاوبۆچوونەکانی خۆم لەم بابەتە داگەلاٌڵە کردن و بۆم ناردن کە بە پێویستم زانی ئێوەی خوێنەری خۆشەویست و بەرێزیش لێی ئاگارین :

## بۆ بۆڵتەنی کۆنگرەی سێزدەهەم:

سەرەتا بۆ ڕۆچوون بەنێو قـووڵایی باسـەکەم دا، بـێ جـێ نـازانم هێنـدێك بـۆ ڕابردوو بگەڕێمەوەو، سەرپێ یی و بەپەلە بەهێندێك لەژیان وخەباتی زیاتر لەدوو دەیەی ئەم دوای یانەمان دا بچمەوەو، بەراوردێکی سەرەتای شۆڕش و ئێستامان بخەمە بەرچاوی خوێنەرانی خۆشەویستیبۆڵتەنیکۆنگرە .

ئێمە تێکۆشەرانی دێموکرات، سەرەتا لەساڵی 1358ی هەتاوی دا کەشەڕمان بەسەردا سەپێندرا و خەباتی چەك دارانەمان دەست پێکرد، بەتەواوی دەسـتمان لـە ژیـانی شەخسـی هـەڵ گـرت و، هـەموو توانـاوهێزی مـاددی و مەعنـەوی و جیسمیی خۆمان، بۆ خەبات لەڕێی وەدی هێنانی ئازادی داو، بەمەبەسـتی دابـین کردنی ئامانجە پیرۆزولەمێژینەکانی گەلە ستەم لـێ کراوەکـەمان تـەرخان کـرد . واتە شۆڕش و خەبات بۆ ئێمە هەموو شتێك بوو . کەس ئاوڕی وەژیانی شەخسی نـەدەداو، شەویشـمان دەخسـتە پـاڵ ڕۆژ و، مانـدوویی نەناسـانە لـە خزمـەت بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبی دابووین . بەڵام بەداگیـرکرانی یەك لەدوایەکی ناوچـە ئازاد کراوەکان بەهۆی هێرشی دڕندانەی هێـزە پـەلامار دەرەکـانی ڕێـژیم و، بـەر تەسك بوونەوەی گۆڕەپانی خەبات و، کشانـمان بەرەوسنوورەکان، هێدی هێـدی ژیانیش هاتە کایەوەو بووبە شۆڕش و ژیان . واتە بەشێك لـەکاتی ڕۆژانـەمان بـۆ ژیان تەرخان کرا کە بەتەواوی لەجێی خۆی دابـوو . چـونکە ڕەوتـی خـەبات ئـەو قۆناغەی بەسەر دا سـەپاندبووین و نـەدەکرا ئـاوڕی وێنـەدەین و خۆمـان بـۆ لـێ نەدەدزرایەوە . دیارە ئەوەش زۆرتر بۆژن و منداڵ دارەکان بوو نەك بۆ ڕەبـەن و زگوردی یەکان .

کاتێـــك بنـــاری چیاکانیشـــمان لـــێ بەرتەســـك بـــۆوە ناچـــار کـــراین بەرەوشاروشارۆچکەکانی کوردستانی عێراق بارگەوبنە تێك بنێین، ڕەوتی خەبات ئەوەندەی دیکەش ڕەنگی گۆڕی و بایەخ دان بـەژیانی شەخسـی بـەهێز تـر بـوو، تاوای لێهات بووبە ژیان و شۆڕش ! واتە بایەخ دان بەژیان لەدەرەجەی یەکەم دا جێـی گـرت و شـۆڕش کـەم ڕەنـگ تـر بـۆوە . بـەڵام بەرەبـەرە بەوەشـەوە نەوەستاوەو، ڕۆژ بەڕۆژ هەستی شۆڕش گێڕانـە لـەناخمان دا بـێ هێـز تـر بـوو ! بەتایبەت کاتێك کاری ڕۆژانە کرابەیەك شـیفتی و، بەشـێوەی ڕەسمـی لەکاتـژمێر هەشت و نیوی بەیانی یـەوە گەیشـتە یـەك و نیـوی دوانیوەڕۆیـە، ڕەنـگ و ڕووی حیزبایەتی ئەوەندەی دیکەش کاڵ تر بۆوەو لەیـەك قسـە دا بـووین بەکارمەنـدی ئیدارە ! ئەویش ئیدارەیەکی ناڕێك و پێك و بێ سەرەوبەرەو، هەر کەس بەمەیل و ئارەزووی خۆی .

پێتان سەیر نەبێ کەئاوا بەڕوو هەڵماڵاوی دەدوێم ، ئاخر لەیاسای چ وڵاتێکـی پـێش کـەوتوودا دیـتراوە یـان بیسـتراوە لەشـەو و ڕۆژدا کاروتێکۆشـان لـە پێـنج کاتژمێران تێنەپەڕێ ؟ دیـارە کـەدەڵێم پێـنج کاتـژمێر ڕەنگـە شـەققول قەمـەرم کردبێ، دەنا لەسێ سەعات و لانی زۆری لەچوار کاتژمێران تێ ناپەڕێ ! بۆوێنـە ئەمن بۆخۆم کاتـژمێر یـەك و نیـو کەبەسـرویس ڕۆیشـتوومەوە، مـینی بووسـەکە بەمنەوە حەوت کەسـی تـێ دابـوو ! ئـەوەی دیکـە سـەعاتی دوازدە یـان ڕەنگـە کەمتریش بەماشـێنی خـۆی یـان بـەپێ یـان و بەماشـێنی هـاوڕێ یـان بـەرەوماڵ بۆتەوەو، هـەتا سبـەینێ کاتـژمێر هەشـت و نیـو لەبـەڕێوەبردنی ئـەرکی حیزبـی مـەعاف بووەوبـە ژیـانی شەخسـی و کاروبـاری خۆیـەوە خـەریك بـووە . ئەگـەر کەسێك کاری بەیەکێك لە ئۆرگانـەکانی حیزبـی بـێ و هـەتا کاتـژمێر یـەك فریـای نەکەوێ، باکارەکەشـی بەپەلـەوزەرووری بـێ، بەناچـار دەبـێ هـەتا ڕۆژی دواتـر چاوەڕوان وەمێنێ ! جائەو کەسە بالەنێو خۆدابێ یان لەڕێگای دوورەوە هاتبێ .

ئێمــە کەڕێبەرایــەتیی بزووتنــەوەی میللــی دێــموکراتیکی گــەلی کــورد لــە کوردستانی ئێرانـمان لە ئەستۆیە، دەبـێ ڕێنـوێن و ڕێ نیشـاندەری خـەڵك بـین، بەداخـەوە بـە ڕادەیـەك لـەڕەوتی ڕووداوەکـان دوور کەوتووینەتـەوەو، ئەوەنـدە مەودامان لە دنیای پێشکەوتووی ئەم سەردەمە گرتوە کەلـەباری سیاسـی یـەوە لەخەڵکی ولاّتەکەشـمان بەجێ ماوین! بەچەشنێك لەگەڵ ژیان و خۆش گوزەرانی ئاوێتە بووین کە ئەرکی بەڕێوەبردنی بردنی شۆڕش و خەباتـمان لێ بۆتە کارێکی لاوەکی و کات پڕ کردنەوە ! دیارە بەشـی هـەرەزۆری تاوانەکـەش پـێش هـەموو کـەس دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئەنـدامانی ڕێبەرایـەتیی حیـزب و پاشـانیش بەشـێك لەبەدەنە دەگرێتەوە . ڕەنگە ئەو هەڵسەنگاندنە بە بـێ ئینسـاف لەقەڵـەم دەن و بڵـێن : بەچـاویلکەی ڕەشــەوە لەمەســەلەکە دڕوانــێ، دەنــا لــەنێو ئەنــدامانی ڕێبەرایەتیش دا جیاوازیی بـۆ چـوون هەیـەونابێ هـەموان بەچـاوێك سـەیرکەین . ئەوە ڕاستی یەکی حاشا هەڵ نەگرەوکەس نـاتوانێ وەبەرچـاوی نـەگرێ . بـەلاّم کوردەکە دەڵێ : "بە گوڵێك بەهار نایە" و " ئەوە منی کوشتوە کەلە هەمبانەکە دایە " ...

ئـەمن بـەش بـەحاڵی خـۆم قـەت لـەو بڕوایـە دانـیم لـە قۆنـاغی ئێستاشــمان داهەروەك دەورانــی گــەڕۆکی و بنـاری چیاکان درێـژە بـەژیان بـدەین و لەبەشـی هـەرەزۆری پێداویسـتیی و نازونیعمەتـەکانی ژیـانی ئـەم سـەردەمە بـێ بـەش و مەحرووم بین، بەڵکو هەرکەس مافی بێ ئەملاوئەولای خۆیەتی کەبەشێك لە کـاتی ڕۆژانە خۆی بۆ دابین کردنـی ژیـان و گـوزەرانی ئەنـدامانی بنەماڵەکـەی تـەرخان بکاو، بە ژیانی مـاڵ و منـداڵی ڕابگاوئەگـەر بەکـەم و کـووڕیش بـێ خـۆی لەگـەڵ لەسـەردەمی ئـەم قۆناخـە بگونــجێنێ . بـەلاّم بەومەرجـەی نەگاتـە قۆناغێـك کەحیزبایەتی یەکـەمان وەهـا لەبیـر بەرێتـەوە شـەرمەزاری خـوێنی شـەهیدان و

بنەماڵـە سـەربەرزەکانیان و دۆسـت و دڵسـۆزنی حیزبەکـەمان بـبین و، ببینـە شەوچەلەی ڕەخنە گران .

پوختەی مەبەسـت : ئەگـەر ورد بینانـە و بەچـاوێکی کراوەودڵسـۆزانەو، دوور لەوەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی یە شەخسی یەکان لەمەسەلەکە بـڕوانین و واقیـع بینانە بارودۆخەکە هەڵ سەنگێنین، بەڕوونی هەست پێ دەکەین کە ئاکـامی ئـەو ڕەوتـە نابەرابەروناسـازگارە، زیـانێکی قەرەبوونـەکراو بـە دوا خـۆی دا دێـنێ و، دەبێتـە هـۆی دڵسـاردی، بـێ سـەرەوبەرەیی، کـەس بەکـەس، پاشـا گـەردانی و کەمتەرخەمی لە بـەڕێوەبردنی ئـەرکی ڕۆژانـە لـە نێـو ڕیزەکـانی حیـزب داو، زۆر شتی دیکەی لە بابەتانە کە باس کردنان لێـرەدا بـە پێویسـت نازانـم . ئـەوە لـە هەلومەرجێك دایە کـەڕەوتی ڕووداوەکـان بـە پێچـەوانەی ویسـتی دیکتـاتۆران و، بەدژی سیاسـەتی مـاف پـێ شـێل کـەران ڕۆژ بـە ڕۆژ لـە گەشەسـەند ن دایـە و، قۆناغەکان ئەوەندە بە تاڵووکە لە جێ گۆڕکێ دان کە زۆرجاران دەبێە هۆی سەر سـوڕمان و، ئاسـۆی بـەختی کـوردان ڕووناکتـر دەکەنـەوە . دیـارە لـە گـەڵ سەرهەڵدانی هەردیاردەیەکی نوێ و ئاڵوگۆڕی هەر قۆنـاغێکیش دا، ئـەرکی سـەر شـانی ئێمـە قورسـتـر دەبـێ و بەرپرسـایەتیی مێـژوویی زۆرترمـان دەکەوێتـە ئەسـتۆ. هـەر بۆیـە چـاوەڕوانی یـەکان لـە گـەڵ ئـەو پێودانـەی ئێمـە لـە سـەری دەڕۆیـن، لـە ناتـەبایی دان و، وەڵام دەرەوەی ئـەم قۆناغـە ناسـکەی بزووتنـەوە ڕەواکەمان نین .

ئێمە کە خۆمان بـە پێشـەنگی کـاروانی خـەبات دەزانـین و و، حیزبەکەشـمان بەحیزبێکی پێشڕەو ناسراوەو، پرێستێژ و کەسایەتی یەکی بەرزی نێونەتـەوەیی هەیە، دەبێ زۆر لەئێستا توندوتۆڵ تـربین و ئـەرك وەخۆگرانـەتر هـەوڵ بـدەین و زۆربەی بەرژەوەندی یە شەخسیەکان لە قەبەڵ بەرژەوەنـدیی گشـتیی حیـزب و بزووتنەوەکەمان بکەین کە بۆ ئەومەبەستەش بە بڕوای من دەبێ :

1ـ ئەندامانی دەفتەری سیاسی کەمتر بەکاری لاوەکی یەوە خۆخەریك بکەن و، زۆرتر لە هەوڵی بەرەوپێش بردنی سیاسی حیزب و پتەو کردنی ڕیزەکانی حیزب دابن و خەباتی دیپلۆماسی توندوتۆڵ تربکەن .

2ـ بۆ ئەوەی بتوانین بەدەنەی حیزب چالاکتر بکەین، دەبێ ئەندامانی ڕێبەرایەتی سەرمەشق بن و هەنگاوی یەکەم هەڵگرن .

3ـ کاری ڕۆژانە بکرێتەوە دووشیفتی و لانی کەم هەشت کاتژمێران لە شوێنی کارو تێکۆشانمان وەمێنین وزۆرتر خۆمان بەکاروباری حیزبی یەوە ماندوو بکەین.

4ـ کادروپێرسونێلی هەر ئۆرگانێك بەلەبەر چاوگرتنی ئەرکی ئەوئۆرگانە لە بەر چاوبگێرین وشارەزای کاری ئەو ئۆرگانەبن .

5 ـ کۆمیتەیەك لەکەسانی ئەرك وەخۆگر هەڵسوور، خاوەن ئەزموون و دڵسۆز بۆ کۆنترۆڵ کردنی کاری ئۆرگانەکان پێك بێ وتەشویق وتەمبێ لە گۆڕێ دابێ وئەرزش وبایەخی کارلە بەرچاو بگیرێ .

6ـ کاربەکارزان بسپێردرێ و هەر کەس بە پێی شارەزایی و لێهاتوویی و لێوەشاوەیی خۆی ئەرکی بۆدیاری بکرێ و، چی لە دەست هات ئەوەی بدرێتی و، بەپلە وپایەو بەرپرسایەتی یەوە نەبەسترێتەوە، واتە لێوەشاوەیی پێوانە بێ .

7ـ بایەخی زۆرتر بەڕادیۆبدرێ و، چ لە باری کادری پسپۆڕو شارەزای نووسین وچ لە باری فەننی یەوە بەهێز بکرێ.

8 ـ هەوڵ بدەین زابیتە بەسەر ڕابیتە دازاڵ بێ و، عاتیفە و دۆستایەتی زیان لە بەرژەوەندی یەگشتی یەکانی حیزب نەدا .

9ـ کۆمسیۆنی تەشکیلاتی نێوخۆ بە هێزتر بکرێ وبایەخی زۆرتر بۆکاری تەشکیلاتی دابنرێ وئەو بەشە چالاکانەتر لە هەوڵ دابێ .

10ـ تێکۆشان لەدەرەوەی وڵات بە هێزتر بکرێ و بۆپێوەندی گرتن لەگەڵ دۆست و دڵسۆزانی کوردو، ئەو وڵاتانەی بڕوایان بە دێموکراسی و مافی مرۆڤـ هەیە ، هەنگاوی چالاکانەتر هەڵ بگیرێ .

11ـ کۆمیتەی ناوەندی بەپێی بڕیاری پێشوو سەلاحیەتی ئەوەی هەبێ ڕادەیەك لە کەسانی خاوەن نەزەرو خاوەن ڕابردوو، بەبێ وە بەرچاوگرتنی ڕابیتە و دۆستایەتی بەرێتە کۆنگرە .

12ـ میوان بۆکۆنگرە بانگ هێشتن بکرێن، مەبەست میوانی دەرەوەی حیزبیشە . ڕێگاش بەمیوانی نێوخۆ بدرێ ڕاو بۆچوونی خۆیان دەربڕن و لە پێشنیارە کانیان کەڵك وەربگیرێ.

## براتان ئەحمەدی قادری

دیارە بەنیازبووم لەژمارەکانی داهاتوودا زیاتریش لەسەری بڕۆم و، ئەنگوست بۆلای کەم وکووڕی یەکان ڕاکێشم . کەچی بەداخەوە کەش وهەوای ناسالم ڕێگای بڵاوکردنەوەی لە بۆڵتەنی کۆنگرە بەربەست کردو چاوی بەڕووناکایی هەڵ نەهێنا !

ڕۆژان هاتن و چوون و چاوەڕوانی یەکان گەیشتنە کۆتایی . ڕۆژی 13ی مانگی پووشپەری ساڵی 1383ی هەتاوی ، کۆنگرەی سێزدەهەم بە ئامادەبوونی سەرجەم نوێنەرانی هەڵبژێراوی کۆنفڕانسەکان دەستی پێ کرد . هێندێکان چاوەڕان بوون کەبەڵکو ئەمجاریش هەستی وەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی یە گشتی یەکان بەسەر دەمارگرژی و پاوانخوازی و توند و تیژی یەکان دا زاڵ بێ و، بەوەبەرچاوگرتنی هاوسەنگی یەك لەهەڵبژاردنی ئەندامانی ڕێبەرایەتی دا، تەبایی و نیاز پاکی کە بەردی بن چینەی گەیشتن بەئاوات و ئامانجە پیرۆزەکانمانە، بگەڕێتەوە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی

کوردستانی ئێران و، هەموان پێکەوە یەك دڵ و یەك هەڵوێست، دڵگەرمتر لەپێشوو بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەنیشتمانی یەکانمان قۆڵی هیممەتی لێ هەڵماڵین .
بەڵام بەداخەوە خەون و خەیاڵ بوو ! لایەنی کاك مستەفا ئەودڵ فراوانی یەیان وەخۆ نەگرت و هەڵوێستیان نەگۆڕی ! بەشێوەیەك کار دروستایی یان کردبوو کەلەدەوری هەوەڵی هەڵبژاردن دا، دەنگی متمانە نەتەنها بەو کەسانە بدرێ کە لێبڕاوانە پشتیوانیان لەخەت و ڕێبازی کاك مستەفا کردبوو . ئەو جار لەدەورەی دووهەم دا وەك پێ بەخشین دەنگ بەچەند کەسێکی دیکە بدەن و کەلەبەرێك لە ناگوزیری یەکانیانی پێ پڕ بکەنەوە کە هەرواشیان کرد . تەنیا کاك کەمالی کەریمی و سێ کەسی دیکە نەبێ کەنازانم کێ لەپلەی چوو بوو بەو دەنگە لەدەورەی هەوەڵ دا سەرکەوتن . ئەوانی دیکە هیچیان لەو دەورە دا دەنگیان پێ نەدرا !

ئاکامی ئەو هەڵوێستە زیان بارە ئەوەی لێ کەوتەوە کە بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسە ن زادە، کاك جەلیلی گادانی، کاك فەتاحی کاویان، کاك حسێنی مەدەنی*، کاك سەید برایمی کەریمی و کاك خالید وەنەوشە لە کاندیدا بوون خۆیان بوارد . بۆ دەورەی دوهەمیش : کاك عوسمانی ڕەحیمی، کاك قادر وریا و کاك محەممەد شەهرەوان کە لە دەورەی یەکەم دا دەنگی متمانەیان پێ نەدرابوو، لەڕیزی پاڵێوراوان هاتنە دەرێ و خۆیان بۆ دەورەی دووهەم کاندید نەکردەوە .

سەرەنجام ئەند امانی ڕێبەرایەتیی هەڵبژێراو لە کۆنگرەی سێزدەهەم دا بۆ داهاتوو بریتیی بوون لە بەڕێزان : کاك مستەفا هیجری، کاك حەسەنی ڕەستگار، کاك بابا عەلیی مێهرپەروەر، کاك حەسەنی شەرەفی، کاك مستەفای مەولوودی،

---

* دیارە کاك حوسێنی مەدەنی لەو دەمە دا بە هۆی نەخۆشی لە دەرەوەی وڵات بوو، بەڵام بەپێی ڕەواڵی کۆنگرەکان مافی کاندیدا بوونی هەبوو .

کاک حەمە نەزیفی قادری، کاک کەمالی کەریمی، کاک تەیموری مستەفایی، کاک کاوەی بارامی، کاک ڕۆستەمی جەهانگیری ، کاک ئەحمەدی ڕەحیمی، کاک حەسەنی قادرزادە، کاک ئەحمەدی ئەسعەدی، کاک سمایلی بازیار، کاک عومەری باڵەکی، کاک حەمە سالّحی قادری، کاک لوقمان مێهفەڕ، کاک سەید برایمی هاشمی، کاک حسێن نازدار، کاک سەید ڕەزا درووگەرو کاک چەکۆ ڕەحیمی .

ئەندامانی جێگریش پێك هاتوو لەم بەڕێزانە بوو : خوشکە خەج مەعزوور، کاک محەممەدی حەسەن پوور، کاک محەممەدی کەسرایی، کاک عومەری غولاّم عەلی، کاک تاهیری کەسیلی، کاک ڕەحیم مەنگوڕی و کاک سیامەکی وەکیلی . دیارە جێگرەکان دەبا دەکەس بوونایە . بەلاّم دوای چەند دەورە دووپات بوونەوەی هەڵبژاردن، تەنیا ئەو چەند کەسە دەنگی متمانەیان وەرگرت و بەناچار وازیان لە وانی دیکە هێنا .

پوختەی مەبەست، کۆنگرە پاش پێنج ڕۆژ کاری بەردەوام کۆتایی بە کارەکانی هێنا . هەروەك چاوەڕوان دەکرا لایەنی کاک مستەفا بە ئاواتی سەرکەوتن گەیشتن و لەیەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دا کاک مستەفا هیجری بەسکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا . ئەندامانی دەفتەری سیاسیش بریتیی بوون لەبەڕێزان : کاک حەسەن ڕەستگار، کاک حەسەن شەرەفی، کاک بابا عەلیی مێهرپەروەر، کاک مستەفای مەولوودی، کاک حەمە نەزیفی قادری و لەسەر نەفەری حەوتەمیش هە تا ئێستا کەسیٚ مانگ بەسەر بە ستنی کۆنگرە دا تێپەڕیوە هەرساخ نە بوونەوە .

کەوابوو بەستنی کۆنگرەی سێزدەهەم لەو هەلو مەرجە ناسکە دا بۆ حیزبی دیٚموکرات سەرکەوتنێکی دلّ خۆش کەر نەبوو . بەلێکدانەوەی هەر بیروردێك و، بە هەلّسەنگاندنی هەر شارەزایەك لە بواری سیاسی دا، زیانێکی قەرە بوونە کراوی بە بزووتنەوەی ئەوسەردەمەی گەلەکەمان گەیاند . پێتان سەیر نەبیٚ

ولاشتان وا نەبێ بە چاویلکەی ڕەشەوە لەمەسەلەکەم ڕوانیـوە . ئـاخر بەشـێکی بەرچاو لەدڵسۆزانی خاوەن نەزەروبەتوانا لەهەڵسووڕاندنی ئەرکی حیزبی و، سەر دەرچوو لە بواری سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایە تی یەکان دا، لە ڕێبەرایـەتیی حیزب قت کرابوون و پڕ کردنەوەی جێگاکەیان لەو لەو قۆناغە دا کارێکی هاسـان نەبوو . کەوابوو نـەك هـەر کۆنگرەیـەکی پـڕ دەسـکەوت و سـەر کـەوتوو نـەبوو، بەڵکو بە هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتی یەکی کەم تواناتر لە پێشوو پێی نایە گۆڕەپانی تێکۆشان و بەشێك لە پۆستەگرنگەکان بەکەسانێك سـپێردران کەتواناوزانسـتیان لە ئاستی ئەو بەر پرسایەتی یە دا نە بوو .

کەوابوو نیگەرانی یەکان بە تەواوی لەجێی خۆیان دابـوون و، وەك دەڵـێن : " چێشتی خۆش لە ئەنگۆرێ ڕا دیارە " . ئەو پێکهاتە ( تەرکیب) ەی لە کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی سێزدەهەم دا وەبەرچاو دەکـەوت و، ئـەو شـێوە بۆ چوونە (طرز فکر) ە ی لە دەروونی لایەنی سەرکەوتوو دا هەسـت پـێ دەکـرا، چـاوەڕوانیی داهـاتوو یـەکی ڕوونـاك و گەشـە داروجێـی هیـوای لـێ نـەدەکرا و، بەلێکدانەوەی بیـر مەند انی شارەزا لە بواری سیاسـی دا، وەڵام دەرەوەی هـەلو مەرجی ناسـکی ئـەو سـەردەمەی خـەباتی ڕزگاریـخوازانەی گەلەکـەمان نـەبوو . هەربۆیە دڵسۆزانی حیزب و بزووتنەوەکـەمان، چ لـەنێو ڕیزەکـانی حیـزب داو، چ لەنێوخۆی کوردستان و، چ لەدەرەوەی وڵات، بـە نامەوتەلـەفوون و ڕاسـپاردەو، بە دانیشتن و کۆبوونەوە، چەندی لەدەستیان هـات دەسـتەوداوێنی ڕێبەرایـەتیی تـازە هەڵبـژێراوی کـۆنگرەی سـێزدەهەم بـوون و، تکـا و ڕەجایـان لـێ کـردن کەبەهەسـت کـردن بـەو بەرپرسـایەتی یـە قورسـەی مێـژووپێی سـپاردوون، خـۆ لـەنیازپاکی و بەرژەوەنـدی یـە گشـتی یـەکانی حیـزب و بزووتنـەوە ڕەواکـەمان نەدزنـەوەو، دیـاردەی دزێـوی دەسـتەبەندی و جینـاح بـازی و ناوچـە گـەرایی و ناوەنـد گـەرایی بـۆ هەمیشـە زینـد ە بەگۆڕکـەن و، بەنیشـان دانـی سـەداقەت و

ڕاستی و پاکی و بڕوا بەیەك بوون لەمەیدانی کردەوە دا، لاپەڕەیەکی نویٚ لە ژیانی شۆڕشگێڕانە هەلٚ دەنەوە . بابە کردەوەی شۆڕشگێڕانەیان گیانی شەهیدە مەزنەکان شادو، چاوی دوژمنانی گەلەکەمان و، شەمشەمە کوێرانی دژی ڕووناکی کوێرکەن .

لەوپێوەندی یەدا ئاماژە کردن بەنامەی تێکۆشەرێکی دێرین و، خاوەن نەزەروبەتەنگەوە بووی ڕاستەقینەی بەرژەوەندیی گشتیی حیزب و نەتەوەکەمان بەبیٚ جیٚ نازانم کەسەرەتای نامەکەی ئاوا دەست پیٚ دەکا :

سلاٚوی گەرمی شۆڕشگێڕانە بۆ تێکڕای ئەندامانی حیزبی دیٚموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبەرایەتیی بەڕێزی ئەم حیزبە !

پیرۆزبایی تان لیٚ دەکەم بەبۆنەی کۆتایی پیٚ هاتن و سەرکەوتنی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دیٚموکراتی کوردستانی ئێرانەوە . هیوادارم ئەمە پلیکانێکی قایم و قۆلٚ بیٚ بۆ گەیشتن بە قۆناخێکی تازەی کاروتێکۆشان و، سەرەنجام سەرکەوتنی یەکجاریی گەلە بەش خراوەکەمان .

زۆرشادمانم کە دوژمنانی سوێند خواردووی گەلەکەمان کەبەوتەی ئەوان لەکۆنگرەی سێزدەهەم دا حیزبی دیٚموکرات لەبەریەك هەلٚ دەوەشیٚ و ئاداری بەسەر پاداریەوە نامێنیٚ، ڕەنجە ڕۆونائومێدبوون . بە پێچەوانەی بۆ چوونەکەیان کۆنگرە سەرکەوت و، حیزب ماو، کاروتێکۆشان هەروا بەردەوامە .

لە لایەکی دیکەشەوە زۆر خۆشحالٚم کە میدالٚی شانازی بوونم بە ئەندامی ئیفتیخاری لە ناوەندیی حیزب دا بەدەستی توانای کۆنگرەی سێزدەهەم لەمل دەکریٚ، بەلاٚم زۆر بەداخم کە ئەو کاتە ئەو شانازی یەم پیٚ دەبڕیٚ، کەلەلایەکەوە بەهۆی پیری و کە نەفتی و، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی نەخۆشی و ئێش و ئازاری زۆر، کەمترین وزەی جوولاٚن و تێکۆشان لەخۆم دا بەدی ناکەم .

نۆش داڕووی زامی زۆراو کە گەیی یە زامی هەستم

جامی شەرابی مانم وەرگەڕا بوو لەدەســـــــتم

بەڵام دیسان سەربەرزم کە جارێکی دیکەش دەستی گەرم و پڕ لەمێهرەبانیی

حیزب لەسەرسەری خۆم خۆم هەست پێ دەکەمەوە .

لەکۆنەوە گوتراوە : " مێژوو نەبەردی بێ پسانەوەی هێزەکانە " بەو پـێ یـە ڕوون و ئاشــکرایە کــە حیزبــی دێــموکراتی داڕژاولەچــەند شــەپۆلی فیکریــی ناتەباولەمێژەوە وێکڕا ژیاو، زۆر زوو دەتوانێ هۆویـەتی ڕاسـت و دروسـتی خـۆی لەنێو قوڵتی خەباتی دەروون حیزبی دا بدۆزێتەوەو، سـیمای ڕاسـتەقینەی خـۆی لـەنێو ئاوێنــەی دیـدگا دژ بەیەکـە خۆمـاڵی یـەکان دا بناسێــتەوەو، هــەروەها شوناس نامـەی تـازە بـۆ کاروتێکۆشـانی تـازە لەهـەلو مـەرجی ناسـکی مێـژووی ئێستا دا، لە پێش دا لەبارەگای گەلەکەی خۆی وەردەگرێـتەوە بەتەئییدی هێزە ڕەسەنە دێموکراتی یەکانی کوردستان و ناوچەو جیهانی بگەیەنێـتەوە .

لــە پێوەنــدی لەگــەڵ ناتــەبایی یــە فیکــری یــەکانی نێــو خــۆ دا لەبــەرتان دەپاڕێمەوە کەهەرچی زووتر دەست لەگەردنی هاوسەنگەرانی موخـالیفی خۆتـان بکەنەوەو، لەسەنگەری زۆرایەتی بۆ بە گژداچـوونی خشـوونەت و گـرژی و زیـاتر نێو ئاخن کردنـی سیاسـەت بەئـەخلاق و خـوو و خـدەی سالـم و قـورس کردنـی پارسەنگی ئیعتیـدال و پشـوودرێژی کـەڵك وەربگیــرێ و، دەسـکەوتی زۆرایـەتی وەك دیاری و دادەیەکی پیـرۆز و بەخششێکی بایەخ داری دێموکراسی لە بەرچاو بگیـرێ .

دیسان لەو پێوەندی یەدا نەك هەر دەپاڕێمەوە، بەڵکوو دەستم بۆ داوێـن تـان درێژ دەکەم کە لە یەکـەم هـەنگاو دا دیـاردەی نالـەباری ناوچـەگەرایی، مەڵبەنـد گـەرایی و ناوەنـد گـەرایی لـە نوتفـە دا بــخنکێنن و، لـە هــەنگاوی دووهــەم دا

سیاسەتی پاك سازی و تۆڵە ئەستاندنەوەو " حەزف "و"تـەرد" و پاڵەسـتۆ دان و بایکۆتی بێ جێ و قاو دان و کش کردنی دڵسۆزان بۆ کۆسـپەوی دوورەپـەرێزی و بێ زاریی سیاسـی، لـە گۆڕیچـەیەکی قـووڵ و تـەنگ و تاریـك دا زینـدە بەچـاڵ بکەن .

باهەمووومان شادە بەوەبێنین کەلەمەیدانی چێو کێشە کێنەی ژیانی سیاسی دا ئەو ئینسـانە پشـوودرێژانە سـەر دەکـەون کـە لەناتـەبایی و ململانـەی سالـمی فکری وەك ئەسـڵێکی دیـموکراتیك و فـاکتۆرێکی هـەرە گرنگـی زینـد وو بـوون و هەرمان کەڵك وەردەگرن و هەروەها ( خیـرەدی جەمعی) وەك هەوێنێك لەتەواوی ئاکاروکردارەکانیان دا بەکار دێنن .

بـەردەوام بـێ خـەباتی سەرانسـەریی گـەلی کـورد و حیزبـی دێـموکراتی کوردستانی ئێران !

**حە سەنی شیوەسەڵی**

2004/7/14

بەڵام کورد گوتـەنی : " سـەد هـاوار بـە پوولێـك " ئـەوان لەمێـژ بـوو بڕیـاری لێبـڕاوانەی خۆیان دابوو . نـە ڕەخنـەوپێش نیـار دادی داو، نـە سـکاڵاوپاڕانەوە کاری تێ کردن ! تەنانـەت کـاك مسـتەفای هیجـری لـە کۆبوونەوەیـەکی بـەرینی گشتی دا بەڕاشکاوی ڕایگەیاند کە :

ـ هەر کەس چ دەڵێ بابیڵێ، ئەمن لە ڕەخنە ناترسم و بەو بایانە نالەرزم !

ئـەو بیـرو بۆچـوونەی کـاك مسـتەفا بەلێکـد انـەوەی هــەر بیــرمەند و ئازادیــخوازێکی دێــموکرات، سەلــمێنەری دیـاردەی تــەك ڕەوی و، دژی هــەر چەشنە بڕیاردانێکی بە کۆمەڵ بوو . یان بەواتایەکی دیکـە گـەورەترین هەڕەشـە بـوو لـەموخالیفانی خـۆی و تەنانـەت لـە یەکیـەتی و یـەکگرتوویی ڕیزەکـانی حیزبەکەمان .

کـورت و کرمانــجی بـەپێی ئـەو کـار دروسـتایی یـەی پێشـتر گەڵاڵـەیان بـۆ داڕشتبوو، سکرتێری گشتی  بوو بەسکرتێری جیناح و ئاڵو گۆڕێکی قووڵی شێوە پاکسازی دەستی پێ کرد . سیستەمێکی شێوە پۆلیسی هاتە کایەوە، زۆر کەس بەناهەق بەملاولادا نـەقلْ کـران و تەنانـەت لـەدەرکردنی پێشـمەرگەش دەسـتیان نەپاراسـت ! ئۆرگانـەکان بـەپێی ویسـت و بەرژەوەنـدیی خۆیـان سـازمان دران، ئاییـن نامەی کۆمیسیۆنەکان دەست کاری کراولەیـەك قسـە دا بێجگـە لـەخۆیان کەسێکی دیکەیان بە هەق داروميـراتگری حیزبی دیـموکراتی کوردسـتانی ئێـران نـەدەزانی !! تەنانـەت ئـەو سـێ ئەنـد امـەی دەفتـەری سیاسـی کـە بـەدەنگی خۆشیان هەڵ بژێر درابوون، چونکە بەلایەنی کەمایەتی یان دەزانین، هـیچ نـرخ و بایەخێکیان بۆ وەبەرچاو نەگیـراوهەربەناوئەند امی دەفتەری سیاسی بوون !

قۆناغێکی بەتەواوی ناسك دژوارویڕ لەئاسـتەنگ و گێرەوكێشـە بـوو . هەسـت بەمەترسی یەکی چارەسەر نەکراو دەکرا . دەبا بەهـەر شـێوەیەکی گونـجاوڕێگا چارەسەرێکی بۆ دۆزرابایەوە . هەربۆیە کاك بابا عەلیی مێهرپەروەر کەلەمێژ بوو بە دژی هەر چەشنە دەستەبەندی و جیناح بـازی یـەك ڕاوەسـتابوو، لـەوە زیـاتر خۆی پێ نەگیـراو، بەدژی ئەوشێوە بۆ چوونە هەڵوێستی گـرت . کـاك مسـتەفای مـەولوودی، کـاك عومـەری باڵـەکی، کـاك حەسـەنی قـادرزادە و کـاك لوقمـانی مێهفەڕیش کەلەکۆنگرە دا نە کەوتبوونە بەر تیغی سانسور، کاتێك بـەکردەوە لـە نیازی پاوانـخوازی و هەڵوێسـتی توندوتیـژی تـەك ڕەوانـەی جینـاحی  زۆرایـەتی تێگەیشـتن، ڕاسـتەوخۆ لـە گـەڵ لایـەنی کەمایـەتی لـە ڕێبەرایـەتی دا هـاودەنگ بوون . سەرەنـجام لایەنی کەمایەتی لە ڕێبەرایەتی دا بوون بە هەشت لەبەرانبـەر سێزدە کەس داو، لە کۆبوونەوەی کۆمیتـەی ناوەنـدی دا لەبەرانبـەر ئـەو شـێوە کارە دا کە لە لایەن لایەنی زۆرایەتی یەوە گەڵاڵـەی بـۆ داڕێـژرابوو، هەڵوێسـتیان گرت و، کۆبوونەوە کەیان بـەجێ هێشـت . دیـارە بـەپێی ئـەو ڕەواڵـەش کـەدەبا

دووبەش لەسێ بەشی ئەندامانی ڕێبەرایەتی بەشداری کۆبوونەوە بن و ئەوانیش نەدەگەیشتنە ڕادەی دیاری کراو، کۆبوونەوە لەشەرعییەت کەوت و هیچ بڕیارێک پەسند نەکرا .

وەزعەکە تا زۆر تر پێ دەچوو، زیاتر بەرەو گرژی و ئاڵۆزی لەنێو ڕیزەکانی حیزب دا هەنگاوی دەنا . هەربۆیە بێ دەنگی وخۆ دزینەوە لەبەرانبەر ئەو ڕەوتە پڕ لەڕق و قینەی لەلایەن لایەنی زۆرایەتی یەوە دەستی پێ کردبوو کەڕاستەوخۆ پاڵ پێوەنان و لە پەراوێز خستنی بە شێکی بەرچاو لەهاوسەنگەرانی لەمێژینەو، تێکۆشەرانی خاوە ن ئەزموون، خاوەن نەزەر، بیر مەند و قاڵ بووی کوورەی خەباتی سەخت و دژواری دەیان ساڵەی حیزبەکەمان بوو، بە زیانی یەك گرتوویی ڕیزەکانی حیزب و، ناڕاستەوخۆ لەخزمەت قازانج بەرژەوەندی یەکانی دوژمن دا بوو . کەوابوو بەتەواوی لە جێی خۆی دابوو کەلایەنی کەمایەتی بەمەبەستی هەوڵ دان بۆ پێك هێنانی ئاڵوگۆڕلەو ڕەوتە پاوانخوازیانەی لایەنی زۆرایەتی و، تێکۆشان بۆ وەگەڕ خستنەوەی ڕووحی هاو فکری و، ڕاوێژ کردن و بیروڕاگۆڕینەوە لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و . . . . لەگەڵ کەسانی خاوەن نەزەروقاڵ بووی کوورەی خەباتی دەیان ساڵەی حیزبەکەمان لەهەر پۆست و پلەو مەقامێکی حیزبی دا کەشەقڵی نیاز پاکی و بڕوابەیەك بوونی پێوە دیاربێ، وەخۆ کەوتن و، بەڕاوێژ کردن و بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵ بەشێکی زۆر لەکادروپێشمەرگە لەمێژینەکان، ئەم پلات فۆرمەیان گەڵاڵە کرد و، بۆ چەسپاندنی لەنێو بەدەنەی حیزب دا دەست بەکار بوون .

## ئەمە دەقی پلات فۆڕمەكەیە :
## ئەقەلییەت و پڕەنسیپەكانی حیزب

ـــــ لەگـەڵ ئـەوەی لـە كـۆنگرەی دوازدە دا هـەموو ئەنـدامان بڕیـارێكی مەسئوولانەیان پەسند كرد كەهەر چەشنە یار گیـری و دەستەبەندی یەكی نهێنی بـە قازانـجی شەخسـی و گرووهـی كۆتـایی پـێ بهێنـرێ و بڕیـاری كـۆنگرە لـەو بارەیەوە بوو بەهۆی خۆشحاڵیی هـەموو دڵسـۆزانی حیـزب، بەداخـەوە بـە شـێك لەهاوڕێ یـان بەپێچـەوانەوە ڕەفتاریـان كـرد و پابەنـد بـوونی هاوڕێـیانی دیكـە بەبڕیاری كۆنگرەیان وەك دەرفەتێكی لەبار بـۆ بردنـە پێشـی ئامـانجی گرووهیـی خۆیان بەكار هێنا .

ڕەوتـی بەڕێوەچـوونی كۆنفرانسـەكانی پـێش كـۆنگرەی سـێزدە و، هـەڵس و كـەوتی نێـو كۆنگرەوئاكامـەكامی بەداخـەوە نەتـەنیا دیـاردەی جینـاح بـازیی لەحیزب دالاواز نەكرد، بەڵكوو بەشێوەیەكی بـەر چـاو بـەهێز تـری كـرد . ئێسـتا ئەو هاوڕێـیانەی ئاكامی كۆنگرەیان لەخزمەت مەبەستەكانی خۆیـان دا دەزانـی و لەكۆمیتەی ناوەندی دا ئەكسەرییەتیان بەدەستەوەیە هەوڵێكی جیددی یـان بـۆ لەپـــەڕاوێز خســـتن، هـــەلاوردن و بەشـــێنەیی ڕێگـــە خـــۆش كـــردن بـــۆ تەسفییەولەمەیدان دەركردنی ئەو كەسانە كـەوەك ئـەوان بیـرناكەنەوە، دەسـت پێ كردوە . لە ئاكام دا هەل و مەرجێك لەنێو حیزب دا خولقـاوە كـە بەشـێك لـە ئەندامانی دڵسۆزی ئـەو حیزبـە ناچـار دەكـا لـە چوارچێوەی هـەوڵێك بـۆ ڕاسـت كردنەوە دا ڕێگایەك بـۆ دیفـاع لـە پڕەنسـیپەكانی حیـزب بـد ۆزنـەوە تـا بتـوانن ئەركی حیزبایەتیی خۆیان بەڕێك و پێكی بەڕێوە بەرن و تووشـی پاسـیو بـوون و

دابڕان و دڵ ساردی نەبن و، بەم جۆرە خەباتی حیزبەکەمان و بزووتنەوەی گەلەکەمان لەکزی نەدا .

گرنگترینی ئەو پڕەنسیپانە کە دەبنە هەوێنی پێك هاتنی ئەو ئەقەلییەتە لە نێو حیزب دا ئەمانەن :

1ـ هەر چەند کردەوەی ئەوانەی بەو شێوەیە بوونە زۆرایەتی لە کۆنگرەی سێزدەوئاکامەکانی ئەو کۆنگرەیە ڕەخنەی زۆریان لە سەرە، بەو حاڵەش دەبێ لەپێناوی جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەو کۆنگرەیە دا دڵسۆزانە تێ بکۆشرێ .

2ـــ پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیی حیزب بەو شێوەیە کە دوکتور قاسملووبناخەکەی داناوسەقامگیری کرد، ئەرکێکی سەرەکی یەو ئەقەلییەت بەدژی هەر چەشنە لادانێك لەو ئەسڵە ڕادەوەستێ .

3ـ پاراستنی یەك پارچەیی و یەکیەتیی تەشکیلاتیی حیزب لەگەڵ ڕێز دانان بۆ جیاوازیی نەزەروبۆچوون لەسەر مەسایلی حیزبی ئەرکێکی حاشا هەڵ نەگرە و دەبێ لە پێناوی دا خەبات بکرێ . هێزی ئیعتیبار و پرستێژ چ لەدەرەوەوچ لەنێو خۆو هەموو شانازی یەکانی حیزب بەستراوەتەوە بەیەکیەتیی ڕیزەکانی حیزب . حیزب هی هەموانەوبەهەموانەوە جوانە . کەس بۆی نیە بەشێك لەئەندامانی حیزب بەئەندامی دەرەجە دوو دابنێ و لەپەڕاوێزیان بخا .

4 ـ ڕێبەرایەتیی حیزب بەگشتی و سکرتێر بەتایبەتی ( هەرکەس بێ) دەبێ بەیەك چاو و بەیەك پێوانە لەئەندامانی حیزب بڕوانن و خۆیان بەنوێنەری تەنیا بە شێك لە حیزب نەزانن . تەنیا پێوانە بۆ هەڵسەنگاندن و قەزاوەت لەسەر ئەندامانی حیزب و سپاردنی بەرپرسایەتی بەوان دەبێ پابەند بوون بە پڕەنسیپەکانی حیزب دڵسۆزی و لێ وەشاوەیی لە بەڕێوەبردنی ئەرکە دەست نیشان کراوەکانیان دابێ . نەك لایەنگری لەم باڵەو، ئەو بیرۆکەیە کەسکرتێر ناتوانێ سکرتێری هەموان بێ مەحکوومە .

5 ــ ڕێبەرانی شەهیدی حیزب ملکی گەلی کورد و بزووتنەوە ڕەواکەی بەگشتی و حیزبی دیموکرات بەتایبەتین . هیچ لایەنێك بۆی نیە بەشێوەی ئەبزاری و تەبلیغاتی کەڵك لەناو و ئیعتیباریان وەربگرێ . ڕێبازی پێشەوا، قاسملوو و شەرەفکەندی ڕێبازی خەبات و تێکۆشان بۆ هەموانە .

6 ـ تاکەکان لە ڕیزی حیزب دا دەبێ پێش هەموو شتێك پشت بە لێ هاتوویی و کارامەیی خۆیان ببەستن . بۆیە پێویستە میکانیزمێك لە حیزب دا حاکم بکرێ کە تاکەکان بتوانن دوور لە تەئسیری جیناح بازی و دووبەرەکایەتی کەسایەتی ولێ هاتوویی خۆیان نیشان بد ە ن و حیزبیش بتوانێ لە پۆتانسیەلی موسبەتی ئەو کەسانە کەڵك وەربگرێ . ئەسڵی ئازادیی دەنگ دان و ڕا دەربڕین لەکۆنفرانسەکان دا دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ و هیچ کەس ناچار نیە ئەگەر ویستی لەگەڵ ئەقەلییەت هاودەنگی بکا، سەربەخۆیی خۆی لە دەنگ دان دا لەدەست بدا و (وەك لەجیناح بازی دا باوە) .

7 ـ ئەقەلییەت پەیڕەوی لە بڕیاراتی سالمی ڕێبەرایەتی دەکا و بەهەموو تواناوە بۆ جێبەجێ کردن و ڕاپەڕاندنی ئەو بڕیارانە تێ دەکۆشێ .

8 ـ ئەقەلییەت جگە لە ڕێگای مەشرووع و ئەساسنامەیی لەحیزب دا هیچ ڕێگایەك بۆ بردنە پێشی داخوازوبەرنامەکانی ناگرێتە بەروچالاکی یەکانی بەئاشکراوبەڕوونی لەنێو حیزب دا ئەنجام دەداو دژی هەرچەشنە کارێکی پەنامەکی و غەیرە شەففافە . بە مەبەستی ڕاست کردنەوەی وەزعی ئێستاوبەرنامە ڕێژیی بە کردەوە بۆ تێکۆشانی حیزب هەموو لایەك هەقیان هەیە بیروبۆچوونەکانیان لە کۆبوونەوەکانی حیزب دا بێننە گۆڕێ و هەرلەوکاتە دا لەسەریانە ڕێگا بە پرسیار و بیروبۆچوونی موخالیف بدەن بۆئەوەی مەسەلەکانی پێوەندی دار بەحیزب بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ئاوەڵاولەچوارچێوەی حیزب دا بکەونە بەرباس وبڕیاریان لەسەر بدرێ .

9 ـ ڕێز دانان بۆ پێشینەی فیداکاریی ئەندامانی قەدیمی حیزب بەتایبەتی ئەوانەی لەڕێبەرایەتی دا نامێنن، کەڵك وەرگرتنی سیستماتیك لە ئەزموونەکانیان لەلایەن حیزبەوە کارێکی پێویستە .

10 ـ بایەخ دان بەلاوەکان (چ کوڕوچ کچ) و کەسانی بە ئیستیعداد و لێهاتوو لە حیزب دا بەبێ لەبەرچاو گرتنی بەستراوەیی بە هیچ لایەنێك دەبێ وەك پڕەنسیپی نە گۆڕ چاوی لێ بکرێ بۆ ئەوەی حیزب بتوانێ بە باشترین شێوە کەڵك لەتواناکانیان وەربگرێ .

11 ـ ئەقەلییەت بەهەموو تواناوەولەڕێگای مەشرووعەوە بەدژی تەك ڕەوی و دیکتاتۆری و، بۆ پارێزگاری لە دیموکراسیی نێوخۆی حیزب خەبات دەکا .

12 ـ ئەقەلییەت بەستراوە بەکەسایەتی یەکی تایبەت نیەوئەوەی کە ئەندامانی حیزب لە دەوری یەك کۆدەکاتەوە لە پێشدا ئەندامەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وپاشان پارێزگاریی ئەو پڕەنسیپانەیە کەلێرە دا هاتوون . لەسەر بنەمای کەم بایەخ کردن و سووك کردنی هیچ کەسێك پێك نەهاتوەوئەو شێوە کارانە بەمەحکووم دەزانێ . ڕێبەرایەتی و سەرجەم بەرپرسانی حیزب لەهەر پلەوپایەیەکیش دا ئەرکی گرانی بەڕێوەبردنی حیزبیان لەسەر شانە . پاراستنی حورمەت و ڕێز لێنانیان بەگشتی ئەرکی هەموانە، بۆیە درۆهەڵ بەستن، دەنگۆ سازکردن، ناووناتۆرە لێ نان و ڕەفتاروکردەوەی دیکەی لەم چەشنە مەحکوومە . هەرچەند هیچ بەرپرسێك ناتوانێ بێ کەم وکووڕی بێ و ڕەخنەی لەسەر نەبێ، بەڵام ڕەخنە دەبێ سازندە بێ و بەڕێ و جێ بێ و تەنیا لەڕێگای ئوسوولی یەوە بێتەگۆڕێ . هەرلەو کاتە دا کەلە سەر مەسایلی حیزبی بیروبۆچوونی جیاواز هەیە پێویستە هەموو هاوڕێیان ڕێزوحورمەتی موخالیفانی یەکتر بپارێزن . هەموو ئەندامانی حیزب لەگەڵ ئەوە کەنەزەری جیاوازیان هەیە، نابێ لەبیر کەن کە هاوخەبات و هاوڕێی یەکترن .

ئـەو هەڵوێسـت گرتنـە کـت و پـڕە کـە ڕەنگـە بـۆ لایـەنی زۆرایـەتی شـتێکی چـاوەڕوان نـەکراوبووبێ، ئاگـادار کردنەوەیـەك بـوو کەلایـەنی کەمایـەتی بـەهیچ شـێوەیەك مـل بـۆ ئـەو توندوتیژیانـەی لایـەنی زۆرایـەتی ڕاناکێشـێ و، دژی هەرچەشنە دەستەبەندی و جیناح بازی یەك ڕادەوەستێ کەزیان بە یـەکگرتوویی نێو ڕیزەکـانی حیـزب بگەیـەنێ و، ببێتـە هـۆی دڕدۆنگـی و بـێ متمانـەیی نێـوان کادروپێشـمەرگەکان . بـەلاَم بەداخـەوە، لایـەنی زۆرایـەتی پشـت ئەسـتوور بەودەسەلاَتەی کەپێشتر باسم کرد لە چ ڕێگایەکەوە دەستیان پێی ڕاگەیشتبوو، لە حاست بیستنی ڕاستە قینەکان لۆ کەیان لەگوێ خۆیان ئـاخنی و، پـێ داگرتـر لەپێشوو درێژەیان بەڕەوتی سیاسەتی توند ڕەوانەی خۆیان دا ! بو ختـان هـەڵ نابەستم و بە گوێی خۆم لەکادری حیزبیم بیست کە گوتی :

ـ ئەوە شێوە کارێکە کە ڕێبەرایەتیی حیزبـی دیـموکراتی کوردسـتانی ئێـران بەزۆربەی دەنگ پەسندی کردوە . جاهـەر کـەس پێـی ڕازی یـە بـەو شـێوە کـار بکاو، ئەوەش ناڕازی یە خواحافیزی ! بێ گومان پاش چەند سالاَنیش بـە سـەر شۆڕی دەگەڕێتەوە !

ئەو شێوە بۆ چـوون و بیـر کردنـەوە (طرز فکـر) ە کـە بـە ڕوونـی دیـار بـوو قسـەی خـۆی نیەولەکەسـانی بەرپرسـی بیسـتبوو، ڕاسـت وەبیـر هێنـەرەوەی سـەردەمی ئیسـتالین و سیاسـەتی ڕێبـەرە دیکتاتۆرەکـانی ڕابردووبـوو کەبـەهیچ شـێوەیەك لەگـەڵ بیـروبۆچوونی حیزبـی دیـموکراتی کوردسـتانی ئێـران نەدەهاتەوە و نەدەگونـجاو، بەتەواوی لەناتەبایی دا بوو .

لەو قۆناغە ئاڵۆزوتەسك و تروسـکە دا، کـاك مسـتەفای هیجـری بـۆ دەرەوەی وڵات بەسەفەر چوو . ئەمن زۆر ئاگاداری چـۆنیەتی سـەفەرەکەی نـەبووم، بـەلاَم بەپێی ئەو هەوالاَنەی لە ڕادیۆ بەدستی ئێمـە دەگەیشـتن و بلاَومـان دەکردنـەوە،

زۆر کۆڕوکۆبوونـــەوەی لەگـــەڵ ئەنـــدامانی حیزبـــی پێـــك هێنـــان، زۆر دیداروچـاوپێکەوتنی لەگـەڵ دۆسـتان و دڵسـۆزانی گـەلی کـورد پـێـك هێنـان و مانـدوویی نەناسـانە بـۆ ڕاکێشـانی بیــروڕای گشـتیی دنیـای دەرەوە بـۆ لای چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد لەکوردستانی ئێرانـی ژێـر دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسلامی هەوڵی داو تێکۆشا . بەڵام هەروەك باوە : بـەهۆی ئـەوە کەچاوەڕوانی یـەکانی خـەڵك زۆر لـەوە زیـاترن کەلـەم قۆناغـە دا لەدەست ئێمـە دێـن، زۆرتـر ڕەخنەوکەم و کووڕی یەکان دەبینین . هەر بۆیە تائەو جێگایەی بۆ خۆم بەتەلـە فوون و ڕاسپاردەوبەرەوڕوو بیستوومن، چ لەنێو ڕیزەکـانی خۆمـان داوچ لـە نێـو خـۆی کوردسـتان و چ لـەدەرەوەی وڵات، باسـەکانی کـاك مستەفا خـەڵکیان دڵ بەجێ نەکرد . بەتایبەت لە باسەکانی ئـەو میزگـردەی لەگـەڵ کانـاڵی ئاسـمانیی دەنگی ئەمریکا ڕێکی خستبوو، بە گلەیی بوون و زۆران ڕایـان وابـوو کەباسـەکان لاواز بوون و لەئاستی شـان شکۆوهزروکەسـایەتیی سـکرتێری گشـتیی حیزبێکـی خاوەن شەست ساڵ ڕابردووی خەباتی بێ پسانەوەی ئاشکراونهێنی دا نەبوون .

بەهـەرحاڵ ئـەمن نامـەوێ لێـرە دا وەك ڕەخنـە گرێـك هەڵوێست بگـرم، ئـەو ئاماژەیەشـم تـەنیا بەمەبەسـتی زیـاتر ڕۆچـوون بـە قـوڵایی باسـەکان دا بـوو . کەوابوو ئەو داوەریـە بـەخاوەن نـەزەران دەسـپێرم و دێـمەوە سەرباسـی باسـە گۆرینی .

سـەفەری کـاك مسـتەفا پـاش چـەند مانگـان گەیشـتە کۆتـایی و لـەکاتێك دا گەڕایەوە نێومان کەموشکیلات و تەنگ و چەڵەمەکان وەك تەتەڵە میـرانە بەسـەر یـــەك دا کەڵەکـــە ببـــون . نـــاوی کۆمـــاری ئیســـلامی و دوژمـــنی ســـەرەکی هەرلەکوولەکـەی تـەریش دا نـەمابوو ! هـەموو تواناکـان بـۆ دژایـەتی لەگـەڵ یەکتـرتەرخان کرابوون ! ! کەس لەبیـری بەرژەوەندی یە گشتی یەکانی حیزب و بەفیـڕۆ چوونی خوێنی شەهیدان دا نەبوو! بێ سـەرەوبەرەیی، کـەس لەکەسـی،

خـۆ دزینــەوە لەبــەڕێوەبردنی ئــەرکی شۆڕشــگێڕانە، دڵ ســاردی، ناهومێــدی، دڕدۆنگی، دڵ ڕەقی، لێك مـۆڕ بوونــەوە، بـێ متمانــەیی بەیــەکتر، هــەوڵ دان بـۆ یەکتر شکاندن، تیـرۆری شەخسـییەتی یەکتــرو . . . لـەنێو ڕیزەکـانی حیـزب دا بەپێی فیلان بوو . لەگەڵ هەرکەس قسەت کردبایە، ئاسۆی دواڕۆژی بە لێڵـی بـۆ بـاس دەکـردی . دانیشـتنی کادروپێشـمەرگە بەلێشـاو بـوو ! کـاری ڕۆژانـە بـە تەواوی ڕەنـگ و ڕووی حیزبایـەتیی لـێ سـڕابۆوەو، ببـووین بـە ئیدارەیـەکی بـێ سـەرەوبەرەوناڕێك و پێـك ! کاتـژمێر هەشـت و نیـوی سـەرلەبەیانی دەچـووینە سەرکار، بێ ئۆقرە بۆ سەعات دوازدەمان دەڕوانی تاشـوێنی کـار بـەجێ بـێڵین و وەدوای ژیــانی شەخســیی خۆمــان کــەوین ! ئــەویش چ کــار کردنێــك ؟ لــە سکرتاریاوە بگرە تادەگاتە ناوەنـدی پـەزیرش کـە دەروازەی هاتنـە نێـو حیـزب بوو، بێجگە لە کۆمیسـیۆنی ڕادیۆوچـاپەمەنی کـە ئەرکەکـەیان ئـەوەبوو، لـەهیچ ئۆرگانێکی ئەو حیزبە دا ناوی کۆماری ئیسـلامی و دوژمـنی سـەرەکی و بـاس لـە ڕووداوە هەنووکـەیی یـەکان، بەسـەر زار و زمـانی کـەس دانـەدەهات ! ! بـاس هەرباسی دەستە بەندی و جینـاح بـازی و لایـەنی کەمایـەتیی و زۆرایـەتیی و لـە بەریەك هەڵوەشانی پڕەنسیپەکان بوو ! ئەو ڕەوتە زیـان بـارە تەنانـەت بـۆ نێـو بنەماڵەکانیشـی تـەنیبۆوەو، شـوێنەواری لەسـەر هەسـتی منداڵـە وردیلـەکانیش دانابوو کەلەیاری کردن دا بەڕوونی هەست پـێ دەکرا !

قۆناغەکە بەڕادەیەك بەر تەسك ببۆوەکەبەش بـە حـاڵی خـۆم هەسـتم بەمـەتر سـی یـەکی جیـددی و، خولْقـانی کارەسـات و ڕووداوێکـی قـەلا پرچـن لـەزیانی قەرەبوونەکراودەکرد . چونکە بەگوێی خۆم لەکادری لایەنی زۆرایـەتیم بیسـتبوو کە گوتی :

ـ ئەم پینە و پەڕۆیە هیچ دەردێکی ئەو حیزب دەرمان ناکاو دەبـێ پاکسـازی لە حیزب دا بکرێ ! !

نیگەرانی یەکەم زۆرتر لەبەر ئـەوەبوو کـەلێم ڕوون و ئاشـکرابوو ئـەو بـرادەرە ئەوە قسەی خۆی نـەبوو . بـەڵکو بەرنامـە ڕێـژی یـەك بـوو کەلەمێـژ بـوو لایـەنی زۆرایــەتی لەســەری یــەك دەنــگ بــوون و، لەهــەوڵی بــژارکردن و یــەك دەســت کردنەوەی حیزب دا بوون و لێ بڕاوانە کاریان بۆ دەکرد . بیـرم لەوە دەکـردەوە کەلەوحیزبە دا کێ پاکسـازی دەکـەن ؟؟ !! ئـەو هاوسـەنگەرە دڵسـۆزانە کەبـە نرخترین ساتەکانی تەمەنی خۆیان بەختی بەرژەوەندی یە گشتی یەکانی حیزبـی دێـموکراتی کوردستانی ئێران و، بزووتنەوەی میللی دێـموکراتیکی نەتەوە سـتەم لێ کراوەکەیان کردبوو؟ ئازاروئەشکەنجەی نێو بەندیـخانە و ئەشکەنـجە گاکـانی سـاواکی شـایان چێشـتبوو، لـەماڵ و هێلانـەیان تەرێنـدرابوون و، لـەئاوارەیی و دەربەدەری دا ژیابوون و، تاڵی و سوێریی ڕۆژگاریان چێشتبوو، بەئێسك و پێست وخوێن و دەمارەوە هەستیان بەو بەر پرسایەتی یە قورسە کردبوو کەلەم قۆناغە پڕ لەئاستەنگەی بزووتنەوەکەمان دا مێژوو پێی سـپاردبوون . پاکسـازیی ئەوانـە کـە زیـاتر لـە بیسـت و شـەش سـاڵ بـوو بـەکردەوەوبێ پسـانەوە لـە پێنـاوی وەدیهێنانی ماف گەلە بێ بەشەکەیان دا چەك لەشان گـوڕ و تـین و هێـز و پێـزی خۆیــان بــە خــەبات بەخشــیبوو ؟ بــەدەیان جــار لــە دە هــەنگاویی مــەرگ گەڕابوونــەوەو هــەر بەچــۆك دا نــەهاتبوون و هــەنگاویان پــێ شــل نــەببوو، سەرماوگەرماو، برسیەتی و تینـوێتی و، بـێ ئیمکانـاتیی ژیـان تـەنگی پـێ هـەڵ چنیبوون و، بێ ئەوەی چاوەڕوانی تەنانەت سـوپاس و دەسـت خۆشـێك بـن، لـە قۆناغە پڕ مەترسی یەکانی خەبات دا تێ کۆشابوون و، ئێستاش هەر بـەو ئیمـان و ئـیرادەوە ئامـادەی بـەڕێوەبردنی ئـەرکی پـێ سـپێردراویانن . هەربۆیـە بـێ پسـانەوە بـیرم لـێ دەکـردەوەو پـێ یـەوە دەتلامـەوە و، ڕێگـای دەربـاز بـوون لەوقۆناغە تەسك و تروسکەم بەدی نەدەکرد . لە فکران ڕادەچووم و شـوێنەواری لەسەر ڕایەڵ و پۆم دانا بوو .

سەرەنجام هاتمە سەر ئەو ڕایە کەهەر نەبێ ویژدانی خۆم ئاسوودە بکەم و، دەینداری شەهیدە نامرادەکانمان نەبم . لەگەڵ ئەوە دا کەهیوایەکی ئەو تۆشم بەوەبەرچاوگرتنی سکاڵاوپێشنیارەکانم لە لایەن دەسەڵات بەدەستانی لایەنی زۆرایەتی یەوە نەبوو، ئەم نامەیەم بۆ دەفتەری سیاسی نووسی :

زۆربەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران !

سڵاوێکی پڕ لە ڕێزو خۆشەویستی .

ساخی و سڵامەتی و سەرکەوتنتان لە ڕێی خزمەت بە حیزب و نەتەوە ستەم لێ کراوەکەمان دا بەئاوات دەخوازم . بە هیوای وەدی هێنانی ئامانجی بەرزی شەهیدە نەمرەکانمان کە دابین کردنی ئاشتیو ئازادی و گەیشتن بەمافە نەتەوایەتی یەکانمان لە ئێرانێکی ئازادوئاوەدان و دوور لەهەر چەشنە ستەمێکی نەتەوایەتی دایە، سەرنجتان بۆ ئەم چەند خاڵەی خوارەوە ڕادەکێشم :

هەروەك زۆر جاران گوتراوەو بەڕوونیش مێژوو سەلماندوویەتی، سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕەوای هەر نەتەوەیەك، لەئەنجامی یەکیەتی، یەکگرتوویی، نیاز پاکی، هاو دەنگی و بڕوا بەیەك بوونی ئەندامانی ڕیزەکانی ئەو حیزب و ڕێکخراوەیەدا هەوێن دەگرێ کەبۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان خەبات دەکەن .

نامەوێ فەلسەفەتان بۆ بهۆنمەوەو، خۆشم زۆر لەوە بەگچکە تردەزانم کەئامۆژگاری و ڕێنوێنیی ئێوەی بەڕێز و قاڵبووی کوورەی خەباتی سەخت و دژواری دەیان ساڵەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران بکەم . بەڵام بەپێی وەی کە منیش وەك هەمووی ئێوەی بەڕێز هیچم نەماوە لەڕێی خزمەت بەو حیزبەدا لەدەستم نەدابێ و، جیا لەو حیزبەش هیچ دەراوێکی ڕوون بۆ داهاتووی چارەنووسی خۆم و نەتەوەکەم بەدی ناکەم، بە پێویستم زانی قامك بۆ لای

هێندێك لە کەم و کووڕی یەکانی ئەم قۆناغە ناسکەی نێو ڕیزەکانی حیزبەکەمان ڕاکێشم و داوای چارەسەر کردنیان لە ئێوەی بەڕێز بکەم .

هاوڕێیانی بەڕێز ! هەروەك ئاگادارن بەداخەوە لە کۆنگرەی سێزدەهەم بەم لاوە، کەش و هەوایەکی نا سالم و زیانبار بەسەر ڕیزەکانی حیزب دا زاڵ بووە کەمەترسیی لە گرێژەنە چوون و شیرازە پچڕانی ڕەوتی ئاسایی بزووتنەوە ڕەواکەمانی لێ دەکرێ . گومان و دوو دڵی و لێك مۆڕ بوونەوە لەنێو ڕیزەکانی حیزب دا لەگەڵ نیاز پاکی و بڕوابەیەك بوون جێ گۆڕکێی کردوە ! ڕقەبەرایەتی و قین ئەستوری گەیشتۆتە قۆناغێك کە سامدار سامی لێ دەکا ! بەشێکی بەرچاولە تێکۆشەرانی خاوەن نەزەر، خاوەن ئەزموون، خاوەن هەڵوێست، لێ زان و قاڵبووی کوورەی خەباتی دەیان ساڵەی حیزبەکەمان لە پەڕاوێز خراون کە پڕکردنەوەی جێگاکەیان لەم قۆناغە ناسکە دا کە ڕووداوەکان وەك برووسکە دێن و تێ دەپەڕن، کارێکی هاسان نیە ! دەستەبەندی و سرت و خورت و هەوڵدان بۆ تیرۆری کەسایەتیی یەکتر بەڕادەیەك زەق بۆتەوە کەدوژمنی سەرەکیی لە بەرچاو ون کردووین و، هەموو تواناکان بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ یەکتر وەگەڕ خراون ! ئەوەندەی من ئاگادارم، لەو ماوەیەدا ڕادەیەکی بەرچاوکادروپێشمەرگە لەو سۆنگەیەدا بیانووی بەجێ هێشتنی ڕیزەکانی حیزبیان بۆ ڕەخساوەوماڵ جیایی یان لەگەڵ کردووین ! بێ سەرەوبەرەیی و دڵ ساردی لەنێو ڕیزەکانی حیزب دا گەیشتۆتە قۆتاغێك کە مۆرکی حیزبایەتیی پێوە نەماوەوبووین بە ئیدارەیەکی نا ڕێك و پێك ! ئەوەندەی بە چاوی خۆم دیتوومەو، بەگوێی خۆم بیستوومە : بەتایبەت لەنێو بەدەنەدا کەم کەسانێك ئەویش بەڕواڵەت وەبەرچاودەکەون کەلە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێ سپێردراویان دا دڵ گرم بن و، تەنانەت زۆران لەداهاتووی چارەنووسی خۆیان و حیزبەکەیان ناهومێدن ! هەڵوێستی توندوتیژی هێندێك لەبەرپرسان بەتەواوی جیگای بە

بەشێك لەكادروپێشمەرگەكان لێژ كردوە ! ڕابیتە بەتەواوی بەسەر زابیتە دا زاڵەو، لەوبوارەدا بەداخەوە تەرازووی هەڵسەنگاندن سەردەكا ! لە یەك قسە دا ئەگەر بەهەموو وردە كاری یەكانیشی دا نەچمەوە، بەڕاشكاوی دەتوانم عەرزتان بكەم : بە دەستی خۆمان ئاو لە ئاشی دوژمن دەكەین و، ئەگەر ڕێژیم بیست و شەش ساڵی دیكەش شەڕی لەگەڵ كردباین، نەیدەتوانی زەبرێكی ئەتۆمان لێ بوەشێنێ كە بەدەستی خۆمان لە پەیكەری بزووتنەوە ڕەواكەمانمان وەشاندوە !! ئەوەی بەڕوونی وەبەرچاودەكەوێ، ڕێ خۆش كردنە بۆ پاكسازی لە نێو ڕیزەكانی حیزب دا بە سوودی جیناحێك كە زیانەكەی ئاوقای حیزب و بزووتنەوەكەمان دەبێ و، بەرژەوەندی یەكەشی بە دوژمن دەبڕێ .

بەڵام هاوڕێیان ئەوەی زۆرتر لە هەمووی ئەوانەش جێی داخە ئەوەیە كە : ئەوڕەوتە زیانبارە بەڕادەیەك دەنگی داوەتەوە كەلە چوارچێوەی ڕیزەكانی حیزب ترازاوەو بۆ دەرەوەش سنووری بەزاندوەو، بۆتە بنێشتە خۆشكەی سەرزاروزمانی دۆست و دوژمنەكانمان ! ڕێگای بۆ ناحەزان ئاوەڵا كردوە كە لەوهەلە كەڵك وەرگرن و، بەكەیفی خۆیان لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت بەشێوەی جۆراوجۆر داخی دڵی پڕ لەقینی چەندین ساڵەیان بە دڵسۆزانی حیزبە خۆشەویستەكەمان بڕێژن !! هەربۆیە چ لەنێوخۆی كوردستانی ئێران و چ لەدەرەوەی وڵات بووینە بەرلۆمەی ئەندام و لایەنگرودۆستان و دڵسۆزانی حیزب و بزووتنەوە ڕەواكەمان و، پڕ بەدڵ لێمان بە گلەیین و بێ زاریی خۆیان لەو ڕەوتە چەوت و بێزراوە دەردەبڕن كە تاوانەكەشی پێش هەموو كەس لەئەستۆی سكرتێری گشتی و ڕێبەرایەتیی حیزبەكەمانەو، پاشانیش لە بەدەنەی حیزب كە پشتیوانی لەو ڕەوتە زیان بارە دەكەن .

هاوڕێ یانی بەڕێز ! بۆ ئەوەی هیچ گومانێك لە گۆڕێ دا نەبێ، بە پێویستم زانی لەوەش دڵنیاتان بكەم كە هەروەك بۆ خۆشتان ئاگادارن، ئەمن نە پۆست و

پلەوبەقامێکم لەدەست داوە بۆی خوێن گەرم بووبم و، نەبەهیوای مەقامێکیش بووم دەستم پێی ڕانەگەیشتبێ و بۆی لە هەوڵ دابم، بەڵکوو بەکردەوە سەلماندوومە کە گەورەترین بەر پرسایەتی وپلەوبەقام بۆمن کارکردنە لە هەر پۆستێکی حیزبەکەم دا . بۆشم موهیم نیە کێ سکرتێروکێ ئەندامی ڕێبەرایەتی بێ، بەڵکو ئەوەی بۆمن گرنگە، گەشە پێ دان و بەرەوسەر بردنی پرێستێژی حیزبەکەمە لە ئاستێکی بەرەوسەرداو، چارەنووسی حیزب و بزووتنەوە ڕەواکەمان و، دواڕۆژێکی گەشەداری نەتەوە ستەم لێ کراوەکەمە کە هەموو شتێکم لەپێناوناوەو، جیا لەوە ئاواتێکی دیکەم لە دڵ دا نیە . بۆیە دیسانیش دڵنیاتان دەکەم ئەوەی عەرزتان دەکەم هەمووی دڵسۆزی و نیاز پاکی یەو، هیچ مەبەستێکی تایبەتی و بەرژەوەندی یەکی شەخسیی تێدا نیە . کەوابوو لە دڵێکی کەیلی مەیلی دڵسۆزی و ئەمەك ناسی یەوە داواتان لێ دەکەم کە :

1 ـ باهەموو بەرژەوەندی یە شەخسی و جیناحی یەکان فیدای بەرژەوەندیی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئامانجە مەزنەکانی بکەین . چونکە ئەو ڕێبازوئامانجەیە کەئێمەی لەم سەراوسەری کوردستانەوە لێك کۆکردۆتەوە .

2 ـ بابە هەست کردن بەوبەرپرسایەتی یەی مێژوو خستوویەتە سەرشانمان، خۆمان لە بەند و داوی تەسکی جیناح بازی ڕزگار کەین و، ڕێبەرایەتی و سکرتێری گشتی هی هەموو حیزب و، حیزبەکەش بۆ هەموان بێ . چونکە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هی هەموو تێکۆشەرانی دێموکراتەو، بەهەموومانەوە جوانەو، بەهەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانی هەموومان سەردەکەوێ و بەئامانجە پیرۆزولە مێژینەکانی دەگا .

3 ـ باڕق و قین و لێك مۆڕبوونەوە بۆ هەتاهەتایە زیندە بەگۆڕ کەین و، نیازپاکی، براوبەیەك بوون، تەبایی و ڕاستی و پاکی بکەینە سەرمەشقی

داهاتووی ژیانی شۆڕشگێڕانەمان و، بەڵێن بەیەکتر بدەین کە دڵ و زمانمان یەک بێ .

4 ـ با بەپێی زانست و لێ هاتوویی کار دابەش کەین و، کێ لە چ پۆستێک دا شارەزاو لێ هاتووە، لەو پۆستە دا کاری پێ بسپێرین .

5 ـــ بابەدڵێکی ئاوەلاوە بەڕابردوو دا بچینەوەو، لەهەڵەوکەم و کووڕی یەکانمان بەسوودی حیزبەکەمان دەرس وەرگرین و، لەو ئەزموونانەی پاشەکەوتمان کردوون کەڵك وەرگرین و لە کاتی پێویست دا بەکاریان بەرین .

6 ـ بابە هاوکاری و هاو فکری و ڕاوێژ کردن لەگەڵ یەکتر، هەلە ڕەخساوەکان بەسوودی حیزب و بزووتنەوە ڕەواکەمان وەقۆزین و، لە دوا ڕۆژدا دەستی ژێوانی لە ئەژنۆمان نەدەین .

7 ـ با کاری ڕۆژانەمان بکەینەوە دوو شیفتی و، لەم کاری ئید اری یە نا ڕێك و پێکە خۆمان ڕزگار کەین و، بە دڵ گەرمی یەوە زۆربەی کاتی ڕۆژانەمان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە حیزبی یەکانمان تەرخان بکەین .

هاوڕێ یانی بەڕێز ! پێشینان گوتویانە : " زیان لەنیوەش وەگەڕێ هەر قازانجە " تکام ئەوەیە کەخۆمان شەرمەزاری شەهیدە نەمرەکانمان، بنەماڵەی ڕووسووری شەهیدان، بنەماڵەی تێکۆشەرانی دێموکرات، ئەند ام و لایەنگرو، دۆست و دڵسۆزانی حیزب و گەلە زووڵم لێ کراوەکەمان نەکەین . با بە یەکگرتوویی، یەك دەنگی، یەك ڕەنگی، تەبایی، نیازپاکی، براوبەیەك بوون و یەك دڵی کەئامانجی هەمووومان سەرکەوتنی حیزب بزووتنەوە ڕەواکەمانە، بە دڵ فراوانی دەستی هاوکاری بۆیەك درێژکەین و، بەڕێك خستنەوەوپتەوکردنەوەی ڕیزەکانی حیزبە پێشڕەوەکەمان، گیانی شەهیدەکانمان شادو، چاوی دوژمنانی قەستەسەری نەتەوەکەمان کوێر کەین . بابەدەستی خۆمان کارێك

نەکـەین بـەرەی داهـاتووی گەلەکـەمان تـف و نەحلەتـمان کـەن و، تـووك و نەفرەتـمان بەسەردا وەبەشن .

بەهیوای زاڵ بوونی مـەنتیق و وردبـینی و ڕاسـتی و پـاکی بەسـەر هەڵچـوون و ئیحساساتدا.

**پێشمەرگەی لەمێژینە و هاوڕێی دڵسۆزتان**

**ئەحمەدی قادری**

**1384/1/30ی هەتاوی**

بەدوای ناردنی نامە کە دا کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی دەسـتی پـێ کـرد . ئەوەی لەسەر نامەکە چ باس کراوچەندە بایەخی پێ درا لەمن شاراوەبوو، بـەڵام ئـەو شـێوە کەبیسـتمەوە، تـەوەرەی باسـەکانی کۆبوونـەوە بەشـێکی زۆری لـە چوارچێوەی ئەو نامەیە دا بوون . لایەنی کەمایەتی بەمەبەستی چارەسـەرکردنی ئاڵۆزی و ناکۆکی یـەکان، ئـەم خاڵانـەی خوارەوەیـان خسـتبوونە بـەر سەرنـجی بەشد ارانی کۆبوونەوەکەوداوایان لێ کردبوون لـێ کۆڵینـەوەیان لەسـەر بکـرێ و بیـرو ڕایان لەگەڵ بگۆڕنەوە :

1 ـ پێك هێنانی ئـاڵوگۆڕ لـەدیاری کردنـی جێـگری سـکرتێر دا، بەومەبەسـتە کەجێگری سکرتێر لە لایەنی کەمایەتی بێ .

2 ـــ ئـەو دووکەسـەی پێشـتر بڕیـار درابـوو لـەدەرەوەی وڵات بەئەنـد امـی کۆمیتەی ناوەندی هەڵ بژێردرێن، لەلایەنی کەمایەتی بن .

3 ـــ ئـەو ڕایـەی پێشـتر لەسـەری ڕێـك کـەوتبوون کەیـەکێك لـە ئەنـد امـانی دەفتـەری سیاسی قت کرێ و، ئەو کەسـەش ڕوون بـوو کەلایـەنی کەمایـەتی یـە، پووچەڵ بکرێتەوە .

4 ـ پێد اچوونەوە بەئاییــن نامــەی کۆمیسـیۆنەکان و دەسـتکاری کردنیـان لەسەر ڕاوێژی هەموان .

5 ـ پێد اچوونەوە بەونەقڵە زۆرە ملی یانەی دوای کۆنگرە بەڕێوەچوون .

6 ـ لابردنی ئەوڕەوتە پۆلیسی یەی وەڕێ خرابوو و . . . . .

بەلاّم بەهۆی ئەوە کـە ئەنـدامانی دەفتـەری سیاسـی شـەش کـەس و هەرسـێ کەسـەی لایـەنێك بـوون، نەگەیشـتنە ئاکـام و، کۆبوونـەوە بەسـەر نەکـەوتوویی کۆتایی پێ هات . بـەلاّم دیسـانیش کۆبوونـەوەکان یـەك لـەدوای یـەك درێـژەیان کێشاودیسانیش هیچیان لێ سەوز نەبوو . لایەنی زۆرایەتی لەسەر ئەو ڕایە کـۆك بوون کە مەسەلەکە بەرنە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەنـدی و لـەوێ دا بـەئاکام بگـەن و، ئاکامەکەشی ڕوون بوو کەسـەرکەوتن بەلایـەنی ئـەوان دەبـڕێ . بـەلاّم لایـەنی کەمایەتی لەسەر ئەو ڕایـەبوون کەلەدەفتـەری سیاسـی دا ڕێـك کـەوتنێك گەلاّلـە بکرێ و پاشان پلینۆم بگیـرێ . بەلاّم لایەنی زۆرایەتی بەهیچ باران نەچوونە ژێـر بار . تەنانەت لەنێو خۆی کوردستانیشەوە دڵسۆزانی حیـزب کـە بۆخـۆم ئاڵقـەی پێوەندیی بەشێکیان بووم، سەردانی دەفتەری سیاسی یان کرد و ڕیشـی خۆیـان لەبەر گرتن بەلاّم دیسانیش بێ فایدە بوو! بۆ خۆم شایەدم کەئەوان داوایان کـرد هەرتك لایەن پێکەوە دانیشن و قسەبکەن و ئەوانیش گوێـیان لێ بگـرن و داوەری بکەن . بەلاّم کاك مستەفا قەبووڵی نەکرد .

سەرەنـجام لایەنی زۆرایەتی بەرنامەی بەستنی پلینۆم یان ڕاگەیانـد، تەنانـەت باسەکانیشیان گەلاّلە کردن و ڕۆژی کۆبوونەوەکەشیان دیاری کرد . بەلاّم لایەنی کەمایەتی دژ کردەوەیان لەخۆ نیشـان دا و ڕایـان گەیانـد کەبەشـد اری ناکـەن . ئەگەریش بەشد اری یان نەکردبایە پلینۆمەکە شەرعییەتی وەدەست نەدێنا .

قۆناغەکە تا پێد ەچوو ناسـك تـر دە بـۆوەودوور نـەبوو مەترسـیی پێـك هـەڵ پڕژانیشـی لـێ بکـرێ، چـونکە لەهـەرتك لا کەسـانی ئیحساسـاتی و کـورت بیــن

بەرچـاودەکەوتن . هەربۆیـە مامۆسـتا عەبـدوڵڵا حەسـەن زادە سـەردانی کـاك مەسـعوود بـارزانیی کردوچـی لەگـەڵ بـاس کردبـوو، لـەمن شـاراوەبوو . کـاك مەسعوود کاك مستەفای هیجریی بانگ کرد و داوای لێ کردبوو کەبەستنی پلینۆم وەدوا بـخەن . پاشان هەرتك لایـەنی بـانگ هێشـتن کردولەگـەڵیان دواوئاگـاداری کردن کەلەوهەلو مەرجە ناسکە دا کەئێران و ڕۆهـەلاتی نێـوە ڕاسـت چـاوەڕوانی ئاڵوگۆڕێکی قووڵن، لە هەر چەشنە گرژی و ئاڵۆزی یەك لەنێوخۆدا خـۆ ببـوێرن . تەنانەت پێشنیاریشی پێ کردن ئەگەر بەدەست تێـوەردان لـەکاروباری خۆیـانی نەزانن، ئامادەیە نێو بـژیوانیش بکـا . بـەلاّم لایـەنی زۆرایـەتی نێوبـژیوانیی کـاك مەسعوودیان بە پێویست نەزانی و بەڵێنیان دا کەبۆخۆیان ڕێگا چارەسەرێکی بـۆ بدۆزنەوە . دواتر یەکیەتیی نیشتمانی ئاگادار کراو، نوێنـەری ئـەوانیش هـات بـۆ دەفتەری سیاسی ودانیشتنی لەگەڵ هرتـك لا پێـك هێنـاو ڕێگـای چارەسـەر هـەر نەدۆزرایەوە . دواتـر کـاك مسـتەفا بەشـێکی زۆر لـەکادرە لەمێژینـەکانی هـەرتك لایەنی بەجوێ بانگ کردن و گوێی بۆ سکالاّوداواکانیان ڕاگرت . کۆ بوونـەوەکانی دەفتەری سیاسیش لـە هـەموو ئـەو ماوەیـە دا بـەردەوام بـوون، بـەلاّم باسـەکان هـەموویان وەرد دانـەوەو دووپاتـە کردنـەوەی باسـەکانی پێشـوو بـوون و هـیچ خالێکیـان لەمـەڕ چارەسـەر کردنـی نـاکۆکی یـەکان تێـد ا وەبەرچـاو نەکـەوت . تەنانەت تائەو جێگایەی من ئاگاداربـم، کـاك بابـا عـەلی بەڵێنیشـی پـێ دابـوون کەئەگەر بەشێك لە داواکان قەبووڵ بکەن وبـەڵێن بـدەن هـەمووبمان پێکـەوە بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەوگرژی و ئـاڵۆزی وبـارە نالـەبارە هـەوڵ بـدەین، ئامادەیـە لەپلینۆم دا بەشداری بکاو بەبەشداری کردنی ئەویش کۆبوونەوەکە ڕەوایی پەیدا دەکرد. بەلاّم لایەنی زۆرایەتی پێیان چەقاندوئامادەی قەبووڵ کردنـی هـیچ کـام لـە داواکـانی لایـەنی کەمایـەتی نـەبوون ! ! تەنانـەت چـەندین کـادری لەمێژینـە داوامــان کــرد بچــینە لای کــاك مســتەفای هیجــری و ســکالاّ و دەردەدڵ و

بۆچوونەکانی خۆمانی بۆ باس کەین ولێی وەپاڕێین ڕێگای چارەسەرێك بۆ ئەوقەیرانە زیانبارە وەدۆزیّ و ئاوێك بەو ئاگرە دا بکاوحیزبەکەمان بۆ دۆخی پێشوو بگەڕێتەوەوبەنیازپاکی و برِوابەیەك بوون ئەرکەکانمان ڕاپەڕێنین، بەلاّم ئامادە نەبوو گویّ بۆ گازند ە و داواکانمان بگریّ و، وەلاّمی دابۆوە کە :

ئەمن دەزانم ئەوان چ دەڵێن . کەوابوو پێویست ناکا بێن بۆلای من، دەتوانن لەگەلّ کاك حەسەنی شەرەفی و کاك حەمە نەزیفی قادری دانیشن و باس بکەن ،منیش گوتم :

ئەمنیش دەزانم کاك حەسەن و کاك حەمە نەزیف چ وەلاّمێکمان دەدەنەوە، کەوابوو کاتیان ناگرم و سەریان نایەشێنم .

سەرەنجام ڕەوتی ڕووداوەکان بەبارێکی دیکە دا خۆی نواند، کاك بابا عەلیی مێهرپەروەر تیغ گەیشتە ئێسقانی و کشانەوەی خۆی لەئەندامەتیی دەفتەری سیاسی و تەنانەت کۆمیتەی ناوەندیشی بەنووسراوە لەبەردەم کاك مستەفای هیجری ڕۆنا و، تاوانی ڕووداوی تاڵی دوارۆژی نێو ڕیزەکانی حیزبی لەئەستۆی خۆی دارِنی .

ئەو هەڵوێستە کت و پڕ و لە نکاوەی کاك بابا عەلی هەڵگری کۆمەڵە تیّ بینی یەك بوو کەڕاستەوخۆ سەلمێنەری هەست کردن بەمەتر سی یەکی گەورەی نێو ڕیزەکانی ئەو حیزبە خاوەن ئەزموون و پێشڕەوە بوو کە هەموومان شانازیمان پێوە دەکرد . ناهومێدی لەئاکامی کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاسی، پیّ داگریی لایەنی زۆرایەتی لەسەر بۆچوونە پاوانخوازانەکانیان، نەبوونی ڕووحییەی تەفاهوم بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان و زۆر شتی دیکەی لەوبابەتانەو، لەیەك قسە دا وەبەرچاو نەگرتنی بەرژەوەندی یە گشتی یەکانی حیزب و گەلەکەمان بەمەستی پاراستی ئەودەسەلاّتە دەتوانم بلێم ناشەرعییەی کەپێشتر باس کرا بەچ لەونێك دەستیان پێی ڕاگەیشتبوو، بەهەرنرخێك ! !

ئەوانە بەگشتی و زۆر شتی دیکەی لەو بابەتانە، کەمەڵە گیروگرفتێك بوون کەلەبەردەم ڕەوتی ڕووداوەکان دا قووت ببوونەوەو، کۆمەڵە دیاردەیەکی مەترسی دار بوون لەسەر ڕێگای چارەسەرکردنی ناکۆکی یەکان، تەنانەت لێك ترازان و لەت بوونی حیزبەکەمان دا . کەوابوو لەخۆڕانەبوو دەنگۆی جوێ بوونەوە (انشعاب) وەك هەڕەشەیەکی ترسێنەر بۆ دەرەوەی ڕیزەکانی حیزبیشی تەنیبۆوە و ببوو بە بنێشتە خۆشکەی سەر زاروزمانان . پیاولەهەق لانە دا لە هەرتك لایەنیش دا کەسانی ئەوتۆ هەبوون کە ئاخرین ڕێگای چارەسەرکردنی گرژی و ئالۆزی یەکانیان لەجوێ بوونەوە دا بەدی دەکرد و ناڕاستەوخۆ بۆی لەهەوڵ دا بوون . بەلاّم بەلێکدانەوەی خۆم ئەوکەسانە لەلایەنی زۆرایەتی دا بەرچاوتر بوون . بەپێی ئەو زانیاری یانەش کەبۆخۆم وەدەستم هێنابوون، لایەنی زۆرایەتی لەهەوڵی ئەوە دا بوون کەتاوانەکە بخەنە ئەستۆی لایەنی کەمایەتی و، بەو زەبرو زۆر و سیستەمە شێوە پۆلیسی یەی گەلاّڵەیان بۆ داڕشتبوو، دەیانەویست فشارەکە بۆ سەر لایەنی کەمایەتی توندوتیژ تر بکەن و لەمەیدان وەدریان نێن ! ئەو جار گەزارەیان لێ بکێشن کەبابە : مەسەلەکە لەسەر چاوەیەکی دیکەوە ئاوێ دەخواتەوەو، ئەوە جەماعەتی دۆڵێن (کەناوێکی دیکەشیان بۆ بەکار دێنان)، جارێك حیزبی دێموکراتیان لەت کردوەو، ئێستاش لە هەوڵی دووپات کردنەوەی مێژوو دان . تەنانەت بەوەشەوە نەوەستانەوەو، نازناوی لادەری کۆن وتازەیان بەبالاّی لایەنی کەمایەتی بڕیبوو! ئەوە بوختان نیەوبەگوێی خۆم لە زمان زۆرانم بیستووە کەبە ئاشکرا پڕوپاگەندەیان پێوە دەکرد .

ئەو بارە نالەبارەو، ئەو قۆناغە ئالۆزوپڕ لەگرێ کوێرەو، ئەو ڕوو داوە سامناك و ڕاچڵەکێنەرەکەبەخەون و خەیاڵیش بیرم لێ نەکردبۆوە، لانی کەم بۆمن جێگای نیگەرانی یەکی چارەسەر نەکراوبوو . ڕاشکاوانە پێ لێ دەنێم

کەلەهەموو ئەوقۆناغە دژوارانەی بەجێمان هێشتبوون و بەچاوی خۆم دیتبـوومن، ئـەوە یەکـەم قۆناغێـك بـوو کەبەئێسـك و پێسـت و خـوێن و دەمـارەوە هەسـتم بەمەترسـیی وێکـەوتنی زەبرێکـی ئـەوتۆ گورچـوو بـڕو زیـانێکی قـەرەبوو نـەکراودەکرد . چـونکە بەلێکدانەوەوبۆچـوونی خـۆم کەڕەنگـە بەهەلـەش نەچووبـم :

1ــ حیزبی دیـموکراتی کوردستانی ئێران تا ئەو کاتە، بەسەر گەلێك کۆسـپ و تەگەرە و کەند و لەندی نێو خۆیی دا بازی دابوو، ئەوەندەی بەبـەرەوە نـەمابوو کەلەو قۆناغە ناسکە دا تووشی قەیرانێکی ئاوا ترسناکی نێوخۆیی ببێتەوە .

2 ــ ئێمە بەهەموومانەوە حیزبی دیـموکراتی کوردسـتانی ئێـران بـووین، هـەر شـێوە لێـك ترازانێـك بـەمانای لەبـەر یـەك هەلوەشـانی ڕیزەکانــمان و، سـەرلێ شێواوی و، لەدەست دانی ئەوپڕێستێژوکەسایەتی یە نێوخـۆیی و دەرەوەیـی یـە بوو کە لەماوەی شەست سالی ڕابردوو داوەدەستمان هێنابوو .

3 ــ لـەم هـەلو مەرجـە دا کـە دنیـا چاوەڕوانی قـوول تـرین ئـالوگۆڕ بـوو و، گلۆلەی ڕێژیـمە دیکتاتۆرەکان کەوتبووە لێژی و، تەنیا هـاودەنگی و هـاوفکری و نیازپاکی و سەر لەحاند ایەکی گۆی سەرکەوتنی لە مەیـد ان دەڕفانـد و، گـرەوی لە دوژمن دەبردەوە، ئێمە مایە بەتۆبە دەردەچووین .

4 ــ بەڕوونی لەوە تێ گەیشتبووم کە سەرەڕای ئـەو هـەموو ئەزموونانـەی لـە ڕابردوومان پاشەکەوت کـردوون، ئەگـەر دیسـانیش ئاقـل نـەبووبین و دەرسـمان وەرنەگرتبێ، شـەرمەزاری خـوێنی شەهیدەکانــمان دەبـین و، بـەرەی داهـاتووی کۆمەل تف و نەحلەتـمان دەکاو، ڕەنج بە خەساردەبین .

5 ــ سەرەڕای هەمووی ئەوانەش، لەباری سیاسی یەوە هیچ چەشنە جیاوازیی بۆچوونێکمان نەبوو، خەلکیش بەتەواوی لـەو ڕاسـتی یـە ئاگـادار بـوون کـە ئـەو هەللاوهەرایە کەسەری هەل دابۆوە، هـەمووی لەسـەر پـاوان خـوازی و دەسـەلات

پەرستی و دەست ڕاگەیشتن بەکورسی یەك بوو کەلە ڕاستی دا جێگاشمان نەبوو لێی دانێین .

6 ـ ئەوەی لەهەموان زۆرتر جێگای داخ و نیگەرانی بوو، بەدەنەی حیزب بەدەنەیەکی خاوەن هەڵوێست و زیندوو نەبوو . دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم کەزۆری گوێ لەمست وچاو لەدەست و دەروێش سفەت بوو! !

کەوابوو لۆمەم مەکەن کە بڵێم لەو شێوە حیزبایەتی یە بەتەواوی جاڕز و بێزار بووم . زۆرجارم گو توە و دیسانیش دووپاتی دەکەمەوە : ئەمن ساڵی 1341ی هەتاوی بەلێك دانەوە و لێ ورد بوونەوەی تەواو ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانم هەڵ بژاردوە و بەڕەسمی پێوەندیم بەتەشکیلاتەکەیەوە گرتوە . ئەوە زیاتر لە 26 ساڵیشە بێ پسانەوە و نێوبڕ ئەرکی پێشمەرگایەتی بەڕێوە دەبەم و، هەمووتاڵی و سوێری‌وتەنگ و چەڵەمە کانی سەر ڕێگای تێکۆشانم قەبووڵ کردوون . لە ڕابردووی خۆشم ژێوان نیم و شانازیم پێوە کردوەوشانازیی پێوە دەکەم . بەڵام نایشارمەوە ئەگەر ڕۆژی بەرێ زانیبام حیزبایەتی بەم قۆناغەی ئێستا دەگا، قەتی تخوون نەدەکەوتم و، لە جیاتی ئەو حیزبایەتی یە کوردایەتیم دەکرد . خۆ هەر نەبێ وەك ئێستا نەدەبوومە بەرلۆمەی بنەماڵەی شەهیدان و تێکۆشەرانی دێموکرات و خەڵکی تامی تاڵی چێشتووی وڵاتەکەم . ئەم چەند دێڕەی خوارەوە ڕەگ دانەوەی چێشتنی ژاراوی ڕەوتی چەوتی ئەو قۆناغە ناهەموارەیە کەشەوێك لەشەوان پێی دەربڕیم و بۆ بیرەوەری لێرە دا تۆماری دەکەم :

چت بۆ بنووسم ئاشنا ؟!

نازانم چۆن ڕازی دڵم بدرکێنم ؟

بە کام وشە، هەستی ماندووت وەلاوێنم ؟

چۆن خەرمانی خەمانت بۆ شەن و کەو کەم ؟

کۆرپەی نازی هیواکانت چۆن دەخەوکەم ؟
ئەمشەوڕاوی ئەستێرەیەو، ناسۆرم خوێن دەدەڵێنێ
ژوانگەی لەیل و مەجنوون پەپووی لێ دەخوێنێ
گەلاوێژ بێ تروسکەیەوخەم داگرتوو
ڕێگا ڕژدو، ڕێبوار ماندوو
تاڵی کەزیەی کچی بەیان، ڕێچکە مێروولەی خەرمانی حەزەکانە
ڕەنج بەخەساروبێ بڕیو، هەرکێشەوەی خەلەودانە
وەرزی زەوی بێ بەهارە
کۆسپ و لەمپەر بێ ژمارە
کەند و کلۆ بە هەزارە
قۆناغ سەخت و ناهەموارە
ڕێگا چەوت و خێچ و خوارە
بیابان چۆڵ و قاقڕو بێ پایانە
دڕك و داڵ بەپێی فیلانە
پیشە فەرهادوڕەنـجەڕۆم
هەناسەساردودڵ بەسۆم
ئۆباڵی خوێنی شەهیدی بێ تاوانـم لە ئەستۆیە
دەروونـم پڕگڕو، پڕکڵپەوبۆ سۆیە
خەمی بووکی تارا ڕەش و، زاوای ناکام دەم تاسێنێ
ئە شکی سووری دایکی شەهید، هەستم وەجۆش و کوڵ دێنێ
ئەمەگی خەڵکی دڵسۆزی وڵاتەکەم لەبەر چاوە
سۆزی خوشکانی ڕەپۆش و، دایەپیـرەم لەبیـرماوە
ئاهی ساردی بێوەژنی بێ سەرپەنا

سیمای مامەی جەماڵ پاك و، گۆچان بەدەستی بێ نەوا
ئیـرادەی لاوی خوێن گەرم و دڵ پڕ هیوا
لە هەستم دا وەك تابلۆ نەخشی بەستووە
لەگەڵ خوێن و ئێسك و پێست و، دەمارم ئاوێتە بووە
کەچی نـمەك بەحەرام سپڵە دەرچووم !
تێ نەکەوتەوساویلکە بووم
** ** **

چت بۆ بنووسم ئاشنا ؟ !
مێشکم کەلاوڕێژە لەبێزاری و جەفا
بەدەستی خۆم ئاولەئاشی دوژمن دەکەم !
ئاگر لە کرشەی کلۆشی بەروبوومی ساڵ بەردەدەم !
بۆیە دەڵێم : شەرمەزاری هەمووتانـم
تاوانباروبێ تاوانـم
زەوی سەخت و ئاسـمان دوورە
کلێپەی دەروون وەك تەندوورە
دڵ پڕ لەزام و ئازارم
لەو ڕەوتە چەوتە بێ زارم
سەوداسەروگرفتارم
کەس گوێنا گرێ بۆ هاوارم !
بە دەس ئەم ڕەوتە چەوتەوە
ئەم شێعرەم وەبیـرکەوتەوە :
دەروونـم بۆتە گڕکان و بـــەجارێ
گڕو ئاورینگ و پشکۆی لێ دەبارێ

** ** **

زۆرم پیَ ماوە بۆت بێژم

گەر زووخاوی دلَ هەلَ رێژم

دەبێتە ڕووبارێکی زل

بەگابەردانیش دەدا تل

خۆی بۆ ناگریَ چیای قەندیل

لە لووتکەی دەفڕێنیَ مەندیل

دەبێتە دەریایەکی مەنگ

پەی نادا مەگر بۆ نەهەنگ

ڕۆژی ڕووناکم وەك شەوە

دەریای مێشکم بەگێژەوە

هەلَ کردن گەلێك ئەستەمە

ئاسۆی هومێد لێلَ و تەمە

ئەوەی پێی دەلێن : دەردەکورد

هاڕیومی وەك ئەسپۆنی ورد

گەربیلێم زمان ئامانە

دەدرێمە بەر تیـری تانە

بی شارمەوەو نەی درکێنم

کەبابی دلَ دەبرژێنم

** ** **

بەلاَم بەو حالَەش هەرماوم

هەر لەسەنگەر دا وەستاوم

دلَنیابە نەبەزیوم

وەك جاران لە خۆ ڕادیوم

دەستم لەخۆم بەرنەداوە

هێزم هەر بەگوڕ و تاوە

گەرچی خەمباروحەزینم

چارەنووسم گەش دەبینم

بۆ ئەوەی لێم نەبی دلگیـر

ئەم شێعرەشم هاتەوە بیـر:

غولامی عیشق و ئازادیم، ئەرگەچی پیـر و زورهانـم

دلم بۆ سەر پەڕێ دەفڕێ، بەوەی نیە زار و بـێ حالم

بەو هەلوێستەی كاك بابا عەلی، كاك مستەفای هیجری هێنـدێك وەخۆكـەوت، كاك بابا عەلی بانگ كـردو، وادیـار بـوو سـووكە بـەلێنێكی پـێ دابـوو كـە ئەگـەر نامـەی لـە بەرپرسـایەتی كشـانەوەكەی وەر گرێتــەوە و، لــە پلینۆمەكـەش دا بەشداری بكا، هێندێك لە داخوازی یەكانی لایەنی كەمایەتی وەبەرچـاو دەگـرن . كـاك بابـا عـەلی نامەكـەی وەرگرتــەوە ولەكۆبوونەوەیــەكی خۆیـان دا (لایـەنی كەمایەتی) كە نێوەرۆكی باسەكانیان لەمن شاراوەبوو، ئامادەیی خۆی بـۆ بەشـد اری كردن لە پلینۆم دا ڕاگەیاند . دیارە بەبەشـداری كردنـی نـاوبراویش، پلینـۆم شەرعییەتی وەدەست دێنا و لەسەر بە شد اری نەكردنی ئەوانی دیكـە پـەكی نـە دەكەوت .

دووهەمین هەلوێستی لەنەكاوی كاك بابا عەلی وەك ئالا هەلگری بزووتنەوەكەو متمانە پێكراوی لایەنی كەمایەتی، بۆ گەلێكان ڕووداوێكی چاوەڕوان نـەكراوبوو . زۆران وەك بادانەوەیان لەقەلەم دەداو، لـەو بـاوەڕەدا بـوون كـەوازی لەویسـت و داخوازی یەكانی لایەنی كەمایەتی هێناوە و لەقەول و بەلێنان پاشگەز بۆتـەوە ! ئەمن وەك خۆم قەت لەو باوەڕە دا نەبووم كاك بابا عەلی هەروا سووك و هاسـان

دەستی بەردابنەوە ولەهەڵوێستی پێشووی ژێوان بووبێتەوە . بەڵام دیسانیش بۆ ڕوون بوونەوەودڵنیا بوونی زیاتر، چوومەلای و مەسەلەکەم لەگەڵ هێنایە گۆڕێ و ئاوای وەڵام دامەوە :

ــ ئەمن کە یەکەم کەس بووم لەبەرامبەر سەرەڕۆیی و پاوانخوازیی لایەنی زۆرایەتی دا هەڵوێستم گرت، پێت وانەبێ بەوهەڵوێستەم بەیعەتم لەگەڵ لایەنی زۆرایەتی کردوە و، لەدژایەتی لەگەڵ ئەو ڕەوتە زیانبارە پاشگەز بوومەوە . دڵنیابە هەر هەنگاوێکم ناوە و دەینێم، هەمووی بەلێکدانەوەو تێ ڕوانینی ورد بووە و، پێش هەموو شتێك بەرژەوەندیی گشتیی حیزبەکەمم وەبەر چاو گرتوە . ئێستاش کەبڕیارم داوە بەشداری پلینۆم بم تەنیا بەو مەبەستە بووە کەهەستم بەمەترسیی لەت بوون و لێك ترازانی حیزبەکەم کردوەو، لەو بڕوایە دام کەبەوکارەم دەتوانم پێشگیریی لێ بکەم . چونکە ئەگەر ئەوان پلینۆمیان بگرتایەوئێمە بەشد ار نەبووینایە، بەکەیفی خۆیان بڕیاریان دەداوئێمە ناچار بووین هەڵوێست بگرین . دیارە ئەو هەڵوێست گرتن و لەبەر یەك ڕاچوونەش ڕاستەوخۆ بەمانای لەت بوون و جوێ بوونەوە بوو .

ئێستا کاك مستەفا کەبەڵێنی داوە هێندێك لە پێشنیاروداخوازی یەکانمان وەبەر چاوبگرێ، ئێمەش کەهەدەفمان ئیسلاح وبەرژەوەندیی حیزبەکەمانە، دەبێ پێشوازیی لێ بکەین و لەتوند و تیژی خۆ ببوێرین و هەنگاوبەهەنگاو بڕۆینە پێشێ و . . .

وتەکانی کاك بابا عەلی کە ڕاست و ڕەوان قسەی دڵی من بوون و، لام وابوو دەبێ هەموو تواناکان بۆ یەك گرتوویی ڕیزەکانی حیزب وەگەڕ خەین و، بەهەر نرخێك بۆمان بگونجێ بەرگری لە جوێ بوونەوەو لەت بوونی حیزبەکەمان بکەین، بەلێك دانەوەی خۆم بۆ پشت پێ بەستن دەبوون و ئەگەر لایەنی زۆرایەتی هێندێك لەو توندوتیژی یە دەستیان هەڵگرتایەوبەپێی بەرژەوەندیی

گشتیی حیزبەکەمان هەنگاویان نابایە، هیوایەك بوو بۆ دامرکاندنەوەی گرژی و ئالۆزی یەکان و گەڕانەوەی متمانەونیازپاکی .

ئەوجار چوومە خزمەت مامۆستا عەبدوڵلای حەسەن زادە و بە وردی مەسەلەکەم لەگەڵ ئەویش هێنایە گۆڕێ . پاش هەڵسەنگاندنێکی وردی هەموو لایەنەکانی پێوەندی دار بەڕەوتی ڕووداوەکان و، ئەرکی سەرەکیی حیزبەکەمان لەو هەلو مەرجە دا کە زیاتر لەکاتژمێرێك درێژەی کێشا، عەرزم کرد :

ـ مامۆستا گیان! ئەمن جارێکی دیکەش عەرزم کردووی و لەزۆر جێگای دیکەش باسم کردووەولە زۆرانیشم بیستووە : ئەتۆ لەڕابردووی دوور و درێژی خەبات و تێکۆشانت لەحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا، ئەگەر هیچ تێکۆشانێکیشت نەبایە، تەنیا ئەو شانازی یەت بەس بوو کەبەهۆی هەوڵ و تێکۆشانی تۆ ئەو دوو باڵەی حیزب یەکیان گرتەوە و بەوتەی خۆت : " بنەماڵەی گەورەی حیزبەکەمان وەسەر یەك کەوتەوە " بێ گومان مێژوو ئەو ڕووداوە بەخەتی زێڕین تۆمار دەکاو، بەرەی داهاتووی کۆمەڵ بۆ هەتاهەتایە ڕەحمەت گۆییت دەکەن . کەوابوو تۆ لەهەموان پتر بەو حیزبە قەرزداری . ئەتۆ سەرەڕای سێ دەیە بەرپرسایەتیی ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی، زیاتر لەنۆساڵ سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە بووی . بەوەی نیە ئێستا بەهۆی ئەم بارە نالەبارەی بەسەر حیزبەکەمان دا سەپاوە، بەرپرسایەتیی ڕاستەوخۆت لەئەستۆ نیە . مێژوو حیسابێکی دیکە لەسەر جەنابت دەکا . کەوابوو هەرچەشنە جوێ بوونەوەولێك دابڕانێك لەو حیزبە دا ڕوو بدا، پێت خۆشبێ و پێت ناخۆشبێ، بەشێکی وەباڵەکەی دەکەوێتە ئەستۆی تۆ . بۆیە بەهەر پینەوپەڕۆیەك و هەر سرێش لەمەیەك بێ، ئەرکی سەرشانی جەنابتە بەرگری لەو ڕووداوە زیانبارە بکەی و، لەبەرانبەر هەموو توندوتیژی یەکانی لایەنی زۆرایەتی دا خۆ ڕاگربین و، بەهەر شێوەیەك لەتوانامان دا بێ

حیزبەکەمان لەوێکەوتنی ئەو زیانە قەرەبوو نەکراوە بپارێزین . ئێستا کەکاک بابا عەلی قەرارە بەشد اری پلینۆم بێ، بەنەزەری من هەموویان بەشد اری بکەن باشترە .

مامۆستا کە بەڕوونی پێیەوە دیار بوو چەندی بڵێی نیگەرانی وەزعەکەیە و بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرژی و ئالۆزی یە چەندە بە پەرۆشە، وتەکانی خۆی ئاوادەست پێ کردن :

ـ ئەمن کە لەکۆنگرەی دەیەم بەم لاوە بە هیچ شێوەیەك دەستەبەندی و جیناح بازیم نەکردوە، هەمیشە بۆ یەکیەتی، یەك گرتوویی، سەر لە حاندایەکی، نیازپاکی و پتەوکردنی ڕیزەکانی حیزب هەوڵم داوە . یەك خستنەوەی ئەو دووباڵەی حیزبیش کەبەتەنیا کاری من نەبووە، بۆخۆشم شانازی پێوە دەکەم، بەلأم بەداخەوە لایەنی کاك مستەفا ئەوەیان بە خەیانەت بەحیزب و بزووتنەوەکەمان لە قەڵەم داوە . ئەمن هەمیشە لە سەر ئەو باوەڕە بووم کەهەر چەشنە جوێ بوونەوەولێك ترازانێك بەزیانی حیزب و بزووتنەوەکەمانەو، هیچ هێزێك ناتوانێ لەم قەلأیە دەرم کا . چونکە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەهی خۆم و هەموو ئەو کادروپێشمەرگانە و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەزانم . هەمووومان وەك یەك بەشمان بەو حیزبەوەیەوە و بەهەموومانەوە جوانە . بۆیە هەرشتێك ڕووبد ا تاوانەکەی لەئەستۆی ئێمە نیە . کەوابوو لەگەڵ ئەوەش دا کەئەو برادەرانە بەهەموو توانایانەوە لەهەوڵی ئەوەدان ئێمە لە مەید ان وەدەرنێن و بە وتەی خۆیان پاکسازیمان بکەن، تا ئەو جێگایەی لەتوانامان دا بێ، ئیشەڵڵا ناهێڵین ڕووداوی ناخۆش و کارەساتی زیانباری ئەوتۆ ڕوو بدا کە قەرەبووکردنەوەی دژواربێ و . . . . بۆ بەشداری کردن لە پلینۆمیش لەهەوڵ دا دەبین .

دواتــر چــوومه لای کــاك حەســەنی ڕەســتگارو لەگــەڵ ئــەویش باســێکی دووروودرێــژمان ســەبارەت بــەلێك تــرازان و جــوێ بوونەوەوئاکامــە زیانبارەکــانی دامەزراند . بۆ ئەویشم باس کرد کە چ پیلانێك لەگۆڕێ دایەوگوتــم :

ــ کاك حەسەن گیان! بەپێی ئەو زانیاری یانەی بۆخــۆم وەدەســتم هێنــاون و بۆ خۆشــت ئاگــاداری، لایــەنی زۆرایــەتی لەهــەوڵی پاکســازی یــەکی گشــتی دان و دەیانەوێ بەهەر شێوەیەك بۆیان بلوێ، موخالیفانی خۆیان لەمەیدان وەدەر نێن و حیزبە کە یەك دەست بکەنەوە . بــەلاًم دەیانــەوێ هــەنگاوی هــەوەڵ بەلایــەنی کەمایەنی هەڵێننەوەوخۆیانی لــێ بــێ خــەتا بکــەن . لایــەنگرانی خۆشــیان بــەوە ڕازی کردوە کە : " ئەوە کاك حەسەنی ڕەســتگارە، جارێــك حیزبــی دێــموکراتی لەت کردوەو، دیسانیش لەهــەوڵی لــەت کردنــەوەی دووبــارەی دایــە! " . بــۆ یــە بەبڕوای من ئەو چەکەیان لێوەســتێنن و بیانووپــان نەدەنــە دەســت و هــەمووتان لەپلینۆم دا بەشد اربن . بەڵکوو بەهەر شــێوەیەك بــێ ڕێگــای چارەســەری لــەنێو بردنی ئەم گرژی و ئاڵۆزی یە بدۆزنەوەو، حیزبەکــەمان بگەڕێتــەوە ســەر ڕەوتــی ئاسایی جاران و دەیند اری بنەماڵەی شەهید ان و گەلەکەمان نەبیــن .

دیارە ئەوانەی من باسم کردن، شتێك نەبوون کەکاك حەسەنی ڕەســتگار پــەی پــێ نە بــردبن و لێیــان بــێ خەبــەر بــووبێ . بــەڵکوو زۆر لــەمن باشتــر ئاگــاداری هەموو پیلانەکانی لایەنی زۆرایەتی بوو . بۆیە بەدڵنیایی یەوە گوتــی :

ــ ئەو هەڵوێستەی ئێمە نەك بۆ جوێ بوونەوەولەت کردنی حیزب نیە، بەڵکوو بەمەســتی یــەك گرتــوویی ڕیزەکــانی حیــزب و، دژایــەتی لەگــەڵ ئــەو کــەش و هەواناســالمەیە کەبــەدوای کۆنگرەی سێزدە دا بەســەر ڕیزەکــانی حیــزب دا زاڵ بووە . ئێمە دەمانەوێ ئەو گومان و دوو دڵییەی لەبەرامبــەر یــەك دا بۆمــان پێــك هاتوە لەڕیشە دەربێنین و بڕواومتمانە و هاو دەنگــی بەســەر گــرژی و ئــاڵۆزی دا زاڵ بــێ . حیزبەکــە هــی هــەموان بــێ و، بــەهاوفکری و هــاودەنگی ئەرکەکانــمان

بەڕێوە بەرین . بۆ بەشداری کردن یانەکردنیشمان لە پلینۆم دا، بۆخۆمان کۆبوونەوە دەگرین و لەسەر شتێك ساخ دەبینەوە و . . .

ئەوجار چوومە لای کاك مستەفای مەولوودی و لەگەڵ ئەویش بەتێر و تەسەلی باسمان کرد و هەموو زیانەکانی ئەو ڕەوتە چەوت و زیانبارەمان لێك دانەوە کەبەسەر ڕەوتی بزووتنەرەواکەمان دا سەپێندرابوون . کورت و کرمانجی بەو ئاکامە گەیشتم کەئەوان (لایەنی کەمایەتی) ئاوات و ئامانجیان نەك هەر لەت و کوت بوونی حیزب نیەوبەزیانێکی قەرەبوو نەکراوی دەزانن، بەڵکوو هەموو تواناکان بۆ پتەوکردنەوەی ڕیزەکانی حیزب و بە گۆڕ سپاردنی دیاردەی دەستە بەندی و جیناح بازی و دوو بەرەکایەتی وەگەڕ دەخەن . بەلاّم لە ڕاستی دا کلیلی ڕەمزی چارەسەر کردنی هەموو گرژی و ئالۆزی یەکانیش لەدەستی لایەنی زۆرایەتیی دابوو . دەبا چاوەڕوان بین داخوا ئەوان تا چ ڕادەیەك لەسەر بەئەنجام گەیاندنی ئەو قەول و بەڵێنانەی کاك مستەفا بەکاك بابا عەلی دابوون یەك دەنگ دەبن و، بەکردەوە هەنگاوی بۆ دەنێن و، دەست لەو پاوانخوازی یە هەڵ دەگرن .

ماوەی چەند ڕۆژێك بەسەر ئەو هەڵوێستەی کاك بابا عەلی دا تێ پەڕی . لایەنی کەمایەتی لە کۆبوونەوەیەکی خۆیان دا، بەهەست کردن بەو پرسایەتی یە قوورسەی مێژوو پێی سپاردبوون و، بەمەبەستی سەلماندنی نیازپاکی لەپێناوی دەستەبەر کردنەوەی متمانە و بڕوا بەیەك بوون لەنێو ڕیزەکانی حیزب دا، لەسەر بەشداری کردنیان لەپلینۆم دا ڕێك کەوتبوون و ئامادەیی خۆیان ڕاگەیاند . هەربۆیە لەئاخروئۆخری مانگی جۆزەردانی ساڵی 1384ی هەتاوی دا، پلینۆم بە ئامادەبوونی سەرجەم ئەندام و جێگر و ڕاوێژ کارانی کۆمیتەی ناوەندی، دەستی پێ کردو، پاش چەند ڕۆژان کۆتایی بەکارەکانی هێنا .

ئەمن لە وردەکاری یەکانی باسەکان زۆر ئاگادار نەبووم، هەر ئەوەندەی دەزانم : کاک تەیموری مستەفایی لەلایەنی زۆرایەتی بە ئەند امی دەفتەری سیاسی هەڵ بژێراو، کاک شاهۆی حسێنی لایەنی زۆرایەتی و، کاک خالیدی عەزیزی لەلایەنی کەمایەتی لە دەرەوەی وڵات بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵ بژێران .

گیرانی پلینۆم و، بە شداری کردنی لایەنی کەمایەتی، ئەگەر وەك سریش لەمەیەکیشی ناوبەرین، هێندێك لە گرژی و ئالۆزی یەکانی کەم کردەوەو، تاڕادەیەك بارودۆخەکەی دامرکاندەوەو، هەرنەبێ مەترسیی لەت و پەت بوونی حیزبەکەمانی لەو قۆناغە دا ڕەواند ەوە . بەڵام تا نووسینی ئەم دێڕانە( 3ی مانگی گەلاوێژی ساڵی 1384ی هەتاوی) بە کردەوە هیچ کام لەویست و داخوازی یەکانی لایەنی کەمایەتی وەبەرچا نەگیراون وتەنگ و چەڵەمەکان چارەسەر نەکراون . هیوادارم مەنتیق و نیازپاکی بەسەر ئیحساسات و هەڵچوون دا زاڵ بێ و بەلەخۆبووردوویی هەرتك لایەن، گیانی شەهیدەکانمان شادو، دوژمنانی قەستە سەری نەتەوەکەمان کوێر کەین .

ئێستا ڕەنگە خوێنەری بەڕێز بەرەوڕووی ئەو پرسیارە وەبێ کە داخوا لەو نێوە دا هەڵوێستی خۆم چ بووە و، پشتیوانیم لەکام لایەن کردوە ؟ وەڵامەکەی ڕوون و ئاشکراو بێ پێچ و پەنایە . ئەمن کەلە هەموو ژیانی پێشمەرگایەتیم دا بەدژی دەستەبەندی و جیناح بازی جووڵاومەوە، گۆڕانێکی سەدوهەشتا دەرەجەییم بەسەر دا زاڵە ! ئێستا لێ بڕاوانەو بەئاشکرا لەگەڵ لایەنی کەمایەتی هاودەنگم و پشتیوانی لە بۆچوونەکانیان دەکەم . پێتان سەیر نەبێ، ئەمە نەواز وازی بوون و نەپاشگەز بوونەوە لە بیر و بۆچوونەکانی پێشوومە . بەڵکوو دەستەبەندی بەدژی جیناح بازی، بەدژی سەرەڕۆیی، بەدژی پاوانخوازی و بەمەبەستی و یەك دەنگی و یەك ڕەنگی و لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتیی

حیزبەکەمان دا یە بۆیە پێشوازیم لێ کردوەوپشتیوانیشی لێ دەکەم . زۆرجارم گوتوەو دیسانیش دەیڵێمەوە : ئەگەر لایەنی کەمایەتی ڕۆژێك لە ڕۆژان سەرکەوێ و ئەوانیش وەك ئێستا لەبیری تۆ لە ئەستاندنەوە دابن و، بەرژەوەندیی شەخسی و قین ئەستووری فیدای بەرژەوەندی یە گشتی یەکانی حیزب نەکەن و حیزبی دێموکرات بەهی هەموان نەزانن، لەوانیش ژێوان دەبمەوە و ئەگەر بەتاقی تەنیاش بم بە دژیان ڕادەوەستم . مەبەستی سەرەکیی من لەم دەستە بەندی یە، دابین کردنی ئەم خاڵانەی خوارەوەیە کەهەتا ماوم بۆیان لەهەوڵ دام :

1 ــ بەبێ تەعەسسوبی دۆستایەتی و، بێ وەبەرچاوگرتنی ڕابیتەونان بەقەرز دان، ڕێبەرایەتیی حیزب لەکەسانێك هەڵبژێردرێ کەلەهەموو بارێکەوە شیاوی ئەو پۆستە بن .

2 ــ دیاردەی دزێوی ناوچە گەرایی بۆ هەمیشە زیندە بەگۆڕ بکرێ و هەموومان یەك دڵ و یەك گیان و بۆ یەك هەدەف کەسەرکەوتنی حیزب و بەئاوات گەیشتنی گەلەکەمانە هەوڵ بدەین .

3 ــ گەلاڵەی ئیمتیازبەندی کەلە ڕیشەی دەستەبەندی دەداو، بە مەبەستی جیناحبازی ڕەت کرایەوە، سەر لەنوێ بێتەوە ئاراوەو، لەگەڵ پێ داچوونەوەیەکی واقیع بینانە وەك بەندێك لە بەرنامە و پێڕەوی حیزب دا جێگای بۆ تەرخان بکرێ .

4 ــ بەپێی لێ هاتوویی و شارەزایی کار دابەش بکرێ و، کێ چی لەدەست دێ لەو پۆستە دا ئەرکی بۆ دیاری بکرێ .

5 ــ گیانی هاو فکری و ڕاوێژ کردن لە ڕێبەرایەتی دا بەهێز بێ و، ئاخر قسە هی سکرتێری گشتی نەبێ .

6 ــ ڕابـردووی تێکۆشـان بـۆ هـەر کادروپێشـمەرگەیەك وەبـەر چاوبگیـرێ و کەسایەتی و حورمەتی پارێزراوبێ .

7 ــ تەشویق و تەمبێ بۆ هەر کادروپێشمەرگەیەك لە هەر پۆسـتێکی حیزبـی دابێ ، بەپێی ئوسوولێ وەك ئەسڵێك وەبەر چاو بگیـرێ .

8 ــ مەیـد ان بـۆ لاوە ڕۆشنبیـر و زاناکـان ئـاوەڵا بکـرێ و لەزانسـت و تـێ گەیشتوویی یان بە سوودی حیزب و بزووتنەوەکەمان کەڵك وەرگیـرێ .

9 ــ ناتەبایی و نابەرابەری یەکانی ژیانی ڕۆژانە بە شێوەیەك چارەسەر بکـرێ و، ئەوکادروپێشمەرگانەی جیا لە یارمەتیی حیزب سەرچاوەی داهاتێکیـان نیـە، لەبارێکی دیکەوە چاوە دێری بکرێن .

ئـەم چـەند خاڵـە و زۆرشـتی دیکـەی لـەو بابەتانـە کەڕەنگـە پێویسـت نـەبێ بەهـەموو وردەکـاری یـەکانی دا بچـمەوە، ئاوێنـەی بـاڵانوێنی بیــروبۆچوونەکانی مـنن . بـە پێویسـتی دەزانــم ئەوەشـی لـێ زیـاد بکـەم : ئەنـد امـانی دەفتـەری سیاسی دەبێ کەمتـر بەکاری لاوەکی یەوە خۆ خەریك بکـەن و، بـە ڕاوێـژ کـردن لەگەڵ بیـرمەند ان و خاوەن نەزەران لە بواری سیاسی دا، هەموو توانای خۆیـان بـۆ لێکـد انـەوە لەســەر ڕووداوە هەنووکــەیی یــەکان و قۆســتنەوەی هەلــە ڕەخساوەکان بە قازانـجی حیزب و بزووتنەوە ڕەواکەمان وەگـەڕ خـەن و، هـەوڵ بـدەن خۆلەگـەڵ دنیـای سـەردەم بگونــجێنن ، بۆئـەوەی حیزبەکـەمان ببێتـە حیزبێکی مۆدێرن و ئەوڕۆیی کـە سەرنـجی بیــروڕای گشـتی زۆرتـر بـۆلای خـۆی ڕابکێشێ .

ڕۆژان هاتن و چوون و هەموو هەوڵەکانی لایەنی کەمینە بـۆ چارەسـەر کردنـی نـاکۆکی و گیــروگرفتە نێوخـۆیی یـەکان و، یـەك گرتنــەوە و پتەوکردنـەوەی ڕیزەکـانی حیزبەکـەمان بـێ ئاکـام مانـەوە . تـا زۆرتـر پـێ دە چـوو تـەنگ و چەڵەمەکان زیاتر بەسەر یەك دا کەڵەکە دەبوون . ئاڵوگۆڕەکـانی ئـەو قۆناغـەش

سـەرجەم لـە بەرژەوەنـديی جـەناحی كـاك مسـتەفا دا بـوون . يـەك لـەوان ئـەو هەڵوێستەی كاك بابا عـەلی كـە كەمايـەتيی ڕێبـەری وەك كەسـی يەكـەمی خـۆی دياريی كردبوو، لەو قۆناغە دا زيانێكی زۆری لە پێوەنديی لەگـەڵ يـەك گرتـوويی ڕيزەكانی كەمايـەتيی كۆميتـەی ناوەنـدی بـە دواوە بـوو . چـونكە هـەم بۆخـۆی وەزنەيـەك بـوو كـە هـەرتك لايـەن حيسـابيان لەسـەر دەكردوهـەم كۆمـەڵێك لايەنگريشی هەبوو كە ئەگەر تێكەڵ بە جەناحی كـاك مسـتەفاش نەبوونايـە هـەر نەبێ لەو قۆناغە دابۆ لايەنی كەمينە مايە نەبوون . لە وەش گرنگ تر ئەگەر كاك بابا عەلی لەو قۆناغـە دا ئـەو هەڵوێسـتە بەتاڵووكەيـەی نەگرتبايـە، ئـەو هيوايـە بەهێز بوو كە جەناحی كـاك مسـتەفا لەناچـاری كـە نـە لـە كۆميتـەی ناوەنـدی و نەلەدەفتەری سياسـی دا زۆرايـەتيی تـەواويان بـە دەسـتەوە نـەبوو، بـە شـێكی بەرچاو لەويست و داخوازی يەكانی لايەنی كەمايەتی بۆ چارەسەر كردنی تەنگ و چەڵە مەو گيـروگرفتەكان وەبەر چاو بگرن . بەڵام ئەو هەڵوێستە شەرعييەتی دا بە پلينۆمی كۆميتەی ناوەندی كە لايەنی زۆرينە هەم لە دەفتەری سياسی و هەم لە كۆميتەی ناوەندی دا ئەكسەريەتێكی قاتيعيان تێدا وەدەست هێنا . هـەروەها كاك خاليدی عەزيزی كە پێشتر بەئەندامی كۆميتەی ناوەندی هەڵبـژێردرابوو، بـە نووسـراوە كشـانەوە ( اسـتعفا ) ی خـۆی بـە كۆميتـەی ناوەنـدی ڕاگەيانـد . هۆيەكەشی دەگەڕايەوە بۆ بايەخ پێ نەدرانی لە دابەش كردنـی كـار دا . چـونكە لەگەڵ ئەوە دا كەلە ڕابردوو دا بـەكردەوە نيشـانی دابـوو شـياوی پـێ سـپاردنی هەرچەشـنە بەرپرسـايەتی يەكـەو، ئاسـتی زانسـت و لێهـاتوويی يەكەشـی لـە سـەرووی ئـەوانی ديكـەوە بـوو، لـە دابـەش كردنـی كـار دا هـيچ بايـەخێكی پـێ نەدراوهەربەناوئەنـدامی ڕێبەرايـەتی بـوو . ديـارە لايـەنی كـاك مسـتەفاش كـە ئەوەيان بە ئاوات خواستبوو، بێ هەڵسەنگاندن و لێ كۆڵينەوە لە هۆی كشانەوە

کـەی، بـێ سـێ و دوو لێکـردن قـەبووڵیان کردوقورسـایی خۆیـان لەکۆمیتـەی ناوەندی دا زۆرتر پێ بردە سەرێ .

ئێستا لایەنی کاك مستەفا کەلەسـەر کـەوتنی بـێ ئەملاوئـەولای خۆیـان خـاتر جەم بوون، لێ بڕاوانە لە هەوڵی یەك لایی کردنەوەی کێشەکە بە سوودی خۆیـان و لابردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگای ڕەوتە توندوتیـژی یەکـەیان دا بـوون . بـۆ ڕێ خۆش کردنی ئەو مەبەسـتەش، ڕۆژی 10ی ڕەزبـەری سـاڵی 1384ی هـەتاوی، کاك مستەفا کۆبوونەوەیەکی گشـتیی پێـك هێنـاو بەدرێـژی لەسـەر بارودۆخەکـە دواو، پێشـنیاری چارەسـەر کردنـی تـەنگ و چـەڵەمەکانی کـرد .وتـەکانی کـاك مسـتەفا بەڕواڵـەت هەوڵـد ان بـۆ هێـور کردنـەوەی گـرژی وئـاڵۆزی یـەکان و دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەری ناکۆکی یەکان بوون، بەڵام لەنێوەرۆك دا بەڕوونی دیار بوو کەمەبەستێکی تایبەتی لە پشتیانەوە خـۆی حەشـار داوە . چـونکە نـە ئاماژەیەك بۆ سـەر چـاوەی سـەرهەڵدانی قەیرانـە کـە کـراو، نـەمیکانیزمێکی بـۆ ڕیشە بڕ کردنی جەناحبازی و دەستەبەندی تێد ا بوو .

بە دوای قسـەکانی کـاك مسـتەفا دا مامۆسـتا عەبـدوڵلای حەسـەن زادە چـوە پشت تریبوونەکەو گوتی :

ـ ئەمن هەشتا و پێنج لەسەدی نێوەرۆکی قسەکانی کـاك مسـتەفام قـەبووڵن، بەڵام قسەم لەسەریان هەیەو لەو مـاوە کورتـەش دا کـەدیاری کـراوە، وێڕاناگـەم هەموو مەبەستەکانـم دەربڕم . کەوابوو لە هەلێکی دیکە دا منیش کۆبوونەوەیەك پێك دینم و بەوردی لەسەر مەسەلەکان دەدوێم .

کۆبوونەوەی کا مستەفا کەزۆران ڕاوبۆچوونی خۆیان تێدا دەربڕی و پرسیاری جۆراوجۆریان هێنانە گۆڕێ، گەیشتە کۆتایی . بەڵام وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کـرد هـیچ ئاکـامێکی دڵخۆشـکەرەی بەدەسـتەوە نـە داو وهـەروا بـە پـرش و بـڵاوی بڵاوەمان لێ کرد .

ڕۆژی 16ی مانگی ڕەزبەر مامۆستاش کۆبوونەوەیەکی بەرینی پێك هێناو لە سەرە تای باسەکانی دا ڕای گەیاند :

ــ ئەوەی لێرە دا باسی دەکەم، تەنیا بیروبۆچوونی خۆمە و بە دوور لەمەسەلەی جەناح بازی یە . بۆیە داوا دەکەم ئەم قسانەی من لە هیچ ڕاگەیەندراوێك دا بلاّونەبنەوە .

پاشان هاتە سەرباسی چۆنیەتیی هۆی سەر هەڵد انی تەنگ وچەڵەمە نێو خۆیی یەکان و، قامکی بۆ لای کەم و کووڕی یەکان ڕاکێشاو، ڕێگای دەرباز بوون لەو قەیرانە زیانبارەی بەرۆکی حیزبەکەمانی گرتبوو، دەست نیشان کرد . دوای شی کردنەوەیەکی زۆر واقیع بینانە لە سەر هەموو تەنگ و چەڵەمەکان و ئاماژەکردن بەهۆی سەرەکیی ئاڵۆزی یەکان، پێشنیاری کرد هەیئەتێکی خاوەن سەلاّحییەت لە هەرتك لایەنی زۆرینەی ڕێبەری کەمایەتی، بۆ پێد ا چوونەوە بەو سزا و تەشویق و پلە بەخشین و پلە ئەستاندنەوە و نەقلّ و دەر کردن و بڕیارەکانی ئەو ماوەیە و، دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاوبەمەبەستی بن بڕ کردنی کێشەکان دیاری بکرێ . چونکە ئەو مەسەلەیە نە لە کۆبوونەوە گشتی یەکان و نە لەکۆمیتەی ناوەندی دا چارەسەر ناکرێ . ئەوپێشنیارەی مامۆستا لەگەڵ پێشوازیی گەرمی سەرجەم بەشدارانی لایەنی کەمایەتی بەرەوڕوو بوو . بەلاّم بەشێك لەئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی کە پێویست بەناوبردنیان نیەوئاشکرایە جەناحی کاك مستەفا بوون و باوەڕیان بەچارەسەر کردنی مەسەلەکە نەبوو . بەدژی قسەکانی مامۆستا و پێشنیارەکەی هەڵوێستیان گرت و، ئەو ڕێگا چارەسەرەیان وەك بێ حورمەتی کردن بە کۆمیتەی ناوەندی لە قەڵەم داو زۆر شتی لەو بابەتانە .

ئەوجار مامۆستا بۆ وەلاّم دانەوەیان چووە پشت تریبوونەکەوئەوەی لەسەری باس کرابوو، هەمووی بەبەڵگەوە ڕەت کردنەوە . بۆ سەلماندنی ڕاستی

یەکانیش هەرخۆیان و ئەندامانی پێشووی دەفتەری سیاسیی بەشاهید دەگرت و، داوەریشی بە بەشدارانی کۆبوونەوە کە دەسپارد .

لە درێژەی کۆبوونەوەکە دا کە ڕۆژی دوایەش بەردەوام بوو، زیاتر لە هەشتا کەس لە بەشداران بۆ پرسیاروقسەکردن ناونووسی کران . بەڵام بەدوای قسەکردنی چەند کەس دا، بەهۆی نەپاراستنی نەزاکەتی کەلام لەلایەن یەکێك لە ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندیی سەر بەجەناحی کاك مستەفا کە دەربڕینی چەند ڕستەیەك دا بێ حورمەتیی بە کۆبوونەوەکە و سەرجەم بەشد اران کردو، لە ناوبردنیش دەستی نەپاراست و، هێندێك ڕووناك بیری نێو ڕیزەکانی حیزبی بە لۆمپێنیش لەقەڵەم دا، دەنگی ناڕەزایەتی بەرز بۆوە و بووبەهۆی شێوانی کۆبوونەوەکە . با ئەوەشمان لەبیر نەچێ کەشێواندنی کۆبوونەوەکە هەڵەیەکی زمانی و شتێکی بەهەڵکەوت نەبوو، بەڵکو بەڕوونی دیار بوو کەپێشتر کار دروستایی بۆ کرابوو . مەبەستەکەش ئەوەبوو کە مامۆستا فریای وەڵام دانەوەی ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی نەکەوێ و پەتەیان وەسەر نا و نەکەوێ . بەڵام مامۆستا دەستی خوێندبوونەوە و، چەندی ئەوان لەسەر ئەوە پێ داگربوون کەهەموو وەڵامەکان پێکەوە بداتەوە، قەبووڵی نەکردوگوتی :

ـ ئەمن وەڵامی ئەندامانی ڕێبەرایەتی تێکەڵ بەوەڵامی بەدەنە ناکەم . ئێستا وەڵامی ئەوان دەدەمەوەو، دوایەش هەرکەس پرسیاری هەبێ ئەگەر چەند ڕۆژانیش درێژە بکێشێ، ماندوو نابم و ئامادەی وەڵام دانەوەیانم .

بەدوای شێوانی کۆبوونەوەکە دا کۆمەڵێك لە کادروپێشمەرگەکان بەڕاوێژ کردن لەگەڵ یەك، نامەیەکی ڕەخنەمان بۆ دەفتەری سیاسی نووسی و نزیك بە سێ سەد کادر و پێشمەرگە کەبەشێکی بەرچاو لەجەناحی خۆشیان بوون ئیمزامان کرد و، داوای سزادانی برادەری گێرەشێوێنمان کرد . دیارە دوایە ئەوەی سەربەجەناحی خۆیان بوون، لە مەقامی سەرەوە بانگ کرابوون و

بەتاوانی ئەوە کە نامەیان لەگەڵ ئێمە ئیمزاکردبوو سەرکۆنە کرابوون . ئەوە بووختان نیەولەنەفەری جەناحی خۆیانم بیست کەبەمەستی پاراستنی ئەمنییەتی کەسایەتی یەکەی لە ئاشکراردنی ناوەکەی خۆدەبوێرم . ناوبراولەلایەن سێ کەس لەبەر پرسانەوە هەڕەشەی لێ کرابوو کەدوو کەسیان ئەندامی دەفتەری سیاسی بوون .

ماوەیەکی زۆری بەسەر دا تێ پەڕی و هەواڵێك لەوە بەر چاوگرتنی نێوەرۆکی نامەکە وەبەر گوێ نەکەوت . دوای دەوری دوو مانگان ڕۆژێك کاك مستەفا دەپازدەکەسی بۆ سکرتاریا بانگ کردین کە هیچکامەمان ئاگاداری مەبەستی بانگ کردنەکە نەبووین . پاش بەخێر هاتن و چاك و خۆشی کردن کە پیاو لەهەق لانە دا بە ڕوویەکی کراوە پێشوازیی لێ کردین، سەرەتای باسەکەی ئاوا دەست پێ کرد :

ـ ئەوەی کە ئێوەمان بەنوێنەرایەتیی ئەو کەسانە بانگ کردوە کەئەو نامەیان ئیمزا کردوە، بەو مەبەستە نیە کەمەحاکەمەتان بکەین یان سزامان بۆلەبەر چاو گرتبن، ئەمن دەزانم ئێوە بەدڵسۆزی بۆ حیزب ئەو کارەتان کردوە . بەتایبەت کەلەونامەیە دا باری جەناحی وەبەچاو نەگیراوە و ئیمزای هەرتك لایەنی پێوەیە* .

ئەمن هەرئەو ڕۆژە کە بۆخۆم لە کۆبوونەوەکە دا نەبووم ودوایە ئاگاداریان کردم، بەتەلەفون ڕەخنەم لەوبرادەرە گرت و هوشدارم پێ دا کە شتی وا دووپات نەبێتەوە . دیارە ناوبراو دەدانی بەوە دا نا کە لەوکاتە دا حەواسی جەمع نەبوە . بۆیە ئێمە نابێ ئەو مەسەلانە ئەوەندە گەورە بکەینەوە. ڕەنگە

---

* سەرم لەو وشەی کاك مستەفا دەرنەچوو تۆ بڵێی ئاگاداری ئەو بانگ کردن و هەڕەشە و گوڕەشانە نەبووبێ کە لەلایەن بەر پرسانەوە لەو کەسانەی جەناحی خۆیان کراوە کە ئەو نامەیان ئیمزا کردبوو ! !

ئەو لەو قسانەی کردوویەتی مەبەستێکی دیکەی بووبێ . ئێمە دەبێ هەمووومان هەوڵ بدەین کارەکان چاك کەین و چارەسەری ئەو کێشە وگیر و گرفتانە بکەین و، ئەو دەستەبەندی و جەناحبازی یە بەشێوەیەك لەبەین بەرین . ئەو کۆبوونەوەی مامۆستا ئەمن پێشتر بەخۆشیم گوت پێویست نەبوو تەنانەت بۆ شەخسی خۆشی هیچ قازانجێکی نەبوو . بەڵکو مەسەلەکەی ئاڵۆزتر کرد . بۆیە ئەگەر نەگیرابایە باشتر بوو، ئاله و قسانە .

ئەو بەشە لەقسەکانی کاك مستەفا کە ئاماژە بە لەنێو بردنی دەستەبەندی و چارەسەرکردنی تەنگ و چەڵەمەکانی نێو ڕیزەکانی حیزب بوو، دەکرا وەك خاڵێکی موسبەت چاوی لێ بکرێ و، ئاسۆیەکی ڕوون بۆ داهاتووی حیزبەکەمان بێ . بەڵام ڕوونی نەکردەوە داخوابە چ ڕێگایەك دا دەیەوێ هەنگاوی بۆ هەڵێنێتەوەو، بە چ بارێك دا چارەسەری بکا ؟ داخوا بەوئاکامە گەیشتبوو کە دەبێ دیالۆگ و دانوستان و ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەینە بەردی بناغەی چارەسەر کردنی تەنگ و چەڵەمەکان؟ داخوا کاك مستەفا بە لێنی بەویژدانی خۆی دابوو کەلەوە بەدواوە خۆی بە سکرتێری هەموو حیزب بزانێ نەك هی جەناحێك؟ داخوا بیری لەوە کردبۆوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هی هەموو کادروپێشمەرگە و ئەند ام لایەنگرانی و گەلی کوردە و بەهەموانمانەوە جوانە؟ داخوا هەموو تێکۆشەرانی حیزب لە لایەن دەسەڵات بەدەستانی ڕێبەرایەتی یەوە بەچاوێك سەیر دەکرێن و، هەرکەس بەپێی لێهاتوویی و ڕابردووی تێکۆشانی ئەرکی بۆ دیاری دەکرێ؟ یان هەر ئەو کەسانە سنگیان لەپێش دەبێ کە دەروێش سفەت و گوێ لە مستن !! داخوا کاك مستەفا هەستی بەو بەرپرسایەتی یە مێژوویی یەکردبوو کەدەبێ غەرەز و بوغز و ڕق و قینی چەندین ساڵەمان فید ای بەرژەوەندی یە گشتی یەکانی حیزب و بزووتنەوەکەمان بکەین و، بەمەبەستی دەست ڕاگەیشتن بە کورسی و پلەومەقام بۆ دەسرۆکەیەك

قەیسەری یەك نە سووتێنین؟ داخوا بیری لەوە کردبۆوە کەڕەمزی سەرکەوتنی حیزبەکەمان لەنیازپاکی و بڕوابەیەك بوون و ڕاستی و پاکی و دڵ نەرمی لەگەڵ یەك و، ڕاوێژ کردن و بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵ یەکتر دایە؟ یاخۆ پشت ئەستوور بەو سەرکەوتنە کاتی یەی پێشتر باسم کرد، هەروا لەسەر درێژە دان بەو ڕەوتە شێوە پۆلیسی یەی وەڕێ یان خستبوو سووره و، لایەنی کەمایەتی بەپرش و بڵاو و لەبەر یەك هەڵوەشاوە لەقەڵەم دەداو، بەوتەی خۆیان : لەهەوڵی یەك دەست کردنی حیزب دان!! ئەوانە و زۆرشتی دیکەی لەوبابەتانە ڕیزە پرسیارێك بوون کە وەڵامەکەیان لەلای کاك مستەفا و هاو بیرەکانی بوو .

بە دوای قسەکانی کاك مستەفا دا، هاوڕێیان بەگشتی بێجگە لەسێ کەسی لایەنی خۆیان کە بە ڕوونی دیار بوو هان درابوون لەسەر بەجێ بوونی کۆبونەوەی مامۆستا و ئیمزاکردنی نامەکە لێ براوانە پێیان داگرتەوە . پاشان بەوردی لەسەر چۆنیەتیی تەنگ و چەڵەمە و گیروگرفتە نێوخۆیی یەکان دوان و، ئاماژەیان بەهەڵوێستی توند و تیژی بەرپرسان و، پاڵەستۆدانی کادروپێشمەرگەو، سزادانی تێکەڵ بە ڕق و قین کرد و شی کردنەوەیان لەسەر کردن . قسەکانی خۆم کە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەم، لەم چوار چێوەیە دابوون کە گوتم :

ـ کاك مستەفا گیان! ئەو باسەی جەنابت سەبارەت بە کۆتایی هێنان بە دیاردەی دوو بەرەکایەتی و دەستەبەندی و جەناحبازی، ئاواتی لەمێژینەی ئێمەیە و، ئەمن بەش بەحاڵی خۆم لەمێژە خەوی پێوە دەبینم . هیوادارم هەموو لایەکمان هاتبینە سەر ئەو باوەڕە کەبۆ ڕیشە بڕ کردنی ، بەجیدی هەوڵ بدەین و زیندە بەچاڵی بکەین . بەڵام ئەوە بە دروشم دان ناگاتە ئاکام و بە قسەی سەرزارەکی سەر ناگرێ و دەبێ بە کردەوە هەنگاوی بۆ هەڵگرین . پێش هەموو

شتێك دەبێ بەنیسبەت یەكترەوە نیازپاك بین و نییەتمان پێكەوە ژیان و پێكەوە كاركردن بێ . ئەمن لە كادری خۆتم بیستوە كە دەڵێ :

ـــ ئەمن ئەو خەڵكەم پێ سەیرە كەبەو شێوەیە بیر دەكەنەوە، ئەوە سیستمێكە ڕێبەرایەتیی حیزب دایڕشتوە و سەلاحییەتیشی هەیە . جاهەركەس پێی خۆشە ئەوا بەوشێوەیە كار بكاو ئەوەش ناڕازی یە خوای لەگەڵ سەرچاوان! دەزانم پاش چەند ساڵانیش بەسەر شۆڕی دەگەڕێتەوە .

باشە ئەو شێوە بۆچوونە كە دڵنیام قسەی خۆی نیە، لە كوێوە سەرچاوەی گرتوە و بە چ مەبەستێكە؟! ئەوەیە ڕێگا چارەسەری ئاشتی خوازانە؟

هەر لەكادری خۆتم بیستوە كەدەڵێ :

ـ كار بەم جۆرە ناچێتە پێش، ئەوە چ حیزبایەتی یەكە ؟ دەبێ پاكسازی بكرێ، دەبێ حیزب یەك دەست وەبێ . جاچۆن دەبێ هەركەس بە ئیشتیای خۆی بێ ؟ ئەوەی ناڕازی یە بابڕوا بۆ كوێ دەچێ بچێ .

باشە كاك مستەفا گیان! پێم نالێی لەو حیزبە دا كێ پاكسازی دەكەی ؟ ئەوانە كە تەمەنێك قورسایی باری بەرژەوەندی یەكانی ئەو حیزبەیان لەسەر شان بووە و هیچ تاڵی و سوێری یەك نەماوە لەو پێناوە دا نەیان چێشتبێ ؟ ئەوانە كە لەڕۆژە سەختەكان و قۆناغە دژوارەكانی خەبات دا سەنگەریان چۆڵ نەكردوە و بە دەیان جار لە دە هەنگاویی مەرگ گەڕاونەوە ؟ ئەوانە كەتەمەنێكە لە پێناوی ئەو حیزبە دا دەستیان لە ژیانی ئاسایی خۆیان هەڵ گرتوە و ئێستاش جیا لەو حیزبە هیچ ئاسۆیەكی ڕوون بۆ خۆیان و نەتەوەكەیان بەدی ناكەن ؟ جیا لەوانە كێ پاكسازی دەكەی ؟ كاك مستەفا لە كادری خۆتم بیستوە كەدەڵێ :

ـ بۆ نایەنە گەڵ جەناحی ئێمە؟ ئەمن هەتا لەگەڵ ئەو جەناحە نـەبووم هیچـم نەبوو . ئێستا ماڵم هەیە، مەسئوولییەتـم هەیە، شەخسییەتـم هەیە، ژیانـم هەیـە و . . . . . .

لێرە دا کاک مستەفا هەڵی دایە وگوتی : ژیانیش ؟ ئەی بـۆ مـن نـەم بیسـتوە ؟! گوتـم بەڵێ کاک مسـتەفا گیـان! سـفرەی ڕەحمـەتێ ڕاخـراوە و تـۆلێی بـێ خەبـەری، ئـەوە بیـروبۆچوونی کادرەکـانی لایـەنی خۆتـە! ئێمـە بـە بێگانەونـە سوڵحاو دەزانن! جـا هـەرکات توانیـت پـێش بـەو بیـروبۆچوون و پڕوپاگەندانـە بگـری و، حیزبـی دێــموکرات بـەهی هــەموان بزانــی و، نیازپــاکی بکەینــەوە سەرمەشـقی ژیـانی شۆڕشـگێڕانەمان، هیـوای ڕیشـە بڕکردنـی دەسـتەبەندی و جەناحبازی لە دەروونـمان دا سەوز دەبێتەوەو حیزبەکـە دەبێتـەوە حیزبەکـەی جاران .

سەبارەت بەو برادەرە کە بە وتەی خۆی لەسەر گڕی خۆی نەبووە کۆنتــڕۆڵی لە دەست داوە، ئەگەر مەبەسـتی گێـرە شـێوێنی ئـاڵۆز کردنـی کـەش و هەواکـە نـەبوو، چ زەروورەتێکـی هـەبوو لـەو کۆبوونەوەیـە دا قسـان بکاوکۆبوونەوەکـە بشێوێنێ ؟! کەوابوو قسە کردن و شێواندنەکە بەپێی بەرنامە بوو . چونکە هـەر بە ئەنقەست نۆبە بڕیشی بۆ کرابوو کە قسان بکاو کۆبوونەوەکـە بشـێوێنێ . لـە هەمووی ئەوانەش گرنگ تر : ئەو برادەرە کە ئاوا زوو کۆنتـڕۆڵی خۆی لە دەست بد ا، چۆنە ئەو بەرپرسایەتی یە قورسەی پێ سپێردراوە ؟! ئایا مەترسیی ئەوە لە گۆڕێ دا نییە جارێك لە بەرەو ڕوو بوونەوە لەگەڵ هەواڵ دەرێك یان لایەنێکی سیاسی دا وەك نوێنەری حیزبـی دێـموکراتی کوردسـتانی ئێـران دیسـان لەسـەر گـڕی خـۆی لاچـێ و تووشـی هەڵەیـەکی لـەو چەشـنە ببێـتەوە و پڕێستێــژ و کەسایەتیی حیزبەکـەمان بـخاتە ژێـر پرسـیارەوە ؟ کـەوابوو ئـەو بـرادەرە بـەو تایبەتــمەندی یانــەوە کەهەیـەتی، لـە ئاسـتی ئـەو بەرپرسـایەتی یـە دا نیـە و

سزادانیشی به هەموو عورف و یاسایەك ڕەوایە و چاوەڕوانیــن داواکــەمان وەبــەر چاو بگرن .

لە قسەکانت دا فەرمووت : " گۆیا هێندێك کــەس گوتوویانــە ئێمــە ناچیــن بـۆ کۆبوونەوەکان " پێم خۆشە بەڕاشکاوی عەرزت کەم کە یە لەوانـە ئـەمن بـووم . ئەگەر هۆیەکەشی پرسیار بفەرمووی ئەوەیە کـە ئـەمن بۆیـە لەکۆبوونـەوە دا بـە شد اری دەکەم شتێك فێر ببم، یان نەزەرێکم هەبێ و ڕای گەیەنــم . ئـەمن بۆیـە ناچم گوێ لە شەڕە جنێو و بێ حورمەتی کردن بەیەکتـر بگرم . بۆیـە دیسـانیش عەرزت دەکەم هەتا وەزعی حیزب بەو دان و پێ یە بـڕوا، لـەهیچ کۆبوونەوەیـەك دا بەشد اری ناکەم . ئەوە سەر و بەری قسەکانـم بوون کەبەکورتی ئاماژەم پــێ کردن .

بــەڵام بەداخــەوە چــەندی ئێمــە گوتــمان و ڕســتمان و بەڵگــە و دلیـل مــان هێنانەوە، قسەکان و وەڵامەکانی کاك مستەفا هەمووی پاسـاودانەوەبوون و لـەو چوارچێوەیە نەترازان کە گوتی :

ـ ئێمە نابێ ئەو شتانە گەورە بکەینەوە، ئیشەڵڵا شتی وا دووپات نابێـتەوە . ئەمن هوشد ارم بەو برادەرە داوە و پێم ڕاگەیاندوە کە کارەکەی هەڵە بوەو، بە ئیشەڵڵا و ماشەڵڵا کۆتایی پێ هێنا ! !

ئیتـر نەبایەخ بۆ ئیمزای زیاتر لە سێ سەد کادروپێشمەرگە داندراو، نە برادەر لە گوڵێ کاڵتـری پێ گوتراو، نە ئێمەش دەستکەوتێکمان بە نسـیب بـوو . چـۆن چووبووین هەروا گەڕاینەوە و مایە بە تۆبەش دەرنەچووین!

هەر لەو سەروبەندە دا کـاك مسـتەفای هیجـری ڕۆژێـك لـە کۆمیسـیۆنی ڕادیـۆ بەسەری کردینەوە و کۆبوونەوەیەکی بۆ پێك هێناین . کارگێڕان و بەڕێوەبـەرانی ڕادیۆ کە ژمارەمان لـە سـێ کـەس تـێ دەپـەڕی، بەگشـتی لـە دەوری هـاڵاین و، بەتاسـەوە چـاوەڕوانی مـژدەی بایـەخ دانێکـی سـەردەمی بـەڕادیۆو، چارەسـەر

کردنی تەنگ و چەڵەمەوگیروگرفتەکانی کاری ڕۆژانەمان و، پلانێکی نوێ بۆ بەرەوپێش بردنی بەرنامەکانمان بووین . بە تەما بووین باسێکی چارە نووس ساز لە مەڕ ئەو ئاڵۆزی و بێ سەرەوبەرەیی یەی نێو ڕیزەکانی حیزب بێنێتە گۆڕێ و، بۆ چارەسەر کردنی بیروڕامان لەگەڵ وەگۆڕێ ونەزەرمان لێ وەرگرێ . کەچی نەیەك وشەی نوێمان لێ بیست و نەخۆی لە قەرەی ئەو چەشنە باسانە دا . بە پێچەوانەوە، وای نیشان دا کە بەدوای کۆنگرەی سێزدە دا ڕیزەکانی حیزب ئەوەندە توند و تۆڵ و پتەوبوون کە حیزب وەك ماستی مەیوی لێ هاتوەو، محەممەدی مەهدی زهووری کردوەو گورگ و مەڕ پێکەوە ئاوێ دەخۆنەوە ! !

سەرەتا هێندێك ئامازەی بەکەم و کووڕی یەکانی کۆمیسیۆنی ڕادیۆ کرد کە پیاولەهەق لانە دا هۆیەکەی بۆ پێ ڕانەگەیشتن یان ڕوون تر بلێین کەمتەرخەمیی ڕێبەرایەتیی حیزب قەبلاندو، ئەرك و ماندووبوونی ئێمەشی بەکەم نەگرت و سوپاسی کردین . دواتر باسێکی لەسەر ئەوە هێنایە گۆڕێ کە : ئێمە دەبێ بە کارەکانمان دلگەرم بین و بە عەلاقەوە کار بکەین و بایەخی کارەکەمان لەبەر چاوبێ و، ئالەم وردە ئامۆژگاری یانە . ئیتر بێ ئەوەی چکۆلەترین ئامازە بەتەنگ و چەڵەمەو کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگای تێکۆشانمان بکا، باسەکەی داکووژاند .

بەدوای قسەکانی کاك مستەفا دا، چەند کەس لە هاوڕێیان سەبارەت بە کەم و کووڕی یەکانی کۆمیسیۆن و، بایەخ نەدانی ڕێبەرایەتیی حیزب بەکاری ڕادیۆو، نەبوونی کەرەسەوئامرازی پێویستی سەردەمی بۆ بەرەوپێش بردن و گەشە پێدانی کاری ڕۆژانەمان دوان و، ڕەخنەوپێشنیاری بەسوودیان هێنانە گۆڕێ . ئەمن کەلەپەنای کاك مستەفاوە دانیشتبووم و ئاخر کەس بووم کە نۆبەی قسەکردنم گەیشتێ، باسەکەم ئاوادەست پێ کرد :

ـ ئەوەی کاك مستەفا باسی کرد، شتێکی پیرۆز و بەردی بناغەی باشتر بەڕێوەچوونی ئەرکەکانمانە . چونکە بە بڕوای من هەرکارێك ئۆگری نەبی و حەزی لێ نەکەی، لە ئەنجام دانی دا سەرکەوتوو نابی . ئەوەی پێمان سپێردراوە نابێ وەك وەزیفە چاوی لێ بکەین، بەڵکو دەبێ وەك ئەوینە ئرێکی ڕاستەقینە لێی بڕوانین و بەدڵگەرمی یەوە ئەنجامی بدەین . بەڵام داخوا لەم بارودۆخە ئاڵۆزەی ئێستا بەرۆکی گرتووین و بەسەر ڕیزەکانی حیزبەکەمان دا زاڵە، کێت وەبەر چاو دەکەوێ دڵی بە کارەکەی خۆش بێ و لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی دا دڵگەرم بێ؟! با دوور نەچین، هەرلەم کۆبوونەوەی خۆمان دا ئەوەی من قسەم لەگەڵ کردبێ و بیروڕامان گۆڕیبێتەوە، یەك کەس لەم بارودۆخە ڕازی بێ بادەست هەڵێنێ . کەوابوو ئێمە ئەگەر بمانەوێ دڵ بەکارەکەمان خۆش کەین، پێش هەموو شتێك دبێ لەبیری چارەسەر کردنی ئەو قەیرانە نێوخۆیی یە دابین و، نیازپاکی و بڕوابەیەك بوون بکەینە سەرمەشقی ژیانی شۆڕشگێڕانەمان و پاشان چاوەڕوانی دڵگەرمی بەکاری ڕۆژانەمان و ئەرکی پێ سپێردرامان دا بین .

ئەمن هەروەك لە نامەکەشم دا بۆ دەفتەری سیاسیم نووسیبوو، بۆم موهیم نیە داخوا کێ سکرتێری حیزب و کێ ئەندامی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی دەبێ . بەڵکو ئەوەی بۆمن گرنگ بێ، چارەنووسی حیزبەکەم و چۆنیەتیی بەڕێوە بردنی لە ئاستێکی شیاوی ئەم سەردەمە دایە . جاهەر کەس باشتری بەڕێوەبەرێ، لەپێش دا سوپاسی ئەوی دەکەم و، پاشانیش یەك بەیەکی کادروپێمەرگەکانی ئەو حیزبە . چونکە حیزبی دێموکرات هی هەموو تێکۆشەرانی حیزب و گەلی کوردەو بەهەموومانەوە جوانەو، بە هەوڵ و تێکۆشانی هەموومان سەردەکەوێ .

ئەو هاوڕێ یەمان باسی زۆرووڕەتی پێك هاتنی بەرەی کوردستانیی کردو ڕەخنەی گرت کەبۆچی تا ئێستا حیزب هەنگاوی بۆ هەڵ نەگرتوە و بەجیددی هەوڵی بۆنەداوە ؟ ئەوە بەبڕوای هەموومان پێویستیی یەکی مێژوویی یەو پێشنیار و ڕەخنەکەشی بەتەواوی لەجێی خۆی دایە . ئەرکی سەرشانی هەموو حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتنخواز و دێموکراتەکانە کە بۆی لەهەوڵ دابن . بەڵام بە بڕوای من لەم هەلو مەرجە ناسکەی بزووتنەوەکەمان دا، جارێ دەبێ لە هەوڵی پێك هێنانی بەرەیەك لە نێو خۆمان دا بین . جاهەرکاتێك بۆ خۆمان یەکمان گرت و ڕێك کەوتین، ئەوجار دەتوانین بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ڕێکخراوە سیاسی یەکان و کەسایەتی یە ناودارەکان بۆلای بەرەی کوردستانی لە هەوڵ دابین . چونکە مرۆڤ تانێومالّی خۆی ڕێك نەخا ناتوانێ لەگەڵ دراوسێکانی ڕێك بکەوێ . پێشینان گوتویانە : " چرا هەتا بۆ ماڵێ پێویست بێ بە مزگەوتێ حەرامە ".

لەسەر کەم و کووڕی یەکانی کۆمیسیۆن هەم کاك مستەفا ئاماژەی پێ کرد و هەم هاوڕێ یانیش لەسەری دوان و ئەمن ناچمەوە سەری . تەنیا ئەوەندە پێویستە عەرز کەم : ئەگەر دەمانەوێ بەرنامەکانمان بەشێویەکی نوێ زیندوو بکەینەوە، دەبێ سیستمی هەواڵ گری و کەرەسەوپێداویستیی ئەمڕۆیی بۆ دابین بکرێ و، لە باری نووسەر و وێژەرو بەڕێوەبەریشەوە بایەخی زۆرتری پێ بدرێ و نوێ خوازیی تێدا پێك بێ و. . . . .

بەڵام بەداخەوە، ئەو کۆبوونەوەش وەك ئەوی دی و ئەوانی دیکە، هەروا بە پرش و بڵاوی بەجێ ماو، کاك مستەفا بەوتە دووپات کراوەکانی ئاوی پاکی بەدەستی هەموومان دا کردو، ئاکامێکی جێی هومێدی بە دەستەوە نەدا .

ڕەوتەکە تا پێ دەچوو زۆرتر بەرەوگرژی و ئالۆزی تەشەنای دەکردوقەیرانەکە قووڵ تر دەبۆوە . دیاردەی هەڵاواردن و پاڵ پێوەنان زەق تر

خـۆی دەنوانـد و، سیاسـەتی یـەك دەسـت كردنـەوەی حیـزب لـەناخی لایـەنی زۆرینەی كۆمیتەی ناوەندی دا زیـاتر ڕیشـاژۆی دەكـرد و بـەهێز تـر دەبـوو . بـە دەیان كادری لەمێژینەوئەندامانی كۆمیتەی ناوەندیی پێشوو بـێ كـار كرابـوون . بەتاوانی دەربڕینی بیــروڕا، سـزای توندوتیـژی سەركۆنەوهەڵپەسـاردن و ڕاونـان وەبەر چاوگیـرابوو . نەقڵی زۆرە ملی بە تاوانی جیـا بیــری و بێروبـەوێ دادانـی كادروپێشمەرگە بەپێی فـیلان بـوو . تەنانـەت لـە زینـدانی كـردن و دەركـردنیش دەسـتیان نەدەپاراسـت . ئەوانـەش كـە لەئۆرگانــەكان دا مابوونـەوە و، وەبـەر گەسگی باكسازی نەكەوتبوون، وەنـەبێ هـیچ دەسـەلأت و سـەلأحییەتێكیان پـێ ڕەوا بینرابێ، وەك كارمەندێكی ئید اری هـەڵس و كـەوتیان لەگـەڵ دەكراوبـواری بڕیاردانیان لێ بەربەست كرابوو . ئۆرگانەكانیان بەشێوەیەك ڕێك خسـتبوو كەلـە زۆربــەیان دا تــای تــەرازوو بــەلای خۆیــان دا دەشــكایەوە و دەســەلأتی بــێ ئەملاوئـەولا هـەر بەدەسـت خۆیانـەوە بـوو . تەنانـەت تەلـەڤیزیۆنی تیشـك كـە بیـرۆكەی دامەزرانەكەی زۆر پێش بە دەسەلأت گەیشتنی ئەوان لە گـۆڕێ دابـوو، كاتێك دەست بە كار بوو، یەك كەسی نامەحرەمی تێـد ا ڕێگـا نـەدرا و سـەرجەم كار گێڕ و بەڕێوەبەرەكانی لەجەناحی خۆیان بوون .

بەلأم لە هەمووی ئەوانەش درزێوترونا دێـموكراتی تر ئەوەبوو كە هەر بەتاوانی جیا بـیـری لە سزادانی كادروپێشمەرگە خافـڵ نـەبوون و، ئـەوەی قولانــجێك لـە بەرژەوەندیی ئەوان كلابایە، بە بێگانە و نا فەرمان لەقەڵەم دەدرا و، بیانووی پـێ دەگیـرا و، بوختانی بۆ هەڵ دەبەسـترا و پاڵە پەستۆ دەدرا . بۆ سەلـماندنی ئەو ڕاستی یە هێنانەوەی چەند نـموونە یە وەك كەچكێك لە دەریا بێ جێ نازانـم كـە بەگوێی خۆم لە پێشمەرگە و كادرەكانـم بیستوون یان بە چاوی خۆم دیتوومن :

1 ـ پێشمەرگە بەتاوانی ئەوە كە بۆ وەلأم وەرگرتنەوەی پرسیارەكانی چۆتە لای مامۆستا عەبدوڵلأی حەسەن زادە سزا دراوە .

2 ـ ئەو پێشمەرگانەی تازە هاتوونە ڕیزی خەباتـەوە، لـە ناوەنـدی پـەزیرش پێش هەموو پرسیارێك باسـی جـەناحبازی یـان بـۆ كـراوە و پـێ یـان گـوتراوە : ئەگەر لەگەڵ جەناحی خۆمان نەبن بۆ پێشـمەرگە وەرناگیـرێن . پرسـیاریان لـێ كردوە لە نێو حیزب دا كێ دەناسی؟ ئەگەر ناوی یەكێك جیا لە جەناحی خۆیانی هەڵ دابێ، بیانوویەكیان بـۆ دۆزیوەتـەوە و دەسـتیان پێوەنـاوە و تەئیـدیان نـە كردوە .

3 ـ پێشمەرگە تـەنیا بـەتاوانی ئـەوە كـە گوتوویـەتی : فـلأن وتووێـژی كـاك مسـتەفای هیجـری ئەگـەر لەگـەڵ مامۆسـتا عەبـدوڵلأی حەسـەن زادە كرابایـە، جوانتری وەلأم دەدایەوە، لە شوێنی خۆی نەقلّ كراوە و، هەڕەشـەی لـێ كـراوە كەجارێكی دیكە ئەو قسانە دووپات نەكاتەوە .

4 ـ پێشمەرگە بەتاوانی ئەوە كە بەڵێی بۆ قۆڵی زۆرینەی ڕێبـەری نـەگوتوە، پێنج مانگ وەك سزادان لە ناوەنـدی پـەزیرش ڕاگیــراوە و بـۆ فێرگـەی سیاسـی نیزامی بەڕێ نەكراوە .

5 ـ لە كادری حیزبیم بیستوە كەسەر بە جـەناحی خۆشـیان بـوو، بـە دەیـان لاوی خـوێن گـەرم و دڵ پـڕ لـەهیوا كەهاتوونەتـە ڕیـزی پێشـمەرگەو، لـەوەلأمی داوای جەناحبازی دا گوتویانە : " ئێمە هاتووین ئەركی پیـرۆزی پێشـمەرگایەتی بەڕێوەبەرین و كارمان بە جەناحبازی نیە " لەناوەنـدی پـەزیرش سـەلأحییەتیان تەئید نەكراوە و بەدڵ شكاوی بۆ ئێران بەڕێ كراونەوە .

6 ـ بەپێشمەرگە گوتراوە : ئەگەر لە جەناحی ئەولا سەرنجی دە پێشـمەرگە بۆلای جەناحی خۆمان ڕاكێشی، ئۆتۆماتیك دەتكەین بە كادر .

7 ـ پێشمەرگەیان دەعوەت كردوە، مەشرووبیان داوەتێ، پاشان نامەیەكیان بۆ هێناوە كەنووسراوە : " فلأن مامۆستای فێرگەی سیاسی نیزامی لە وانـەكانی دا بە دژی كۆنگرەی سێزدە قسەی كردوە " و داوایان لێ كردوە كەئیمزای بكا .

لەسەر ئەوە کە بە بوختانی زانیوەولەئیمزا کردنی خۆی بواردوە، کەوتۆتە بەر قین و غەزەبی ئۆرگانەکەی و ئەوەندە بێ حورمەتیی پێ کراوە و کەسایەتیی ورد کراوە هەتا ناچار بەخۆ تەسلیم کردنەوە بەکۆماری ئیسلامی کراوە .

8 ـ پێشمەرگە موولاقاتی هاتوە وداوای کردوە کە ئیجازەی بدە ن بچێ لە سلێمانی چاوی پێی بکەوێ . بەڵام چونکە بەڵێنی جەناحی لێ وەرنەگیراوە، ئیجازەی نەدراوەتێ و پێی گوتراوە : " هەتا دوو ساڵ بەسەر تەمەنی پێشمەرگایەتیت دا تێ نەپەڕێ، ڕێگای چوون بۆ ئەملاوئەولات پێ نادرێ! لە حاڵێك دا بۆ هیچ پێشمەرگەیەکی جەناحی خۆیان شتی وا وەبەر چاو نەگیراوە .

9 ـ پێشمەرگە بەتاوانی ئەوە کە بەڵێنی جەناحیی پێ نەداون، بەمەبەستی دەرکردنی ، بوختانی نە خۆشیی ڕەوانیی بۆ هەڵ بەستراوە ! بەڵام دوای هاتووچۆیەکی زۆری دوکتۆر و نەخۆشخانەکان، دەرکەوتوە کە لە گوێزی ئازا ساخ تر بوە و ئەو بیانووە بۆ دەرکرانی بوە .

10 ـ پێشمەرگە لەسەر ئەوە کە گوتویەتی : " ئەگەر ئەوەند ەم فشار بۆ بێنن سکاڵای خۆم دەبەمە لای مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە " سزا دراوەو هەڕەشەی لێ کراوە کە ئەگەر کاری وا بکەی دەردەکرێی .

11 ـ پێشمەرگە بەتاوانی ئەوە کە گۆیا لە چەك و چۆڵ و پێشمەرگەی پەلی ڕادیۆی پرسیوە سێ ڕۆژ لە دیوەکەی خۆی دا بەند کراوە و نەیان هێشتوە بە موبایلەکەشی قسە بکا . دوایەش کە ڕوون بۆتەوە بوختانی بۆ هەڵ بەستراوە و داوای کردوە ئەو کەسەی ئەو گوزارشەی داوە سزا بدرێ، چونکە جیناحی خۆیان بووە لە گوڵێ کاڵتری پێ نەگوتراوە . پێشمە رگەکە گوتویەتی : " ئەگەر سەزای نەدەن شکایەتی لێ دەکەم " بەڵام بەرپرسەکەی پێی گوتوە : " ئەگەر شکایەت بکەی گرانت لەسەر دەکەوێ ! "

12 ـ پێشمەرگە دوای دیتنی دەورەی سەرەتایی، چەند کەس لە نێو خۆوە هاتوون و شکایەتی یان لێ کردوە کە پەنجا میلیۆن تمەنی لێ حەپە لووش کردوون . بەڵام چونکە جیناحی خۆیان بوە بەڕواڵەت پێنج ڕۆژ گیراوەو پاشان بەجێی سزادان و لێ پرسینەوە ماڵیشیان بۆ دروست کردوە .

13 ـ پێشمەرگە بەتاوانی ئەوە لەشی خاڵی کوتراوی پێوە بووە لە حیزب دەرکراوە . لە حاڵێك دا مامۆستا کەی کە جەناحی خۆیان بووە، هەموو باسکی خاڵی کوتراوبووە و بە تاوانیش لە قەڵەم نەدراوە .

14 ـ لاوێك کە هاتوە بۆ پێشمەرگایەتی، دوای دوو مانگ کە لە ناوەندی پەزیرش ڕایان گرتوە، پێ یان گوتوە کە تۆ لەبەر ئەوەی هاوژیانت هەیە وەرناگیرێی، مەگەر ئەوە ژنەکەت تەلاق بدەی . لاوە کەچۆتەوە ژنەکەی تەلاق داوە و گەڕاوەتەوە . بەلاّم دوای دوو مانگی دیکە بە تاوانی ئەوە کەلەگەڕانەوەی دا چۆتە کەرکووك بۆماڵی پووری، دەرکراوە .

15 ـ پێشمەرگە لەسەر ئەوە کەبێ ئیجازە چۆتە کۆبوونەوەی کاك حەسەنی ڕەستگار نەقلێ کراوە، هەر لەو پێوەندی یە دا پاش دوو مانگان خۆی تەسلیم کردۆتەوە .

16 ـ پێشمەرگە بە تاوانی ئەوە کە گۆیا غەیبەتی بەرپرسەکەی کردوە . لە جێگای خۆی بۆ شوێنێکی دیکە نەقلێ کراوە . دیارە ڕاننـد ەی ئۆرگانەکەش بووە .

17 ـ پێشمەرگە لەسەر ئەوە مەحاکەمە کراوە کە پێشمەرگەی تازەیە و موبایلی کڕیوە، کاتێك گوتوویەتی ئەی ئەوە نیە هاودەورەکانی من موبایل یان هەیە، بۆ لەوان ناپرسنەوە، برادەری بەرپرس گوتوویەتی : ئەوانە خانەوادەیان هەیەوپێوەندی یان لەگەڵ دەگرن ! (یانی ئەو خانەوادەی نیە) !

18 ــ ئەمن بۆ خۆم لەسەر داوای دڵسۆزانی حیزب لەنێوخۆ، ژیاننامەی دوکتور قاسملووم ئامادە و تۆمار کرد، لەگەڵ وێنەی پێشمەرگە و بەشێك لە وتەکانی دوکتوور قاسملوو، بەخەرجی خۆم خستمە سەر CD و دام بە کۆمیسیۆنی تەشکیلات کە بڵاوی بکەنەوە . بەڵام بە بیانووی ئەوە کە ڕەنگە ئەو وێنانە بەشێوەیەکی دیکە چووبنەوە ناوچە لە بڵاوکردنەوەی خۆیان بوارد . تەنانەت گوتم : بۆ خۆتان مونتاژی بکەن و چیتان پێخۆشە تێکەڵی بکەن، بەڵام واش هەر پێ بەمل نەبوون . هۆیەکەشی ئەوەبوو کەلە یەك دوو جێگا دا نمونەم بە وتەکانی مامۆستا عەبدوولڵای حەسەن زادە هێنا بۆوە، یەك دوو وێنەی بەبۆچوونی وان نامەحرەمیشی تێد ابوون و بە دەنگی منیش تۆمار کرابوو .

19 ــ کەمتر وا هەڵ کەوتووە لە ڕۆژە مێژوویی یەکانی حیزب دا ئەمن شێعرێك، پەخشانێك شتێکم نەخوێندبێتەوە . تەنانەت دەفتەری سیاسی لە قەندیل و ئەمن لە سلێمانی بووم، پێش ئەوەی داوا بکەم بە برووسکە ئاگادار کراوم کەخۆی بۆ ئامادە بکەم . بەڵام لە کۆنگرەی سێزدە بەم لاوە یەك جار نەبێ بۆ دەی خاکەلێوە، بۆیەك جاریش ئیجازەم پێنەدراوە شتێك وەخوێنم . تەنانەت چەندین جاریش داوام کردوەودەستیان بەڕوومەوە ناوە . دیارە بۆ دەی خاکەلێوەش لە مۆنتاژە کە دا شێعرەکەی منیان قت کردبوو .

20 ـ برادەرمان لەیەکێك لە ڕێوڕەسمەکان دا شێعری خوێندەوە، بەڵام لە مۆنتاژەکە دا قرتاندیان و بڵاویان نەکردەوە .

21 ــ لەکاتی کرانەوەی تەلەڤیزیۆنی تیشك دا برادەری کۆڕی هونەری کەسەر بە جەناحی خۆشیان بوو، داوای لێ کردم : شێعرێکیان بۆ بنووسم بیکەن بە سروود، هەر ئەو شەوە شێعرەکەم نووسی و بەیانیی بۆم بردن، بە ئیمێل بۆ تەلەڤیزیۆنیشم بەڕێ کرد و دام بەڕۆژنامەی کوردستانیش . بەڵام نە کرا بەسروود و نە تەلەڤیزیۆن بڵاوکرایەوە و نە لە ڕۆژنامەش دا چاپ کرا .

لەیەك قسە دا نە ڕابردووی تێکۆشان، نە کردەوەی شۆڕشگێڕانە، نە ئەخلاق و پڕەنسیپ، نە زانست و لێ هاتوویی و نە . . . هیچکام بایەخیان لەوە زیاتر نەبوو کە گوێ لەمست و دەروێش سفەت بی! بۆوێنە :

22 ـ کادری حیزب لەسەر قومار کردن و بێ نەزمی و . . . . . لە حیزب دەرکرا، بەڵام کاتێك چوە دەرەوەی وڵات و بەڵێنی جەناحیی لێ وەرگیرا، بە حورمەتەوە وەرگیراوە و تەنانەت وەك نوێنەری کۆنگرەی سێزدەهەم بە خەرجی حیزب هاتەوە و بەشد اری کۆنگرە بوو .

23 ـ پێشمەرگەی کۆمیسیۆنی ڕادیۆ بە ئیعتیرافی کاك حەسەنی شەرەفی بەرپرسی ئەوکاتی ڕادیۆ لەسەر چەنە بازی، زۆر بلێیی، دەم هەراشی، درۆزنی، دوو ڕوویی، نەزانی، بێ سەوادی و . . . لە ڕادیۆ دەرکرا . تەنانەت بۆ خۆم لە کاك حەسەنی شەرەفی کە ئەوکات بەرپرسی کۆمیسیۆنی ڕادیۆ بوو پاڕامەوە کە لەزەوقی نەدەن و ماوەی بۆ دیاری بکەن بەڵکو بە خۆی دا بچێتەوە و ئاڵوگۆڕلە خۆی دا پێك بێنێ، بەڵام ئەویش دادی نەدا و هەر گوێز و گومبەز بوو . ئاڵوگۆڕی تێد ا پێك نەهات دەر کرا . پاشان ڕێگای ئوورووپای گرتە بەروبەیعەتی جەناحیی کردویەك شەوە پێ گەیشت !! وەك نوێنەری کۆنگرەی سێزدە دیاری کراوهاتەوە بۆ کوردستان، پاشان بەرپرسایەتیی یەکیەتیی لاوانی لەوڵاتی سوئێد پێ سپێردراوله تەلەڤیزیۆنی تیشکیش دا دەسرۆکەی سەرچۆپیی پێ بەخشرا .

24 ـ پێشمە رگە لەسەر کاری بێ ئەخلاقی لە حیزب دەرکرا، بەڵام چوە دەرەوەی وڵات و بەڵێنی جەناحیی دا . ئێستا لە تیشك تی ڤی دا کاری پێ سپێردراوەو لەئاوی شەوێ پاك ترە .

25 ـ پێشمەرگە بێ ئەوەی پاکانە حیسابی کردبێ چەکی داناوە و چۆتە لای ڕێکخراوی کۆمەڵە . بەڵام لەوێش بەقای پێ نەکراوەو پاش ماوەیەك گەڕاوەتەوە

نێـو حیـزب . کەچـی بـە حورمەتــەوە وەرگیــراوەتەوە و بـۆی بـە تــاوان نەژمێردراوە . لە حاڵێ دا پێشمەرگە کە چەکی دانا، نەشچووبێتە لای ڕێکخـراوی دیکە بەپێی بڕیاری حیزب وەرناگیـرێتەوە . بەڵام چونکە جەناحی خۆیـان بـووە بۆی وەبەر چاو نەگیـراوە .

26 ـــ نەفــەر هاتۆتــە دەرێ کەبنەماڵەکــەی ســەر بــە ڕێژیــمن و بۆخۆشـی لەخانەی بێهداشت دا بووە و تەنانـەت لەلایـەن تەشکیلاتیشـەوە جێـی گومانـە، بەڵام چـونکە بـەڵێنی جـەناحیی داوە، بـێ سـێ و دوو لـێ کـردن بـە پێشـمەرگە وەرگیـراوە .

27 ـ لە سـوئێد کۆنفرانسـی لاوان گیــراوە ، پۆلیسـی ئـەو وڵاتـەیان لـە بـەر دەگایە داناوەولیستەیەکیان داونێ و پێیان گوتوون : هەرکەس ناوی لـەو لیسـتە دا نەبوو ڕێگای هاتنە ژوورەوەی پێ مەدەن . دیارە مەبەستیان ئەو لاوانە بوون کە سەر بەجەناحی خۆیان نەبوون .

28 ـ کادری حیزبی کاغەزی سپی بردوە بۆ پێشمەرگەیەك و داوای لێ کردوە بـۆی ئیمـزا بکـا . پێشـمەرگەکە گوتوویـەتی : " باشــە خـۆ ئـەوە هیچـی لـێ نەنووسراوە ئەمن چ ئیمزا بکەم؟ " بـەڵام کادرەکـە گوتوویـەتی : " تـۆ ئیمـزای بکەوکارت نەبێ ! " ئەویش گوتوویەتی : " بۆخۆت . . . . "

29 ـ پێشمەرگە لەسەر پۆستی نیگابانی بووە، کادرێك پێـی گوتـووە : وەرە ئـەو باخچـەیە وەکێڵـە، ئـەویش گوتوویـەتی ئـەمن دوو سەعاتــم کـار کـردوە و ئێستاش نیگابانـم، بایەکێکی دیکە ئـەو کـارە بکـا . کەچـی لەسـەر ئـەوە نـەقڵ کراوە و لە ئاکام دا ناچار بە خۆتەسلیم کرنەوە کراوە .

30 ـــ لەلایـەکی دیکـەوە، کاتێـك بـەڕوونی لـەو ڕاسـتی یـە تێگەیشـتن کـە لەبەرانبەر کادرەکانی دەور و بەری دەفتەری سیاسی دا لە کەمایەتی دان و، ئەو دەسەڵاتەیان زۆرتر بە دەنگی پێشمەرگەی تازە کوورەوکەم ئـەزموون وەدەسـت

هێناوەو، ئەوانەش ڕەنگە زۆربەیان بۆ داهاتوو مایە نەبن بۆ ئەوەی تای تـەرازوو بـەلای خۆیـان دا ڕاسـت بکەنـەوە، کەوتنـە بیــری دروسـت کردنـی کـادر! بـۆ وێنەلەدوو دەورەکە شەست کەسی تێد ابەشـد اربـوون، زیـاتر لـە چـل و حـەوت کەسیان بێ ئەملاوئەولا لە جەناحی خۆیان بوون .

31 ـ لە پێشمەرگەم بیستووە کـە پێشـمەرگەیەك بـە تـاوانی ئـەوەی چـۆتە مەرەخەسی و چەند کاتژمێرێك درەنگ تر لەو لـەو وەختـەی بـۆی دیـاری کـراوە گەڕاوەتەوە نـەقڵی زۆرە ملـی کـراوە ! لـە حالێـك دا جێگـری پـەل کـە جـەناحی خۆیان بووە بـەوادەی دوو ڕۆژ چـۆتە مەرەخەسـی و حەوتوویـەکی پـێ چـووە و بەڕووشی دا نەدراوەتەوە !

32 ـــ پێشــمەرگە لــە ناوەنــدی پــەزیرش جنێــوی بــە ئــالآی کوردســتان و . . . . . . . داوە، پێشـمەرگەکان شـکایەتیان لـێ کـردوە، بـەلآم سـەرپەلەکە گوتوویەتی : قەیدێ ناکا ! ئەو گوندەی ئەوان پێشمەرگەی نیە با وەمێنێ .

کاتێك چۆتە فێرگەش هەموو ڕۆژێ لەگەڵ پێشمەرگەکان بەشەڕ هاتوە و هـەر هیچی پـێ نـەگوتراوە . تـا سەرەنـجام بـە شـاهیدیی 20 پێشـمەرگە بـەمۆرەی نفوورزیی ڕێژیم دەرچوو ئەوجار ناچار بوون لە بەرانبەری هەڵوێست بگرن بگرن .

33 ـــ پێشـمەرگە بەسـەر خۆشـی تەقـەی لـە پێشـمەرگەیەکی دیکـە کـردو 16فیشەکی لە قەبەڵ کرد، بەلآم بەختی خۆی وەبەر نەهات و لە مـەرگ ڕزگـاری بوو . کەچی لە جیاتی سزادان چونکە جەناحی خۆیان بـوو، نـەقڵی بەشـی فـیلم کراو وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو .

34 ـ پێشمەرگە لەسەر ئەوە کە ژنی مارە کردوە لە حیزب دەرکـرا . کەچـی دوای ئەوی پێشمەرگە کچی پێشمەرگەیەکی هەڵ گـرت و بردیـە مـاڵی یـەکێك لـە ئەندامانی دەفتەری سیاسی، ئەویش نەیکردە نامەردی و چونکە جەناحی خۆیان بوو مەلای بۆ بانگ کرد و لێی مارە کرد و کەسیش لێی نەپرسی یەوە ! .

ئەوانەی باسم کردن کۆمەڵە بەڵگەیەك بوون کەبە دڵنیایی یەوە دەتوانم بڵێم یەك لەسەدی ئەو هەڵس وکەوت و کردەوە نادێموکراتی یانەی لایەنی زۆرینەی ڕێبەرایەتی نەبوون کەلەوماوەیە دا ڕوویان داوە . ئەوانە بەشێکن لە وانەی هەروەك پێشتر باسم کرد : بە گوێی خۆم بیستوومن یان بەچاوی خۆم دیتوومن و بەڵگەی زیندووشم بۆ هەموویان بە دەستەوەیە . زۆر شتی دیکەی وام بیستوون کەنەك هەر بۆ نووسین نابن، بەڵکو لە گێڕانەوەو باسکردنیشیان پیاو شەرم دەیگرێ .

ئەوانە هەموویان لەلایەك ، لەلایەکی دیکەوە بەداخەوە لە بواری سیاسیش دا بێ هەڵەوکەم و کووڕی نەبووین و، لەو بارەشەوە بووینە بەر لۆمەی ڕێکخراوە سیاسی یە کوردی یەکان و سەردەرچووانی بواری سیاسی و گەلەکەمان . ئیمزا کرانی ڕێك کەوتن نامە لە گەلێ پان ئێرانیستەکان کە هەر بە نەتەوەشمان ناناسن و بۆماوەیەکی دوور و درێژ بوو بە بنێشتە خۆشکەی سەر زاروزمانان و، ماڵپەڕەکانی ئینتێرنێتی بە خۆیەوە خەریك کرد و، نامەی نەزمی ئەفشارو، وەڵامەکەی لە لایەن کاك مستەفاوە، وەك سکرتێری گشتیی حیزب نموونەیەکن لەوهەڵە سیاسی یانە کەلەم ماوەیە دا بەرۆکی گرتین و، پاساو دانەوەیان کارێکی هاسان نیە . بەتایبەت وەڵامی نامەکەی نەزمی ئەفشار تەنانەت ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیشی بە ماوەیەکی دووردرێژ بە خۆیەوە خەریك کردو، بوو بە پێخۆری باسەکانی کۆمیتەی ناوەندی و کادروپێشمەرگە لەمێژینەکان .

بۆ زانیاریی زیاتری خوێنەرە بەڕێزەکان، دەقی نامەکەی نەزمی ئەفشارو وەڵامەکەی کاك مستەفای هیجری لێرە دا تۆمار دەکەم . دیارە نامەکان بە زمانی فارسی نووسراون و نەم ویست دەقەکەیان بگۆڕم . بەلاّم بۆئەوەی ئەو کەسانەش کە زمانی فارسی بە باشی نازانن ئاگاداری نێوەرۆکی نامەکان بن،

دەقی وەرگێڕ دراوەکەیان بەکوردی کەلە سایتم وەرگرتـوە، بـۆ تۆمـار دەکـەم .
فەرموون بۆ خۆتان وەی خوێنن و هەر بۆخۆشتان داوەر بن :

## نامـه دکـتر علیرضا نظمـی افشار بـه دبـیر کـل حـزب دمـوکرات کردستان دوست گرامی، جناب مصطفی هجری دبیر کل حـزب دموکرات کردستان

درود های گرم من و ملت آذربایجان را بپذیرید. برای شما و یاران پر تلاشتان در احقاق حقوق حقـه ملـت مبـارز کـرد آرزوی توفیق دارم.

جناب هجری، شما خوب میدانید که درمسیر ایـن مبـارزات حق طلبانه، چه اغراض و دسایسی کمین کـرده انـد کـه مـا را، اگر نه بدست خود، اقلا بوسیله یـاران خـویش، از پای در آورند.

من همیشه گفته و نوشته ام که ارزانترین و آسانترین شیوه "دشمن" در هر ایده و سـاختاری کـه باشـد، ایجـاد تـنش، نفرت، و برخورد، بین ملل مظلومِ تـرک و کـرد خواهـد بود تا خون پاک این دو ملت شریف را، در سر زمین های خـود، آذربایجـان و کردسـتان جـاری و نهـالِ شـوم "اسـتعمار فرهنگـی، اقتصـادی، ملـی، و نظـامی" را آبیاری، و با ثمرات مسموم آن، جوانان ما را "تخـدیر" و ملـل مـا را"تحقیـر" کنـد، و مـا را در ایـن پیکـار مقـدس منحرف، و آمال ملی ما را نقش بـر آب سـازد. چـه خـوش

**بــــاوریِِِ گرانبهــــائیٔ خواهــــد بــــود اگرســــاده لوحانــــه، دسیســــه و تلقــــین دشــــمن را بپــــذیریم و اجازه دهیم که اعدام کنندگان شهید قاضی محمد، و شهید فریدون ابراهیمی، امروز، با ما مجزا، عشوه گری کننــد و جـدا، جـدا نـرد دوسـتی ببازنـد و افکارمـان رابـه بـازی بگیرنـد. ایـن گرانبـارترین و جبـران ناپـذیرترین تهلکـه تاریخِ مللِ ما خواهد بود.**

**اگــر بتــوان قبــول کــرد کــه بعضــی از برهــه هــای خــــاصِ تــــاریخ، از حساســــیت سیاســــی بیشتری برخوردارند، بی تردید باید اذعان نمود که بـرای ملل ما، امروز، روزِ "آزمایشِ تاریخ " است.**

**ملت نجیب آذربایجان کوله بار گرانـی از "جـوانمردی هـا و ناجوانمردیهـای تـاریخ" و تـاریخ سـازانِ ملـل متفـاوت را، بدوش میکشد، ونتیجتا، بـا یـاد آنهـا، مشعوف و ملول میشود.**

**همجواری و همزیسـتی تنگاتنـگِ ملـل تـرک و کـرد نیـز، طبعـا، مثمـرِ خـاطرات شـیرین و دل انگیـز، و تلـخ و دل شکنی بـوده اسـت. مرحـوم پیشـه وری هنگـام عزیمـت بـه تهران برای مذاکره با قوام، در جواب نگرانی هـای مسـولان امور، درپای هواپیمـا، در حـالیکـه دست بـر شـانه شـهید قاضی محمد داشت، گفت: اگر من امروز، به ضـرورت، بـه**

تهران میروم، جای نگرانی نیست، برادر بزرگوارم قاضی محمد درآذربایجان است. از بیان این واقعیت، خوشحالم که "حافظه تاریخی" ملت نجیب و قدرشناس آذربایجان، خاطرات شیرین حکومتهای ملی آذربایجان و کردستان را با دلگرمی مطمح نظر ساخته و آنها را بعنوان خاطرات "ملت کرد"، در حافظه تاریخی خود زنده نگهداشته است. درست همانگونه که، با مناعت و بزرگواری خاصِ خویش، غارت وچپاول گری های سمیتقو را بنام "یک غارتگر وقاتل" بی ارتباط به هویت قومی و ملی او، به بایگانی راکد، انداخته است.

جناب هجری، من به دلایل محلی، شغلی، خانوادگی، و کسب و کار شخصی، با اغلب بزرگان عشایر ساکن در نوارِ غربیِ سرزمینِ آذربایجان، سابقه مودت، و دوستی دارم. من و آنها، هر دو، خوب میدانیم که حتی آنزمان که مرسوم نبود، من هم در حدِ آنها، از مظلومیت شان رنج برده ام وبه مصالح و حقوق حقه شان پای بندم. امیدوارم شما و همکارانتان نیز این تذکرات را با همان حسن نیت و صداقت و دلسوزی تلقی کنید که آحاد ملت شریف کرد، درسردشت، ساوجبلاغ، سلدوز، مرگور، ترگور، صومای، برادوست، و کنار بروژ خواهند پذیرفت، واگراز آن، ممنون نشدید، اقلا دلگیر نشوید و اجازه ندهید که شرایط لحظه ای و متغیرِ جهانی و مصالح آنیِ جهانمداران، صد

ها سال همزیستی گذشته ما را مخدوش، و آینده مان را مشکوک نموده [...]

من بخوبی میدانم که در هرملتی "ارتدکس" هائئ هستند که بیمار گونه به آرزوهای توسعه طلبانه و دور از عقلِ خود چسبیده، و مانع هرگونه آرامش، اتفاق و دوستی میشوند طبعا ملل کرد و ترک نیز از این بیماری و بیماران مبرا نیستند ولی رهبری ها،باید، با احساسِ مسولیتِ خطیر، واقع بینی، وانتخابِ مصالحِ مقدور را، به مطامح و مطامعِ دور از عقل و محال، ترجیح دهند.

در دهه گذشته، من بعنوان مبلغ فلسفه حسن نیت، دیپلوماسی و تعامل در مسئلهِ ترک و کرد، نقشه خیالیِ ، مثلا "کردستان بزرگ" را دیده، وآنرا، بعنوان اَعمالِ افراطیونِِ غیر مسئول، توجیه کرده ام، گزارشاتِ مستندِ وجود آنرا در اتاق کار جناب بارازانی با نام "کردستان الکبری" به توقعات خارج از مرزِ بیگانگان، تعبیر نموده ام، ، حتی همان نقشه را در اتاق کنفرانس حزب دموکرات کردستان در استکهلم شخصا، دیده، و به توضیح جناب خالد عزیزی اعتماد کرده ام که"این خواسته حزب ما نیست ونمیتوان انکار کرد که ما هم تندروانی داریم". من، حتی، ائتلاف حزب شما و پان ایرانیستها را در پاریس

نیز، بعنوانِ یک تصمیم "عجولانه، کوتاه بینانه، و غیر مرکزی" پذیرفته ام،. با حوصلهِ تمام، اعمال پ ک ک و پژاک را هم، از نیات حزب دموکرت کردستان جدا میدانم، و گفته شهید قاسملو را بیاد دارم که آنها را گروه تروریست معرف کرده است. ولی برای توجیه مصاحبه آقای رامبد لطف پوری در ارگان مرکزی حزب دموکرات کردستان از هر گونه سلاح تعبیر و تفسیر و توجیه خوش باورانه، خلع شده ایم و حتی خوش نیتی من و بزرگواری ملت کهنسال و عظیم آذربایجان و ملل و دول ترک همجوار، بازیِ "من نبودم دستم بود" را بیش از این قابل قبول و تحمل، نمیدانند.

جنابِ هجری، من بعنوان یک دوستدار واقعی ملت کرد، و همسنگر شما در راه احقاق حقوق حقهِ ملل ایرانی، از جنابعالی انتظار دارم با صدور بیانیه ای، تمام این احساسات تند و غیر مسوول را متهم، و برای همیشه به دسیسه های دشمن که از کوتاه ترین راه، یعنی از دهانِ تندروان کرد و ترک، میل بخون کشیدن سرزمین ما را دارد نقطه پایان بگذارید.

من آنچه شرط بلاغ است با تو میگویم تو، خواه از سخنم پند گیرو، خواه ملال

بیستم مارچ 200200002006

دوستدار شما

دکتر علیرضا امیر نظمی افشار

کمیسیون دیپلماتیک آذربایجان جنوبی

---

## جوابیه دبیر کل حزب دموکرات کردستان به دکتر علیرضا نظمي

آقای دکتر علیرضا نظمی افشار، دوست عزیز

نامه پر مهر و دلسوزانه تان را دریافت نمودم. از ابراز احساسات مسئولانه شما در رابطه با حفظ و تقویت دوستی و برادری میان دو ملت ترک و کرد ساکن آذربایجان

سپاسگزارم و از شخص فرهیخته ای مثل جنابعالی جز این انتظاری نیست.

من و حزبم گذشته های تلخ و شیرینی را که این دوملت در آذربایجان با هم سپری کرده اند، دسیسه های حکومتهای توتالیر پهلوی و جمهوری اسلامی، مداخلات بیگانگان و اعمال و گفتار نا مسئولانه افراطیونی از هر دو بخش را در ایجاد فضای متشنج و کاشتن بذر نفاق در میان هر دو ملت کرد و ترک را بیاد داریم و از تکرار آنها همیشه نگران و در اندیشه هستیم. در آذربایجان دو ملت ترک و کرد محکوم به زندگی در کنار هم هستند، به همین جهت حزب ما پیوسته در صدد تقویت احساس دوستی و همسایگی میان آنان بوده و هیچ نغمه ناسازی در میان آنان را به نفع هیچکدام ندانسته و نمی داند. من بر این باورم که تقویت این احساس میان آنان در برهه کنونی بیش از گذشته ضروری است و وظیفه احزاب و شخصیتهای مسئول منطقه در این راستا قرار گیرد.

درج مصاحبه رامبد لطف پوری که دقیقا در جهت عکس سیاست حزب دراین زمینه میباشد در روزنامه "کوردستان" اشتباهی بوده است که از طرف انتشارات حزب ما روی داده و ما به محض اطلاع از آن در وب سایت حزب توضیح دادیم که این مطالب نظر مصاحبه کننده است نه نظر حزب دمکرات کردستان ایران و در شماره آینده روزنامه

"کوردستان" نیز این توضیح را درج خواهیم کرد، تا هیچگونه شبهه ای در این مورد باقی نماند.

ضمنا لازم به ذکر است که سیاست حزب دمکرات در تقویت حسن همجواری و همزیستی میان همه ملل ایرانی به ویژه دو ملت ترک و کرد از آنجمله در زمان دو حکومت جمهوری کردستان و حکومت ملی آذربایجان در سالهای-25-1324- بر شما و همه برادران آذری که آشنائی مختصری با تاریخ این منطقه داشته باشند کاملا روشن است ، لذا چنین اشتباهاتی از هر طرف که روی دهد نباید موجب نگرانی باشد. به ویژه که شخص مصاحبه کننده نه از اعضای رهبری حزب و سیاستگزاری حزب می باشد.

دوست شما

مصطفی هجری

26 مارسی 202006

به دوای وەڵامەکەی کاك مستەفا هیجری دا ئاغای نەزمی ئەفشار کە سیاسەتیی نەرم کێشی و دەست و دڵ ئاوەڵایی کاك مستەفای بەو شێوەیە بۆ دەرکەوت، بەو خەڵاتە حاتەمییەش دڵی ئاوی نەخواردەوە. لە وتووێژێك دا ئەوەند ەی دیکەش ویستی پاوانخوازانەی خۆی لە سنوور ترازاند و، چێشتەکەی ئەوەند ە خەست و خۆڵ کرد کەوچکی تێنەدەگەڕا.

بۆ ئاگاداریی زیاتری خوێنەری خۆشەویست بێ جێ نازانم دەقی وتووێژەکە کە لە سایت وەرمگرتووە، دەقاودەق و بێ هیچ دەستێوەردانێك لێرەدا تۆمارکەم:

## د. ئەفشار لەمەڕ نامەکەی بۆ مستەفا هیجری دەدوێ

**وەرگێڕ: ح. خاسەڕەنگ**

**ماڵپەڕی "شەمسی تەبریز" لە 2-2-85 (22 ی ئاوریلی 2006 ) دا بەشی سێیەمی وتووێژی ئەو ماڵپەڕەی لە گەڵ دوکتور نەزمی ئەمیر ئەفشار بڵاو کردووەتەوە. لەو بەشەی وتووێژەکەیدا ناوبراو باسی نامەکەی خۆی بۆ هیجری و وڵامەکەی وی دەکا و بە شێوەیەکی رووهەڵماڵاوانە دەیەوێ " گەورەیی " خۆی جەخت بکاتەوە. بۆ ئاگاداری خوێنەوەران دەقی ئەو بەشەی وتووێژەکە وەکە خۆی وەرگێڕدراوە ولێرەدا پێشکێش دەکرێ. ...**

*** بەڕێزتان لە نامەیەکدا کە بۆ سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانتان نووسی، خۆتان بە بانگەشەدەری تەعامول لە**

گـەڵ کوردەکـان هێناوەتـە گـۆڕێ. گـەلۆ ئەمـە بۆچـوونی تاکەکەسی خۆتانە و یان ئـەوەی ئەمە بۆچوونی تەشکیلاتی ئێوەیـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــەڕ؟

لە وڵامدا دوکتور نەزمی ئـەمیر ئەفشـار دەڵـێ: " ئەگـەر ئەمـە بۆچوونی تەشکیلاتی ئێمـە نەبووبایـە ئـەمن ڕێگـەم بـە خـۆم نـەدەدا کـارێکی ئـەوتۆ بکـەم. لـەو کۆمیسـیۆنەدا، بڕیـاری نـاوخۆیی ئێمـە ئاوایـە کـە هـەموو هـەنگاوێک دەبـێ بـە پێـی تەوافوق هەڵهێندرێتەوە. سەبارەت بە تەعامول، کە ئەمرۆ لە ئەدەبییاتی سیاسی ئێراندا بە کار دەهێندرێ، دەبـێ دڵپاکانـە بڵێم کە من " ما وەزەعە لەهە"ی وی باش نازانم. بەڵام ئەگەر مەبەستتان ئەوەیە کە ئەمن باوەڕم بـە هـاوژینی هێمنانـە لـە گـەڵ ڕێـزی دوولایەنـە هەیـە، بـە بـێ دەرفـەت دان بـە دەنگـی لوورەی قەزەوەنی ڕێوییان، کە تەنێ وەکوو کەڵە فرێزوو لـە ژینگەیەکی ئاڵۆز و ئـالوودە دا دەتـوانن بمێننـەوە و خۆیـەک تـــەکان بـــدەن، بـــایی هاندانـــەکان و وروژاندنـــەکانی نابەرپرسیاری گرێی خۆڕانان و مەیدانداری خۆیان بە خـوێنی جەوانان و مندالانی بێ سووچی تـرک و کـورد، بـدەن، سـەد هەڵبەت کە بەڵێ من و یارانم، باوەرمان بەو جۆرە تەعامولـە هەیـە و دڵسـۆزانە نەتـەوەی ئازەربایجـان رادەسـپێرم کـە نەکەونـــــــە داوی دوژمنـــــــانی ئێمـــــــــە.

بە هەڵە لێکنەدرێتەوە، سیاسـەتی "تـەعامول" تـەنێ لـە بـەر لاوازی یـــــان ناتوانـــــایی نـــــابێ ببـــــێ، تـەعامول لــە گــەڵ دەســتەڵات و دیپلۆماسـی تـۆبزیش لـە

فەرهەنگی سیاسی جیهاندا هەیە. بەڵام ئاشکرایە، دەبێ دوایین توێژی دیپلۆماسی و دوایین ئامرازی سیاسی بێ. پێشتر گوتوومە، ئێمە دەبێ بە تەسەور و بیرەوەرییە مێژووییەکانی خۆماندا چاو بخشێنینەوە. ئێمە، نەتەوەی ترکی ئێران، جگە لە شۆوێنیزمی فارس نەبێ چ دوژمنێکی درێژخایەنمان نییە، کە لە زاتی خۆیدا دوژمنی ناسنامە و لە ئاکامدا، دوژمنی هەرمانی ئێمەیە. مێکانیزمیماڵوێرانکەری شۆوێنیزمی فارس، هێندێک هۆکاری دنەدەری بۆ خۆی پێکەوە ناوە ( کە بە پاڵپشتی پێشینەی مێژوویی ئەوان لە گەڵ نەتەوەی ئێمە، یان نەتەوەی گرێدراو بە ئێمە ) دیارە کە دوژمنایەتیمان لە گەڵ دەکەن. ڕووس ە هەرمەنی لەو توێژاڵکە دان.

ئەمن لەو باوەرە دام کە کوردەکان لە زاتی خۆیدا دوژمنی ئێمە نین و بە شێوازی بە ئاوەز دەتوانن ببنە دۆستی ئێمەش. ئەگەر ئەو هەلوومەرجە لە هەر نەتەوەیەکی دیکە تەنانەت برایان و خوشکانی عەرەبی ئێراندا ( کە ئەمرۆ بە متمانەترین دۆستی ئێمەن) هەبووبایە ئەمن حە ساسییەتێکی زۆرم نەدەبوو. بەڵام ئێمە لە گەڵ کوردەکان مەحکوومین بە هاوژینی و پێویست ناکا عاشقی یەکدیش بین تەنێ بەسە ڕێز لە مافی یەکتر بگرین و ئێمە ئەزموونیکی ئەوتۆمان هەبووە. تەنێ بەرژەوەندی هاوبەش و ڕێبەرانی شیاوی چاکەخواز و سەر بەخۆ دەتوانن ئەو چیرۆکە دووپاتە بکەنەوە.

ئـەمرۆ بەرژەوەنـدی هاوبـەش هەنـە، هـە دووک، نەتـەوەی غەدرلێکراو و لاواز کراوین کە لەو سەدەی دوواییدا، بووینەتە ئامانجی سێرەی شووورەیترین دوژمنکـاری ئـەو حکوومەتانـەی دەستەڵاتداریان کردووین، و لە دانیشتووانی ناوەند، جگە لـە تالان و خواردن و ئێعدام و داگیر کردنـی نیزامـی و بۆمببـاران شتێکی دیکەمان نـەدیتووە. هەڵبـەت زۆر سـاویلکانەیە ئەگـەر باوەر بکـەین کـە کوردەکـان، چ چاویـان لـە سـەر زەوی ئێمـە نییە، بەڵام ئەگەر موڵکێک بێ خاوەن بێ، دراوسێکان وەنەبێ چاوی تێنەبڕن. لە مەتەڵ هێنانەوە دا موناقەشـە نییـە و ئـەو مەتەڵە، " بە یـەک شـوباندنی جییـاوازان" ە، لـە لادێ تـرک نشـینەکاندا دەڵـێن : " لــە گـەڵ گـورگ نزیکـی بکـە بـەڵام گۆپاڵەکـەت هـەر بـە دەسـتەوە بـێ". ئێمـە ئەگـەر ئیـرادە و دەستەڵاتی پاراستنی سـەرزەوی خۆمـان هـەبێ، ئـەوە، نـەک دەبێتە هۆی، ئەوەی باوەر بە خۆمان بهێنین، بەڵکوو دەبێتـە هـۆس تێرامـانی دوژمنـانی موحتەمـەل وئەوانـەی چاویـان بڕیبێتـە سـەرزەوی ئێمـە. پێویست بـە تاقیکردنـەوەی زۆر و تۆبزی نییە و لەوەش کەمتر پێویستتر دنەدان هو ورووژاندنی لـــــــــــــە خـــــــــــــــــــــۆوە.

ئاغـای حامێـد ! (بەرپرسـیاری سـایتی شەمسـی تـەبریز- وەرگێڕ) بەڵێ من ئـەو نامـەم نووسـی، چونکـوو لـەو بـاوەڕە دابـووم کـە ئـەوە، دەنگـی وشـداریدانی زۆربـەی نەتـەوەی ئازەربایجان بە تایبەتی خەڵکی ئازەربایجانی رۆژئاوایە. من ئەو نامەیەم نووسی، چونکوو ئاگام لە ئعتبـاری کۆمەڵایـەتی

و سیاسـی خـۆم لـە نـاو نەتـەوەی کـوردی دانیشـتووی ئازەربایجـــــــــــان دا هەیـــــــــــــە.
ئەمن دەزانم بە هێنانە خـوارەوەی دەنگی تـەپڵی خوێنخـوازی هێندێک داخ لە دڵـی نابەرپرسیار، دەکرێ هـەمان رابـردووی شیرین کـە لـە جەنگـەی حکوومەتـە نەتەوەییـەکان دا هـەمان بوو، دووپاتە ببێتەوە. لە ماوەی ساڵێکدا کە هەموو نەتەوەی ترک و کورد چەکدار بوون و سنوور و زاڵگە لە گۆڕێدا نـەبوو دڵۆپێک خوێن لە کەپۆی کـەس لـە سۆنگەی تـرک یـان کـورد بـــــــــــــــــــوون نـــــــــــــــــــــەتکا.

هاسانە کە (کەسێک) ببێتە " غولام یـەحیا"، و دوای هـەڵاتن، بـایی کـردەوە و رەفتـاری خـۆی بـە خـوێنی سـی هـەزار دانیشـتووی بێتـاوانی ئازەربایجـان ببژێـرێ، و شێست سـاڵ تونـد کردنـی دوژمنایـەتی بـۆ گیـانی نەتـەوەی ئازەرباجـان بکڕدرێ و ڕێگەی پڕ لە شەڕەف و ئینسانی نەتەوەی حەقخواز و ڕێبـەری عەداڵـەتخوازی وی زەدە دار بکـرێ. دەکـرێ (مـرۆ) ببێتە رەفسەنجانی و بایی زێدەخوازی و هێزخوازی خـۆی بـە یەک میلیۆن شەهید و سێ میلیـۆن مـەعلوول، و بـە میلیۆنـان دایک و باوک و منداڵی تازیـە بـار ببژێـرێ. بـەڵم دژوارە کـە (مـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــرۆ) خودالێخۆشبوو پیشەوەری یان شەهید قـازی محەمـەد بێ لـە نـــــــەبوو بـــــــــوون ســـــــاز کـــــا .

ئەمن کاردانەوەی پۆزیتیڤی ئەو نامەیەم لە زۆربەی بە ئاوەز ە خەباتکارانی بەرپرسیار بیستووە و سپاسی پشتیوانییان دەکەم. ئەو گەورەییانە منی خۆشحاڵ کرد و هەر وەها بیستوومە کە نامەکەی من لە گوێی داخ لە دڵێک، و دوو لە شەقاوەکانی دا ناخۆش بووە.
بەخوێنی پڕ لە شەڕەفی ترکم سوێند دەخۆم، کە ئەو خەبەرە خۆشحاڵتری کردم. چونکوو پێم زانی کە کارێکی دروستم کردووە. رێگەم بدەن ئەو نامەیە و وڵامەکەی هێندێک شی کەمەوە.

ئەمن رێگە بە خۆم نادەم، بە بیانووی دیپلۆماسی، شانی بەرزی ترکانی ئازەربایجان، بڕووسکەیەک چییە ، بهێنمە خواریٚ و نەشم هێناوە.
من بە ئاغای هیجری م گوتووە " مەهێڵن کایە بە بیرمان بکریٚ" و بە رێزەوە، داوام لێکردوون لە کورت بینی خۆ دووربگرن " و رێگە مەدەن کە هەلومەرجی دەمی و لە گۆڕانهاتووی جیهانی و بەرژەوەندی دەمی جیهانمەداران، بەسەدان ساڵ هاوژینی رابردووی ئێمە بئالۆزێنن و داهاتوومان وە گومان خەن ".
ئەمن بە بیٚ پێچانەوە و بە راشکاوی باسی خراپەکارییەکانی پێشوو و تاڵان و بڕۆکانی رابردووم کردووە" بە گوتنی ئەو راستییە، خۆشحاڵم کە " بیرەوەری مێژوویی" نەتەوەی نەجیب و پێزانی ئازەربایجان و کوردستان بە دڵگەرمییەوە لە

بەر چاو دەگرێ و ئەوانی وەکوو بیرەوەرییەکانی " نەتەوەی کورد "، لە بیرەوەی مێژوویی خۆیدا بە زیندوویی ڕاگرتووە. هەر وەک چۆن کە ، بە دڵئاوایی ە گەورەیی تایبەتی خۆیەوە، تالان و بڕۆکانی سمکۆ وەکوو " تالانکەر و مرۆ کوژێک " بێ پێوەندی بە ناسنامەی ئێتنیکی و نەتەوەیی وی
،
بە ئارشیڤێکی کار پێنەکراو ئە سپاردووە " .

ئەمن لەو نامەیە دا گەورەتر بوونی ئازەربایجان، و ڕێبەری حکوومەتی نەتەوەیی ویم، وەبیرخستووەتەوە " خودالێخۆشبوو پیشەوەری لە کاتی چوونی بۆ تاران بۆ وتوویژ لە گەڵ قەوام، لە وڵامی نیگەرانییەکانی کاربەدەستان، لە پای پلیکانی فڕۆکە دا، لە کاتێکدا دەستی لە سەر شانی شەهید قازی محەمەد بوو، گوتی : ئەگەر ئەمن ئەمڕۆ، بە پێداویستی دەچمە تارانێ، جێگەی نیگەرانی نییە، برای گەورەم قازی محەمەد لە ئازەربایجانە".

ئەمن بە ڕاشکاوی ناوچە کوردنشینەکانم، تەنانەت پێتەختی کۆماری کوردستانم، بە ناوی هەمیشە ئازەربایجان باس کردووە "عەشیرەتەکانی دانیشتووی لێواری ڕۆژئاوای سەرزەوینی ئازەربایجان".

ئەمن بە پێچەوانەی باوەری خۆم و وەکوو ئعتراز، لە سەر

ناوی ترکی پێتەختی کۆماری کوردستان پێم داگرتووە " لە سەردەشـــــــت، ســـــــاوجبلاغ، ســـــــڵدووز " .

ئـەمن داوام لێکـردوون خۆیـان لــە پەرەپێـدەری خـوازی هەنووکەیی پشتیوانی زووتێپەڕی هەلومەرجی جیهانی، بە دوور بگرن " من باش دەزانم کە لە ناو هەموو نەتەوەیەکدا " ئۆرتۆدۆکسـی " وەهـا هـەن کـە نەخۆشـانە بـە ئـاواتی پەرەپێدەرانە و دوور لە عەقڵی خۆیانەوە نووساون و پێشی هەموو جۆرە هێوری، رێککەوتن و دۆستایەتی دەگرن " .

ئـەمن کـردەوەی بـەڕێزیانم لــە پێوەنـدی لــە گـەڵ (دانـی) بەیانییەی هاوبەش لە گەڵ پان ئێرانیستەکان بە کورتبینی داناوە " ئەمن تەنانەت، ئێتیلافی ئێوە و پان ئێرانیستەکانم لـە پاریسیش، وەکوو ( کـارێکی) " بـە پەلـە و بـە هەڵپـە، کەرتبینانـــــە و نـــــا ناوەنـــــدی " وەرگرتـــــووە" .

ئـەمن هێنـدێک لــە کردەوەکـانی ئـەوانم بـە کایـەی منداڵان شوباندووە و بە " نەپەژرێندراو، و نـە جێگـەی تەحـەمول" داناوە. " و تەنانەت نییەت خۆشی من و گەورەیی نەتـەوەی کۆنە ساڵ و مەزنی ئازەربایجان و نەتەوەکان و دەوڵەتەکانی ترکی دراوسێ، کایەی " ئەمن نەبووم دەستم بوو " زیاتر لەمە بە شیاوی پەژراندن و تەحەمول کردن، نـازانن. و لە کۆتاییش دا وەک برایەکی گەورەتر، نەسیحەتم کردووە

و رام ئەسپاردووە بۆ هەڵهێنانەوەی هەنگاوێکی حیزبی "ئەمن وەکوو دۆستێکی واقعی نەتەوەی کورد، و هاوسەنگەری ئێوە لە ڕێبازی وەدیهێنانی مافی نەتەوە ئێرانییەکاندا، لە جەنابی بەرزتان چاوەڕێ دەکەم بە دەر کردنی ڕاگەیاندراوێک، گشت ئەو هەست و کوڵە توند و نابەرپرسانە تاوانبار بکەن و بۆ هەمیشە کۆتایی بهێنن بە کەتن و پیلانەکانی دوژمن کە لە ڕێگەی هەرە کورتەوە، لە زمان تیژپەڕانی کورد و ترکەوە مەیلی دەخوێن گەوزاندنی سەرزەوی ئێمەی هەیە " من ئەوەی دەبێ پێت بڵێم، پێت دەڵێم / ئەتۆش یان بە گوێم بکە و یان لێم زویر بە"

ئەوانیش بەو پەڕی مێهرەوانی و ڕێزەوە، بە بێ پچووکترین هەڵوێستی خۆپاراستن یان دەستەوەستانی، مۆری تەئییدیان لە پنکتە کلیلییەکانی نامەی من داوە. " ئاغای دوکتور عەلیرەزا نەزمی ئەفشار، دۆستی خۆشەویست، نامەی پڕ لە مێهر و دڵسۆزانەی ئێوەم پێگەیشت. لە دەربڕینی هەستی بەرپرسیارانەتان لە پێوەندی لە گەڵ پاراستن و بە هێز کردنی دۆستی و برایەتی نێوان دوو نەتەوەی ترک و کوردی دانیشتووی ئازەربایجان سپاستان لێدەکەم و لە کەسێکی تێگەیشتووی وەک جەنابی بەرزتان جگە لەمە چاوەڕێ ناکرێ ".

ئەوانیش دڵپاکانە نیگەرانی و پەرۆشی خۆیان دەربڕیوە لە

مەترسی مەیدانداری تەپڵ کوتانی خوێنخوازی و خوێنرێژی.
" من و حیزبەکەم رابردووەکانی تاڵ و شیرینی کە ئەم دوونەتەوە لە ئازەربایجان بە یەکەوە تێپەڕاندووە، پیلانی حکوومەتە کانی تۆتالیتێری پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی، دەستتێوەردانەکانی بێگانەکان و کردەوە و وتاری نابەرپرسانەی تیژۆڕانێک لە هەر دووک لا دا بۆ ساز کردنی کەشووهەوای گرژ و چاندنی تۆوی دووبەرەکی لە نێوان هەر دوو نەتەوەی کورد و ترک مان لە بیرە و لە دووپاتە بوونەوەیان هەمیشە نیگەران و بە پەرۆشین. لە ئازەربایجان دا دوو نەتەوەی ترک و کورد مەحکوومن بە ژیان بە تەنیشت یەکەوە ".

جەنابی هیجری، بەو پەڕی گەورەیی ڕاسپاردەی منی بۆ( هەڵهێنانەوەی) هەنگاوی حیزبی ، پەژراندووە و نووسیویە " بڵاو کردنەوەی وتوویژی رامبودی لوتفی پووری کە بە وردی بە پێچەوانەی سیاسەتی حیزب لەو بارەوەیە دایە لە رۆژنامەی " کوردستان" دا هەڵەیەک بووە لە لایەن بەشی ڕاگەیاندنی حیزبی ئێمەوە کراوە و ئێمە هەر بە ئاگادار بوون لەو مەسەلەیە لە وێبسایتی حیزب دا ڕوونمان کردەوە کە ئەو مەبەستانە بۆچوونی وتووێژکارەکەیە نە بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و لە ژمارەی داهاتووی ڕۆژنامەی " کوردستان" یش دا، ئەو ڕوونکردنەوەیە بڵاو دەکەینەوە، بۆ ئەوەی هیچ جۆرە گومانێک لەو بارەیەوە لە

ئـــــــــــــارادا نــــــــــــــــەمێنێ ".

ئەمن ئەوەندە ساویلکە نیم کە پێم وابێ گرفتی ئێمە جێ بەجێ بووە بەڵام ئەوەندەم بـاوەر بـە گرینگـی مەسـەلەکە هەیـە کـە حـــەولی خـــۆم و یـــارانمی بـــۆ بـــە کـــار بهێـــنم. ئێمـــە لـــە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بۆ پاراستنی هێمنی پێویستیمان نـە بـە ئەرتەشبودی فارس زمان و نە مەئموورەکانی پاراستنی هێمنی کـۆڕی نەتـەوە یەکگرتووەکانـە. دوو نەتـەوەی تێگەیشـتوو، دەتـــوانن پنکتـــی لاوازی و بـــەهێزی یـــەکتری بـــزانن و بـــە دیپلۆماسی بەئاوەز، بە تەفاهومەوە لە گەڵ یەک بژین. ئـەو تەعامولـە تـەنێ بۆ دانیشـتووانی قـانوونی و خـۆجێی و نـە گرێـــــدراو بـــــە کـــــۆڕ و کۆمـــــەڵی دەرەوەیـــــە.
نەک هەر کورد، هەر نەتەوەیەکی کە چاوی لە بڕووسکەیەک لە خاکی پاکی نەتەوەی تـرک بـێ، ئەگـەر بـە ئـاگر و خـوێن نـــەبێ، بـــەڵکوو بـــە چنـــگ وددان ڕۆژگاریـــان ڕەش و تاریـــک دەکـــــــــــــــــــــــــــــــــــــەین.
بەڵام ئەمە تەنێ لە پاراستنی خاکی ئازەربایجـان دا مـەجازە. ئاتـــاترک بـــۆ پاســـاو دانـــی 250000 شـــەهیدی چانـــاق قـــەڵا گوتی : دایکانی ترک، بە میلیۆنان ڕۆڵـەی دیکـە دەزێـن بـەڵام هـــــیچ دایکێـــــک، نـــــاتوانێ بســـــتێک خـــــاک بـــــزێ.

ئاغای حامێد، ئەگـەر مەبەسـتی ئێـوە لـە تـەعامول ئەوەیـە، بەڵێ من مەیلم هەیە بە تەعامول لە گەڵ هەموو نەتەوەیەک و

**ئیمانم هەیە بە تەعامول لە گەڵ هاونیشتمانانی کورد. بەڵام هەر نەتەوەیەک، تەنانەت کورد، لە دەرەوەی سنوورەکانی ئازەربایجان و ئێران ڕا، بییەوێ لە سەر زەوی پیرۆزمان دا امادەیی شەڕنانەوە یان گێرە و کێشە دروست کردنی هەبێ ، لە گەڵ ئەوان چ دەگا بە تەعامول، بەڵکوو روحم و بەزەیش بە حەرام دەزانین. تێرۆریستەکانی پژاک و پ.ک.ک. بە تووڕەیی و ئاگر و خوێن ، بە دەستی ڕۆڵەکانی بوێری نەتەوەی ترکی ئازەربایجان ڕادەماڵدرێن بۆ هێلانەکانیان لە دەرەوەی سنوورەکانی سەر بەرزمان. ئەمن نەتەوەی شەریفی ئازەربایجان و سنوورنشینانی قارەمانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بە خودای گەورە دەسپێرم.**

سەرچاوە : www.shamstabriz.com

بەڵێ خوێنەری خۆشەویست! ئەوەیە هەڵوێست و بیر و بۆچوونی شۆڤێنیستانەی کەسێك کە کاك مستەفای هیجری بە دۆستی دڵسۆزی خۆی و خەمخۆری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لە قەڵەم داوە!! ئەو دۆستە دێمۆکڕات و سادقە کە لە وتووێژێکی دیکە لەگەڵ کاك خالیدی محەممەد زادە دا، لێ بڕاوانە پێی لەسەر ئەوە دا گرتۆتەوە کە : نەخشەی کوردستان هەوەس مەندانەیە و بە کردەوەیەکی نا بەرپرسانەی قەبلاندوە . شەهید سمایلی سمکۆ کە وەك ڕێبەرێکی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی نەتەوەکەمان لە مێژوو دا ناسراوە، بە تالانچی و جەنایەت کار دەناسێنێ و دەڵێ : " ئەوانە کە ئەمڕۆش سمکۆی شکاکیان پێ ڕێبەرێکی قارەمانی نەتەوەیی یە سرووشتی یە بێ بەرین لە

فەلسەفەیەکی سیاسیی مۆدێڕن و نێونەتەوەیی و، ئێستاش هەڵگری ئەو باوەڕە سیاسیی یەن کە بە دەمار گرژیی نەریتی وپێك هاتەی عەشیرەیی و خان و ڕەعیەتی یەوە پشت ئەستوورن " .

لە وەڵامی ئەو پرسیارە دا کە ئازەربایجان چ ڕێگایەکی بۆ چارەسەری کێشەی تورك و کورد هەیە ؟ دەڵێ : " هەر ئەو نامە نووسینانەی من و بەڕێز هیجری، باشترین دەسپێك بوو کە دەیتوانی دۆستایەتیی سەردەمی حکوومەتەنەتەوەیییەکان وەبیربێنێتەوە " . دیارە ئەو نامەی کەوەك بەڵگەیەکی مێژوویی بە دەستەوە گرتوە، بەوەشەوە نەوەستاوەتەوە و لە وەڵامی ئەو پرسیارە دا کە نیوەی شارەکانی باکووری کوردستانی ئێران لسە سەردەشت و مەهابادەوە تا ورمێ و سەڵماس و خۆی و . . . بە ئازەربایجان دەزانێ یان کوردستان ؟ دەڵێ : " ئەوە لە سەردەمی مادی چووکەوە ئازەربایجان بوە و هەتا هەتایەش ئازەربایجان دەمێنێتەوە "

ئێستا هەر ئەوەندە ماوە کە بڵێین کاك مستەفا هەتا خاوەنی دۆستی ئاوا بێ هیچ نیازێکی بە دوژمن نیە .

مەسەلە کە تا پێ دەچوو زۆرتر تەشەنای دەکردە نێو بیروڕای گشتی و، کاك مستەفا زیاتر دەکەوتە بەر لێشاوی ڕەخنەی بە تەنگەوە بوانی ماف و ئازادی یەکانی گەلی کورد . بە شێوەیەك کە تەنانەت جەناحەکەی خۆشی کە بەڕواڵەت وەسەر خۆشیان نەدێنا، نەیان توانی لەوە زیاتر خۆی لێ وەدزن و، هاتنە سەر ئەو ڕایە کەدەبێ بەشێوەیەك پینەوپەڕۆی بکەن . بۆ ئەو مەبەستەش کاك برایم لاجانی سازدانی وتووێژێکی لەگەڵ کاك مستەفا لە دەرەوەی وڵات کردە بانوو کە بەڵکو بەشێوەیەك پاساوی بد اتەوە . کاك برایم لە بەشێکی وتووێژەکە دا پرسیارەکەی ئاوا دێنێتە گۆڕێ :

پ : نامەیـەك کـە دوکتـور عـەلی ڕەزا نـەزمی ئەفشـار بـۆ بـەڕێزتانی نووسیوەوئێوەش وەڵام تان داوەتەوە هێندێك پرسیاروباسی هێناوەتـە پـێش . قسە ئەوەیە ناوبراولەنامەکەی دا بێ حورمەتیی بـە سـمکۆی شـکاك کـردەوە و لەوەش زیاتر ئامادە نیە ڕاستی یەکان قەبووڵ بکـا . جـا کەوایـە چـۆن دەبوایـە بەڕێزتان وەڵامی بد ەنەوە؟ بۆ دەبـێ لەگـەڵ نوێنـەرانی ناسـیۆنالیزمی ئـازەری دیالۆگ بکەین؟

و : بە دوای وتووێژێك کەئەوکات لـە ڕۆژنامـەی " کوردسـتان " پـێك هـاتبوو، تـەحریکاتێکی زۆر لـەنێوان توورکـەکانی ئـازەری و توونـد ڕەوە دژی کودەکـانی ئەو ئووستانە پێك هات . دوکتور نەزمی ئەفشار کە پێوەندیی لە مێژینەی لەگەڵ حیزبی دیـموکرات و خۆم هەیە، ئەو نامەیەی بۆ من نووسی و منـیش وەڵامـم بـۆ نووسی یەوە و دەبوایە هەر واش بایە . لەسەر ئەونامەیە و وەڵامەکەی پێویستە بڵێم :

یەکەم : ئـەو نامانـە تایبـەتی بـوون و نەدەبوایـە بڵاوبکرێنـەوە، ئـەوەش کـە دوکتور نەزمی ئەفشار بڵاوی کردوونەتەوە، کارێکی بەجێ نیە .

دووهەم : ئەوە کەنامەکەی من بە مەبەستی ئارام کردنەوەی وەزعەکە بووە و نەمویستوە بچمە سەر یـەك یـەکی ئـەو خاڵانـەی کـە لـە نامـەی لایـەنی دیکـە دا هاتوون . ئەوەش قەت بـەو مانایـە نیـە کـەمن خـاڵ بـە خـاڵی نامەکـەم قـەبووڵ کردبێ . هەروەکوو ئەو و توورکەکانی دیکەش بۆ چـوونیان لەسـەر زۆر مەسـەلە وەك ئێمـە نیـە . بۆیـە ئێمـە ناتوانیـن و نـاکرێ بـەوان بسەلـمێنین کەسـمکۆ پیاوێکی نیشتمان پەروەر بووە و ئەوانیش ناتوانن بەئێمە بسەلـمێنن کە سـمکۆ چـەتە بـووە . بـەڵکوو ئێمـە دەتوانیـن لەسـەر چـەند خـاڵێکی هاوبـەش کـە بەرژەوەنـدیی هـەر دوو لای تێـد ا بـێ لـە ئێسـتا و داهـاتوو دا پێکـەوە بـژین و کێشەکانـمان چارەسەر بکەین . هونەری ئێمە وەك حیزبـی دیـموکرات و هـەموو

کوردێکی واقیع بین که هەست بەبەرپرسایەتی دەکا لە دۆزینەوەی ئەو خاڵە هاوبەشانە دایە، ئەوەش کارێکە زۆر گرنگ کە پێویستیی بە کاتێکی زۆروباس و وتوێژی درێژ خایەن هەیەولەکاتی خۆی دا دەبێ بکرێ کەئێستا کاتی نیەوهەموو نەتەوە بن دەستەکان لە ئێران دا دەبێ وریا بین کە دوژمنی سەرەکیی خۆمان لە بیر نەچێ کە کۆماری ئیسلامی یە و دوژمنی دیکە بۆ خۆمان دروست نەکەین . چونکە کاتێک کەلێنێك بێتە پێش، کۆماری ئیسلامی زۆر باش بە قازانجی خۆی کەڵکی لێ وەردەگرێ .

لەو پێوەندی یە دا قسەی من ئەوەیە کە ئەگەر هەست بە بەر پرسایەتی نەکەین زۆر ئاسانە لە ئورووپا دانیشتن و چمان پێ خۆش بێ، بیلێیین . بەلاّم ئەگەر هەست بەبەرپرسایەتی بکەین، کاتێك قسە لە مەسەلەی توورکەکان دەکەین بیر لەوەزعی خوشك براکانمان کە نیشتەجێی ئازەر بایجانن دەکەینەوە . کورد و توورکە توونـد ئاژۆکان زۆریان ماڵ وێرانی بۆ هەردووك نەتەوە پێك هێناوە . بەلاّم قسەی من وەك سکرتێری حیزب لەگەڵ قسەی ئەو کەسانە، فەرقی هەیە چونکە من دەبێ بۆ قازانجی گەلەکەم بیر بکەمەوە و قسە بکەم نەك بەئارەزووی دلّم .

پ : ئەوە کە جەنابتان وتوتانە ئێمە دەبێ پێکەوە بەئاشتی بژین و تێکۆشین لە پرۆسەی سەقامگیر کردن و پەرەپێد انی دیموکراسی دا، مافە ڕەواکانی یەکتر قەبووڵ بکەین و فۆرمی گونجاو و هاوچەرخ بۆ چارەسەری کێشەکان بدۆزینەوەوکەڵك لەئەزموونی وڵاتە جۆراوجۆرەکانی دیکە وەربگرین، لە لایەن هێندێك کەسەوە بەبەخشینی خاکی کوردستان بە ئازەرییەکان لێك دەدەنەوە . دەکرێ ئەو مەسەلەیە زۆرتر ڕوون بکەنەوە کە داخوا ئەو تەفسیرە چۆن بۆ قسەکانی جەنابتان کراوە؟ مەبەستی ئێو چییە؟ کاکڵی قسەکانی جەنابتان لەو بارەوە چییە؟

و : قسەکانی من هیچ جۆرە تەفسیرێکی وای لێ ناکرێ . ئەو کەس یان کەسانەش ئەو تەفسیرەیان لە قسەکانی من کردوە، نایان ناسم و نازانم چەند ساڵ بۆ خۆیان لە ڕێگای کوردستان و کورد دا خەباتیان کردوە کەئێستا وا بەهاسانی ئیتیهامی کوردستانفرۆشی لە کەسێك دەدەن کە زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە لەو ڕێگایە دا فیداکاری دەکا؟ .

ئەوە بەشێك لە وتووێژەکەی کاك مستەفا بوو کە بەهیوابوون خۆی پێ لە ڕەخنەی دڵسۆزانی گەلی کورد قوتار بکەن . کاك مستەفا بە قسەی خۆی ئەو بەشەی خاکی کوردستانی بەو مەبەستە بە نەزمی ئەفشار بەخشیوە، کەناکۆکی و دوو بەرەکایەتی نەکەوێتە نێوان دوو گەلی کورد و ئازەری و، دوژمن (کۆماری ئیسلامی) بە سوودی خۆی کەڵکی لێ وەرنەگرێ! یان خودای نەخواستە نەزمی ئەفشار لێی بڕەنجێ!

داخوا لێرە دا ئەو پرسیارە نایەتە گۆڕێ کە چۆنە لە کۆنگرەی سێزدە بەم لاوە بە کردەوە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی دوولەت کردوەومافی نیوەی هاوسەنگەرانی لەمێژینە و خاوەن ئەزموونی ناوەتە ژێر پێ و، پشت ئەستوور بەو دەسەڵاتە دەتوانم بڵێم ناشەرعییەی لە کۆمیتەی ناوەندی دا بە دەستی هێناوە ئامادە نیە گوێ بۆ گازند ە و سکاڵاکانیان بگرێ؟ تۆ بڵێی ئەو گرژی و ئاڵۆزی و بێ سەرەو بەرەیی یەی لەنێو ڕیزەکانی حیزب دا بەدەستی خۆی خولقاندوویەتی، لە بەرژەوەندیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا نەبێ؟ ئەو داوەریە بە خوێنەری خۆشەویست دەسپێرم . داخوا ئەم وەڵامانە جیا لەوە کەمەسەلەکەی ئەوەندەی دیکەش ئاڵۆز کردوە، چی دیکەی بەدەستەوە دابێ؟!

ئێستا هەر لەوپێوەندی یە دا سەرنجی خوێنەری بەڕێز بۆ وتووێژی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە ڕادەکێشم و هەڵسەنگاندنی هەردووك

وتووێژەکان و داوەری لەسەر کردنیان بە خۆی دەسپێرم . فەرموون ئەوەش دەقی وتووێژەکەی مامۆستا حەسەن زادە کە لە سایت وەرم گرتوە:

**وتووێژی " پەیکی کودستان " دەگەڵ سیاسەتمەداری گەلەکەمان بەڕێز و تێکۆشەر مامۆستا عبدالله حسن زادە**

**هەڤپەیڤین : سەلاح عبدالله پوور**

پ : بەڕێز مامۆستا عبداللە حسن زادە، وەك ئاگادارن لەو ماوەیە دا کۆمەڵێك باسی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ سنووری جوغرافیایی کوردستانی ئێران هاتۆتە پێش کە زۆرتر لە ماڵپەڕەکانی ئینتێرنێتد ا دەبیندرێتەوە . پێمان خۆش بوو جەنابتان وەك تێکۆشەرێکی دێرینی جووڵانەوەی کورد ڕای خۆتان لەسەر چوارچێوەی ئەو باسە کە پێوەندیی بە سنوورەکانی کوردستانی ئێرانەوە هەیە دەر ببڕن .

بەڕێز حەسەن زادە : لەگەڵ سڵاو لە خوێنەرانی " پەیکی کوردستان " و دەسخۆشی لە کار گێڕانی ئەم بڵاوکراوەیە نوێیە، سەرکەوتنتان لە پەرەپێد انی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی و بووژاندنەوە و قووڵتر کردنی وشیاریی نەتەوەیی دا بەئاوات دەخوازم . وەڵامی پرسیارەکەتان ئەگەر بمانەوێ هەقی خۆی بدرێتێ، پێویستیی بەوەخت و دەرەتانێکی زۆروکارێکی کارناسانە و زانایانە و مێژوویی هەیە کەلانی کەم لەم دەرفەتە تەنگە دا لەتوانای من بەدەرە . بەڵام ئەمن پێم خۆشە لە ڕوانگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەم :

وەك دەزانین حیزبی دیموکرات لە بەرنامەی سیاسیی خۆی دا لە جیاتی ئەوەی سنوورێکی ڕوون و دیاری کراوی بۆ کوردستانی ئێران کێشابێتەوە، هێندێ پێوانەی بۆ دیاری کردنی چوارچێوەی جوغرافیایی کوردستان داناوە . لەوانە هۆیەکانی جوغرافیایی و ئابووری و ویستی زۆربەی دانیشتوانی هەر

ناوچەیەك . تەنانەت نێوەرۆكی ناوچەش بە وردی شی كراوەتەوە و دەتوانێ بە پێی دابەش كردنی وڵات (تقسیمات كشور) بەخش، شارستان یان ئوستان بگرێتە خۆی . بەو پێیە دیاری كردنی وردی چوارچێوەی جوغرافیایی كوردستان پێویستیی بە هەلومەرجێكی لەبار و لێكۆڵینەوەیەكی جوغرافیایی، مێژوویی، ئابووری، فەرهەنگی، ئیتنی و باس و ڕاوێژ لەگەڵ نوێنەرانی گەلانی دراوسێی كوردستان و تەنانەت نوێنەرانی دەوڵەتی ناوەندی، یان دەوڵەتی فیدراڵ هەیە .

بەو حاڵەش هەروەك لە ئەدەبیاتی حیزبی دیموكرات لە كۆنەوە تا ئێستا دەر دەكەوێ، لە ڕوانگەی ئەم حیزبەوە سەر زەمینی كوردستانی ئێران هەموو ئەو شاروشارۆچكە و گوند و پێ دەشت و چیا و چۆڵانە دەگرێتە خۆی كەلە دابەش كردنی ئێران دا چوار ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژ ئاوا، كوردستان، كرماشان و ئیلامیان لێ پێك هاتووە . ڕەنگە هێندێك كۆچ و كۆچباری زۆرە ملیی كورد بۆ ناوچەكانی دیكەی ئێران و كۆچی پێچەوانەی گەلانی دیكە بەتایبەتی لە دەورانی پاشاكانی سەفەوی دا و هەروەها هێندێ ئاڵوگۆڕی سرووشتی یان دەسكردی دێمۆگرافی لە هێندێ شوێن، لێك جیا كردنەوەی سنوورەكانی دژوار كردبێ، كە ئەمە دەبێ بەڕاپرسی لە دانیشتوانی ناوچەكان چارەسەر بكرێ . بەڵام لەسەر یەك ئەو چوار ئوستانە بەماڵی كورد و سەرزەمینی كوردستان دەناسرێن .

پ : وەك دەزانن ڕێژیمە یەك لە دوای یەكەكانی ئێران بۆ شێواندنی دێمۆگرافیی كوردستان كۆمەڵێك سنووری دستكردی ئیداری و دەوڵەتی یان داناوە، بە شێوەیەك كە لە هەندێ ناوچە دا بەتایبەت لە موكریانی هەمیشە كوردستان كە ناویان ناوە " ئازەربایجانی ڕۆژ ئاوا " بۆتە كێشەیەكی نەتەوەیی لە نێوان كورد و ئازەری دا . تكایە بفەرموون ئێوە وەك یەكێك لە كەسایەتییە سیاسییەكانی ڕۆژهەڵات كە ماوەیەكی زۆر ئەندامی سەركردایەتی و سكرتێری

حیزبی دیموکراتبوون، له ماوەی تێکۆشانی جەبتان له سەر کردایەتیی حیزب و له دەورانی شەهیدی مەزن دوکتور قاسملوو دا سیاسەتی حیزب سەبارەت بەم شوێنانه چۆن بووه و ئێستا چۆنه؟

بەڕێز حەسەن زاده : هەر له کۆنەوه حکوومەتەکانی ئێران کەله بەشی هەرەزۆری مێژووی ئێران دا ڕێژیمی پاشایەتی بوون، سیاسەتی نکوولی کردن له فره نەتەوەیی بوونی ئەم وڵاتەیان ڕەچاو کردوەوقەت نەیان ویستوه دابەش کردنی نێوخۆیی ئێران سرووشتی جۆراوجۆریی نەتەوەیی پێوه دیاربێ . بۆیه ئەگەریش ئوستانێك به ناوی فارس هەیه و یەك بەناوی کوردستان و یەکی دیکه به ناوی ئازەربایجان یان تەنانەت به لووچستانیش، هەرگیز ڕێگه نەدراوه ئەو ناوچانه که نەتەوەیەکی تایبەتییان لێ ده ژی هەموویان وەك یەکەیەك به ناوی نەتەوەکەوه بناسرێن و ئەمجار به چەند ئوستان دابەش بکرێن . خۆ کاتێك مەسەلەکه پێوەندی به کوردەوه پەیدا دەکا، ئەو نیازه نارەوایه ڕوونتریش دەردەکەوێ و دەبینین که بەشێکی کوردستان تەنیا ناوچەی ئێرانه که نەك هەر بەناوی خاوەنانی خۆیەوه ناودێر نەکراوه به لکو ناوی نەتەوەیەکی دیکەشی لەسەر دانراوه .

پێویسته بگوترێ کەمەبەستی ئەم وەڵامه به هیچ جۆر ئەوه نیه که نکوولی له بوونی ڕۆڵەکانی نەتەوەکانی دیکه لەسەر خاکی کوردستان بکرێ . بەتایبەتی ئەو بەشەی کوردستان که به ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژ ئاوا دەناسرێ سەدان ساڵه کورد و توورکه ئازەری یەکان پێکەوه دەژین و مێژوویەکی دوورودرێژیان له خۆشی و ناخۆشی و خەباتی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەش هەیه . ئازەر بایجانییەکان براوهاومالّی کوردن و له داهاتووی کوردستانیشد ا خاوەنی هەموو مافێکی هاو نیشتمانین، بەڵام به باوەڕی من که دیاره ڕوانگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیشه ئەمه هیچ لەو ڕاستییه ناگۆڕێ که خاکه که

خاکی کوردەوناوی واقیعی و شیاوی خۆی کوردستانە نەك ئازەر بایجان . نە ناوچەی قووچان لە خۆراسان بە بوونی زۆرایەتیی کورد بۆتە کوردستان و نە ئەم بەشەی کوردستانیش بە بوونی خوشك و برا ئازەرییەکانمان دەبێتە ئازەر بایجان . خاکی مێژوویی کورد هەر ناوێکی لەسەر دابنرێ هەر کوردستانە و هەر کوردستان دەمێنێتەوە . ئەمە بە کورتی ڕوانگەی حیزبی دیموکرات بووە و پێم وانیە ئێستاش هیچ گۆڕانێکی بەسەر دا هاتبێ .

پ : ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە حیزب بەڕوونی سیاسەتی جوغرافیایی خۆی لە کوردستانی ئێران دا ڕوون بکاتەوە ؟

بەڕێز حەسەن زادە : پێم وایە هەروەك لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشتر دا گوتم سیاسەتی حیزب لە بارەی چوارچێوەی جوغرافیایی کوردستانەوە ڕوونە . بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە بە خەتکێش سنوورەکانی کوردستان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران دیاری بکرێن . بە باوەڕی من ڕوون کردنەوەی زیاتری ئەم چوارچێوەیە و دوا بڕیار لەم بارەیەوە دەبێ هەڵ بگیرێ بۆ وەختی مووناسیبی خۆی، واتە بۆ کاتێك کە دیکتاتۆری ڕووخاوە و ڕوانگەی یەك نەتەوە بوونی ئێران بە مێژوو سپێردراوەو حکوومەتێکی فیدڕاڵ و پلووڕال و دیموکرات لە ئێران دا دامەزراوە . بۆ هەموو ئێرانیش تەنیا لە هەلو مەرجێکی وادایە کە چوارچێوەی جوغرافیایی بۆ سەر زەمینی هەرکام لە نەتەوەکان دیاری دەکرێ و گەلانی ئێران چ لەسەر خاکی خۆیان بژین و چ لەسەر خاکی گەلێکی برایان ماف و ئازادی یەکانیان بەیەکسانی بۆ دەپارێزرێ .

پ: جووڵانەوەی شەهید سمکۆی شکاك بەشێکە لە مێژووی تێکۆشانی سیاسیی کورد لە کوردستانی ئێران، ئێوە چۆن دەڕواننە ئەو جووڵانەوەیە و جەنابتان چ خوێندنەوەیەکتان هەیە بۆ ئەو دەسەڵاتە کوردییە و سنوورە ئیداری یەکەی ؟

بەڕێز حەسەن زادە : گومان لەوە دا نیە کە بزووتنەوەی سمایل ئاغای شکاك، ناسرا و بە سمکۆ یەکێك لە ڕەسەنترین و ڕادیکاڵترین بزووتنەوەکانی خەڵکی کوردستان لە پێناوی ئازادی دایە . لەگەڵ ئەوەی شەهید سمکۆ بۆخۆی سەرۆك عەشیرەت بووە، ناوبراوخاوەنی ڕوانینێکی نەتەوەیی بووە و هەوڵی داوە هەموو کوردستان ڕزگار بکا و دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دامەزرێنێ . لەو بارەیەوە بە ڕاشکاوی دەڵێم کە ئامانج و دروشمی بزووتنەوەی سمکۆ لە دروشم و ئامانجی ئێستای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕادی کاڵتر بووە . جگە لەوە سمکۆی شەهید ڕوانگەیەکی نوێ و پێشکەوتنخوازانەی هەبووە، ڕۆژنامەی دەرکردوە، هەوڵی پێوەندیی دیپلۆماسیی داوە و لە ڕێگای پێك هێنانی ئاڵوگۆڕی پێشکەوتووانەی کۆمەڵایەتی دا تێ کۆشاوە .

بەو پێیە ئاشکرایە کە دەسەڵاتی سمکۆ دەچێتە خانەی دەسەڵاتە نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی یەکانی کوردەوە . بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتی سمکۆ دەسەڵاتێکی کورد خایەن بوو . نە ئامانجەکانی خۆی کە ڕزگار کردنی هەموو خاکی کوردستان بوو وەدی هێنا و نە تەنانەت لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەکەشی دا دەسەڵاتێکی سەقامگیر و دامەزراوی بۆ پێك هات . لەو حاڵە دا ناکرێ بە شێوەیەکی ڕوون ئاماژە بە سنووری ئید اریی دەسەڵاتی سمکۆی نەمر بکەین .

پ : وەك دەزانین لەم دوایی یانە دا کەسێکی شۆوێنیست بەناوی نەزمی ئەفشار کۆمەڵێك بابەت و ئیهانەتی لەسەر خاکی کوردستان، نەخشەی کوردستانی گەورە و شەهید سمکۆی شکاك بڵاو کردۆتەوە . نەزەری جەنابتان لەسەر ئەو دەسدرێژی یەی نەزمی ئەفشار بۆ سەر خاکی کوردستان و بێ حوورمەتی بەنەخشەی کوردستان و شەهید انمان چیە؟ هەروەها ئەگەر بتانەوێ لە چەند دێڕێکد ا وەڵامی ئەو دەسدرێژییە بدەنەوە چی دەفەرموون ؟

بەڕێز حەسەن زادە : ئەمن ڕوانگـە و بـۆ چـوونەکانی ئاغـای نـەزمی ئەفشـارم خوێندۆتـەوە . واتـیێ د ەگـەم ئـەو پیـاوە کـە تـا بـڵاو بوونـەوەی ئـەو بیـر و بۆچوونانە بۆ زۆربەی نزیك بە تەواوی خەڵکی کوردستان و سەرانسـەری ئێـران و تەنانەت ئازەربایـجانییەکانیش نەناسراو بووە، ویستوویەتی بە ورووژانـدنی ئـەو باسە شۆوێنیستی و مەزنیخوازانەیـە نـاو ناوبانگێـك بۆخـۆی پەیـد ا بکـا . ئـەوە ڕاستە کەبەداخەوە ئەمڕۆ کوردستان پارچە پارچـەیە و بەشـی هەرەزۆریشـی لـە ژێر دەستەیی و ژێـر چـەپۆکەیی دا دەژی . بـەڵام کوردسـتان وەك واقعییـەتێکی مێژوویی و جوغرافیـایی هەیـە و نەخشـەی کوردسـتانیش وەك نەخشـەی هـەموو وڵاتێك هەیە و پیـرۆزە و بۆ هیچ کەس لە هیچ پلە و پایەیەکد ا نەهاتوە نکوولیی لێ بکا یان بێ حوورمەتیی پێ بکا .

هێرشی ناڕەوا بۆ سەر سـمکۆی نەمریش دەسدرێژی یـەکی ئاشـکرایە بۆسـەر پیـرۆزی یەکانی نەتەوەی کورد کە بۆ  هیچ کوردێك قابیلی لێ خۆش بوون نیە . نە ئێمە و نە کەسی دیکە چاوەڕوانی ئەوە نیە هەموو گەلان بەیەك چـاو بڕواننـە ڕێبـەرانی بزووتنـەوەی ڕزگاریـخوازانەی گـەلان و سـمبوولە ناسـراوەکانی ئـەو گەلانە . بەڵام ئەوانەی ڕێز بۆ ڕێبەرانی نەتەوەی خۆیان دادەنێن هەرگیز هەق بە خۆیان نادەن هێرشی بێ ئەدەبانە بکەنە سەر ڕێبـەرانی گـەلانی دیکـە . هـەر لـە نـموونەی ئێستامان دا ئەگەر سمکۆ و ڕاپەڕینی سـمکۆ لە شـەڕ و بـەرەنگاری دا چەند ە کە سێکیان لە ڕۆڵەکانی نەتەوەی تـورك لـە دەسـت کـوژرابێ، مسـتەفا کەمال پاشا بە دەیان و بگرە سەدان هەزار کوردی بەناهەق کوشتوە یان لە زێـد و نیشـتمانی خۆیـان ئـاوارە کـردوە . بـەڵام پـێم وایـە هـەر کوردێـك ڕێـزی قسەوقەڵەمی خۆی بزانێ ناچێ بەو زمانە کـە نـەزمی ئەفشـار بـە کـاری هێنـاوە ناوی ئەتا توورك بەرێ . ئەمەش بەو مانایە نیە کە کورد مێـژووی خـۆی لـە بیـر دەباتەوە و بیـر لە ڕزگاریی یەك جاریی خۆی ناکاتەوە .

پ: وەك ئاگادارن نەزمی ئەفشار کورد لەسەر خاکی خۆی بە عەشایری لێواری مەرزی ناودەبا و ئەوە لە حاڵێك دایە کە مێژوو دەری دەخا کام نەتـەوە پێشتـر لەسەر ئەو خاکە پیـرۆزە نیشتـەجێ بـووە و کامـەیان مووهاجیـرە . جـەنابتان قسەکانی کەسێکی وەك نەزمی کە خۆی بە دڵسۆزی نەتـەوەی کـورد و ئـازەری دەزانێ بەڵام هەر لەو کاتە دا بۆنی شۆوێنیزمی لێ دێ چۆن هەڵ دەسەنگێنن؟

بـەڕێز حەسـەن زادە : ئاغـای نـەزمی ئەفشـار لـەم بەشـە دا ناشیگەریـیەکی بەرچاوی کردوە . چـونکە لـە حاڵێـك دا هـەوڵ دەدا خـۆی وەك دۆسـتی کـورد و لایەنگری پێوەندیی برایانەی دوو نەتەوەی کورد و توورك نیشان بدا، بە ئاشـکرا هەموو شانازی یەکانی کـورد دەشـواتەوە، خـاکی کـورد و تەنانـەت پـێ تـەختی کۆماری کوردستان بە ئازەر بایـجان دادەنێ و تەنانەت هەڕەشـە لـە کـورد دەکـا کە ئەگەر بێت و کوردستان بە خاکی کورد دابنێ بە خـۆیی و هـەموو دەوڵـەتانی توورکی دەورووبەرەوە هێرش دەکاتە سـەر کوردسـتان و کـورد قرانـی دەورانـی ئیمپڕاتۆریی عوسـمانی و مستەفا کەماڵ تازە دەکاتەوە .

کـــورد و بەرپرســـانی بزووتنـــەوەی کـــورد زۆر زۆر دڵســـۆزی پێوەنـــدیی برایانەوخەبات گێڕانە لەگەڵ هەموو گەلانی ئێران بەتایبەتی گـەلی براودراوسـێی ئـازەر بایــجانن . بـەڵام ئاشـکرایە کـە هـیچ کوردێـك بـۆ هـیچ کەسـێك و هـیچ نەتەوەیەك واز لە هیچ بستە خاکێکی کوردستان ناهێنێ و ئەگەر لە بەرامبەر دوو ئیمپڕاتۆریی ئێران و عوسـمانی دا خۆی ڕاگرتوە و کەسـایەتیی نەتـەوەیی خـۆی پاراسـتوە، مـومکین نیـە چـاوی لـە چـاو و ڕاوی شۆوێنیسـتانەی کەسـێکی وەك نـەزمی ئەفشـار بتـرسێ و واز لـە غیـرەتی نەتـەوەیی و هـیچ زەڕڕە خـاکێکی کوردسـتان بـێنێ . " زەڕڕەیـەك خـاکی وەتـەن نـادەم بـە قەسری قەیسـەری، جۆگەلەوکانیی وەکوو کەوسەر، هەوای وەك جەننەتە"

زۆر سپاس بەڕێزو تێکۆشەر مامۆستا عبدالله حسن زادە لەوەی کە کاتی خۆت تەرخان کرد بۆ ئەم وتووێژە .

کەواتە لە خۆڕا نەبوو لەماوەی ئەو دووساڵەی دوای کۆنگرەی سێزدە دا سەرەڕای دەرکران و سەزا دان، زیاتر لە سێ سەدوسی کادروپێشمەرگەی حیزبەکەمان بە ناهومێدی ماڵ جیایی یان لەگەڵ کردین و بەسەر لێ شێواوی وەدوای ژیانی خۆیان کەوتوون . جێی سەرنجە زۆربەشیان لە جەناحی خۆیان بوون . هۆیەکەشی وەدی نەهاتنی ئەو قەول و بەڵێنە بێ پایەوبناخانە بوون کە پێش کۆنگرەی سێزدە پێیان دابوون و لە جێ بەجێ کردنیان دەستە وستان مابوونەوە . بۆ وێنە لە کادری جەناحی خۆیانم بیست کەپێیان گوتبوون :

ـ ئەوە تاوانی مامۆستایە کە باری ماڵیی حیزب ئاوای بەسەر هاتوە، ئەگەر لایەنی ئێمە سەرکەوێ و دەسەڵاتی ڕێبەرایەتیی حیزب بە دەستەوە بگرین، یارمەتیی پێشمەرگە سەد دۆلار زیاد دەبێ . ئەگەر ئێمە سەر کەوین خەباتی چەك دارانە دەست پێ دەکەینەوە و دەچینەوە وڵاتی خۆمان . ئەوە مامۆستا بۆتە کۆسپ، دەنا ئەمریا بە لێنی پێد اوین وەك کوردستانی عێراق ناوچەیەکمان بۆ ئازاد کاوچەتری پارێزگاریمان بۆ هەڵ دا.

بەو پێیە یەك شەوە پێ دەگەیشتن وکورد گوتەنی : " لە پڕێك دەبوون بە کوڕێك " ! بەڵام بە کردەوە بۆیان دەرکەوت فریو دراون، دڵ سارد و نا هومێد وازیان لە بەڕێوەبردنی ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی هێنا .

هەڵ کردن لەگەڵ ئەو بارە گرژوئاڵۆزەو ئەو ڕەوتە پڕ لە قینەی لایەنی زۆرینەی ڕێبەرایەتی دا کەلەگەڵ هەموو پرەنسیپە دیموکراتی یەکان لە ناتەبایی دا بوو، چەندی بلێی دژوار و تاقەت پڕووکێن بوو. چەندی لە ئاسۆمان دەڕوانی، تروسکەیەکی ڕوون بۆ دەرباز بوون لەو قۆناغە تەسك و تروسکە بەدی

نەدەکرا . لەگەڵ هەرکەس باست کردبا هەر ئاخ و ئۆف و گازدە و سکالاَ بوو . زۆربەی هەرەزۆری کادر و پێشمەرگەی لە مێژینەوخاوەن ڕابردوو، تەنانەت بەشێك لەلایەنی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندیش نەك هەر دڵ سارد، بەڵکو لە داهاتووی حیزبەکەیان ناهومێد بوون . هەموو هەوڵەکانی ئەو ماوەیەی لایەنی کەمایەتیی کۆمیتەی ناوەندی بۆ هێور کردنەوەی گرژی و ئاڵۆزی یەکان و چارەسەر کردنی قەیرانە نێوخۆیی یەکان و یەك خستنەوەی ڕیزەکانی حیزب، بێ ئاکام مابوونەوە . سەرانی لایەنی کەمینە بۆ یەك لایی کردنەوەی مەسەلەکە بەتەواوی لە مەنگەنەی کادروپێشمەرگەکانی ئەو بەشەی حیزب دا بوون . هەربۆیە ئەوانیش دەبا بەهەر شێوەیەك بێ لە هەوڵی دۆزینەوەی میکانیزمێکی چارەنووس سازدابن . حیزبەکە بە کردەوە لە لایەن زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی یەوە دوو لەت کرابوو، ئەو پڕیستێژە نێو نەتەوەیی و خۆشەویستی یەی خۆی تەنانەت لە نێوخۆی ولاَتیش دا لە دەست دابوو، دوژمنان شایی لە دڵیان دا دەگەڕا و دۆستانیش پرسە دار بوون . دەبا هەوڵێکی جیدی درابایە، بۆ ئەو مەبەستەش دوو ڕێگا زیاتر یان لەبەر نەبوو : یان دەبا تەسلیمی زەبروزۆری قۆڵی زۆرینەی ڕێبەرایەتی بن و ئەوانیش بەمەیلی خۆیان دەرکەن و ڕاونێن و سەزا بدەن و کادر و پێشمەرگە دڵ سارد بکەن و بێروبەویاَن دا دەن کە دەتوانم بڵێم : چارەنووسی نیوەی تێکۆشەرانی حیزب لە مەترسی دا بوو، یاخۆ لێ بڕاوانە هەڵوێست بگرن و لایەنی بەرانبەریان ناچار بە قەبووڵ کردنی هێندێك لە ویست و داخوازی یەکانیان بکەن .

سەرەنجام سەرەتای مانگی گەلاوێژی ساڵی 1385ی هەتاوی، ئەند ام و جێگر و ڕاوێژ کارانی کۆن و نوێی ڕێبەرایەتیی ئەو باڵەی حیزب (کەمایەتیی کۆمیتەی ناوەندی) کە ڕادەیان لە دەوری بیست و چوار کەس دابوو، کۆبوونەوەیەکیان پێك هێنا . پاش ڕاوێژ کردن و بیروڕا گۆڕینەوە لەسەر

هەڵسەنگاندنی وردی هەلو مەرجەکە، پلاتفۆڕمێکیان لە بیست خاڵ دا گەڵاڵە کرد و ئیمزایـان کـرد . ڕۆژی حـەوتی مـانگی گەلاوێـژ پلاتفۆڕمەکـەیان بـۆ دەفتـەری سیاسی بەڕێ کرد و چاوەڕوانی وەڵام مانەوە . دەقی پلاتفۆڕمە کە ئەوەیـە کـە بۆ مێژوو لێرە دا تۆماری دەکەم:

## نامەی 1385/5/7ی ئۆپوزیسیۆنی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ زۆرینەی کومیتەی ناوەندی

هاوڕێیانی بەڕێز سکرتێری گشتی و زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندی!

وێڕای سڵاو!

لـە حاڵێـك دا زۆر لـە چـاودێرە سیاسـی‌یـەکان پێیـان وایـە ئـالوگۆڕی سیاسی لە وڵاتەکەمان دا بەڕێوەیە، لە کاتێك دا کوردستان لـە حاڵـەتێکی باشی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی دایە و لە کاتێك دا زۆربـەی دڵسـۆزانی کـورد چـاویان لــە هــەوڵ و تێکۆشـانی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێرانەوە بڕیوە، حیزبەکەمان دوچاری وەزعێـك بـووە کـە تـەنیا دوژمنـانی کورد ئاواتی بۆ دەخوازن. ئەندامانی ئەم حیزبە لـە سـەرێ بـۆ خـوارێ لـە چـاوی زۆرایـەتیی کۆمیتـەی ناوەندی‌یـەوە بـە مـەحرەم و نامـەحرەم و خودی و ناخودی و زۆر شتی لەوە خـراپتر دابـەش کـراون. زۆر لـە کـادر و تێکۆشـەرە لەمێژینـەکان لـە پـەراوێز خـراون و لـەوان بـەرەوژێرتریش بـە دەیان و سەدان کـەس ئەگـەریش بیانوویـەکی ڕواڵـەتی یـان بـۆ تاشـرابێ، تەنیا بە تاوانی جیابیری تـەنگیان پـێ هەڵچـنراوە، بێـر و بـەوێ دا دراون، زیندانی و تـەوبیخ و تـەعلیق و تەنانـەت دەرکـراون و بـەم جـۆرە لـە یـەك قسـەدا حیزبـی دێمـوکرات لـە کاتێـك دا کـە لـە هـەموو دەورانێـك پـتر پێویستیی بە کەلك وەرگرتن لە هـەموو تواناکـانی هەیـە، لـە بەشـێکی زۆر

بەوەجی توانای فکری و جسمیی کادر و ئەندامان و تەنانەت ڕێبەرانی بێ بەش کراوە.

کەلك وەرنەگرتن لە نەزەری گشتی و(خرد جمعی)، خۆ بێنیاز دیتن لە بیرو ڕاوێژی هاوڕێیان و تەنانەت زۆر جار ئەندامانی پلەی هەرە سەرووی ڕێبەرایەتییش وای کردوە کە حیزبەکەمان لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا تووشی زۆر هەڵەو لاوازیی سیاسی بێ و متمانەی بەشێکی زۆر لە هاونیشتمانان بە تایبەتی ڕووناکبیرانی نێوخۆی وڵات لەدەست بدا. قۆڵی دەسەڵاتداری کۆمیتەی ناوەندی زۆر جار هەم پێش کۆنگرەی13 و هەم دواتر بۆ ڕاکێشانی نەزەری ئەندامانی حیزب پەنای بۆ دروشم و وادە و بەڵێنی ناواقیعی و کورت خایەن بردوە، هەر بۆیە دەبینین لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوو دا زیاتر لە 300 کەس ڕیزەکانی کادر و پێشمەرگەیان بەجێهێشتوە کە زۆربەشیان سەر بە قۆڵی دەسەڵاتبەدەستی کۆمیتەی ناوەندی بوون و هۆی ڕۆیشتنیشیان زۆرتر دڵساردی و هەست کردن بە وەعدە بە خیلافی بووە.

لە هەمووی تاڵتر ئەوەیە کە قۆڵی دەسەڵاتبەدەستی کۆمیتەی ناوەندی لە عالەمی خۆی دا پێی وایە حیزب لە عەسرێکی تەلایی دا دەژی، غەڵەت لە کاری دا نیەو دوچاری هیچ گیروگرفتێك نەبۆتەوە. لە حاڵێك دا زۆربەی زۆری هەوڵ و تێکۆشانی بەکاری جەناحیەوە خەریکەو هەمیشە لە فکری پاك کردنەوەی جیابیران دایە، بەکردەوە دان بە بوونی ئەم وەزعە دا نانێ و لە ڕاستی دا شتێك بە ناوی ئۆپۆزیسیۆن بە ڕەسمی ناناسێ. هەر بۆیە لە کاتێك دا پێش کۆنگرەی13 ئەو کاتەی خۆی لە کەمایەتی دا دەبینی بە هەموو تواناوە موعامەلەی لەگەڵ جەناحی موقابیل دەکرد، هەر کە هەستی کرد ئەکسەرییەتی کۆنگرەی بەدەست هێناوە ــ ئەویش

لە ڕێگای شکاندنی عەهد و پەیمان و بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی و کۆنگرەوە - هەموو باس و ڕاوێژ و تەوافوق و تەفاهومێکی ڕەت کردۆتەوە. لابردنی دوا پاراگرافی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە کە باسی لە برایەتی و تەبایی دەکرد بۆ هەتا هەتایە بەڵگەیەکی زیندووی ئەم ئیدیعایەیە.

بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان و بۆئەوەی هەموو تێکۆشەرانی حیزب خۆیان لەنێو حیزبەکەیان دا ببیننەوە و حیزبیش بتوانێ لە هەموو توانا و زەرفیەتەکانی بۆ بەرەو پێش بردنی ئەرکەکانی کەلك وەرگرێ، ڕیزە پێشنیارو داخوازێکتان دەخەینە بەرچاو. ئاواتمان ئەوەیە بە واقع بینی و سنگ فرەوانییەوە چاویان لێ بکەن و پەسەندیان بکەن. ئەمەش ڕیزی داخوازەکان:

1ـ هەروەك لەماوەی 10 ساڵ و سێ کۆنگرەی پێشتردا ڕەفتار کراوە، ئێوەش بوونی ئۆپۆزیسیۆن بە ڕەسمی بناسن و لە هەر مەسەلەیەك دا لەگەڵی بکەونە دیالۆگ و حیسابی بۆ بکەن.

2ـ بڕیارێك کە لە کۆنگرەی12 دا پەسەند کراوەو کۆنگرەی 13ش پەسەندی کردۆتەوە لەبارەی ئازادیی بیروڕا دەربڕین لە کۆبوونەوەکانی حیزبی و ئۆرگانی نێوخۆییدا بە وردی جێبەجێ بکەن، ڕێگا بە هەموو کەس بدرێ لە نێوخۆی حیزب دا هەر نەزەرێکی هەیە دەری بڕێ و بە تەواوی پێش بە سووکایەتی پێکردن و شێواندنی کۆبوونەوەکان بگیرێ.

3ـ وەك لە پێشەوە گوتمان لەماوەی 2 ساڵی ڕابردوو دا زۆر هەڵەی سیاسی کراون کە زیانیان لە پەرستیژی حیزب داوە. ئەگەر زۆر لەوانە بە دووپات نەکردنەوە کەم و زۆر قەرەبوو بکرێنەوە، هەڵەیەك کە لە نامەی بەڕێز سکرتێر بۆ ئاغای نەزمی ئەفشار دا کراوە بە بێدەنگە لێکردن

ڕاست ناکرێتەوە. ئەمە پەیوەندیی بە مەسەلەی خاك و کەرامەتی نەتەوەیی کوردەوە هەیەو دەبێ بەڕاشکاوی ڕاست بکرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە داوا دەکەین یان کاك مستەفا ئازایانە ڕوونکردنەوەیەك بلاو بکاتەوەو قسەکەی خۆی وەربگرێتەوە، یان دەفتەری سیاسی لە بەیاننامەیەك دا بە ڕەسمی ڕابگەیەنێ کە لە ڕوانگەی حیزبی دێموکڕاتەوە هەموو ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بەشێك لە خاکی کوردستانە و شەهید سمکۆش ڕێبەرێکی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردە و بێحورمەتی بەو بێحورمەتی بە کەرامەتی نەتەوەی کوردە.

4ـ وەك لە پێشەکی دا گوترا لە دوو ساڵی ڕابردوو دا بە سەدان کەس سزا دراون، تەشویق کراون، پلەیان دراوەتێ یان لێیان ئەستێندراوەتەوە، نەقڵ کراون و تەنانەت خراونەتە بەندیخانەوە کە ئەگەریش بیانوویەکیان بۆ دروست کرابێ، هۆی سەرەکی، لێکدانەوەی جەناحی بووە. بۆیە داوا دەکەین هەموو ئەو جۆرە بڕیارانە ڕابگیرێن و هەیئەتێکی هاوبەش بە سەلاحیەتی وەك یەکەوە لە جەناحی دەسەڵاتبەدەست و ئۆپۆزیسیۆن پێك بێ کە بە هەموویان دا بچێتەوەو ئەوەی بە سالمی نەزانی هەڵی وەشێنێتەوە.

5ـ بۆ ئەوەی ئەو جیاوازی دانانە لە داهاتوو دا دووپاتە نەبێتەوە داوا دەکەین جارێك بۆ هەمیشە کۆتایی بەو فشارو پاڵ پێوەنانە بهێنرێ و هەیئەتێکی هاوبەشیش پێك بێ کە لەسەر هەموو نەقڵ و ئینتیقال و تەوبیخ و تەشویق و پلەدان و پلە وەرگرتنەوەیەك و هەر جۆرە سزادانێك بڕیار بدا.

6ـ داوا دەکەین هەیئەتێکی هاوبەش بۆ لێکۆڵینەوەی وەزعی ئەوانەی دێن بۆ پێشمەرگایەتی پێك بێ و هەموو ڕەتکردنەوە یان وەرگرتنێکی پێشمەرگەی تازە بە بڕیاری ئەو هەیئەتە بێ.

7ـ بە ئاشکرا دیارە کە یەکیەتییەکانی ژنان و لاوان وەك دوو یادگاری سەردەمی کۆماری کوردستان بێلوتفییان لەگەڵ دەکرێ و بایەخی شیاویان پێ نادرێ. بۆیە پێویستە هەردووکیان بە تەواوی پشتیوانی بکرێن و بە تایبەتی دەست لە کارشکێنی و دەست تێوەردانی کاروباری یەکیەتیی لاوان هەڵ بگیرێ.

8ـ بە روونی دیارە کە کاری تەشکیلاتی لەگەڵ هاوڕێیانی نێوخۆی وڵات و دنیای دەرەوەش کەوتۆتە ژێر تەئسیری بیروباوەڕی جەناحی. بۆیە داوا دەکەین هەردووکی ئەم بەشانە لە لایەن هەیئەتێکی هاوبەشەوە ئیدارە بکرێن.

9ـ لە دانانی پیرسۆنێلی تەلەڤزیۆنیش دا وەك هەموو شتەکانی دیکە گیانی جەناحی و جەناحبازی زاڵە. هەر بۆیە پێویستە سەرپەرستییەکی کارزان و لێوەشاوەو هاوبەش بۆ کاری تەلەفزیۆن دابنرێ.

10ـ لە دوا دەوری دانی پلەی کادر دا جەناحبازی گەیشتە لووتکە. زۆربەی وەرگیراوەکان سەر بە جەناحی زاڵ بوون و زۆربەی ڕەت کراوەکان هی ئۆپۆزیسیۆن. بۆیە پێویستە تەواوی ئەو کەسانەی ڕەت کراونەوە پلەیان پێ بدرێ بۆئەوەی لانی کەمی موساوات دابین بکرێ.

11ـ بە ڕواڵەت کاری تەشکیلاتی ئاشکرا بە ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی سپێراوە کە سەر بە ئۆپۆزیسیۆنە. بەڵام بە کردەوە ڕێگای کاری لە نێو ئەندامانی ئاشکرا دا لێ گیراوە و تەنیا (خودیها) هەقی تەماس

لەگەڵ وانیان هەیە. پێویستە دەستی ئەو هاوڕێیە ئاوەڵا بکرێ و زۆریش باشە کە دوو کەس هەریەکەی لە جەناحێك ئەرکەکە وە ئەستۆ بگرن.

12ـ زۆر کادری بەوەج و تەنانەت زۆر لە ئەندامانی کادری ڕێبەریی پێشوو، یان بێکارن یان کاری شیاویان نیە. پێویستە بۆ هەمووان کاری موناسیب دیاری بکرێ و ڕێزیان بپارێزرێ.

13ـ هەموو دەستکاری‌یەکی ئایینامەکان و زۆربەی بەخشنامەکان کەوتوونەتە بەر تەئسیری ڕووحی جەناحی. پێویستە تەواوی ئەوانە چاویان پێدا بخشێندرێتەوەو جۆرێك بنووسرێنەوە کە هەقی کەس بەفیڕۆ نەچێ.

14ــ بە پێچەوانەی کۆنگرەکانی پێشوو کە تەوازون لە نێوان ئەندامانی سەر بە جەناحەکان لە کۆمیتەی ناوەندی دا هەبوو، ئەم جارە بەشی شێر بۆ قۆلی دەسەڵاتبەدەست دانراوە. بۆ قەرەبووکردنەوەی بەشێك لەو نابەرامبەری‌یە داوا دەکەین:

أ: جێی خاڵیی کاك خالید عەزیزی لە کۆمیتەی ناوەندی دا بدرێ بە ئۆپۆزیسیۆن و دیاریکردنی نەفەرەکەش بە خۆی بسپێردرێ.

ب: جێگای چەند موشاویر کە بەتاڵە بە کەسانێك لە ئۆپۆزیسیۆن پڕ بکرێتەوە.

ج: هەر ئۆرگانێك بەرپرسەکەی لە زۆرایەتی بوو، جێگرەکەی لە کەمایەتی دیاری بکرێ بۆئەوەی هەردوو لا لە ڕەوتی کارەکان ئاگادار بن.

15ـ هەتا کۆنگرەیەکی دیکە، لە دەرەوەی وڵات ئەندامانی کۆمیتەکان بە پێی نیسبەت دیاری بکرێن و داوا لە کۆنفرانسەکان بکرێ دەنگیان پێ بدەن. بەرپرسی کومیتەش لەو جەناحە بێ کە زۆربەی ئەندامانی

کومیتەی لەگەڵە, مەگەر بە تەوافوقی هەردوولا جۆرێکی دیکە بە سەڵاحی حیزب بزانرێ.

16ـ لە ناوەندەکان زۆربەی ئەندامان(کادر و پێشمەرگە) لە هەر جەناحێك بوون. بەرپرس لەو جەناحە بێ و ئەندامانی دیکەی ناوەندیش بە پێی نیسبەت لە لایەن هەرکام لە جەناحەکانەوە هەڵ بژێردرێن.

17ـ هەر سەرمایەگوزاریەیەك دەکرێ بە ئاگاداریی کەسانێك لە هەردوو جەناح و بە ناوی کەسانێك لە هەردوو جەناح بێ.

18ـ چاو بە تەقسیمی کارو سازماندەهی دا بخشێندرێتەوەو بە جۆرێك رێك بخرێنەوە کە هەردوولا بە پێی لێوەشاوەیی لە ئەرك و سەلاحیەتەکان دا بەشدار بن.

19ـ پێویستە ڕیگا بە بڵاوبوونەوەی بیروبۆچوونی ئەفرادی هەردوو جەناح لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنی حیزب و راگەیەنە گشتیەیەکانی دیکە بدرێ و کەس لەسەر ئەوە موحاسەبە نەکرێ. ئەگەر نەزەری ئۆپۆزیسیۆن موخالیفی نەزەری جەناحی دەسەڵاتبەدەست بوو لە تێکۆشەر, ئۆرگانی نێوخۆی حیزب دا بڵاو بکرێتەوە، کە ئەمە هەقێکە دوو کۆنگرەی 12و13 بە ڕەسمی‌یان ناسیوە.

20ـ بڕیارێك کە لەبارەی خوێندنی هاوڕێیانی کادرو پێشمەرگەوە دراوە بە جۆرێك دەسکاری بکرێ کە دەرەتانی خوێندن و بردنە سەری پلەی زانستی و خوێندەواری بۆ تێکۆشەرانی حیزب برەخسێ.

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

جارێکی دیکە ئارەزوو دەکەین بەرپرسانە بە دەنگی ئەم بانگەوازەوە بێن و کارێك بکەن کە حیزبە خۆشەویستەکەمان لە وەزعی نادڵخواز و

شـپرزەی ئێسـتای بێتـەدەرو متمانـەی کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردسـتان بەدەست بێنێتەوە.

## 1385/5/7

به دوای بلاوبوونەوەی گەلاڵەکە لەنێو ڕیزەکانی حیزب دا، زۆری نەخایاند کـه نزیکەی چوار سەد کەس له کادرو پێشمەرگەکان پشتیوانیی خۆیان له سـەرجەم بیست خاڵەکە دەربڕی و ژێرەکەیان ئیمزا کرد . زۆر کەسی دیکەش گەلاڵەکـەیان بەتەواوی قەبووڵ بوو، بەلام له ترسی هەڕەشـه و گوڕەشـەی لایـەنی زۆرینـه لـه ئیمزا کردنی خۆیان بوارد . ئەوەم له زمانی چەند کەس لەلایەنی خۆیان بیست . هەروەها بێجگە لەو کەسـانە کـه خۆیـان بـه بـێ لایـەن ناسـاند بـوو کـه زۆربـەی خاڵەکانیشیان قەبووڵ بوون . ئەوە لەکاتێك دا بوو کە قـۆڵی زۆرینـه لـه زۆربـەی ئۆرگانـەکان دابـه ئاشـکراونهێنی کادروپێشـمەرگەکانیان کـۆ دەکردنـەوە و، هەڕەشەی سە زادان و دەرکردنیان لەو کەسـانە دەکـرد کـه ئـەو گەلاڵەیـە ئیمـزا دەکەن . به تایبەت له ناوەند ەکان کار گەیشتە ڕادەی دەم بۆڵەوشەڕە جنێو و تەنانەت پێك هەڵ پرژانیش . هەروەها لـه کۆبوونـەوەی خۆیانـد ا لـه زمـان کـاك حەسەنی شەرەفی یەوە گێڕایانەوە که گوتبووی :

ــ قەبووڵ کردنی هەریـەك لـەو خالانـەی لـەو گەلاڵەیـه دا هـاتوون، بـه مانـای تەسلیم بوونی ئێمـه لەبەرانبـەر لایـەنی کەمایـەتی داو، بـێ حورمـەتی کـردن بـه کۆمیتەی ناوەندی یه ! !

چەند ڕۆژێك بەسەر دا تێپەڕی، قۆڵی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی لەنێو خۆیان دا کۆبوونـەوەیان پێـك هێنـا . وادیـار بـوو لەسـەر گەلاڵەکـه ڕاوێـژ و بیـر و ڕا گۆڕینەوەیان کردوە و، بەو ئاکامه گەیشتبوون که ئەوەیان بۆ دیزە بەدەر خۆنە

ناکرێ و دەبێ بە شێوەیەك وەڵامێك بدەنەوە . سەرەنجام لایەنی کەمینەی ڕێبەرایەتی یان ئاگادار کرد کە : بۆ باس کردن لەسەر گەلاڵەکەیان نوێنەری خۆیان دیاری بکەن و بە دەفتەری سیاسی یان بناسێنن . نوێنەر دیاری کران و ناسێندران، بەڵام وەك دڵێن : " چێشتی خۆش لە ئەنگۆری ڕا دیارە "! هێشتا کات و شوێنی کۆبوونەوەودانیشتن دیاری نەکرابوو کە نهێنیی فێڵ و تەڵەکەیەك درزی دا . نامەیەکی بێ ئیمزاو بێ تاریخ کە بۆ بەرپرسانی دەرەوەی وڵات نووسرابوو، گەیشتە دەستی لایەنی کەمینە . دەقی نامەکە ئەوەیە کە لێرە دا تۆماری دەکەم :

## بەڕێز کاك شاهۆ و کاك خسرەو بهرامی

**بە سڵاو!**

بۆ ئەوەی لەو حاڵەتە بێ تەفاوەتی و سکوت و دیفاعی یە بێینە دەرێ تکایە لە ڕێگای تەشکیلاتی دەرەوەڕا ئەو زانیاری یانە بدەن بە کۆمیتەکانی حیزبی لە هەموو وڵا تانی ئورووپا، ئەمریکا، کانادا و ئوسترالیا و، کۆمیتەکانیش بە ئەندامانی حیزبی ڕابگەیەنن .

سەبارەت بە نامە 20 خاڵی یەکەی بەشێك لە هاوڕێیانی حیزبی کە ڕێکەوتی 1385/5/7 لە سەرەوە، تەحویلی سکرتێری حیزب دراوە و ئێوەش لەسەر سایتەکانی ئینتەرنێت چاوتان پێ کەوتووە (بڕیار وابووە ئەو نامەیە بڵاو نەکرێتەوە)، قەرارە لە دانیشتنێکی هاوبەش دا لەسەر ئەسڵی نامەکە و خاڵەکانی وتوێژ بکرێ . ئەگەر ئاکامی ئەو وتوێژە بگاتە ئەو ئاکامەی کە چەند خاڵێك لە داخوازەکان قەبووڵ بکرێن لە ئۆرگانەکانی سەلاحیەت دار و بڕیاردەر دا دەبێ بکەونە بەر باس و بڕیاری پێویستیان لەسەر بدرێ .

سەبارەت بەو وەزعە پێویستە ئەو ئیقداماتە بکرێ :

ئـــەلف : لەســـەر خاڵـــەکانی نامەکـــە لـــەنێو ئەنـــدامان دا ئیفشـــاگەری و ڕەوشەنگەری بکرێ و، ئەو ئیدیعا نا ڕەوایانە پووچەڵ بکرێنەوە .

ب : ئاکاروکردەوەی ئـەو جەماعەتـە لـە سـەرەتاوە بەتایبـەت لـە کـۆنگرەی سێزدەوە تا ئێستا باس بکرێ .

سەرخەتی خاڵەکانی ئەلف و ب بە کورتی بۆمان ناردن :

بۆخاڵی ئەلف : ئەو خاڵا نەی ئەوان پێشنیاریان کردووە ئەگەر قەبووڵ بکرێن حیزب بۆ هەمیشـە و بەڕەسـمی دوولـەت دەکـا . پڕنسـیپە دیـموکراتی یـەکانی حیزب نامێنێ، کۆمیتەی ناوەندی سەلبی سەڵاحیەت و ئیختیاراتی لـێ دەکـرێ و بەکردەوە دەبێتە دوو بەبێ ڕاگەیاندن . خۆیان لە نامەکە دا بە ئۆپۆزیسیۆن نـاو بردووە لە حاڵێك دا لە ڕێبەرایەتی دا بەشدارن و خۆشیان بە شێکن لە دەسـەڵات نامەکەیان بە ئەدەبیاتێکی نادۆستانە توونـد و تۆمـەت بـار کەرانەیـە، ڕیـا کـاری زۆری تێدا بەکار چووە و هەوڵ دراوە خۆیان وەك پشـتیوانی زۆربـەی کەسـەکان وەك لاوان، ژنان، خوێند کاران، دەرکراوان، دانیشـتوان و . . . نیشـان بـدەن . باشە ئەگەر ئەو کارانە بۆ ئەو کەسانە باشە بـۆ لـە 10 سـاڵ دەسـەڵات دارەتـی خۆیان دا کارێکی وایان نەکرد . لە حاڵێك دا توجە بەوانە دوای کـۆنگرەی سـێزە زیاتر بووە . بـە کارەکـانی وەك دانـانی سـەتەلایت، ڕێـك خـراوی خوێنـد کـاری، کۆمیتـەی مـافی مرۆڤـی کوردسـتان، کـۆنگرەی نەتـەوەکانی ئێرانـی فیـدڕاڵ و پێشکەوتنی کاری تەشکیلاتی لە نێوخۆی وڵات ئەو حەرەکەتانەی لەو دووساڵەی دا کراون، ناڕەحەتن و تێدەکۆشن بە کەمیان بگرن و . . .

بۆ خاڵی ب : لە کۆنگرە دا پێش گیریان لە خۆ کاندید کردنی نەفەراتی خۆیان دەگرت ، دوای کۆنگرە زۆربەیان خۆیان لـە قبـووڵی کـار و بەپرسـایەتی بـوارد . کاریان نەکرد و کارشکێنیان گەیاندە ئەو پەڕی خۆی دژی حیـزب لەگـەڵ زۆر لـە

موخالیفانی حیزب پێوەندی یان گرت . مەسەلەکەیان لە نێوخۆی حیزب بردە دەر و لایەنی جۆراوجۆریان تێکەڵاوی مەسەلەکە کرد . هەموو کارێکی باشی حیزبیان لە لای خەڵك دەبردە ژێر پرسیار و کەم ڕەنگ کردنەوە . هەوڵیان داوە هەر بڕیارێکی حیزب لەلایەن لایەن گرانیانەوە بە عەمد بشکێنن . لەسەر سایتەکان بەناو و بێ ناو و بەدژی حیزب و ڕێبەرایەتی قسەی سووك و تۆمەت وەپاڵ دانی یان کردە پیشە و هیچ سنوورێکی حیزبی و ئەخلاقیان نەپاراست . هەڕەشە بە ئینشعاب و پێك هێنانی جەوی نا دۆستانە بووبە کاری ڕۆژانەیان و . . .

تێ بینی :

1 ـ نامە 20 خاڵی یەکە بۆ کۆمیتەکان و ئەفرادی خۆمان ئەگەر ویستیان بنێرن .

2 ـ بۆ خۆتان لەو20 خاڵە دا چیتان بەنەزەر دەگا و پێویستە باسی لەسەر بکەن ولە قاوی بدەن .

بەڵی خوێنەری بەرێز!

کوردەکە گوتوویەتی : " چاکی مەکە باخراپ نەبێ " ئێمە ( لایەنی ئۆپۆزسیۆن ) کە هەموو هەوڵ و خۆ ماندوو کردنمان لە پێناوی یەك خستنەوەی ڕیزەکانی حیزب و چارەسەر کردنی قەیرانەکەو، گەڕانەوەی نیازپاکی و، بەرگری کردن لە جیا بوونەوەو لەت بوونی حیزبەکەمان دا بوون، ئیستا بە گێرە شێوێن و ئاژاوە چی و . . . ش تاوانبار کرابووین! بۆیە گوتراوە : " کۆسە چوو بۆ ڕیش سمێڵیشی نایە بانی "! هەربۆیە ئێمەش ناچار بە بلاّوکردنەوەی ئەم ڕوون کردنەوەیە بووین :

**چەند ڕوونکردنەوەیەك**

هاوڕێیانی تێكۆشەر !

سڵاوێكی برایانە !

نامەیـەكی بـێ نـاوو ئیمـزاو بـێ تـاریخ بـۆ كـاك شـاهۆو كـاك خسـرو بهرامـی نـاردراوەو نوسـخەیەكی بـە دەسـت ئێمـە گەیشـتوە كـە دەبـێ لـە سـكرتاریاوە چووبێ، چەند داوایەكی تێدایە كە دەبێ بدرێ بە هاوڕێیانی حیزبی لـە دەرەوەی وڵات. لەو پێوەندی‌یەدا هێندێ روونكردنەوەتان دەدەینێ كە لە كۆبوونەوەكانـدا بەرپەرچی ئیددیعاكانی ئەوانی پـێ‌بدەنەوە:

1ـ هەروەك بۆ ئێوەمان نووسیبوو یادداشتی رۆژی 85/5/7 بۆ بڵاوكردنـەوە نـەبوو،و دوو رۆژ دوای ئـەوەی دراوە بـە سـكرتێرو هاوجەناحـەكانی داومانـە بـە هاوبیرەكانی خۆمان. كەوایە 90٪ وێ دەچێ ئەوان دابێتیان بە سایتەكان.

2ـ ئێمە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە موافیقین‌و پێشمان گوتوون كە ئەگەر دوو لایەن گەیشتینە رێككەوتن دەبێ رێككەوتنەكە لە كومیتەی ناوەندی‌دا پەسند بكرێ.

3ـ ئیددیعا دەكەن ئەگەر ئەو 20 خاڵە پەسند بكـرێن حیـزب بـەرەسمی دوو لەت دەبێ. راست بە پێچەوانە، ئەم خاڵانە هـەموویان لـە خزمـەتی ئـەوەدان كـە حیزب یەكپارچە بێ‌و ئی هەمووان بێ. بەڵام نەك بەشێك باڵادەست بن‌و بەشێك ژێردەسـت. وەختێكـیش دەڵـێین دەبـێ رێككەوتنەكـە لـە لایـەن كومیتـەی ناوەندی‌یەوە پەسند بكرێ مانای ئەوەیە كومیتەی ناوەنـدی بـەرزترین ئۆرگـانی حیزب دوای كۆنگرەیەو ئەگەر تا ئێستا رێگـای داوە بـە لایـەنێك كـە بـە كـەیفی خـۆی راگـرێ‌و دەركـاو سـزابداو هـان بـدا، ئێسـتا ئـەو سـەلاحییەتە دەدا بـە هەیئەتێكی هاوبەش كە بە شێوەیەكی عادڵانە رەفتار بكا.

4ـ ئەمەیان زۆر دووپات كردۆتەوە كە ئەوانـە بەشـێكن لـە دەسـەڵاتو نـاكرێ ئۆپۆزیسیۆن بن. ئەمە لەجێ‌دا وا نیە. زۆرایەتی لـە هـەر دەسـەڵاتو ئۆرگانێكـدا

بێ، کەمایەتی بە ئۆپۆزیسیۆن ناودەبرێ. ئۆپۆزیسیۆن بە مانای موخالیفەو ئاشکراشە کە ئێمە موخالیفی رەفتارو کرداری زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندیین.

5ـ گۆیا نامەکە نادۆستانەو تۆمەتبارکەرانەیە. بە تەواوی رەتی دەکەینەوە. چونکە یەك وشەی بێئەدەبانەی تێدا نیەو هەرچیش تێیدایە دەتوانین بە بەڵگەوە سابیتی بکەین.

6ـ گۆیا ئێمە ریاکارانە پشتیوانیمان لە یەکیەتییەکانی ژنانو لاوانو مافی ئەوانەی دەیانەوێ بخوێنن کردوەو دەڵێن بۆ لە ماوەی دەساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆیاندا کارێکی وایان نەکردوە. لە ئێوەو لەوانو لە هەموو کەسێك دەپرسین لەو دەساڵەدا کەنگێ ئێمە کارشکێنیی یەکیەتییەکانی ژنانو لاوانمان کردوە؟ خۆ کەسیش نیە نەزانێ یەکیەتییەکانی لاوانو ژنان هەر دووکیان لەو دەساڵەدا زیندوو کراونەوەو بووژاونەتەوە. زۆر پێش کۆنگرەی سێزدەش سکرتێری ئەودەم گوتوویە شەرمە ئێمە بڵێین پاش سەعات 1/30ی پاش نیوەڕۆ پێشمەرگە هەقی هەیە بچێتە وەرزش، چاخانە، مەیخانەو هەرشوێنێکی دیکە، بەڵام حەقی نیە بچێتە قوتابخانە.

7ـ گۆیا بە پێشکەوتنەکانی حیزب نارەحەتین. ئەوان زۆریان کارشکێنی کرد کە نەتوانین سەتەلایت دابنێینو ئێستاکە ئەوان دایان ناوە دەست خۆشییان پێدەڵێین. بەڵام ئەگەر رۆژێك رێگا بدەن لە نێوخۆدا قسە بکەین شت زۆرە کە بۆ هاورێیانی روون بکەینەوە. رێکخراوی خوێندکاری سێ ساڵ پێشتر هاتەگۆرێ، بەڵام بە ئەنقەستو بۆ مەبەستی تایبەتی خستیانە دوای کۆنگرەو ناشزانین جگە لە ئەدەبیاتی خۆمان لە کوێی دیکە باسی هەیە. کومیتەی مافی مرۆڤی کوردستان نە فکرەکەی ئی ئەو برادەرانە بووەو نە مەعلوومیشە ئەرکەکانی چینو شوێنی تێکۆشانی کوێیە؟ هەر ئەوەندەیان لێبپرسن ئەو کومیتەیە هەقی هەیە لە سەر مافی مرۆڤی ئەندامانی حیزب بێتەدەنگ؟ جگە لەوەش بەرپرسی

ئەو کۆمیتەیە لە ئۆپۆزیسیۆنە کە تا ئێستاش چاوەڕوانە هاوکارانی دیاری بکرێنو کارەکانی وەڕێ بخرێن. کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێران شتێکی پیرۆزە بەڵام چەند ساڵ پێش کۆنگرەی سێزدە ئەو رێکخراوانە پێکەوە کاریان کردوەو دوای کۆنگرە تەنیا ئەو ناوەی لەسەر دانراوە.

باسی پێشکەوتنی کاری تەشکیلاتی لەنێوخۆی وڵات دەکەن کە گۆیا ئێمە پێی ناڕەحەتین! لەو بارەیەوە پێویستە بڵێین ئێمە شانازی بەو وشیاریيە سیاسیو نەتەوەیيیەوە دەکەین کە ئێستا لەنێو کۆمەڵی کوردەواریی لای خۆمان دا هەیەو لە دووەم دێری یاد داشتی 7\5\85یش دا قامکمان بۆ درێژ کردوە. بەڵام دەپرسین داخوا بەرپرسی تەشکیلاتی نێوخۆی وڵات پێش کۆنگرەی سێزدەش هەر ئەو کەسە نەبووە کە ئیستا هەیە؟ داخوا چەند جار لە کومیتەی ناوەندی دا بۆ خۆی شاهیدیی داوە کە بۆ هیچ شتێك دەستی نەهێنراوەتە بەردەستو هەر ئیمکاناتێکی داوای کردبێ لە اختیاری نراوە؟ ئەگەر ئەو قسانە راست بن پرسیارێك دێتە گۆڕێ کە بڵێی ئەو هاوڕێیە پێشتر بە ئەنقەست هەوڵی دابێ کاری تەشکیلاتی پێش نەکەوێ؟ هیوادارین ئەو تۆمەتە لە خۆیان نەدەن.

8 ـ ئیددیعا کراوە کە ئێمە لە کۆنگرەدا پێشگیریمان لە خۆ کاندیدکردنی نەفەراتی خۆمان کردوە. ئەم تۆمەتە فڕی بەسەر راستیيەوە نیەو هەر کەس نموونەیەکی هەیە با بیفەرموێ. هەرچەند ئەگەر شتی واش رووی دابایە تاوان نەبوو. بەڵام لە بنی ڕا نەبووە.

9ـ تۆمەتیان لێداوین گۆیا کارشکێنیمان کردوەو کارمان قبوولْ نەکردوەو شتی لەو بابەتانە. چونکە لە هەر حاڵدا دوور نیە ئەم نووسراوەش بکەوێتە دەستی خەڵکی غەیرە، زۆر ئەوە ورد ناکەینەوە. هەر ئەوەندە دەڵێین هەمیشە ئامۆژگاریمان بۆ هاوڕێیان ئەوە بووە هەر کارێکیان پێدەسپێردرێ بە

ئەمانەتەوە ئەنجامی بدەن، ئەوپەڕی دیسیپلین بپارێزنو دەمودەست پاك بن. رەنگە لەنێو لایەنگرانی هەر دوو جەناح دا سەرپێچی بووبێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەمە قەت لە لایەنی ئێمەوە خەتێك نەبووە كە دیاری كرابێ خەڵك پێیدا بڕوا.

10ـ تۆمەتی ئەوە دراوە كە مەسەلەكان لەنێو حیزب چوونەدەرو لایەنی جۆراوجۆریان تێكەڵاوی مەسەلەكە كردوە. ئەوە ئەو كارەیە كە بۆخۆیان كردوویانەو دەیانەوێ بە ئێمەی نیسبەت بدەن.

بۆ خاڵی 9و 10 ناتوانین روونتر قسە بكەین. بەڵام ئارەزوو دەكەین هاوڕێیان مل بۆ ئەوە راكێشن كە لە كۆبوونەوەیەكی سەدان كەسی لە ئەندامانی حیزب دا بێ بەكارهێنانی تۆمەتو تەوهینو شێواندن هەردوولا بە ڕاشكاوی قسەیان لەسەر بكەین.

11ـ ئەوە كە شت لە سایتەكان دا باس كراوە بۆ هیچ كەسێكی مەسئوول دیاردەیەكی جێی دڵخۆشی نیە. بەڵام داخوا لایەنی ئێوە لەوبارەیەوە دەستپێشخەر نەبوون؟ شەش مانگ پێش كۆنگرە هێرش نەكرایە سەر سكرتێری حیزبو كاك خالیدی عەزیزی؟ دوو مانگ پێش كۆنگرە بەرێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە سەر سایتەكان بە كوێركەرەوەی رێبازی قاسملوو دانەنرا؟ دواتریش مەگەر هەر لایەك شتی بڵاوكردۆتەوە كە هەر لایەك بە گوناهبار دادەنرێ؟ قسەی ئاخر ئەوەیە بۆ رێگا نادەن وەك كۆنگرە پەسندی كردوە باسەكان لە كۆبوونەوەی حیزبیدا بكرێنو لە ئۆرگانی نێوخۆییدا بڵاو بنەوە تا خەڵك ناچار نەبن بە ناوی نهێنی لەسایتەكان دا شت بنووسن؟ لەسەر یەكیش ئێمە شتی ناڕاستو ناڕەوا لە لایەن هەر كەسێكەوە بڵاوبووبێتەوە مەحكوومان كردوەو مەحكوومی دەكەین.

12ـ باسی شكاندنی سنووری حیزبیو ئەخلاقییش نەكەن باشە، چونكە هەرچی لەو بارەیەوە هەیە 85٪ی هی جەناحی زۆرایەتیی كومیتەی

ناوەندییەو لە بارەی ئینشیعابیشەوە هەر ئەوەندە دەڵێین ئەوان لە پێش کۆنگرە حیزبیان لەت کردوەو ئێمەین کە نەمان هێشتوە سەرکەون‌و، لەمەودواش هەوڵی ئێمە هەر بۆ پاراستنی یەکڕیزیی حیزب دەبێ‌و ئەگەر سەریش نەکەوتین بەرپرس ئەوانن.

لایەنی ئوپۆزیسیۆن
1385/5/26

تێبینی:

ئەم نووسراوە بۆ بڵاوکردنەوە نیەو تکایە ڕێگا مەدەن بکەوێتە دەست خەڵکی دیکە یا بکەوێتە سەر سایتەکان.

هیچ ماڵپەڕێك مافی بڵاو کردنەوەی ئەو نووسراوەیەی نی یە، بە پێچەوانەوە بە دوادا چوونی یاسایی لە دوا دەبێ .

چەند ڕۆژێکی دیکەش بەسەر دا تێپەڕی، نوێنەرانی لایەنی کەمینەی کۆمیتەی ناوەندی کە بریتی بوون لە بەڕێزان : مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە، کاك حەسەنی ڕەستگار، کاك مستەفای مەلوودی، کاك عوسمانی ڕەحیمی و کاك قادر وریا، بە قۆڵی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی ناسێندرابوون . نوێنەرانی ئەوانیش (زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی) بریتی بوون لە بەڕێزان : کاك حەسەنی شەرەفی، کاك حەمە نەزیفی قادری و کاك تەیموری مستەفایی . کاك مستەفای هیجری بەڕواڵەت خۆی لە جەناحبازی دەرهاویشتبوو، بەڵام دوایە بەڕوونی دەرکەوت کەئەوەش یەکێك لە فێڵەکانیان بۆ خۆ دزینەوە لە ڕێك کەوتن و کۆتایی هێنان بە ناکۆکی یەکان بوو .

لە کورتی وەی برین، ڕۆژی چواری مانگی خەرمانانی ساڵی 1385ی هەتاوی، کۆبوونەوەی نوێنەرانی هەرتك لایەن دەستی پێ کرد . ئەو دانیشتنە کە ئەگەر نیازپاکیی لەگەڵ بایە، دەلاقەیەکی جێی هومێد بوو کە بەڕووی ڕەوتی

چارەسەرکردنی قەیرانەکە دا کرایەوە . هیوا لە دڵی دڵسۆزانی حیزب گەڕاو، چاوەڕوان بووین کە ئاقڵ و مەنتیق بەسەر دەمار گرژی و مەزنی خوازی دا زاڵ بێ و، نیازپاکی و بڕوا بەیەك بوون باڵ بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان دا بکێشێتەوە . بەڵام مخابن، ئارەزوویەکی دووروئاواتێکی وەدی نەهاتووبوو . ئەو کۆبوونەوەوچەند کۆبوونەوەی دیکە لە دوو یەك کشان و هیچ ئاکامێکی سەرکەوتنیان بە دەستەوە نە دا .

ڕۆژی 13 ی خەرمانان کاك مستەفای هیجری کۆبوونەوەیەکی گشتیی پێك هێنا . ئەوانەی دڵیان بۆ بەرژەوەندیی گشتیی حیزب و چارەنووسی نەتەوەکەمان لێی دە دا، چاوەڕوان بوون کە بەڵکو کاك مستەفا ڕێگا چارەسەرێکی گونجاوی ڕەچاو کردبێ و میکانیزمێکی نوێ بۆ دەرباز بوون لەو قۆناغە زیانبارە پێشنیار بکا . بەڵام بە داخەوە، نەك هەر هەتوانێکی بەسەر نا سۆرەکان دا نەکێشا، بەڵکو خوێی بە زامەکانیش دا کرد و بارودۆخەکەی ئەوەندەی دیکەش ئاڵۆز کرد! سووك و هاسان هەر بیست خاڵی گەڵاڵەکەی ڕەت کردەوەوبۆ خۆی چەند خاڵێکی پێشنیار کرد کە هەموویان لە دەسەڵاتی زۆرینەی ڕێبەری و مل ڕاکێشانی کەمایەتی بۆ بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی دەدوان . تەنانەت ئەوەشی لێ زیاد کرد :

ـ ئەگەر لایەنی کەمینە ماڵ جیایی یان لەگەڵ کردین لە هەر جێگایەك بن ئامادەین هاوکاری یان لەگەڵ بکەین و یارمەتی یان بدەین .

درکاندنی ئەو ڕستەیە بێ پێچ و پەنا دەری خست کە ئەوان لە مێژە دەرگای هەرچەشنە دان وستان وڕێك کەوتنێکیان لەسەر خۆ گاڵە داوە و لەسەر جوێ بوونەوەو لێك ترازان کۆك و یەك دەنگن . چونکە لەنێو بەدەنەش دا بۆ ڕێ خۆشکردنی ئەو بیرۆکەیە پڕوپاگەند ەی ئەوەیان وەڕێ خستبوو کە هێنانە گۆڕی ئەو بیست خاڵە لە لایەن کەمایەتی یەوە بەمانای جوێ بوونەوەولێك

ترازانه . له حالێك دا ئەو پلاتفۆرمە بۆ یەك خستنەوەی ڕیزەكانی حیزب بوو كە ئەوان لە كۆنگرەی سێزدە بەم لاوە بەكردەوە لەتیان كردبوو .

كورت و كرمانجی كاك مستەفا كەبەو قسانەی ئاوی پاكی بەدەستی هەموان دا كردو، هەموو هیواكانی لەگەڵ ناهومێدی بەرەوڕوو كردن، ناڕاستەوخۆ وای نیشان دا كە ئەوانە چەند كەسێكی نە گونجاو لەگەڵ بەرنامەوپێ ڕەوی حیزب دان و لە هەوڵی لەت و پەت كردنی حیزب و جوێ بوونەوە دان! بەلام داخوا كورت گوتەنی : " بەری ڕۆژێ بە بێژینگێ دەگیرێ؟ " داخوا ئەو قەیرانە بنەڕەتی یە دەكرێ هەروا سووك و هاسان بە چەند وشەیەكی بێ بناغەوبێ هەڵسەنگاندنی ورد بینانەی وەزعەكە كۆتایی پێ بێ و دیزە بەدەر خۆنە بكرێ؟ داخوا كاك مستەفا دەتوانێ بەو دروشمە بریقە دارانە ڕووی ڕاستی یەكان لەبەر چاوی دڵسۆزان بزر بكا؟ بۆ وەلام دانەوەی ئەو پرسیارانە كە پێویست و زەرووری بوون، ڕۆژی 14ی خەرمانان، بەمەبەستی دەرخستنی ڕووی ڕاستی یەكان، كاك حەسەنی ڕەستگار كۆبوونەوەیەكی بەرینی پێك هێنا .

كاك حەسەن سەرەتا سەبارەت بە جوێ بوونەوەو قەڵت و بڕ كردنی حیزبەكەمان، باسێكی تێروتەسەلی پێشكەشی بەشد اران كرد و، بەبەڵگەوە سەلماندی كەلایەنی زۆرینەی كۆمیتەی ناوەندی لە كۆنگرەی سێزدە بەملاوە بەكردەوە حیزبی دیموكراتیان دوولەت كردوەوئێمە لە هەوڵی یەك خستنەوەی داین . پاشان شی كردنەوەیەكی وردی لەسەر یەك بەیەكی خاڵەكانی نێو گەلاڵەكە كرد و، دڵسۆزانی حیزبی بۆ داوەری كردن لەسەریان بانگ هێشتن كردوپرسیاری كرد :

ـ داخوا كام یەك لەو خالانە لەگەڵ بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب لە ناتەبایی دایە؟ یاخۆ كام یەك لەو خالانە بۆنی جوێ بوونەوەولەت و پەت بوونی حیزبەكەمانی لێ دێ؟

جێی سەرنجە باسەکەی کاك حەسەن لەگەڵ پێشوازیی گەرمی بەشد اران بەرەوڕوو بوو .

ئەوجار لەسەر داوای کاك حەسەن مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە چووە پشت تریبوونەکە و، ڕوون کردنەوەیەکی کوورت و دەوڵەمەندی لەسەر وەزعەکە پێشکەشی بەشدارانی کۆبوونەوەکە کرد و، پەردەی لەسەر بەشێکی بەرچاو لەلایەنە شاراوەکانی مەسەلە نێو خۆیی یەکان لاداوبەڵگەی حاشا هەڵ نەگری لەسەر هێنانەوەو، تەمی گومانی لەسەر ڕووداوەکانی ئەو قۆناغە کەتا ئەو کات شی کردنەوەیەکی ئەوتۆیان لەسەر نەکرابوو، ڕەواندەوە کەلەگەڵ پێشوازیی گەرمی بەشد ارانی کۆبوونەوەکە بەرەوڕوو بوو .

ئەوجار نۆبە گەیشتە سەر بەشی پرسیار و ڕا و بۆچوونی بەشد ارانی کۆبوونەوەکە . لەو بەشە دا هەرکەس بەپێی سەلیقە و بۆچوونی خۆی پرسیاری کرد و ڕای خۆی دەربڕی و، وەڵامی پێویستی پێ درایەوە .

هەر لەوسەروبەندە دا کاك بابا عەلیی مێهرپەروەریش کەوەك بێ لایەن خۆی ناساندبوو، کۆبوونەوەیەکی گشتیی پێك هێنا . ئەویش بە وردی لەسەر چۆنیەتیی بارودۆخەکە دواو، شی کردنەوەی لەسەر کرد و، زیانەکانی بەراورد کردن و، بەپێی بۆ چوونی خۆی ڕێگای دەربازبوون لەوبارە نا ئاسایی یەی بە رۆکی حیزبەکەمانی گرتبوو، دەس نیشان کرد . کاك بابا عەلی بەشی هەرەزۆری قسەکانی لە پێوەندی لەگەڵ یەك بوون و پێکەوە ژیانی بە ئاشتی و تەبایی دا بوون . بەمەبەستی خۆ ڕزگار کردن لەوقەیرانەوگەڕانەوەی ڕەوتی ئاسایی بۆ نێو ڕیزەکانی حیزبەکەمان، ئەم گەڵاڵەیەی پێشنیار کرد و، داوای لە بەشد اران و بەدەنەی حیزب کرد کەپشتی بگرن . ئەوەش دەقیگەڵاڵەکەی کاك بابا عەلی :

**هاوڕێیانی بەڕێزی جیناحی ئەکسەریەت و ئەقەلییەت**

وێڕای سڵاوێکی برایانە !

بەنوێنەرایەتیی بەشێك لەو کادروپێشمەرگانەی حیزب کە بەستراوەیی جیناحیان نیە، لەگەڵ دەربڕینی نیگەرانی و پەرۆشی بۆ ئەو تەنگەژەیە کەوتۆتە نێو حیزبەکەمان، ئەو گەڵاڵەتان پێشکەش دەکەم . لەو گەڵاڵە دا هەوڵ دراوە پەرۆشیی هەردووك جیناح لە ئاستی حیزبەکە لەبەرچاو بگیردرێ . هیوادارم هەردووك بە دڵ ئاوەڵایی چاو لەو گەڵاڵە بکەن و قازانج و بەرژەوەندیی حیزبەکە لەسەرەوەی هەموو مەسەلەکان دابنێن . ئەو گەڵاڵە دوو بەشی سەرەکی لە خۆ دەگرێ، بەشی هەنووکەیی و بەپەلە بۆ زاڵ بوون بەسەر قەیرانەکە دا و بەشی درێژ خایەن بۆ چارەسەریی ڕیشەیی تری مەسەلە نێوخۆیی یەکان .

ئەلف . مەسایلی کورتخایەن :

1 ـ کۆنگرەکانی 10 ، 11 ، 12 و 13 هەرهەموویان ڕەنگ و کاریگەریی جیناحییان پێوە دیار بووە، بەو حاڵەش هەر هەموویان لەگەڵ کەموکووڕ ییەك کە بوویانە مەشرووع بوون و بڕیارات و ڕێبەرایەتییە هەڵبژێراوەکانیان ڕەوا و مەشرووعن . ڕێبەرایەتیی حیزب لە ماوەی ئەو کۆنگرانە دا هەم دەسکەوتی باشیان هەبووە هەم خاڵی لاواز . پێویستە هەموو ئەندامان بە ڕێزەوە چاو لەئاکامی کۆنگرەکان بکەن و هەروا ڕێبەرایەتییەکانیان بە ڕێبەری خۆیان بزانن . بڕیارەکانیش ئەگەر ڕەخنەشیان لەسەر بووبێ، پێویست دەکا پێڕەویان لێ بکرێ .

2 ـ حیزبی دیموکرات بەرهەمی ڕەنج و زەحمەت و کوێرەوەری و تێکۆشانی هەموو ئەندامان و لایەنگرانیەتی جا لە هەر کوێیەك بن . هەرکام لە جیناحەکان کە لە کۆنگرە دا سەرکەوت، دەبێ لە خزمەت ئامانج و بەرنامەکانی ئەو حیزبە دا بێ و نابێ هەرخۆی بە خاوەنی حیزب بزانێ . پێویستە لەسەر جیناحی زۆرینە (بە هۆی دەسەڵاتی زیاتر لە حیزب دا) دەرەتانی بەشدارکردنی هەموو ئەندامەکانی حیزب لە ئیدارە کردنی حیزب دا بەبێ لەبەر چاو گرتنی

بەستـراوەیی بە جیناح بڕەخسێنیٚ . پێوەر بۆ ئەسپاردنی بەرپرسایەتی دەبیٚ شارەزایی، لیٚ هاتوویی و ئەزموون و . . . بیٚ . جیناحی کەمینـە دەبیٚ قـەبووڵ بکـا مـادام کـەوەك جینـاح هاتۆتـە مەیـد ان، ملکەچـی بڕیـاراتی ئوسـووڵی ئۆرگانەکانی حیزبی بیٚ و بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی حیزب بە هیچ شێوەیەك کـەم کـاری یـان تەنـەخی لـە لایـەنگرانی خـۆی قـەبووڵ نـەکا . بەواتایـەکی دیکـە " ڕەخنەی بەجیٚ بەڵیٚ، بەڵام کەم کاری نە " .

3 ــ ئـازادیی ڕادەربـڕین لـە حیـزب دا وەك پڕنسـیپێکی نـەگۆڕ بـۆ حیزبـی دیـــموکرات ماوەتـــەوە . جینـــاحی زۆرینـــە و ئۆرگانـــە بەرپرســـەکان دەبـــیٚ کەشوهەوای لەبار بـۆ دەربـڕینی بۆچـوونی جیـاواز لەسـەر کێشـەکانی نێوخـۆیی حیـزب و لــە نێوخــۆی حیــزب دا بڕەخســێنن و گــرەنتی پاراســتنی نــەزم و هێمنایەتیی کۆبوونەوەکان بکەن و بەهیچ جۆرێك ڕێگا نـەدریٚ کەسـییەتیی هـیچ ئەنـد امێکـی حیزبـی ورد بکـریٚ . (بـە دانـانی ڕیٚ و شـوێنی تایبـەت بـۆ کۆبوونەوەکان) و لە هەمان کاتد ا هەموو لایەك دەبیٚ بە جیدی پێش بە ناردنـە دەرەوەی بابەتـەکان بـۆ سـەر سـایتەکان و ڕاگەیەنـە گشـتییەکان بگـرن و مەحکوومی بکەن .

4 ـ کەڵك وەرگرتن لـە کەسـانی شـارەزا و پسـپۆڕ و بـە ئـەزموون لـە بـواری سیاسی دا لە ئاستی ڕاوێـژ کـاری کۆمیتـەی ناوەنـدی و دەفتـەری سیاسـی و لـە هــەمان کاتــد ا پێکهێنــانی ناوەنــدێکی ڕاوێــژکاری بــۆ تــاوتوێکردنی مەســەلە سیاسییەکان و پێشکەش کردنی بە دەفتەری سیاسی یان کۆمیتەی ناوەندی بـۆ بڕیار لەسەردان یان هەڵوێست گرتن .

5 ـ دیاریکردنی هەیئەتێکی جێی متمانەو خاوەن سـەڵاحییەت و بەدەسـەڵات بۆ ماوەیەکی دیاری کراوبەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە :

ـ چاو خشاندن و لێکۆڵینەوە بەسەر هەڵسوکەوتی نادروستی هـەردوو جینـاح لە بواری خۆ لادان لە کار یا سەرپێچی لە بڕیارویان بەڕێوەچوونی ئـەو بڕیاراتـە کە بووبێـتە هـۆی پێشـێلکردنی مـافی حیزبـی کادروپێشـمەرگەکان بـە قازانـجی جیناحی ( نـموونەکانی جێی ئیعتیـراز ) و پێشکەشکردنی ئاکامی لێکۆڵینەوە بە دەفتـەری سیاسـی بـۆ ئیجرائـاتی پێویسـت . ( بـە لەبـەر چـاو گـرتنی نـەزەری هەیئەت )

ـ چاو خشاندنەوە بـەو مادانـە لـە ئایـیننامەی کۆمیتـەی ناوەنـدی کـە پـاش ئەزموونی کار پێکردن دەرکەوتوو کۆسپە لەسەر ڕێی بەرەوپێش بردنی کارەکان و دەستنیشان کردنیان و پێشنیاری ئاڵتـــڕناتی و لـەو بـوارەدا و پێشکەشـکردنی بە دەفتەری سیاسی بۆ نەزەردان و لە ئاکام دا بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی .

ـ چاو خشاندنەوە بەو بڕیاراتانەی دەفتەری سیاسی سـەبارەت بـە مەسـایلی جۆراوجۆر کـە لـەبواری جێبـەجێ کردنـد ا دەر کـەوتووە لەگـەڵ واقیعییەتـەکان نایەتەوە و بۆتە هۆی خولقاندنی کێشەومایەی دڵساردیی ئەند امانی حیزب .

6 ـ جیناحەکان هەرکام لە ئاستی خۆیانەوە بەرنامـەی خۆیـان بـۆ چۆنیەتی ئید ارە کردنی حیزب و میکانیزمی بەڕێوەبردنی بڕیاراتی کۆنگرەکان و بەرنامە و ئەساسـنامە و کارەکـانی بەڕێوەبـەری و موودیریـــیەتی حیـزب بڵاوبکەنـەوە . قازانـجی ئەو کارە ئەوەیە، نەزەرەکان بۆلای بەرنامـەکان هـەڵ دەرگەڕێــتەوە و چی دیکە کەسایەتییەکانی نێوخۆی حیزب کـە تەمـەنی خۆیـان بـۆ خزمـەت بـەو حیزبە تەرخان کردوە، ناکەونە بەر ڕەخنە و . . . بـەڵکوو بەرنامـەکان دەکەونـە بـەر ڕەخنـە و لـە ئاکـام دا باشتــرین بەرنامـە دەتـوانێ ئەرکـەکانی حیزبـی پـێ بەڕێوەبەرێ .

ب ـ مەسایلی درێژ خایەن :

1 ـــ دیـاردەی جیناحبـازی لـەحیزبی دیـموکراتد ا بوەتـە سەرچـاوەی ناکۆکییەکان و بوەتە تەنیا ئەبزاری بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە حیـزب دا . بـۆ چارەسـەری ئـەو دیاردە، باشتــرین ڕێگـا چارەسـەری شـێوەی هەڵبـژاردنی ڕێبەرایەتی حیزبـە . ئـەو کـارە بـەدانانی میکـانیزمی وا چارەسـەر دەکـرێ کـە : یەکەم دیـموکراسی نێوخۆی حیزبی پێشێل نەکا، دووهەم، شانس و دەرفەتی لە بار بە ئەند امان بد ا کە بەپێی ئەساسنامە بتوانن بە پشت بەست بـە لێهـاتوویی و شارەزایی خۆیان شوێنی شیاوی خۆیان لـە حیـزب دا پەیـد ا بکـەن . سـێهەم، جینـاح و جینـاح بـازی کـارایی نـەمێنێ و ئـەو سـیتمە جێـی جیناحبـازی تێـد ا نەبێـتەوە . چـوارەم، ڕووحـی تـەبایی و هـاوفکری و هاوکـاری لـە نێـو حیـزب دا بەهێز بکا .

2 ـ بایەخێکی زۆرتر بدرێ بە بیـروڕای گشتی لە نێو بەدەنـەی حیـزب دا، لـە ڕێگای ڕاپرسی لەسەر مەسـەلە جۆراوجۆرەکـان . لـەو کاتانـە دا کـە ڕێبەرایـەتی پێویستی بە دۆزینەوەی ڕێگا چارەی کێشە قووڵەکان هەیە، ئەو ڕاپرسییە دەبـێ بەپێی میکانیزمێکی لەپێشد ا دیاری کراو و بە دەنگی نهێنی بێ .

براتان عەلی مێهرپەروەر

85/6/11

لەو ماوەیە دا جیا لە کۆبوونەوە گشتی یەکان، کۆبوونەوەی نوێنـەری دیـاری کراوی هەرتك لایەنیش بەردەوام بوو . بەڵام بە داخەوە، نەك هەر میکانیزمێکیان بۆ چارەسەر کردنی گیـروگرفتەکان پێ نەدۆزرایەوە، بەڵکو چـەند هـەنگاوێکیش بۆ دواوە کشانەوە ! زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی کەهەروەك پیشتـر باسـم کـرد : لە بنەڕەت دا باوەڕیان بە هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕێك نەبوو، لەسەر ئەوە یەك دەنگ بـوون کەمەسـەلەکە بـۆ پلینـۆمی کۆمیتـەی ناوەنـدی وەیگـوێزن و لـەوێ دا دوا

بڕیاری لەسەر بد ە ن . لایەنی کەمینەی کۆمیتەی ناوەندیش کە بەڕوونی ئاکامی پلینۆم و بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی یان لەبەر چاو بوو، لەسەر ئەوە سوور بوون کەدەبێ لە پێش بەستنی پلینۆم دا نوێنەران لەسەر بڕیارێك ساخ وەبن و پاشان بچێتە پلینۆم . بەڵام لایەنی دەسەڵات بە دەست بە هیچ باران نەچوونە ژێر باروبڕیاری بەستنی پلینۆمیان ڕاگەیاند . هەربۆیە لایەنی کەمینە ناچار بە نووسینی ئەم نامەیە بوون .

## بەڕێز قۆڵی زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندی!

لەگەڵ سلاو :

لە کاتێك دا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ گەورەترین گیروگرفتی دەورانی ژیانی سیاسیی خۆی بەرە و ڕوویە و نزیك بەمانگ و نیوێکە یادداشتی ئێمە بۆ چارەسەری ئەو گیروگرفتە بێ وەڵام ماوەتەوە، سوورن لەسەر ئەوە کە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی پێك بێنن .

ئێمەش و ئێوەش دەزانین کە ئەمڕۆ هیچ کارێکی حیزبی دیموکرات لەسەر بەستنی پلینۆم پەکی نەکەوتوەوئەم حیزبە کارێکی گرنگتر لەوەی نیە کە هەوڵ بد ا ڕێگا چارەیەك بۆ ناکۆکی یە نێوخۆیی یەکانی بدۆزێتەوە . لەو هەلو مەرجە دا پێك هاتنی پلینۆم هیچ مانایەك و هیچ ئامانجێکی تێد ا بەدی ناکرێ جگە لەوە کە هەوڵ بد ە ن یەك لایەنە بڕیار لەسەر مەسەلەکان بد ە ن و ئەو لەت کردنەی کە تائێستا بە کردەوە بەسەر حیزبتان دا سەپاندوە، ڕەسمییەتی پێ بدەن.

بۆیە لە ڕێگای ئەم نامەیەوە لە پێش دا بەهەستی لێ پرسراوی و دڵسۆزی یەوە داواتان لێ دەکەین واز لە پێك هێنانی پلینۆم و بڕیاری یەك لایەنە لەسەر گیروگرفتەکان بێنن و وەخت و هەوڵ و هیممەتی هەموو لایەك بۆ چارەسەرێکی ئووسووڵی و مەسئوولانەی وەزعکە بخەنە کار .

خۆ ئەگەر ئەو تکایەشـمان قـەبووڵ نـەکرێ ئـەوە بەڕاشکاوی ڕادەگەیەنیـن کەلـەو کۆبوونەوەیـە دا بشـد ار نابیــن و هــەر بڕیـارێکیش لـە پێوەنـدی لەگـەڵ گیـروگرفتە نێو خۆیی یەکان دا لەوکۆبوونەوەیە بێـتە دەر بەڕەسـمی ناناسیـن و ڕەتی دەکەینەوە . چونکە بە پێچەوانەی بۆ چوونی ئێوە لە بارەی دیـموکراسی یــەوە، ئــەو کارەتــان دەبێتــە بــەکار هێنــانی دیکتــاتۆریی زۆرایــەتی، نــەك ڕەچاوکردنی دیموکراسی . بە ئاواتی هەڵوێستێکی بەرپرسانە .

ئەند امان و جێگران و موشاویرانی کۆمیتـەی ناوەنـدی قـۆڵی کەمایـەتیی کۆمیتەی ناوەندی .

## 19ی خەرمانانی 1385

بەڵام بە داخەوە گوێ بۆ ئەو تکاوڕەجایەش شل نەکرا . لەگـەڵ ئـەوەدا کـە حەڤـد ە کــەس لــە ئەنــد امــانی دەفتــەری سیاســی، کۆمیتــەی ناوەنــدی، جێگروموشاویرانی لایەنی ئۆپۆزیسیۆن بە شد اری‌یان تێـد ا نـەکرد، ڕۆژی 20ی مانگی خەرمانانی ساڵی 1385ی هەتاوی پلینۆم، یان باشتـر بڵێم کۆبوونـەوەی قۆڵی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی دەستی پێ کرد .

تەوەرەی باسە سەرەکی یەکانی کۆبوونەوەکە لانی کەم لـەمن شـاراوەبوون . ئاشکرا نەبوو داخوا چ پرۆژەیەکی گرنگ و بنەڕەتی دراوەتە بەر سەرنجی بەشـد اران و شـی کردنـەوەی لەسـەر کـراوە ؟ یـان چ پلانێکـی مێـژوویی بـۆ داهـاتووی حیزبەکەمان لە گۆڕێ دا بووە و ئێمە پێمان نەزانیوە کەئاوا بە پەلە لێـی وەخـۆ کەوتبـن تا لەسەری ڕێـك کـەون و لەدەسـت نەچـێ! ئـەوەی بـەڕوونی بـۆ ئێمـە دەرکەوت کەوادیار بوو بەووردی لە سـەری دوابـوون و بیـروڕایان لەسـەر گـۆڕی بۆوە، ئەم چەند دێڕەی ڕاگەیەنـدراوی دەفتـەری سیاسـی سـەبارەت بـە کۆتـایی هاتنی کۆبوونەوەکە بوو کە ئاوا نووسرابوو :

ـــ پلینـۆم لـه پێوەنـدی لەگـەڵ گیـــروگرفته نێوخـۆیی یـەکانی حیـزب دا تەوسییەی بـه دەفتـەری سیاسـی کـرد کـه جـارێکی دیکـه هەوڵـەکانی خـۆی لـه چوارچـێوەی ئووسـوولٚ و پرەنسـیپەکانی حیـزب و پێـڕەوی نێوخـۆی حیـزب دا بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گیـر و گرفته درێژه بـد ا و ڕاپـۆرتی خـۆی لـەو پێوەندی یه دا بد اتەوه به پلینۆمی داهاتوو .

ئەوه هەرنەبیٚ ددان پێد انان یان لانی کەم ئامـاژیەك بوو کە لە نێـو ڕیزەکـانی حیزب دا گیـروگرفتێکی بنەڕەتی لە گـۆڕێ دایەوهـەنگاونان بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەرکێکی پێویسـت و زەرووری یـه کـه تـا ئـەو کاتـه قـۆڵی زۆرینـەی کۆمیتـەی ناوەندی بەمەسەلەیەکی ئاسـایی و کـەم ڕەنگـی نیشـان دەدا . هەربۆیـه لایـەنی ئۆپۆزیسیۆن به دوای ڕاگەیاندراوەکه دا ئەو ڕوون کردنەوەی بلاٚوکردەوه .

## ڕوونکردنەوە لەبارەی ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی‌یەوە

ڕۆژی 23ی خەرمانان دەفتەری سیاسی ڕاگەیەنـدراوێکی لەسـەر "پێکهـاتنی پلینۆمی کومیتـەی ناوەنـدی" بـلاٚو کـردەوە. لـەم پێوەنـدی یـەدا بـه ئاگـاداریی هاوڕێـیانی حیزبی دەگەیەنین کە:

لەو کۆبوونەوەیەدا کە لە ڕۆژانی 20 تا 22ی خەرمانان پێك هات, ئەندامانی ئەسڵی و جێگرو موشاویرانی کومیتەی ناوەندی سەر بە ئۆپۆزیسـیۆنی نێوخـۆیی حیزب, بەشدار نەبوون. ئەوان پاش ئەوەی داوای هاوڕێیان حەسەنی ڕەسـتگار و مسـتەفا مـەولوودی, لـە دوو کۆبوونـەوەی دەفتـەری سیاسـی‌دا لـەبارەی پەلـە نەکردن لە پێکهێنانی پلینۆم و, گرنگیدان بە چارەسەر کردنی کێشـە نێوخـۆیی-یەکان پێش پێکهاتنی پلینۆم, لەلایەن قـۆڵی زۆرینـەی ڕێبەری‌یـەوە, وەبەرچـاو نەگیـرا, ڕۆژی 19ی خەرمانان لە نامەیەك دا بە قۆڵی زۆرینەیان ڕاگەیاند:

"ئێمەش و ئێوەش دەزانین کە ئەمڕۆ هیچ کـارێکی حیزبـی دێمـوکرات لەسـەر بەستنی پلینۆم پەکی نەکەوتوەو ئەم حیزبە کارێکی گرنگتر لەوەی نیە کە هەوڵ بدا چارەیەك بۆ ناکۆکی‌یـە نێوخـۆیی‌یـەکانی بدۆزێتـەوە... بۆیـە لـە ڕێگـای ئـەم نامەیـەوە بـە هەسـتی لێپرسـراوی و دڵسـۆزی‌یەوە داواتـان لـێ دەکـەین واز لـە پێکهێنانی پلینۆم و بڕیاری یـەك لایەنـە لەسـەر گیروگرفتـەکان بێـنن و وەخـت و هـەوڵ و هیممـەتی هـەموو لایـەك بـۆ چارەسـەرێکی ئوسـووڵی و مەسـئوولانەی وەزعەکە بخەنەکار..."

بەداخــەوە زۆرینــەی کومیتــەی ناوەنـدی ئـەم داوایـەی وەبەرچـاو نـەگرت و کۆبوونەوەی خۆی بە بەشداریی چەند هاوڕێیەکی بێلایەن پێك هێنا. ئێمە لەگەڵ ئــەوەی پێمــان بــاش بــوو ئــەم کۆبوونەوەیــە بکەوێتــە دوای دۆزینــەوەی ڕێگاچارەسـەرێك بـۆ کێشـە نێوخـۆیی‌یـەکان و پلینۆمێـك بـە بەشـداریی هـەموو ئەندامانی ڕێبەریی حیزب پێك بێ، خۆپاراستنی ئـەم هاوڕێیانـە لـە دانـی بڕیـاری یەك لایەنە لەسەر کێشە نێوخـۆیی‌یـەکان لـەم کۆبوونەوەیـەدا، بـە کـارێکی بـاش دەزانـین و، پێشـوازی لـە راسـپاردەی ئـەوان لـەبارەی درێـژەی هەوڵـەکان بـە مەبەسـتی دۆزینـەوەی ڕێگاچـارە دەکـەین. دڵنیـاین ئەگـەر زۆرینـەی کومیتـەی ناوەنـدی بــە گیــانی لێــك تێگەیشــتن، وێکهــەڵکردن و دەرکــی پێویســتیی بەشدارکردنی هەموو تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب لـە بڕیـاردان و بـەڕێوەبردنی کاروباری حیزبی دێموکرات دا، لەگەڵ ئەم قەیرانە نێوخۆیی‌یەی حیزب بـەرەوڕوو بێتەوە، هەیئەتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخـۆیی و قـۆڵی دەسـەڵاتداری حیـزب لـە چوارچێوەی پرەنسیپە دێموکراتی‌یەکان و پێویستی‌یەکانی هەلومەرجی خـەبات و گیانی سـەردەم دا بـێ لـەژێرپێ‌نانی هـیچ بەنـدێکی پێـڕەوی نێوخـۆی حیـزب، دەتوانن بگەنە ئاکامێکی بـاش و پلینـۆمی داهـاتووی کومیتـەی ناوەنـدی بڕیـارو

موژدەی خۆشی بۆ ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکرات کە لە دڵەخورپەو چاوەڕوانی دا دەژین، پێ دەبێ.

هەیئەتی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بۆ وتووێژ لەگەڵ قۆڵی زۆرینەی کومیتەی ناوەندی،

## 24ی خەرمانانی 1385

لەو ماوەیە دا لە دەرەوەی ڕیزەکانی حیزبیش، دۆستان و دڵسۆزانی بزووتنەوەکەمان بۆ چارەسەر کردنی قەیرانەکە و، دامر کاندنەوەی ئەو بارە گرژوئاڵۆزە کە ببوو بە کۆسپی سەر ڕێگای تێکۆشانمان، هەر لەهەوڵ دابوون . ڕۆژی 25ی مانگی خەرمانانی ساڵی 1385ی هەتاوی، هەیئەتێکی پارتی دیموکرات و یەکیەتیی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی بەڕێزان کاک تۆفیق ڕەحیم و کاک ئازاد بەرواری ئەند امانی دەفتەری سیاسیی پارتی و یەکیەتی و، بەنوێنەرایەتیی بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعوود، بۆ جارێکی دیکەش سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبیان کرد . لە کۆبوونەوەیەك لەگەڵ هەرتك لایەن دا، لەگەڵ ئەوە دا ئامادەیی خۆیان بۆ نێوبژیوانی ڕاگەیاند، داوایان کرد کە بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێك بەمەبەستی چارەسەر کردنی گیروگرفتە نێوخۆیی یەکان هەنگاوی بەکردەوە هەڵێننەوە . بەڵام کاك مستەفای هیجری دیسان مەسەلەکەی زۆر ئاسایی قەبلاند و، وای نیشان دا کە هیچ گیروگرفتێکی ئەوتۆ بنەڕەتی لە گۆڕێ دانیە کە پێویستیی بە نێو بژیوان هەبێ و چارەسەرکردنی لەڕادەی توانای خۆمان بەدەربێ!! بە کوردی و بە کورتی نا ڕاستەو خۆ پێی ڕاگەیاند ن کە پێوستمان بە نێوبژیوان نیە و چی دی بە خۆڕایی خۆیان ماندوو نەکەن! لە حاڵێك دا مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە بەڕوونی ئاماژەی بە تەنگ و چەڵەمەکان کرد و ئاشکرای کرد کە هیچ هەنگاوێك بۆ

چارەسـەر کردنیـان هـەڵ نەگیـراوە . هـەروەها ئامـادەیی لـێ بڕاوانـەی لایـەنی کەمینەی کۆمیتەی ناوەندیی بۆ دۆزینەوەی میکـانیزمێکی گونــجاو بەمەبەسـتی چارەسـەرکردنی نـاکۆکی یـەکان ڕاگەیانـد و، سوپاسـی هــەموو ئـەو لایـەن و کەسایەتی یانەی کرد کـە بـۆ چارەسـەر کردنـی ئـەو ڕەوتـە زیانبـارەی بـەرۆکی حیزبەکەمانی گرتوە، ئەرکی نێوبژیوانی وەئەستۆ دەگـرن و بەدڵـەوە پێشـوازیی لێ کردن .

بە دوای ئەوان دا هەیئـەتێکی حیزبـی شـیوعی سـەردانی دەفتـەری سیاسـیی کردوپاش دانیشتـن لەگەڵ هەرتك لایەن، هەر ئـەو وەڵامانـەی بیستــن و ئـەویش بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوە .

هــەر لــەو ڕۆژانــە دا کــاك قــادر عــەزیز ســەرۆکی حیزبــی زەحمــەت کێشــان بەمەبەستی نێو بژیوانی سەردانی کردین و ئەویش بە ناهومێدی بەجێی هێشتین، ئەوە جیا لە زۆر کەسایەتیی دیکە کە بەنامە و تەلەفون و بەرە و ڕوو، هـەر لـەو بوارە دا خۆیان ماندوو کرد و ڕەنگە من ئاگادار نەبووبـم .

لە یەك قسە دا لایەنی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەنـدی بوونـە قیلـی کـەوا سـپی و تکاوڕەجای کەسیان بە هێند نەگرت . تەنانەت لەوەڵامی پرسیاری ژمارە نـەوەد و چواری ڕۆنامـەی چـاودێر دا کـاك مسـتەفا بـە ڕاشـکاوی هـەموو هـەوڵێکی نێـو بژیوانانی ڕەت کردەوە و ڕایگەیاند : کە پێویستمان بە نێوبژیوان نیە ! هەر ئـەو پرسیارەی ڕۆژنامـەی چـاودێر بـەرەوڕووی مامۆسـتا حەسـەن زادە کـراوەو، بـێ ئەوەی ئاگاداری وەڵامی کاك مستەفا بووبێ ڕایگەیاند :

ـ ئێمـە لەگـەڵ ئـەوە دا بانگـەواز بـۆ نێوبـژیوان ناکـەین، هـەوڵی هەرکـەس و لایەنێك بۆ نێوبژیوانی دەگرینە سەر سەروپێشوازیی لێ دەکەین .

ماوەیەکی دیکەش بەسەر دا تێپەڕی و بەرهەمی هەموو کۆبوونەوەکان بێجگـە لـەناکامی هیچیان بەدەسـتەوە نـە دا . ئەمــجارەیان قـۆڵی زۆرینـەی کۆمیتـەی

ناوەندی کەمەبەستی سەرەکی یان کات کووژی بوو، پەنایان بە پیلانێکی دیکە بـرد . ڕۆژی 9 ی مـانگی ڕەزبـەری سـاڵی 1385ی هـەتاوی، لەکۆبوونـەوەی دەفتەری سیاسی دا بڕیاریان دابوو کەهەیئەتی دیاری کراو هـەڵ وەشـێننەوەو، بۆ درێژە دان بەناو وتووێژەکان هەیئەتێکی نوێ لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی دیاری بکەن . دیارە مەبەستەکەش لە بنەڕەت دا قت کردنی مامۆستا عەبدوڵڵای حەسـەن زادە لـە وتوویـژەکان دا بـوو نـەك دۆزینـەوەی ڕێگـا چارەسـەرێکی گونــجاوتر بـۆ لــەنێو بردنــی گیــروگرفتەکان . بــەڵام بــەو حاڵــەش لایــەنی ئۆپۆزیسیۆن بۆ ئەوەی چەکی ئـەو بیانووەشیان لەدەست دەرێنن، ئامادەیی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی بڕیارەکە دەربڕی .

هەیئــەتی نـوێ بـریتی بـوون لـە بـەڕێزان : کـاك حەسـەنی ڕەسـتگار لایـەنی ئۆپۆزیسیۆن، کاك بابا عەلیی مێهرپەروەر بێ لایەن و کاك حەمە نـەزیفی قـادری لە زۆرینەی ڕێبەری . ڕۆژی 10ی مـانگی ڕەزبـەر کۆبوونـەوەی هەیئـەتی نـوێش پێـك هـات . بـەڵام هـەروەك چـاوەڕوان دەکـرا ئـەو جاریش بـە دەسـتی بـەتاڵ گەڕانەوەوهیچــی لــێ ســەوز نــەبوو . کــەوابوو لــە خــۆڕا نــەبوو کــە کادروپێشمەرگەکانی لایەنی ئۆپۆزیسیۆن کە وەك پێشتـر باسـم کـرد لـە نیـوەی ڕیزەکانی حیزب کەمتـر نەبوون و هیچ ئاسۆیەکی ڕوونیـان بـۆ چارەسـەر کردنـی تەنگ چەڵەمەکان بەدی نەدەکرد، بە تەواوی وەزاڵە هاتبوون . ڕووی پرسیاریان دەکردە بەرپرسان و خوازیاری یەك لایی کردنەوەی مەسەلەکە بوون .

بائەوەشـمان لە بیـر نەچێ کە لەهەرتك لایەن کەسانێك وەبەرچاودەکەوتن کە ئاشیان بەئاوی ناتەبایی دەگەڕا و ئاواتیان لەت بـوو ن و لێـك ترازانـی ڕیزەکـانی حیزب بوو . تەنیا جیـاوازی یـەك کـە لـەو پێوەنـدی یـەدا وەبـەر چـاو دەکـەوت ئەوەبوو کە : هیچ کام لەوانەی لایەنی ئۆپۆزیسـیۆن کەسـانی خـاوەن دەسـەڵات

وبڕیـار بەدەسـت نـەبوون . بـەلأم ئەوانـەی لایـەنی زۆرینـەی ڕێبـەری لـە ڕیـزی دەسەلأت داران و بڕیار بە دەستان بوون .

سەرەنـجام بە مەبەستی ئاوڕ دانەوەیەك لە ڕەوتـی ڕووداوەكـان و، بـێ وەلأم نەهێشـتنەوەی كاروپێشـمەرگەكان، مامۆسـتا عەبـدوڵلأی حەسـەن زادە و كـاك حەسەنی ڕەستگار كۆبوونەوەیەكیان پێك هێنا كە زیاتر لە سەد و پەنجا كادری بە ئەزموونی لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی تێد ا بەشد ار بوون . سەرەتا كـاك حەسـەن و پاشان مامۆسـتا، بـەوردی لـە سـەر ئاكـامی كۆبوونـەوەكان و هەڵوێسـتی پـاوان خوازانەی قۆڵی زۆرینەی كۆمیتەی ناوندی دوان و شی كردنەوەیان لەسەر كـرد . پاشان بە ڕەتی ڕووداوەكانی ئەو ماوەیە دا چوونەوە و، تیشـكیان خسـتە سـەر بیـروبۆچوونی تەسك و بەرچـاوتەنگانەی بەرپرسـانی دەسـەلأت بەدەسـت و، بـە هێند نەگرتنی ویست و داخوازی یەكانی لایەنی ئۆپۆزیسیۆن . دواتر ڕاوبۆچوونی بەشـد ارانـی كۆبوونەوەكـە هاتـە گـۆڕێ و، وەلأمـی پێویسـت بـە پرسـیارەكان درایەوە .

ئێستا بە پێی ئەو ڕوون كردنەوانەو، بـە هەڵسـەنگاند ن و لێكد انـەوەی هـەر شـارەزایەك لـە بـواری سیاسـی دا، بەداخـەوە تروسـكەیەكی ڕوون بـۆ یـەك خسـتنەوەی ڕیزەكـانی حیـزب و، دامركاندنــەوەی گـرژی و ئـاڵۆزی یـەكان وەبەرچـاونە دەكـەوت . چـونكە هـەروەك زۆر جـاران لـە كادرەكـانی لایـەنی دەسـەلأت بەدەسـت دەبیسـتـراو، كـاك مستەفاش لـە كۆبوونەوەكـەی خـۆی دا مۆری تەئیدی پێوەنا، لە كۆنگرەی سێزدە بـە دواوە ئـەوان بـە كـردەوە هـەموو هەوڵەكانیان لە پێناوی لێك ترازان و لەت كردن و یەك دەست كردنـی حیـزب دا بوون . بەلأم بەڕاشـكاوی نـەیان دەویسـت ئۆبـاڵی ئـەو تاوانـە بـخەنە ئەسـتۆی خۆیان و، لە هـەوڵی ئـەوە دا بـوون بـەو فشـار هێنـان و پـاڵ پێوەنانـە، لایـەنی ئۆپۆزیسیۆن ناچار بە وازهێنان لە ویست و داخوازی یەكانیان بكەن . یان بەپێی

ویستی ئەوان مل ڕاکێشن و ئاغا بەڵێ بکەن، یاخۆ بەبێ هیچ چاوەڕوانیەك مەید ان چۆڵ کەن و بەجێیان بێڵن!

کەچی بەو حاڵەش چ مامۆستاوچ کاك حەسەنی ڕەستگار بە دووپات کردنەوەی : " حیزبی دیموکرات هی هەموانە و بەهەموانەوە جوانە " لێ بڕاوانە و بەو پەڕی دڵ فراوانی یەوە داوای سەبروحەوسەلە و پشوو درێژیان لە بەشد اران دەکرد کە بەڵکو بەو کردەوەیان بتوانن لایەنی زۆرینەی کۆمیتەی ناوندی لەو فیل سواری یە پاش گز بکەنەوە . لەو کاتە دا یەکێك لە کادرە لە مێژینەکان پرسیاری کرد کە ئەو پشوو درێژی یە چەند ە و تاکەی؟؟! مامۆستا زۆر لەسەرەخۆ گوتی : " ئەگەر بەمن بێ تاچل ساڵ! "

کەچی مەخابن! لایەنی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی لەو سەبروپشوو درێژی یە کەڵکی خراپیان وەرگرت . پاش زیاتر لە دوومانگ چاوەڕوانی بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتەکان و، کۆتایی هێنان بەڕەوتی چەوتی سەزادانی بە ناهەق و دەرکردن و پاڵ پێوەنانی کادر و پێشمەرگە، نەك هەر بە ئاکامێکی دڵخواز نەگەیشتین، بەڵکو توونд وتیژ تر لە پێشوو ڕەوتەکە درێژەی کێشاو، بەدەرکردنی پۆلێکی دیکە لەتێکۆشەرانی حیزب کوڵی دڵی پڕ لە قینی خۆیان دامرکاند ەوە! هەربۆیە لایەنی ئۆپۆزیسیۆن ناچار بە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداری یە بوون :

## بۆ ئاگاداریی ئەندامانی حیزبی دیموکرات و بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان

بۆ دووساڵ و نیو دەچێ کە قەیرانێکی قووڵی ڕێکخراوەیی ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی گرتۆتەوە . قوڵی پاوانخوازی زۆرایەتیی

کۆمیتەی ناوەندی کە بۆخۆی ڕێکخەر و پێکهێنەری ئەم قەیرانەیە، لەو ماوە دوور و درێژە دا نەك هەر هەنگاوێکی بۆ چارەسەری ئەم وەزعە هەڵ نەهێناوەتەوە، بەڵکو هەر کات و لە هەرکوێیەك بۆی لوابێ حاشای لە بوونی کەمترین گیروگرفت لەنێو حیزبی دیموکرات دا کردوە و وای نیشان داوە کە ئەم حیزبە لە ژیانی سیاسیی خۆی دا قەت وا بێ گیروگرفت نەبووە .

وەك هەموو لایەك ئاگادارن ڕۆژی 1385/5/7 بەرامبەر بە 2006/7/29ی زایینی بەمەبەستی چارەسەرکردنی قەیرانی نێوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران یادداشتێکی 20 ماددەییمان خستە بەر چاوی زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوە ندی کە سکرتێری حیز بیشیان لە نێودایە . زۆر بە داخین کە ڕادەگەیەنین ماوەی زیاتر لە دوومانگ هەوڵ و تەقەلای ئێمە بۆ وتووێژێکی هاوڕێیانە و دیتنەوەی ڕێگاچارەیەکی بەرپرسانە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە بێ ئاکام ماوەتەوە و ئەگەر بۆماوەی تەنیا نزیك بە دە ڕۆژ بەوە ڕازی بوون کە دوو هەیئەت بە نوێنەرایەتیی هەردوو لایەن کۆببنەوە و باسی گیروگرفتەکان بکەن، دواتر نکوولییان لە وتووێژی دوو لایەنەش کرد و بەو جۆرە هەموو هەوڵەکانیان پووچەڵ کردەوە . لەمانەش خراپتر ئەوەیە ئەو شێوە ڕەفتارەی ببووە هۆی ناڕەزایەتیی بەشی زۆری کادروپێشمەرگە بە ئەزموونەکانی حیزب، لەماوەی ئەم دوو مانگە دا زیاتر سەری هەڵ داوە و پەرەی پێدراوە .

بۆ ڕوون بوونەوەی زیاتر تەماشای دوو نموونە دەکەین : لە ماددەی چوارەمی داخوازەکان دا گوتراوە : " لە دووساڵی ڕابردوو دا بە سەدان کەس سەزادراون، تەشویق کراون، پلەیان دراوەتێ، پلەیان لێ ئەستێندراوە تەوە، نەقڵ کراون و تەنانەت خراونەتە بەندیخانەوە کە ئەگەریش بیانوویەکیان بۆ دروست کرابێ، هۆی سەرەکی، لێك دانەوەی جەناحی بووە، بۆیە داوا دەکەین هەموو ئەو جۆرە بڕیارانە ڕابگیرێن و هەیئەتێکی هاوبەش بە سەلاحییەتی وەك

یەکەوە لە جەناحی دەسەڵا تبەدەست و ئۆپۆزیسیۆن پێك بێ کە بە هەموویان دا بچنەوە و ئەوەی بە سالمی نەزانی هەڵی وەشێنێتەوە . لەیەکەم دانیشتنی دوو هەیئەتیش دا داوامان کرد ئەو چەشنە ڕەفتار و بڕیارانە تابە ئاکام گەیشتنی وتووێژەکان ڕابگیرێن و کەس بە تۆمەتی جیابیری تووشی سزادان نەکرێ"

کەچی بە داخی گرانەوە ئەو کردەوە و ڕەفتارە ناڕەوایانە دەرهەقی کادروپێشمەرگە جیا بیرەکان ڕانەگیرا و لەو ماوەیە دا چەندین کەس سزا دراون کە ئەگەر یەك دوو حاڵەتیان لێ دەرکەین، هیچ کامێکیان خەتایەك جگە لە بیروڕای جیاوازیان نەبووە و سزاواری هیچ چەشنە سزادانێك نەبوون، تەنیا لەبەر خاتری حوورمەتی حیزبەکەمان و ئەو هاوڕێ سزادراوانە لێرە دا ناوەکانیان ناهێنین .

ماددەی 7 ی یادداشتی ئۆپۆزیسیۆن دەڵێ : " بەئاشکرا دیارە کە بەکیەتییەکانی ژنان و لاوان وەك دوو یادگاری سەردەمی کۆماری کوردستان بێ لوتفییان لەگەڵ دەکرێ و بایەخی شیاویان پێ نادرێ . بۆیە پێویستە هەردووکیان بە تەواوی پشتیوانی بکرێن و بەتایبەتی دەست لە کار شکێنی و دەست تێوەردانی کاروباری لەکیەتیی لاوان هەڵ بگیرێ " . ئەم قسەیە بە هەوانتە نەکرابوو . هەردووکی ئەو یەکیەتییانە تەنیا لەبەر ئەوەی ئەندامان و ڕێبەرایەتی یەکەیان زۆرتر لایەنگری لایەنی ئۆپۆزیسیۆن بوون، هەریەکەی بە شێوەی خۆی کەوتوونەتە بەر ئەو ڕەفتارە کە ئێمە بۆ لەبەر چاوگرتنی ئەدە ب ناوی بێ لوتفیمان لەسەر دانابوو . بەڵام لێرە دا هەر باسی یەکیەتیی لاوان دەکەین کە زیاتر کەوتۆتە بەر فشاروکارشکێنی و دەست تێوەردانی کاروبارە نێوخۆیی یەکەیان .

لە ڕۆژانی 20 تا 22ی گەلاوێژی 1384ی هەتاوی (11 تا 13ی ئووتی 2005ی زایینی) دا سێیەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی

کوردستانی ئێران بە بەشداریی نوێنەرانی هەموو کۆمیتەکانی لاوان لە کوردستان و وڵا تانی ئورووپا پـێك هات . کاروباری ئەم کۆنگرەیە بە شـێوەی دیـموکراتیك بەڕێوە چوو و هـیچ کـەس گومـانێکی نەخسـتە سـەر مەشـرووع بـوونی . لەگـەڵ ئـەوەی زۆربـەی ئەنـدامانی کـۆنگرە لایـەنگری ئـەو لایەنـە بـوون کـە زۆرایـەتیی کۆمیتەی ناوەندی بە نامەحرەمیان دەزانی، ڕێبەرایـەتی یـەکیان هـەڵ بـژارد کـە نوێنەرانی هەدوو قۆڵی بەشێوەیەکی عادڵا نە تێدا بەشدار بوون . کەچی هـەر بـە " تاوان " ی ئەوەی زۆرایـەتیی ئـەو ڕێبـەری یـە بـە دڵـی زۆرایـەتیی کۆمیتـەی ناوەنــدیی حیــزب نــەبوو لێیــان کەوتنــە کــار شـکێنی و بـۆ وێنــە لــە ڕۆژی 2005/10/14 دا بیٚ ئاگاداری و موافەقـەتی بەڕێوەبـەریی گشـتیی یەکیـەتیی لاوان کۆبوونەوەیەکیان لە دانمارك بە بەشداریی چەند کەسی دەست بـژێر (نـەك نوێنــەر) بـە نـاوی کۆنفرانسـی یەکیـەتیی لاوان لـە ئورووپـا پـێك هێنـا و چـەند کسێکیان بە ناوی کۆمیتەی ئورووپای یەکیەتیی لاوان دەسنیشان کردن .

پاش ئەو بەناو کۆنفرانسە کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشـتیی یەکیـەتیی لاوان لـە ڕاگەیەنـدراوێك دا ئـەو کۆنفرانسـەی بـە نـا مەشـرووع زانـی و بـەڵێنی دا کـە لـە دەرفەتی گونـجاو دا کۆنفرانسـێکی مەشـرووع بـە پاراسـتنی پڕەنسیپەکان و لـە بەرچاو گرتنی بۆ چوون و ڕوانگە جۆرا و جۆرەکان پێك بێنیٚ . بـەڵام زۆرایـەتیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە ڕێگای مۆرە دەستچنەکانیەوە درێژە ی بـە دەسـت تێـوەردانی کاروبـاری یەکیـەتیی لاوان لـە ئورووپـا دا و لـە ئاکـام دا ڕیزەکـانی یەکیەتیی لاوانیشی وەك ڕیزەکانی حیزب تووشی قەیران و دوو بەرەکی کرد، بـە جۆرێك کە لەم دوایـیانە دا لە سوئێد کۆنفرانسـێکی جـەناحیان وەڕیٚ خسـت کـە بەشێکی لاوەکانیان بانگهێشـتن نـەکرد و کـاتێکیش چـوون ڕێگایـان نـە دا بچـنە ژووری کــۆنفرانس . سەرەنــجام 35 کەســیش لــە وانــەی بــانگ کرابــوون ســاڵۆنەکەیان بــە جــیٚ هێشـت و لــە دەرەوەی ســاڵۆن لەگــەڵ ئەوانــەی بــاگ

نەکرابوون بەجیا هەڵبژاردنێکیان کرد و کۆمیتەیەکی کاتییان پێك هێنا و بەم جۆرە بەکردەوە یەکیەتیی لاوان لە سوئێد بوو بەدوو .

پێویستە بگوترێ دوابەدوای ئەو کۆنفراسە جەناحی یەی لە سوئێد گرتیان، بەفەرمانی سکرتێری گشتیی حیزب و تەنانەت بەبێ ئاگاداریی بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی و بەرپرسی سایتی " کوردستان میدیا "، بۆ ماوەی نزیك بە دوو حەوتوو لینکی سایتی ناوەندیی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات (لە سایتی کوردستان میدیا) هەر لە ژێر ئەم ناوە دا کرایە لینکی کۆمیتەی سوئێد (ی یەکیەتیی لاوانی سەربەقۆڵی خۆیان) کە ئەمە بە پێچەوانەی ڕێ و شوێنەکانی ڕاگەیاندن و، دەستێوەردانێکی زۆر بەئاشکرا هەم لە کاروباری یەکیەتیی لاوان و هەم لە کاروباری ئۆرگانێکی حیزبی دا بوو . بەڵام دوای نارەزایەتی نیشاندانی بەرپرسی یەکیەتیی لاوان و بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی، بەڕێز کاك بابا عەلیی مێهرپەروەر و ژمارەیەك لە ئەندامانی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی، ڕازی بوون ئەم لینکە وەك خۆی لێ بکەنەوە و لە بەرانبەر دا فەرمانیان دا سایتی کۆمیتەی سوئێد (ی سەربەخۆیان) بخرێتە پێرستی لینکەکانی سایتی "کوردستان میدیا" وە .

سەرەنجام دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر و وەرگرتنی موافەقەتی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوان لە کوردستان، ڕۆژی 2006/9/30 کۆنفرانسێکی یەکیەتیی لاوان لە وڵا تی نۆرڤێژ پێك هات کە بەشێوەی ڕەسمی بانگەوازی بۆ کرابوو و هەموو لایەنەکان وەك یەك (بۆ وێنە هەردوو کۆمیتەی سوئێد) بانگ هێشتن کرابوون . کەچی دیسان بە دەست تێوەردانی قۆڵی زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات ڕێگا نەدرا هەموو لایەك تێیدا بەشداربن و هەوڵێکی جیددی بۆ چارەسەری گیروگرفتە تەشکیلا تی یەکانی ئەو یەکیەتی یە بکەوێتە کار . بە دوای تەواو بوونی کۆنفرانسی لاوان دا و تەنانەت

پـێش تـەواو بـوونیش، ماشـێنی سـزادانی قـۆڵی دەسـەڵات بەدەسـتی کۆمیتـەی ناوەندی و زیاتریش هاوڕێی سکرتێر و دووسێ کەسی خۆی لە دەفتەری سیاسـی (چونکە نە کۆمیتـەی ناوەنـدی قسـەی لـێ کـردوە و نـە دەفتـەری سیاسـی) بـۆ تەمبێ کردنی بەشدارانی ئەو کۆنفرانسە کەوتە کار و ئەم بڕیـارە " شۆڕشـگێرانە " ی دەرکرد :

1 ـ هێشتا کۆنفرانس تەواو نەببوو کە بەکاك سەلاح عەبـدوڵلاّ پـوور ئەنـدامی کۆمیتەی بەڕێوە بەریی گشتیی یەکیەتیی لاوان ـ هەڵبژێراوی کۆنگرەی سێهەم = ڕاگەیەنـدرا کـە لـەحیزبی دیـموکراتی کوردسـتانی ئێـران دەرکـراوە و هـەر ئـەو ڕۆژەش بە نووسراوە پێی ڕاگەیەندرا .

2 ـــ چـەند ڕۆژ دواتـر کـاك مـەریوان نسـتانی ئەنـدامی کۆمیتـەی ئۆرووپـای یەکیەتیی لاوان و بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە شاری لینشۆپێنگ (سوئێد) بانگ کرایە هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی سوئێدی حیزب و پێی ڕاگەیەندرا کـە لـەحیزبی دیـموراتی کوردستانی ئێران دەرکراوە .

3 ـ هەر ئەم ڕۆژانـە بـەزمان بـە کـاك جەعفـەری حامیـدی ئەنـدامی پێشـووی کۆمیتـەی ناوەنـدیی حیـزب کـە چـەندین سـاڵ لـە حیـزب دا خـەباتی کـردوە و بەرپرسـایەتیی جـۆرا و جـۆری وەرگرتـوون، ڕاگەیەنـدراوە کـە لەسـەر بڕیـاری دەفتەری سیاسی (بـخوێنەوە سکرتێر) لە حیزب درکراوە .

4 ـ هاورێـیان لوقمان کەسرایی، عەبدوڵلاّ مەعروفی و موحەمـمەد سولەیـمانی بە ڕەسـمی سەر کۆنە کراون .

5 ـ کاك ناسـری فـەتتاحی جێگـری بەرپرسـی کۆمیتـەی یەکیـەتیی لاوان لـە نۆرویژ بۆ ماوەی شەش مانگ هەڵپەسێردراوە . سـەرنج ڕاکێش ئەوەیـە کـە ئـەو کۆمیتەیە 6 کەسە . سێ کەسیان موافیق بوون و سـێ کـەس موخـالیف . بـەڵام بەرپرسی کۆمیتە قانوونێکی لە گیـرفانی دەرهێنـاوە کـە گۆیا بـەرپرس بـە دوو

کەس حیسابە، شتێك کە نە لە حیزب و نە لە یەکیـەتیی لاوان دا قـەت نـەبووە و نەبیسراوە .

وادیارە قوورعەی دەرکردن بۆ یەکی دیکە لە تێکۆشەرانی دێرینی حیزبیش کە لە نۆروێژ دادەنیشیّ، دەرچوە بەڵام تائێستا پێی ڕانەگەندراوە و، هەربۆیەش لـە هێنانی ناوەکەی خۆدەبوێرین .

6 ـ لە کوردستانیش بەڕێز سکرتێری حیزب و هاوکارەکانی خۆی، لـیّ بـڕاون بەرپرسـی یەکـەمی کۆمیتـەی بەڕێوەبـەریی گشـتیی یەکیـەتیی لاوان هـەم لـەو پۆستە و هەم لەئەندامەتیی هەیئەتی ئیجرایی دەربکەن، کەتا ئێستا بە ڕەسـمی پێی ڕانەگەندراوە .

تـەواوی ئـەو بڕیارانـە لـە پێوەنـدی لەگـەڵ کۆنفرانسـی لاوان دا دراون . کـاك ڕەحمـان سـەلیمی چـونکە وەك بەرپرسـی لاوان موافەقـەتی لەگـەڵ کـۆنفرانس کردوە و پیـرۆزبایی لیّ کـردوە . ئـەوانی دیکـەش چـونکە وەك ئەنـدام یـان وەك میوان لە کۆنفرانس دا بەشدار بوون، بۆوێنـە کـاك جەعفـەر حامیـدی هـەر لەبـەر ئەوەی وەك ئەندامێکی پێشووی یەکیەتیی لاوان کۆنفرانسی کردۆتەوە لە حیـزب دەرکراوە .

بە داخەوە دەسەڵاتبەدەستانی ئێسـتای حیـزب لـە خۆیـان ناپرسـن و ئەگـەر لێشیان بپرسریّ وەڵام نادەنەوە کە بەپێی کام بەندی پێـڕەوی نێوخـۆی حیـزب بەشداربوون لە کۆنفرانسی لاوان دا تاوانی حیزبی یە و سزای حیزبیی لەسـەرە ؟ و کام بەندی پێڕەوی نێوخۆی حیزب یان یەکیەتیی لاوان ڕێگا بەڕێبـەری حیـزب دەدا کە چووکتـرین ئەنـدامی یەکیـەتیی لاوان بـە کەمتـرین سـزا حـووکم بـدا ؟ بەڕاست ئەوە گاڵتە کردن بە دیـموکراسی و شەخسـییەتی ئینسـانی و ڕێوشـوێنە حیزبی و ڕێکخراوەیی یەکان نیە ؟

ئێمە بەڕاشکاوی ڕادەگەیەنین کە تـەواوی ئـەو بڕیارانـەی لـەو پێوەنـدی یـەدا دراون، جگە لەوەش کـە لەدەفتـەری سیاسـی دا قسـەیان لـێ نـەکراوە، بەپـێی هەموو پرەنسیپە حیزبییەکان بڕیـاری نامەشـرووع و نـا بـەجێن و هـیچ کـام لـەو هاوڕێیانە بە دەرکراو لـەحیزب و سـزادرا و لـە حیـزب یـان لـە یەکیـەتیی لاوانـدا نـازانین و هیـوادارین لەسـەر کاروبەپرسـایەتییەکانیان بـەردەوام بـن . داوا لـە ئەندامانی حیزب و ئەندامانی یەکیەتیی لاوانیش دەکەین کە بێ لەبـەر چاوگرتنی ئەوەی سەر بەکام لایەن و جەناحن ئەو جۆرە پێشێلکردنەی پرەنسیپە حیزبی و تەشکیلاتی یەکان ڕەت بکەنە وە و ئـەو هـاوڕێ سـزادراوانە هـەروەك پێشـوو بـە هاوڕێی حیزبی و تەشکیلاتیی خۆیان دابنێن و هاوکاریی خۆیان لەگەڵ وان درێژە پێ بدەن .

بەو ئاواتە زۆرایەتیی دەفتەری سیاسیش بە هەسـتی بـەر پرسـایەتییەوە ئـەو بڕیارانە هەڵوەشێنێتەوە و لە ڕق و تۆڵە ئەستاندنەوە گـەورە تربـێ . لـە جیـاتی ئەوەش بۆ چارەسەری گیـر و گرفتـەکانی نێـو حیـزب تـێ بکۆشـێ و بـەو جـۆرە خەڵکی کوردستان لە نیگەرانی و دڵە خورپە ڕزگار بکا .

ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی حیزبی دیموركاتی کوردستانی ئێران .

**19 ی ڕەزبەری ساڵی 1385ی هەتاوی**

**11 ی ئەکتۆبری 2006ی زاینی**

دیاردەی درێژە دان بەڕەوتی پاوان خـوازی و دەمـار گرژیـی لایـەنی زۆرینـەی کۆمیتـەی ناوەنـدی قۆناغەکـەی بـە ڕادەیـەك تەسـك و بەرتـەنگ کردبـۆوە کـە مەترسیی لەت بوون و لەبەر یەك ترازانی ڕیزەکانی حیزب لە ڕەگی بناگوێ نزیـك

تـر بـوو . هەربۆیـە باسـەکانی ئـەو قۆناغـە چ لـە نێـو بەدەنـە داوچ لـە نێـوان بەرپرسانی لایەنی ئۆپۆزیسـیۆن دا، لـە پێوەنـدی لەگـەڵ لـەت بـوونی حیـزب و، هەڵسەنگاند ن و لێکد انەوەی زیانەکانی دا بوون .

ئەمن بەش بە حاڵی خۆم هەروەك چەند جاران لەگەڵ مامۆستا حەسەن زادە، کاك حەسەنی ڕەستگار، کاك بابا عەلیی مێهرپەروەر، کاك مستـەفای مـەلوودی، کـاك عومـەری باڵـەکی و. . . باسـم کردبـوو، لـەت بـوونی حیزبـم بـە ڕیسـکێکی خەتەرناك و زیانێکی قەرەبوو نـەکراو قەبڵانـدوە . سـەرەڕای ئـەوە کـە دڵنیـاش بووم چ لـە بـاری نێونەتـەوەیی و چ لـە پێوەنـدیی لەگـەڵ پشـتیوانیی خـەڵك لـە نێوخۆی وڵات داوچ لە باری زانست و لێهاتوویی کـادر و پێشـمەرگەوە قورسـایی تای تەرازوو بەلای لایەنی ئۆپۆزیسیۆن دا دەشکێـتەوە، دیسانیش لەوە نیگەران بـووم کـە حیزبەکـەمان لانـی کـەم بـۆ ماوەیـەکی ئەگـەر کـاتیش بـێ، ئـەو پرێستیژوئیعتیبارەی خۆی لە دەست بد ا .

هەر لەو پێوەندی یە دا چەندین جاران لەکاك حەسەنی ڕەستگارم بیستوە کە لە باسەکانـمان دا دەیگوت :

ـ باشتـرین ڕێگا بۆ پتەوکردنەوەی ڕیزەکانی حیزب و گەشە پێد انـی ڕەوتـی بزووتنەوەکەمان پێکەوە حەوانەوەیە . خراپ ترین و زیانبار تـرین ڕێگـاش لـەت بوون و لێك تراوانە .

چەند جاران لە کاك بابا عەلیی مێهرپەروەرم بیستوە کە گوتوویەتی :

ـ هەموو هەوڵێکم لە پێناوی یەك خستنەوەی ڕیزەکانی حیـزب و دژایـەتی لـە گەڵ جویێ بوونەوەولەت بوون دایە .

لە کاك عومەر باڵەکیم بیستوە کە گوتی :

ـ ئێمە بە هەموومانەوە حیزبی دیـموکراتیـن . ئەگەر لێـك بتـرازێیـن هیچمان بەو هاسانی یە نابیـن بە حیزبی دیـموکرات .

سەرەڕای ئەوە بەدەیان جار لە مامۆستا حەسەن زادەم بیستوە : کەلەت بوون بە هێز ترین زەبر لە ڕەوتی بزووتنەوەکەمان دەوەشێنێ و بەڵێنی داوە هەموو توانای خۆی بۆ یەك خستنەوەی ڕیزەکانی حیزب وەگەڕ بخاو، چەندی لە توانای دا بێ بەر بەلەت بوون و لێك ترازان بگرێ، لە بەشێکی قسەکانی لە کۆتایی فستیڤاڵی مندالآنی تاراوگە دا گوتی :

ـ گرنگ ترین پێشکەوتنی ئەم فستیڤاڵە دروشمێکە کە فستیڤاڵی لە ژێر دا گیراوە : " ئێمە پێکەوە جوانیـن لێکمان مەکەن " ئەوە پێشکەوتنێکی گەورەیە . جاران گەورەکان بە مند الآنیان دەگوت : " ئاقلێ بن شەڕان مەکەن " ئێستا مند اڵەکان بە گەورەکان دەڵێن : " ئاقلێ بن وێك هەڵکە ن "

بە داخەوە یا بە خۆشی یەوە بەشێکی ئەم قسەیە ڕووی لە منە . ئەمن ئەگەر نەڵێم پە نجا و دووساڵ، لانی کەم دوازدە ساڵە ئەو شوعارەم هەڵگرتووە کە حیزب حیزبی هەموانە، بە هەمووماوە جوانە .

بۆیە من لە ببەیك بەو بانگەوازەی مند الآن دەڵێم و بەڵێن دەدەم هەموو توانام بە کار بێنم بۆ ئەوەی نە مند اڵەکان لێك هەڵبڕێن نە دایك و بابەکانیان .

هەر لەو پێوەندی یە دا چ لە نێو کادروپێشمەرگەی لایەنی ئۆپۆزیسیۆن، چ لە نێو خۆی ولآت و چ لە دەرەوەی ولآت، بەدەیان جار بەنامەوتەلەفون و بەرەوڕوو لە دڵسۆزانی حیزبەکەمانم بیستوە کە گوتوویانە :

ـ بە خاتری ئەو خوودایە کارێکی وامەکەن حیزبەکەمان لەت و پەت بکەن و دوژمن مان پێ خۆش کەن و ڕەنجە ڕۆمان بکەن .

با نموونەیەکیش لە فستیڤاڵی مند الآن بێنمەوە : ڕۆژی 18ی مانگی خەرمانانی ساڵی 1385ی هەتاوی، سێیەمین فستیڤاڵی مند الآنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە دەستی پێ کرد . منیش وەك کۆمەڵێك میوان بۆ ئەو فستیڤاڵە بانگ هێشتن کرابووم . کاتێك وەژووری سالۆنەکە کەوتم، یەکەم

شتێك كە سەرنجی ئەنگاوتم ئەو دروشمە بوو كە بەقەدی تریبوونەكەوە نووسێندرابوو : " ئێمە پێكەوە جوانین لێكمان مەكەن ". دروشمەكە بە ڕواڵەت لە چەند وشەی ساكار پێك هاتبوو، بەڵام لە نێوەڕۆك دا ئەوەند ە مەزن و پڕ مانا بوو كەڕای چڵەكاندم و تەزوویەكی ساردی بە هەموو ئەندامەكانی لەشم دا هێنا . بە خۆم نەبوو قووڵپی گریان ئەوكی گرتم وفرمێسك بە چاوانم دا هاتە خوارێ . لە كردەوەی خۆمان شەرم دای گرتم و بە خۆ دا شكامەوە . لە دڵی خۆم دا گوتم :

ـ هەیاران! مێژوو بەراوە ژوو بۆتەوە! ئێستا مند اڵەكان لە ئێمە ئاقڵ ترن و ئامۆژگاریمان دەكەن . ئێستا ئەوان لە ئێمە پتر بە تەنگ بەرژەوەندی یە گشتی یەكانەوەن . تۆ بڵێی ئێمە بەقەدەر ئەو مند اڵانەش هەست بە بەرپرسایەتی نەكەین و لێكیان كەین؟!

پاش چەند خولەكێك یەكێك لە مند اڵە ڕەزا سووك و خوێن شیرینەكان هاتە پشت تریبوونەكە و بەدەنگێكی ناسك و لە دڵ چەسپیو كە سەرنجی سەرجەم بەشد ارانی فستیڤاڵەكەی بۆلای خۆی ڕاكێشا، ئەم چەند ڕستەیەی خوێندەوە :

ـ ئاوێك گەورە بی ڕێژێ چووكە پێی تێ دەخا . . . ئێمە پێكەوە جوانین، لێكمان مەكەن . . . بە كێ بڵێم ؟؟ بەكێ؟ كەمن مند اڵم و دەسەڵاتم نیە . ئەگەر دەسەڵاتم بوایە بڕیارم دەدا كە هیچ كەس بۆی نیە لێكمان جیا بكاتەوە . . داواتان لێ دەكەین، تكاتان لێ دەكەین گەورەكان . . وە رن و واز بێنن لە هەموو دڵ ڕەقی و كەمتەرخەمی یەك . . تكاتان لێ دەكەین لێكمان جیا مەكەنەوە . . تكاتان لێ دەكەین لێكمان جیا مەكەنەوە ئێمە پێكەوە جوانین .

ئەو دەقە بەڕواڵەت ساكار و لە نێوەڕۆك دا دڵ تەزێن و سەرنج ڕاكێشە كە كۆمەڵێك پرسیار و سكاڵا و گازند ەی لەهەناوی خۆی دا كۆ كردبوونەوە، ئەگەر

بە وردی درابایە بەر سەرنج و شی کردنەوەیەکی زانستییانە و واقیع بینانەی لە سەر کرابایە، شوێنەوارێکی قووڵی لەسەر هەستی هەر مرۆڤێکی خاوەن ویژدان و دڵ نەرم بەجێ دەهێشت . ئەمن بەش بەحاڵی خۆم بە بیستنی هەر ڕستەیەکی مچوڕکە بەلەشم دا دەهات وهیچ وەڵامێکی ئەوتۆم پێ نەبوو کە ویژدانی خۆمی پێ ڕازی بکەم . لە دڵی خۆم دا دەمگوت :

ـ تۆ بڵێی سکاڵا و پاڕانەوەی مەزڵوومانەی ئەو پەپوولە باڵ زێڕین و دڵ ناسکانەش کار نەکاتە سەر دڵی پڕ لەقین و هەستی پاوانخوازانەی هاوڕێیانی زۆرینەی ڕێبەری و بیرێك لە چارەنووسی حیزب و گەلەکەمان نەکەنەوە تالەم سەر لێ شێواوی و بێ سەرەوبەرەیی یە ڕزگارمان ببێ ؟ بەڵام مەخابن، سەد هاوار بە پوولێك ! تەنانەت ڕەنگە هەر لە ترسی ئەو دروشمەش بووبێ کە بەرنامەی فستیڤاڵەکەیان لە تەلەڤیزیۆنی تیشکیش بڵاونەکردەوە !

ئەوە بیر و بۆچوونی زۆربەی نزیك بە تەواوی لایەنی کەمینەی کۆمیتەی ناوەندی سەبارەت بە لەت بوونی حیزب بوو کە بەکورتی ئاماژەم بۆ کرد . کەچی بەداخەوە زۆرینەی ڕێبەری کە بە دڵ لەو هەڵوێستە نیگەران بوون بێ گوێ دان بە پڕەنسیپە ئەخلاقی یەکان، لە هەڵبەستنی دەیان تۆمەت و بووختانی ناڕەواش دەرهەق بە لایەنی ئۆپۆزیسیۆن دەستیان نە پاراست . چەندی قسەی سارد و سووك بەسەر زمانیان دا هات لەسەر سایتەکان بەناو و بێ ناو نەیان گێڕایەوە . تەنانەت لە بێ حوورمەتی کردن بە شەخسی مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادەش شەرم نەیگرتن . ئەو مامۆستا زانا و بەتوانایە کە بە شاهیدیی زۆرکەس لە شارەزایانی بواری سیاسی هەڵ دەگرێ ڕابدووی تێکۆشانی بە خەتی زێڕین لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا تۆمار بکرێ .

ئەمن زۆر لەوە چكۆلە ترم و، كەسايەتيی مامۆستاش زۆر لەوە گەورەترە كە لەباسێكی كورتيلەی ئاوادا بتوانم بە مێژووی زياتر لە نيو سەدە فيد اكاری و تێكۆشانی بەردەوام و بێ پسانەوەی ئەو مرۆڤە مەزنە دا بچمەوە و، سياسەتی حەكيمانە و لێكدانەوەی ورد بينانەی لە دژوارترين قۆناغەكانی خەبات دا كەلەپلەی ڕێبەرايەتی و بەرپرسايەتيی بەرزی حيزبی ديموكراتی كوردستانی ئێران دا بووە، هەڵسەنگێنم .

مامۆستا يەكێك لەو شەش تێكۆشەرە بەتوانا و بەتەنگەوە بوانەی حيزبەكەمان واتە : دوكتور قاسملووی مەزن، مامۆستا عەبدوڵلاّی حەسەن زادە، كاك حەسەنی ڕەستگار، كاك ئەميری قازی، كاك حەمەدەمينی سيراجی و كاك يووسفی ڕيزوانی بوو، كەمانگی جۆزەردانی ساڵی 1349ی هەتاوی لە چاخانەيەكی شەقامی " ئەبوو نەواس " لە بەغد ا، لە كۆبوونەوەيەك دا حيزبی ديموكراتی كوردستانی ئێرانيان پاش چەندين ساڵ لا ڕێ بوون هێنايەوە سەر ڕێبازی ڕاست و ئوسووڵيی خۆی . لەو كۆبوونەوەيە دا ئەو شەش كەسەو مامۆستا هێمن و دوايەش كاك كەريمی حيسامی بە ئەند امی كۆميتەی ناوەندی هەڵ بژێران .

مامۆستا دۆستی ڕاستەقينە و ياری وەفاداری دوكتور قاسملوو بوو . سەرەڕای ئەوە كەماوەيەكی زۆر جێگری بوو، دكتور قاسملوو هەميشە بۆ بڕياردان لە سەرمەسەلە سياسی يە هەنووكەيی يەكان ڕاوێژی لەگەڵ دەكرد و بير و ڕای لەگەڵ دەگۆڕيەوە و لە ڕاوبۆچوونەكانی كەڵكی وەردەگرت .

مامۆستا ئەو سياسە توانە پێ گەيشتوەيە كە بەهۆی ئەزموون و لێزانی و وردبينی يەوە، لە هەموو ڕابدووی بەرپرسايەتيی خۆی دا تووشی چكۆلە ترين هەڵەی سياسی نەبوە . كەچی لە ماوی تەنيا دوو ساڵی دوای كۆنگرەی سێزدەوە تا ئێستا بە هۆی كەم ئەزموونی و بێ سەرە و بەرەيی لە ڕێبەرايەتيی

نویَ دا، چەند هەڵەی سیاسی بە رۆکی گرتووین و بووینە بەرلۆمەی ڕێکخراوە سیاسی یە کوردی یەکان و نەتەوە ماف خوازەکەمان .

مامۆستا ئەو سەرکردە هەڵکەوتووە یە کە لەدەورانی سکرتێریی ئەوی دا لە نێوان سێ چوکڵەی ـ دەسەڵاتی ڕێژیمی عێراق، پارتی دیموکرات و یەکیەتیی نیشتمانی دابووین کە هەرسێك لایەن دوژمنی یەکتر بوون . بەڵام بەشێوەیەکی ئەوتۆ حەکیمانە سەرنجی هەرسێك لامان بۆ لای خۆمان ڕاکێشابوو کە ئەوپەڕی حورمەتیان لێ دەگرتین و ڕێزیان بۆ دا دەنایین . کەچی ئێستا لە نێوان دەسەڵاتی یەکیەتی و پارتی دا کە یەك حکوومەت و دۆستی یەکتریشن، نەمان توانیوە سەرنجی هیچکامیان ئەو شێوە کە پێویستە بۆلای خۆمان و حیزبەکەمان ڕاکێشین و هیچکامیان بایەخێکی ئەوتۆمان بۆ دانانێن و، تەنانەت بووینە بەر لۆمەی خەڵکی کوردستانی عێراقیش .

مامۆستا ئەو ڕێبەرە تێکۆشەر و دڵسۆزەیە کە لە ڕابردووی تێکۆشانی دا لێبڕاوانە دیفاعی لەسەر بەخۆیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و بڕیاردانی بە کۆمەڵ لەنێو ڕیزەکانی حیزب دا کردوە و، بە کردەوەش هەنگاوی بۆ هەڵگرتوە . هەروەها تەبایی و پێکەوە ژیانی بە ئاشتی لە نێو ڕیزەکانی حیزب دا یەکێك لە دروشمە سەرەکی یەکانی بوە .

مامۆستا ئەو ڕێبەرە ئاشتی خواز و دوور بین و بەتەنگەوە بووەی نەتەوەکەمانە کە بە هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانی و، بە هاوکاریی هاوبیرەکانی دوای نزیك بە نۆ ساڵ لێك دابڕانی کۆمەڵێك لە تێکۆشەرانی حیزبەکەمان، بنەماڵەی گەورەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی وەسەر یەك خستەوە کە دۆستانی بزووتنەوەکەمانی شاد و دڵی دوژمنانی داخورپاند . لەو پێوەندی یەدا بەسەدان پەیامی پیرۆز بایی لەلایەن دۆستان و دڵسۆزانەوە بەدەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران گەیشتن .

مامۆستا ئەو سیاسە توانە دیموکرات و دڵ فروانەیە کە لە ماوەی سێ کۆنگرە دەسەڵاتی سکرتێریی خۆی دا، ئەو پەڕی ڕێزوحوورمەتی بۆ موخالیفانی خۆی دانا و، بەمەبەستی بتەوکردنی ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات، زوڵمی لە هاوبیرەکانی خۆی کرد و، بەشی هەرە زۆری پۆستە گرنگەکانی حیزبی بەوان سپارد .

پێشینان گوتوویانە : " قەدری زێڕ لای زێرنگەرە " بە دوای شەهید کرانی ڕێبەری مەزنمان دوکتور قاسملووی نەمر دا بۆ سەردان و دید ار نوێ کردنەوە چوومە حزمەت کاك دوکتور سەعید، لە قسان دا عەرزم کرد :

ـ کاك سەعید گیان! لەم قۆناغە ناسکەی خەباتەکەمان دا کە بە داخەوە دوکتور قاسملوویان لێ ستاندین و قوورسای دوو چەند انەی کار و تێکۆشانی لەسەر شانمان داناوە، ڕاوێژ کردن و بیروڕا گۆڕینەوە لەسەر مەسەلە سیاسی یەکان لەگەڵ مامۆستا بە پێویست نازانی؟ (دیارە مامۆستا لە کۆنگرەی هەشتەم دا خۆی کاندید نەکردبوو و ئەوکات ئەندامی ڕێبەری نەبوو) .

بە دوای پرسیارەکە دا کاك دوکتور سەعید چاوێکی لێ کردم و بزەیەکی وەسەر لێوان پەڕی! زۆرم لەبەر دڵ گران هات، لام وابوو گاڵتە بە پێشنیارەکەم دەکا . کەچی زۆر ماماۆستایانە و بەڕوویەکی کراوە دەستێکی لەسەر شانم دانا و فەرمووی :

ـ پێم سەیرە ئەو پرسیارە لەمن دەکەی! ماماۆستا لە هەر شوێنێك و لە هەر پۆستێك دابێ ئەند امی دەفتەری سیاسی یە . پێت وایە لە زەمانی دوکتور قاسملووش دا ئێمە بێ ڕاوێژ کردن لە گەڵ ماماۆستا هیچ بڕیارێکی سەرەکیمان پەسند کردبێ؟ جا با پێت بڵێم : ئێستا هەرچی ئارشیوی حیزبەکەمانە هەمووی بسووتێ لێی ناترسم . چونکە هەمووی لە سنگی ماماۆستا دایە، سبەینێ لێی وەردەگرمەوە . ماماۆستا دەخیلەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە .

ئەوە بیـر و بۆچوونی کاك دوکتور سەعید سەبارەت بە کەسـایەتیی مامۆسـتا بوو کە بە گوێی خۆم لێم بیست و بە پێویسـتم زانـی بـۆ مێـژوو لێـرە دا تۆمـاری بکەم و بۆ بەرەی داهاتووی گەلەکەمان وەمێنیٚ .

کاك عومەر باڵەکی بۆی گێڕامەوە و گوتـی :

ـ کاك دوکتور سەعید پێش شـەهید کرانـی ئامۆژگـاریی دەکـردم و گـوتی : " ئەتۆ دەبـیٚ هـەولٚ بـد ەی لـەو حیزبـە دا مـۆرە بـی . ئەگـەر مـۆرە بـووی ئـەمن ناخۆشیشم بوێی دەستت بۆ ڕا دەکێشم . مامۆستا خـۆ ئێسـتا هـیچ سیمەتێکی بەرپرسایەتیی لە حیزب دا نیە، بەڵام هیچ کارێکم نە کردۆتە بڕیار و نـەم بردۆتـە دەفتەری سیاسی هەتا ڕاوێژم لەگەلٚ نە کردبیٚ و نەزەری ئەویشـم وەر نـەگرتبیٚ " .

لە کەسێکی زۆر باوەڕ پێکراوم بیست کە گوتی :

ـ پۆلێك هـەوالٚ دەری بێگانـە هـاتبوون و داوای چـاوپێکەوتنیان لەگـەلٚ کـاك دوکتور سەعید کردبوو . کاك سـەعید قـۆڵی مامۆسـتای گـرت و گـوتی : " وەرە کاکە بابڕۆین، ئەو شەرەچەقە تەنیا بەمن ناکریٚ . وەرە پێم بلٚیٚ چ بلٚێم ؟ " .

مامۆسـتا ئـەو ڕێبـەرە دیـموکراتە ڕاسـتەقینەیە کـە لـە دەورانـی دەسـەڵاتی سکرتێریی خـۆی دا بڕیـارێکی سـەپاند و کردیشـی بـەخاڵێکی ئەساسـنامە کـە : هەرکەس تەنیا دوو دەورە دەتـوانیٚ و مـافی ئـەوەی هەیـە کـەخۆی بـۆ پۆسـتی سکرتێری حیزبی دیـموکراتی کوردستانی ئێران کاندید بکا . لە کۆنگرەی دوازدە دا بە زۆربەی نزیك بەتەواوی دەنگی بەشد ارانی کۆنگرە داوامان کرد کە کـۆنگرە ئەو بڕیارە هەڵوەشێنێتەوە، بـەڵام مامۆسـتا بـە تـاقی تـەنیا دژمـان ڕاوەسـتا و لەسەر تەئید کردنەوەی پێی داگرتەوە وتەنانەت هەڕەشەی کرد کـە ئەگـەر ئـەو بڕیارە هەڵوەشێـتەوە پۆستی سکرتێریی وە ئەستۆ ناگریٚ .

مامۆستا ئەو ڕێبەرە هەڵکەوتە و نویَ خوازەیە کەبە گوێی خۆم لێم بیست کە فەرمووی :

ـ ئەگەر ئێستا بمکەن بەوەکیل ئەند امانی ڕێبەرایەتیی حیزب هەڵ بژێرم، نە خۆم و نە هیچ کام لەوانەی چوونە نێو تەمەنەوە دیاری ناکەم . لەو گەنجە زانا و تێگەیشتووانە کۆمیتەی ناوەندی یەکی پوخت و پاڵاوتە هەڵ دەبژێرم . ئەوانەش کە تەمەنیان چۆتە سەریَ و خاوەن ئەزموونی ڕابردووی تێکۆشانن، شوێنی تایبەت بەخۆیان بۆ دیاری دەکەم و کەسایەتی یان دەپارێزم ، دەیان کەم بە ڕاوێژکار و بۆ بڕیاردان لەسەر سیاسەتی درێژ خایەن و لێکد انەوە لەسەر مەسەلە هەنووکەیی یەکان کەڵکیان لیَ وەردەگرم .

بەڵی خۆشەویستان! ئەوە کەچکێك لە دریای بیری ورد و، لوێچێك لە خەرمانی زانست و لێکد انەوەی وردی سەردەمیانەی ئەو مامۆستا مەزنە بوو کە ئێستا کۆمەڵێك کورسی پەرست و بەرچاوتەنگ ، یان ئاڵقە لەگویَ و دەروێش سفەت ، بە ئا ژاوە چی و گێرە شێوێنی لەقەڵم دەدەن !! بۆیە هەر ئەوەند ەم پیَ ماوە کە بڵێم :

ـ " خوودا ئاقڵی نەدا بە خۆمان بید ا بە منداڵەکانمان " .

بوارەکانی وتووێژ و دانوستان هەموو تاقی کرانەوە و ڕێگایەکی هەموار بۆ چارەسەر کردنی قەیرانە نێوخۆیی یەکان بەدی نەکرا . هەیئەتی سیَ کەسیی دەفتەری سیاسیش پاش چەند کۆبوونەوە ناهومێد و بیَ دەسکەوت گەڕانەوە . بەڵام لەگەڵ ئەوە دا دەرگای هەموو چاوەڕوانی یەکان بۆ یەك خستنەوەی ڕیزەکانی حیزب لە لایەنی زۆرینەی ڕێبەری یەوە گاڵە درابوون، لایەنی ئۆپۆزیسیۆن هەر ماندوو نەبوون و جارێکی دیکەش بەختی خۆیان تاقی کردەوە . دواین هەوڵی ئەمجارەیان ئەوەبوو کەلەسەر داوای خۆیان هەیئەتێك لە ئەند امانی کۆمیتەی ناوەندیی هەردووك لایە ن پێك بێنن تا بەڵکو بە

هاوکاریی هەر دووك لا بتوانن هێندێك لەو پاوانـخوازی یەی سەرانی دەسەڵات بەدەست داشکێنن . چونکە چەند کەس لە ئەند امانی کۆمیتەی ناوەندیی لایەنی خۆشیان بەڕواڵەت بە لێنیان پێد ابوون کەلەو بارەوە یار مەتییان بد ە ن و هاوکاری یان بکە ن . بۆ ئەو مەبەستەش کاك سمایلی بازیار و کاك حەسەنی قادر زادە لەلایەنی ئۆپۆزیسیۆن و، کاك کاوەی بارامی لە قۆڵی زۆرینەی ڕێبەری کە هەرسێك ئەند امی کۆمیتەی ناوەندی بوون، وەك هەیئەت دیاری کران .

لەو لاشەوە ڕۆژی 21 ی مانگی خەزەڵوەر بۆ جارێکی دیکەش وەفدێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێزان : زەعیم عەلی ئەند امی دەفتەری سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەشی پێشمەرگە و، کاك عوسمانی حاجی مەحموود ئەند امی دەفتەری سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و وەزیری نێوخۆ، سەرد انیانیان کردینەوە و داوای کۆتایی هێنانی قەیرانە نێوخۆیی یەکانی حیزبەکەمانیان بە شێوەیەکی ئاشتی خوازانە کرد . بەڵام ئەم جارەش وەڵامی لایەنی دەسەڵات بەدەست بە وتە دووپات کراوەکانیان کە : " ئەوە کێشەیەکی نێوخۆیی یەوبۆ خۆمان چارەسەری دەکەین و پێویستمان بە نێوبژیوان نیە " درایەوە . بە دوای ئەوانش دا هەیئەتێکی ڕێکخراوی یەك گرتووی ئیسلامی سەردانی دەفتەری سیاسیی کرد و ئامادەیی خۆی بۆ نێو بژیوانی بەمەبەستی چارەسەر کردنی ناکۆکی یەکان دەربڕی . بەڵام وەڵامی ئەوانیش جیا لەوانی دیکە نەبوو و بێ دەسکەوت گەڕانەوە .

کۆ بوونەوەی هەیئەتی نوێ، ڕۆژی 22ی خەزەڵوەر دەستی پێ کردو، ئەمجاریش هیوایەك لە دڵی هەموو دڵسۆزانی حیزبەکەمان دا بۆ چارەسەر کردنی گرژی و ئاڵۆزی یەکان سەوز بوو . هیواکەش ئەوەبوو کە چاوەڕوان دەکرا بەڵکو لایەنی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی لەو ماوەیە دا ئاوڕێکی واقیع بینانەیان وەڕابردوو دابێتەوە و، بیرێکی مەسئوولانەیان لە چارەنووسی حیزب و

گەلەکەمان کردبێتەوە . بەڵام ئەوجاریش چاوەڕوانی یەکان جیا لە خەون و خەیاڵ شتێکی دیکەیان لێ سەوز نەبوو . ماوەیەکی زۆر دەستی دەستی یان بەوانیش کرد، ئەوەی ئەمڕۆ بەڵێنیا ن دەدا سبەینێ لێی ژێوان دەبوونەوە ! تەنانەت لایەنی ئۆپۆزیسیۆن پێشنیاری کرد کە ئەگەر لەسەر شتێك ڕێك کەوتن دەبێ ئیمزای بکەین و لایەنێکی دەرەوەش کە مەبەست حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو، ئاگادار بێ و شاهیدی ڕێك کەوتنەکەمان بێ . بەڵام ئەوان بە هیچ باران ژێر ئەوەش نەچوون و بە ڕاشکاوی ڕایان گەڕاند کە : " ئێمە نە شاهیدمان پێویستەونە ئیمزا ! " دیارە مەبەستەکەش هەر ئەوەبوو کە ئەگەر لەبەر ناچاری بەڕواڵەت ملیان بۆ بەشێك لە داواکانی ئۆپۆزیسیۆن ڕاکێشاو دوایە لێی پاش گەز بوونەوە، بەڵگەیەك بۆ پەیمان شکێنی یەکەیان لە دەست دا نەبێ .

سەرەنجام بۆ خۆ ڕزگار کردن لە وەڵامی داوای ئۆپۆزیسیۆن و خۆ دزینەوە لە قەبووڵ کردنی پلاتفۆڕمە بیست ماددەیی یەکەی، ئەم گەڵاڵە بە ناو حەڤد ە خاڵی یەیان لە مستی ناین و ڕایان گەیاند کە کۆبوونەوە و وتووێژی ئێمە لێرە بە دواوە لەسەر ئەم گەڵاڵەیە دەبێ . بۆ ئاگاداری خوێنەری بەڕێز لە نێوەرۆکی ئەو خاڵانە دەقی گەڵاڵە کە لێرە دا تۆمار دەکەم کەبەم شێوەیە بوو :

## هاوڕێیانی بەڕێزی کەمینە

بەسڵاوی گەرم و برایانە !

بە هەست بەبەرپرسایەتیی زۆرایەتی حیزب و ڕێز دانان بۆ هەوڵ و تێکۆشانی دۆستان و دڵسۆزانی حیزبەکەمان لە پێوەندی لەگەڵ پاراستنی یەکڕیزی تێکۆشەرانی حیزب و لەسەر بناغەی هەموو ئەو دانیشتن و باسانەی کە بۆ لەنێو بردنی گیروگرفتە نێوخۆیی یەکانی حیزب ئەنجام دراون و هەوڵەکانی بەڕێز

سکرتێری گشتیی حیزب لە پێنا و یەکڕیزیی حیزب دا، نەزەری خۆمان لەم خاڵانەی خوارەوە دا کە بەشێکی بەرچاوی داخوازی یەکانی کەمینەی لە خۆ گرتووە ڕادەگەیەنین . هیوادارین ئێوە هاوڕێیانی کەمینەش بە هەست بە بەپرسایەتی تەواوە وە وەری بگرن و کارێك بکەین کە موژدەی لەنێوچوونی گیروگرفتەکانی نێوخۆی حیزب بە هەموو دۆستان و دڵسۆزانی حیزب بدەین و دوژمنانی حیزبەکەمان لەگەڵ ناهومێدی بەرە و ڕوو بکەین .

1 ـ سەبارەت بە ئازادیی ڕادەربڕین :

ئەلف : ئازادیی ڕا دەربڕین پرنسیپێکی دیموکراتی یە کە زۆر لەمێژە لە حیزبی ئێمە دا جێگای گرتووە، بۆیە هەموو ئەندامانی حیزب بۆیان هەیە لە کۆڕ و کۆبوونەوەی حیزبی دا لەسەر بابەتە تەشکیلا تی و فیکری یەکان ڕاشکاوانە بیروڕای خۆیان دەرببڕن و یا لە " تێکۆشەر " نامیلکەی نێوخۆیی حیزبی دا بڵاوی بکەنەوە .

ب : بۆ کەس نیە لەدە رەوە ی حیزب باس و بابەتە نێوخۆیی و تەشکیلاتی یەکان باس بکا، بەڵکو هەموو ئەندامانی حیزب لە دەرەوە ی حیزب دەبێ دیفاع لە سیاسەت و بڕیارەکانی حیزب بکەن .

2 ـ هەیئەت لە زۆرینە و کەمینە دەست نیشان بکرێ کە بە سکاڵای هەر کادر و پێشمەرگەیەکی حیزب ڕابگا کە پێی وایە لە باری سزادان و پلەی تەشکیلاتی یەوە مافی لەبەر چاو نەگیراوە .

3 ـ وەرگرتنی پ . م لە پەزیرش بەپێی بڕیاراتێك بە هەیئەتێك ئەسپێردراوە کە لە نوێنەرانی ئۆرگانەکانی پێوەندی دا ڕپێك دێ، دەکرێ دیاری کردنی نوێنەرانی ئەم ئۆرگانانە جۆرێك بێ کە نەزەری گشتیی دابین بکا .

4 ـ یەکیەتی یەکانی ژنان و لاوان و خوێند کاران و هەموو ڕێکخراوە دیموکراتی یەکانی سەر بەحیزبی دیموکرات پێوەندیی ئۆرگانیان لەگەڵ حیزب

بەپـێی ئوسوولێك دامەزراوە كە تا ئێستا پێڕەوی لیٚ كراوە بۆیە بۆ هیچـكەس و جـەمعێك نیـە كـە بـۆ هـیچ مەبەسـت و بەرژەوەنـدی یـەكی تایبـەتی دەسـت لـە كاروباری ئەم ڕێكخراوانە وە ر بدا .

5 ـ كاری تەشكیلا تی نێوخۆی ولاٚت هەرئێستاش بەشێوەی هاوبەش بەڕێوە دەچیٚ .

6 ـ بۆ تەشكیلا تی ئاشكرا چوار چێوەیەك دیـاری دەكـریٚ كـە سـنووری كـار كردنی ناوەنـدەكان لـەو بەشـە دا و بەشـی تەشـكیلا تـی ئاشـكرای كۆمیسـیۆنی سیاسی ـ نیزامی بەڕوونی دیار بیٚ و ڕێكخستنی ئەندامانی حیز بـی ڕیٚ و شـوێنی گونـجاوی بۆ دیاری بكریٚ .

7 ــ دوایـیــن دەوری دانـی پلـەی كـادر كـە بەشـێوەیەكی دەقیـق و لەسـەر بناغەی ڕیزە پێوانەیەك لەلایەن كۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی یەوە كە ئەندامانی لە كەمینە و زۆرینە پێك هاتووە دیاری كراوە، بـەو حاڵـەش هـەر پێشـمەرگەیەك هەست دەكا مافی لەبەر چاو نەگیـراوە دەتوانیٚ سكالاٚ ی خـۆی بـدا بەهەیئـەتی لێكۆڵێنەوە و ئەو هەیئەتەش ئاكامی كاری خۆی بداتەوە بە دەفتەری سیاسی .

8 ـ ئەو كەسانەی تا ئێستا چەند جار داوایان لیٚ كراوە ئـەرك و بەپرسـایەتی وە ر بگرن بەلاٚم ئامادە نەبوون كاری پێشنیار كراو قبـوولٚ بكـەن ئەگـەر ئامـادە بن ئەرك وەئەستۆ بگرن، بە پـێی لێوەشاوەیی هـەر كامیـان كـاری شـیاویان بـۆ دیاری بكریٚ . تشخیسی ئەم لێوەشاوەیی یە بە ئۆرگانەكانە .

9 ـ ئاییـن نامەكان چاویان پێدا بـخشێندرێتەوە و ئەگـەر مـەوردی وا هـەبیٚ كەبـەر بـە چـوونە پێشـی كـار و ئەركـەكان بگـریٚ دەسـتكاری بكـرێن . بـۆ ئـەو مەبەستە هەر كەس و هەر ئۆرگانێك دەكریٚ پێشنەهاداتی خۆی بدا بە دەفتـەری سیاسی .

10 ـــ لـه كۆنفرانسـەكانی دە رەوەی ولات، هـەولْ بـدرێ لەهەلْبـژاردنی ئەندامانی كۆمیتە دا موشاركەتی گشتیی و " انسجام " ی تەشكیلاتی پێوە دیار بێ .

11 ـ هەروەك پێشتر هەولْ درا كە بەرپرسی ناوەندی 2 ئەندامێكی كۆمیتەی ناوەندی سەر بەكەمینە بێ بەلاَم قبوولْ نەكرا ئێستا كە ئەوە یەكێك لە داواكانی هاورِێیانە موافقیـن ئەم بەرپرسایەتی یە بە ئەندامێكی كۆمیتـەی ناوەنـدی سـەر بە كە مینە بدرێ .

12 ـ برِیارێك كە سەبارەت بـە خوێنـدنی ئەنـدامانی رِێبەرایـەتی و كـادر و " پ . م " ی حیزب پێش كۆنگرەی سێزدە دراوە ئەوەندەی بكرێ جۆرێك تـەنزیم بكرێتەوە كە هەم دەرەتانی زیـاتر بـۆ ئـەو مەبەسـتە برِەخسـێ و هـەم رِێگـا بـە بەرِێوەچوونی كارەكانی حیزب نەگرێ .

13 ـــ لـە ئەساسـنامەی حیـزب دا ئۆپۆزیسـیۆن نـەهاتووە بۆیـە نـاكرێ بەرِەسمی بناسرێ .

14 ـ هەموو كادرو پ . م و ئەندامی حیزب دەبێ پەیرِەوی لە ئەساسـنامە و ئاییـن نامەكانی حیزب بكەن .

15 ـ لـە هـەموو هەلومـەرجێك دا دەبـێ پرِنسـیپە دیـموكراتیكەكانی حیـزب بپارێزرێن .

16 ـ هەموومان بـەر عـۆدە بیـن كـە بەرانبـەر بـە بـێ كـاری و كـەم كـاری و كارشكێنی هەلْوێست بگرین .

17 ـ پاش ساغ بوونەوە لەسەر ئەم خالاَنـە هـەموومان بـە رِوحـی برایـەتی و یەك رِیزی بۆ بەرە و پێش بردنی بەرنامە و بەرژەوەندی یـەكانی حیـزب هـەنگاو بنێیـن .

**1385/9/6هەتاوی**

**زاییني**2006/11/27

گەلاڵە بەناو حەڤدە خاڵ یەکە هەروەك بۆخۆتان دەبینن، نەك هەر هیچ کام لە خاڵەکانی پلا تفۆڕمە بیست ماددەیی یەکەی لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی تێد ا بەر چاو نەگیرابوو، بەڵکو بەڕادەیەك شێوێندرابوو وەك ماشەری ئاڵۆزاویان بەسەر هێنابوو! ئەویش هەر بە مەبەستی بە لا ڕێ دا بردنی بیر و ڕای گشتی بوو کە بڵێن : ئێمە لەو بیست خاڵە حەڤد ە خاڵمان وەبەر چاو گرتوون، کەچی ئەوان ئەوەشیان قەبووڵ نیە و بیانوو دەگرن . دەنا ئەگەر وا نەبوایە دەکرا قامك لەسەر چەند خاڵ لەو بیست خاڵە دابنێن کە پێیان خۆش بووو بڵێن فلان خاڵ وفلانمان قەبووڵە، ئیتر پێویست نەبوو بۆ خۆیان گەلاڵەیەکی لە نویێ بە قازانجی خۆیان دا بڕێژنەوە . هەربۆیە لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی ناچار بە وەلام دانەوە کرد کە ئاوایان وەلام دانەوە :

## وەلامی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی حیزبی دیموکرات

## بە پێشنیارە 17 خاڵیەکەی زۆرینەی کومیتەی ناوەندی

هاوڕێیانی بەڕێزی زۆرینەی کومیتەی ناوەندی!

سلاوێکی گەرم،

سوپاستان دەکەین کە لەسەر داخوازی "شفاهی"ی رۆژی 85/9/5ی نوێنەرانی ئۆپۆزیسیۆن دوا نەزەراتی خۆتان بۆ چارەسەری گیروگرفتی نێوخۆیی حیزب بە نووسراو (هەرچەند بێ ناو و ئیمزاش) بە ئێمە راگەیاندوە. لەو پێوەندیەدا بە دروست دەزانین بەوپەڕی بەرپرسایەتی و راستوێژیەوەو

بەپێداگرتن لەسەر هەوڵەکانمان بۆ گێڕانەوەی یەکڕیزیی تێکۆشەرانی دیموکرات بیروبۆچوونی خۆمانتان لەسەر ئەو خاڵانەی ریزتان کردوون پێ رابگەیەنین:

• لە خاڵی یەکەم دا بە رواڵەت مژدەتان داوە کە ئازادیی ڕادەربڕین لەنێو حیزب دا قبوول دەکەن و ئاماژە بەوەش دەدەن کە ئەوە "پرنسیپێکی دێموکراتی‌یە کە زۆر لەمێژە لە حیزبی ئێمەدا جێگای گرتووە" بەڵام ئەگەر لێی ورد بینەوە دەبینین کە جگە لەوەی ئەو بەڵێنەتان هیچ میکانیزمێکی ئیجرایی بۆ پێشنیار نەکراوە، پرەنسیپە دێموکراتی‌یەکانی حیزبیش شێوێندراون. بڕیاری کۆنگرەی 12 کە لووتکەی بەرفرەوانکردنی ئازادیی بیروڕادەربڕینەو بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کۆنگرە پەسند کراوە, پاش ئەوەی دەستەبەندیی نهێنی بە تاوان تا سنووری خەیانەت دادەنێ بەراشکاوی دەڵێ هەموو ئەندامانی حیزب هەقیان هەیە لە کۆبوونەوەکانی حیزبی‌دا هەر نەزەرێکی موخالیفیان لەسەر سیاسەتەکانی حیزب تەنانەت لەسەر دروشمی ستراتیژی و ئامانجی درێژخایەنیش هەبێ و، هەروەها لەسەر هەر کەس و ئۆرگانێك نەزەرێکیان هەبێ بەڕاشکاوی دەری‌بڕن بەو مەرجە رێگا بە دەربڕینی نەزەری بەرامبەریش بدەن (نەقڵ بە مەفهووم بەڵام دەقاودەق). کەچی ئێوە ئەم هەقەتان لە تەنیا بابەتە تەشکیلاتی و فیکری‌یەکان دا بەرتەسك کردۆتەوە. خۆ ئەگەر "فیکری" لە مانای سیاسیی خۆی دا بەکار برابێ دەزانین کە ئێمە حیزبێکی ئیدئۆلۆژیکی نیین تا لەو پێوەندی‌یەدا فیکرەکانمان بەرامبەر بە یەك رابگرین.

کەچی کە باس دێتە سەر دەرەوەی حیزب وێڕای ئەوەی - بەهەق - داوا دەکرێ کەس لە دەرەوەی حیزب باسی بابەتە نێوخۆیی و تەشکیلاتی‌یەکان نەکا, داوا دەکرێ کە هەموو ئەندامانی حیزب دیفاع لە سیاسەت و بڕیارەکان (هەرچەند باوەڕیشیان بە سیاسەتێك یان بڕیارێك نەبێ) بکەن. واتە ئەگەر ئەندامێکی حیزب سیاسەتێك یان بڕیارێکی رێبەرایەتیی پێ دروست نەبوو لەنێو

حیزب دا هەقی نیە باسی بکا چونکە "تەشکیلاتی و فیکری" نیەو لە دەرەوەش دەبێ دیفاعی لێ بکا. رەنگە ئەگەر باوەڕتان بە دێموکراسی هەبێ قبووڵ بکەن کە لە هیچ دێموکراسی‌یەك دا داوای وا لە ئەندامانی حیزبێك ناکرێ و، ئەوپەڕەکەی ئەوەیە کە ئەندام هەقی پێنەدرێ لە دەرەوەی حیزب رەخنەی لێ بگرێ.

خۆ هەقی رەخنەگرتن لە کەسەکان و ئۆرگانەکانیش لەو خاڵەدا هەر قسەی لێ نەکراوەو بە ڕەسمی نەناسراوە, لە حاڵێك دا جگە لە بڕیاری کۆنگرەی 12، لە بەندی پێنجەمی پێڕەوی نێوخۆش دا بەڕاشکاوی هاتوە کە ئەندام مافی ئەوەی هەیە "لە هەموو ئەندامێك یا ئۆرگانێك لە کۆبوونەوەکانی حیزبی دا رەخنە بگرێ". کەوایە باش سەرنج بدەن پرەنسیپە دێموکراتی‌یەکانی حیزب چ مافێکی دەربڕین بۆ ئەندامانی حیزب قایلن و زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندی چ مافێکیان پێ ڕەوا دەبینێ؟

لەپێوەندی لە گەڵ بڕگەی (ب)ی ئەم خاڵە پرسیارێك خۆی زەق دەکاتەوە: داخوا هەر بڵاوکردنەوەی ئەو نامەیەتان لە دەرەوەی حیزبو دانی بە راگەیەنەگشتییەکانو لەوەش سەیرتر دانی شریتی وتارێکی 12 ساڵ لەمەوبەر بە سایتەکان کە کاتی خۆی لە نێو حیزبیشدا بڵاونەکراوەتەوەو تەنیا لە دەستی ئێوەدا هەیە، پێشێلکردنی ئەو ئەسڵە نیە کە پێشنیارتان کردوە؟

• خاڵی دووەم کە بە ڕواڵەت وەڵامی بەندی 4ی داخوازەکانی (85/5/7)ی ئۆپۆزیسیۆنە دەڵێ "هەیئەت لە زۆرینەو کەمینە دەستنیشان بکرێ کە بە سکاڵای هەر کادرو پێشمەرگەیەکی حیزب رابگا کە...". ئەمەشیان لە راستی دا شێواندنی داخوازەکانی ئێمەیە. ئێمە داوامان کردوە کە هەیئەتێك لە هەردوو لا بە سەڵاحییەتی هاوبەشەوە پێك بێ کە بە هەموو بڕیارەکان دا بچێتەوەو ئەوەی بە سالمی نەزانی ـ تەنانەت ئەگەر تەشویقی کەسێکیش بێ ـ هەڵی وەشێنێتەوە.

ئیشكالی ئێمه له‌سه‌ر جۆری ره‌فتارو كرده‌وه‌ی جه‌ناحیی ئێوه‌یه‌. كه‌چی ئێوه ده‌فه‌رموون ئه‌وه‌ی شكایه‌تی هه‌یه با بیكا. ئێوه زۆر باش ده‌زانن به‌شێكی به‌رچاو له‌وانه‌ی به رووحی جه‌ناحی‌یه‌وه سزا دراون،یا ده‌ركراون،یان ناچاركراون حیزب به جێ بێڵن وئیدی ناتوانن بێن و شكایه‌ت بكه‌ن. كه‌وایه ئه‌مه ناتوانێ داخوازی ره‌وای گۆڕینی ره‌فتاری جه‌ناحی و دابینكردنی ئه‌سڵی "مشاركت" و به‌رامبه‌ریی ئه‌ندامانی حیزب دابین بكا.

• له‌خاڵی سێیه‌میش دا كه ئاماژه‌یه به‌ به‌ندی شه‌شه‌می داخوازه‌كانی ئۆپۆزیسیۆن هه‌ر ئه‌و كاره كراوه. "نه‌زه‌ری گشتی دابین بكا" یانی چی؟ ئێمه داوای میكانیزمێكی روون ده‌كه‌ین كه وه‌رگرتن و ره‌تكردنه‌وه‌ی داخوازانی پێشمه‌رگایه‌تی له سانسۆڕی رووحی جه‌ناحبازی رزگار بكا. ئه‌وه‌ی ئێوه ده‌ی‌فه‌رموون ته‌نیا ده‌توانێ مه‌سه‌له‌كه ئاڵۆزترو كێشدارتر بكا.

• ئه‌وه‌ی له خاڵی چواره‌م له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ یه‌كیه‌تی‌یه‌كانی ژنان و لاوان دا فه‌رمووتانه راست ئه‌وه‌یه كه ئێمه ئیعترازمان له‌سه‌ری هه‌یه. ئه‌و ئوسووله‌ی "تا ئێستا پێڕه‌وی لێ كراوه" راست ئه‌وه‌یه كه هه‌ركات كارێك و بڕیارێك و هه‌ڵبژاردنێكی ئه‌و دوو رێكخراوه به دڵی زۆرایه‌تی نه‌بوو هه‌وڵی هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌و تێكدانه‌وه‌ی بدات و "هیچ كه‌س و جه‌معێك"یش هه‌قی نه‌بێ قسه‌ی لێ بكا. له كاتێك دا ئێمه پێمان وایه ئه‌و یه‌كیه‌تی‌یانه ده‌بێ له هه‌موو بڕیارو ئینتخابێك دا سه‌ربه‌خۆ بن و ته‌نیا له‌باری سیاسی‌یه‌وه كارێك نه‌كه‌ن كه زیان به پێوه‌ندی‌یه سیاسی و دیپلۆماسی‌یه‌كانی حیزب بگه‌یه‌نێ. ئه‌ویش ته‌نیا له‌به‌ر ئه‌وه‌یه كه ئه‌و رێكخراوانه به رێكخراوی سه‌ر به حیزبی ئێمه ناسراون. ئه‌گینا حیزب هه‌قی نیه له‌و بابه‌ته‌شه‌وه سنووریان بۆ دابنێ.

• شتی زۆر خۆش ئه‌وه‌یه كه له خاڵی پێنجه‌م دا ده‌گوترێ "كاری ته‌شكیلاتی نێوخۆی وڵات هه‌ر ئێستاش به شێوه‌ی هاوبه‌ش به‌ڕێوه ده‌چێ".

دەستخۆش بۆ ئەو هەموو "مشارکت" و دێموکراسی‌یە! بەڕاست ئەو هەموو خەڵکە کە بانگ دەکرێنە ئێرەو بە دژی ئۆپۆزیسیۆن بۆمبارانی مێشکیان دەکرێ "بەشێوەی هاوبەش" قسەیان بۆ دەکرێ؟ ئەو "ئاوڕدانەوە" سێزدە لاپەڕەیی-یەبە دژی ئۆپۆزیسیۆن کە بە ئیقراری ئەو هاوڕێ تەشکیلاتی‌یانەی دێنە ئێرەو بەدوور لە چاوی بەرپرسی تەشکیلاتی نێوخۆ چاویان بە ئێمە دەکەوێ, لە ماوەی دوای کۆنگرەی سێزدەوە تا ئێستا بە هەموویەوە ئەوەندە ڕێنوێنیی بە دژی کۆماری ئیسلامی نەدراوە بە تەشکیلات، "بەشێوەی هاوبەش" نووسراوە؟ لەو بەشەدا هیچ ئاماژەیەکیش بە کاری تەشکیلاتی لە دەرەوەی کوردستان نەدراوە کە دەزانن چەندە یەك لایەنە بەڕێوە دەبرێ.

● خاڵی شەشەم جگە لەوە کە "وادەی سەر خەرمان"ە، هیچ میکانیزمێکی تێدا پێشنیار نەکراوە کە ئەسڵی "مشارکت" مسۆگەر بکا. ئەوەی لە بەندی یازدەی داخوازەکانی ئۆپۆزیسیۆن دا پێشنیار کراوە، ئەوەیە کە دوو کەس هەرکامەی لە جەناحێك بەڕێوەی بەرن.

● خاڵی حەوتەم کە بەڕواڵەت وەڵامی بەندی دەیەمی داخوازەکانی ئۆپۆزیسیۆن(ڕەخنە لە چۆنیەتیی دانی پلەی کادر)ە، بێ لەبەرچاو گرتنی داخوازەکە حەواڵەی ڕیزە بەندو داوێکمان دەکا کەهەمووی بە ڕووحی جەناحی-یەوە تەنراوەو دوابڕیاریش دەداتەوە بە دەفتەری سیاسی کە بەو ڕووحەوە قەزاوەتی لەسەر بکا.

● لە خاڵی هەشتەم دا وەك ئاماژەیەك بە بەندی دوازدەیەمی داخوازەکان دیسان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە گۆیا کەسانێك چەند جار داوایان لێ کراوە کار وەربگرن و ئامادە نەبوون کار قبووڵ بکەن. لەوە گەڕێین کە هەموو کاتێك ئەو ئیددیعایە دەکەن‌و ئامارێك نیشان نادەن، ئەدی بۆچی باسی ئەو کەسانە ناکەن کە دوو ساڵونیوە بێکار کراون‌و هیچ کارێکیان پێ‌پێشنیار نەکراوە؟

پاشانیش که باسی لێوەشاوەیی دەکەن, هەروەك جارێکی دیکەش کە باسی کاری شیاوتان کردبوو تەشخیسەکە دەدەنە دەست ئۆرگان. ئیدی نە ئەندامەکە و نە لایەنی بەرامبەر هەقی نەزەردەربڕینیان پێ نادرێ. ئەمەش دیسان رووحی دابەشینی ئەندامانی حیزب بە پلە 1 و پلە 2 نیشان دەدا.

• لە خاڵی نۆیەم دا وەك وەڵامی داخوازی بەندی سێزدە رووحی حاکم بەسەر پێشنیاری دەسکاری دا چوونە پێشی کارو ئەرکەکانە ـ دیارە بەو جۆرە کە زۆرینە بۆی دەچێ, ئەگینا ئەوە دروستە ـ لە حاڵێك دا ئێمە داوا دەکەین ئایین نامەو بەخشنامەکان بە جۆرێك دەسکاری بکرێن کە مافی کەس نەفەوتێ. بە باوەڕی ئێمە تەنیا لەو حاڵەتەش دا کارو ئەرکە حیزبی‌یەکان ـ نەك جەناحی-یەکان ـ بەباشی بەڕێوە دەچن.

• خاڵی دەیەم ئاماژە بە بەندی پازدەیەمی داخوازەکانە. کەچی لەوێش دا یان میکانیزم نیە یان ئەگەر بڵێین میکانیزمە بێئەوەی بەڕاشکاوی گوترابێ, داوای لانی‌کەمی موشارەکەت دەکاو پێ لەسەر "انسجام" (تۆ بڵێ یەکدەستی) دادەگرێ. لە حاڵێك دا ئێمە بە روونی داوامان کردوە کومیتەکان بە پێی نیسبەتی ئەندامانی حیزب هەڵبژێرێن.

• خاڵی یازدەیەم وادیارە لە وەڵامی بەندی شازدەیەمی داخوازەکان دا نووسراوەو هەرچەند لەوێدا وا نەهاتوەو ناوێك لە ناوەندی 2 نەبراوە، بەڕواڵەت موافەقەتی لەگەڵ کراوە. بەڵام هاوڕێیان باوەڕ بفەرموون ئەو نیازەی لە پشتی ئەو قبووڵ کردنەش دا هەیە لە هیچ لایەکمان شاراوە نیە. ئەگینا بۆچی بەندەکە بەتەواوی پەسند نەکراوەو لە ناوەندی 2 ئەگەر بەرپرسیش بگۆڕێ 3 کەس واتە نیوەی ئەندامانی ناوەند لە قۆڵی زۆرینەن، لە حاڵێك دا نیسبەتی کادرو پێشمەرگەی سەر بەو قۆڵە بە زەحمەت دەگاتە سەدی دە؟

• خاڵی دوازدەیەم بە جۆرێك قبووڵی بەندی بیستەمی داخوازەکانەو هەنگاوێکی دروستە. هەرچەند ئەوە دروست نیە کە ئەوبڕیارە بەو جۆرەی ئێستا هەیە پێش کۆنگرەی 13 درابێ. جگە لەوە بەڕاستی بڕیاری دیکەش هەن کە پێویستە دەسکاری بکرێن.

• خاڵی سێزدە بۆ لە سەر راوەستانێك دەبێ. ئەو خاڵە بەڕواڵەت لە وەڵامی بەندی یەکەمی داخوازەکان دا هاتوە. بەڵام وەك زۆر جاری دیکە لە ئەسڵی مەتڵەب لای داوە. لە پێش دا وشەی ئۆپۆزیسیۆن بە پێچەوانەی بۆچوونی ئێوە ئیرادێکی لەسەر نیەو پێش ئەوەش کە ئێمە بینووسین چەند جار لە لێدوانەکانی کاك مستەفا هیجری دا هاتوەو عەیبیشتان لێ نەگرتوە. ئەوەش کە لە پێڕەو دا نەهاتوە بەو مانایە نیە کە نابێ بەکار ببرێ. پاشانیش مەسەلە ناو نیە. دەتوانین ناوێکی دیکە وەك قۆڵ یا جەناح هەڵبژێرین. مەسەلە ئەوەیە ئێوە قبووڵ بکەن جەمعێك غەیری خۆتان هەیە کە دەبێ حیسابی بۆ بکەن و لەگەڵی تەرەف بن, هەر وەك ئەو کاتەی ئێوە لە رێبەرایەتی دا کەمینە بوون رەفتارتان لەگەڵ کراوە. بە دروستیش نازانین خۆتان بە زۆرینەو بەرامبەرەکەتان بە کەمینەی حیزب ناو بەرن, چونکە ئەمە هەم ئێستا روون نیەو هەم قابیلی گۆڕانە. دروستتر ئەوەیە بڵێین زۆرینەو کەمینەی رێبەری.

• خاڵەکانی چاردە تا حەڤدەی ئێوە شتی ئوسوولین و ئەگەر ملتان بۆ یەکڕیزیی حیزب و مسۆگەرکردنی وەك یەکیی ماف و ئەرکەکانی ئەندامانی حیزب راکێشا کەس نکوولیان لێ ناکا. بەڵام بەڕاست ئێوە خۆتان پرەنسیپە دیموکراتیەکان دەپارێزن، یان دیموکراسی تەنیا لە داوای ملکەچیی کەمایەتیدا کورت دەکەنەوە؟

هێندێ بەندی داخوازەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش وەك بەندەکانی پێنجەم, نۆیەم, حەڤدەیەم، هەژدەیەم و نۆزدەیەم کە بەلای ئێمەوە گرنگو بەشێکی گرنگ لە

داخوازەکانمانن لە نووسراوەکەی بەڕێزتان دا نە لە نیزیك و نە لە دوور ئاماژەیان پێ نەدراوە. ئەمە ئەو سیگناڵە دەنێرێ کە سوورن لەسەر ئەوەی لەو بوارانەدا کە ئەو چەند بەندە باسیان دەکەن, لەگەڵ ئەوەی بەشێکیان مافی ئەندامانی حیزب و بەشەکەی دیکەیان پرەنسیپی "مشارکت"ن, هەر بەو شێوەیە رەفتار بکەن کە تا ئێستا کردووتانە. ئەمەش بە نۆرەی خۆی پێمان دەڵێ کە ناتوانین ئومێدێکمان بە گۆڕینی سیستمی بەڕێوەبەریی زۆرایەتیی ئێستای کومیتەی ناوەندی هەبێ.

لە هەمووی گرنگتر بەندی سێیەمی داخوازەکانە کە "بزرگوارانە" بە تەنیشتی دا تێپەڕیون. هاوڕێیان! ئارەزوومانە باوەڕ بکەن کە ئەگەر هەموو داخوازەکانی ئێمە پێوەندییان بە کێشەی جەناحییەوە هەبێ ئەمەیان وا نیە. بە هەموو مەسئوولییەتەوە دەڵێین ئەگەر لە نێو حیزبی دێموکرات دا چووکترین ناکۆکییشمان نەبووایە نەزەری ئێمە لەسەر نامەی کاك مستەفا بۆ ئاغای نەزمی ئەفشار هەر ئەوە دەبوو کە لەو بەندەدا هاتوە. هەروەك لەوێدا گوتوومانە "ئەمە پێوەندیی بە مەسەلەی خاك و کەرامەتی نەتەوەیییەوە هەیە". وەرن ئازایانە بیر بکەینەوەو رەفتار بکەین. با حیزبمان لە هەموو کەس و ئۆرگانێك پێ گرنگترو گەورەتر بێ و میللەتیشمان لە حیزب پێ گەورەترو گرنگتر بێ. "هەڵەیەك کە لە نامەی بەڕێز سکرتێر بۆ ئاغای نەزمی ئەفشاردا کراوە، بە بێدەنگە لێکردن راست ناکرێتەوە"و سبەی رۆژێ ئازەربایجانییەکان هەقیانە بڵێن مەهابادو سەردەشت و ... ئازەربایجانن نەك کوردستان, چونکە سکرتێری گەورەترین حیزبی کوردی قبووڵی کردوە. لە خۆڕا دەفەرموون ئەگەر وا نەبایەو وا نەگوترایە شەڕی کوردو ئازەری دروست دەبوو. خۆ ئەوە بڵاو نەکرابۆوە تا بڵێین بۆیە وا نووسرابوو. پاشان شەست ساڵە دەڵێین کوردستان لە چوار

ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاواو کوردستان و کرماشان و ئیلام پێك هاتوە, چ ناکۆکی‌یەکی لەسەر ساز بووە, هەتا ئێستا شەڕی لێ بکەوێتەوە؟

**هاوڕێانی بەڕێز!**

ئێوە کە 17 خاڵتان بەدوای یەك دا ریز کردوە، مەبەستتان ئەوە بووە کە خوێنەری ناشارەزا وا تێبگا لە بیست خاڵی پێشنیار کراوی ئۆپۆزیسیۆن حەڤدەیتان قبووڵ کردوە. لە کاتێك دا وەك روونمان کردەوە ئێوە تەنیا ئاماژەتان بە 13 خاڵ داوەو ئەویش لە زۆربەی هەرە زۆریان دا یان بۆ رەتکردنەوە یان بۆ شێواندنە. بۆ وێنە باسی خاڵی 14ی داخوازەکانتان نەکردوە کە تەنیا خاڵێك بوو بە جۆرێك داوای پۆست و ئیمتیازی دەکردو لەم دوایی‌یانەدا بە نووسین پێمان راگەیاندن کە وازی لێدێنین.

پاشان لە پێشەکیی نامەکەتان دا باسی "هەوڵو تێکۆشانی دۆستانو دڵسۆزانی حیزبەکەمان دەکەن. پرسیار ئەوەیە چ بایەخێکتان بۆ ئەو هەوڵانەی دڵسۆزان دانا؟ مەگەر ئێوە بە راشکاوی نێوبژیوانیتان رەت نەکردەوەو پروپاگەندەی دنیاشتان لە سەر وەڕێ نەخست کە نێوبژیوانیی دۆستان(یا بە گوتەی ئێوە لایەنی دەرەکی) سەربەخۆیی حیزب دەخاتە ژێر پرسیار؟

جگە لەوە، ئێوە دەتانەوێ کاك مستەفا وەك بێلایەن دابنێنو وا بنوێنن کە هەوڵێکی زۆری بۆ پاراستنی یەکپیزیی حیزب داوە. لە حاڵێك دا ئێمەشو ئێوەش دەزانینو هەموو کەسێکی شارەزاش دەزانێ کە ئەو بەڕێزە نووکی هیرەمی جەناحی ئێوەیە (کە ئەمە هیچ ئیرادێکی لەسەر نیە)و لە دیفاع لە بۆچوونەکانی قۆڵەکەشی دا لە هەمووان چالاکتر بووە. ئەگەر بە ئینسافەوە داوەری بکەن، ئەوە بەرێز عبدالله حسن زادە بوو کە لەگەڵ ئەوەی پێش کۆنگرەی دەیەم لە جەناحێك دابوو، هەموو قورسایی خۆی دانا بۆ ئەوەی حیزبێکی دووپارچە یەك بخاتەوەو پاشانیش لە ماوەی زیاتر لە نۆساڵ بەرپرسایەتیی خۆی‌دا

بەبەکاربردنی پرەنسیپی هاوبەشی‌و بەرەسمی ناسینی لایەنی بەرامبەرو بە دانی ئیمتیازی جۆراوجۆر بە کەمینە، یەکڕیزیی حیزبی وەك گلێنەی چاو پاراستو، لە کۆنگرەی سێزدەدا حیزبێکی یەکپارچەی وەك ئەمانەتێکی پیرۆز تەسلیمی کاك مستەفا کرد.

بەهەرحاڵ هەروەك رۆژی 85/8/14یش لە وەڵامی پێشنیارە 7 خاڵی‌یەکەتاندا نووسیبوومان ئەو خاڵانەی ئێوە نووسیوتانن "ناتوانن میکانیزمی رێکخستنەوەی ریزەکانی حیزب بن". ئاواتمان ئەوەیە بە ئازایەتی و لێبڕاوی و لێپرسراوی‌یەکی زیاترەوە بێنە مەیدان و داخوازەکانی ئێمە کە شتێك نین جگە لە میکانیزمێك بۆ پێکەوەبوون و پێکەوە کارکردن، قبووڵ بکەن و هەروەك خۆتان فەرمووتانە "مۆژدەی لەنێوچوونی گیروگرفتەکانی نێوخۆی حیزب بە هەموو دۆستان و دڵسۆزانی حیزب بدەین".

وەبیرتان دێنینەوە کە ئێمە لەسەر ئیمزا کردنی رێککەوتننامەیەکی دوولایەنەو بوونی زەمانەتێکی ئیجرایی‌و هەروەها لەسەر پێویستیی هەڵوەشاندنەوەی بێ‌ئەملاوئەولای سزاکانی دوای 1385/5/7 سوورین.

لەگەڵ سڵاوی دووبارە

**ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی حیزب**

1385/9/10

2006/12/1

ڕۆژان هەروا دەهاتن و دەڕۆیشتن و قۆناغەکان جێ گۆڕکێ یان دەکرد و تا پێ دەچوو هیواکان بۆ یەك گرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب زۆرتر لەگەڵ ناکامی بەرە و ڕوو دەبوون . حیزبی دیموکرات بە تەواوی لە گرێژەنە نەچووبوو . دڵ ساردی و تەنانەت نا هومێدیش لەنێو کادروپێشمەرگەکان دا بەو پەڕی خۆی گەیشتبوو .

بێ سەرە و بەرەیی لەنێو ڕیزەکانی حیزب دا لە سنوور ترازابوو . کەس خەتی کەسی نەدەخوێند ەوە . غرووری پێمەرگایەتی تا پێ دەچوو زۆرتر بەرە و لاوازی دادەبەزی . باسی ڕۆژانە هەر ئاخ و داخ و هەڵ ڕشتنی زووخاوی دڵ بوو . چەندی لە ئاسۆت ڕوانیبایە تروسکەی ڕوون بەدی نەدەکرا . حیزبایەتی یەکە وەبیر هێنەرەوەی دەورانی ئاغا و ڕەعیەتی بوو . تاقمێك هەمە کارە و دەسەڵات بەدەست و ئەوی دی زوڵم لێ کراو و ڕەنج بە خەسار بوون . پڕەنسیپە دیموکراتی یەکان بەتەواوی وەلا نرابوون . ڕیزەکانی حیزب بە خۆیی و غەیرە خۆیی دابەش کرابوون . ئەوەی ملکەچی ئەو دەسەڵاتە نەبوایە بێگانە و نامۆ بوو . لەیەك قسە دا ئەگەر ڕەوتەکە لەو دان و پێ یە لە برەو دابایە، مەترسیی شیرازە پچڕان و تەنانەت لاڕێ بوونی حیزبەکەمان لە ڕەگی بنا گوێ نزیك تر بوو . سەرەڕای قەیرانە نێوخۆیی یەکان، ئەگەر عاسمانیش لێفە بایە ئەو هەموو هەڵە سیاسی یانەی وەك : ئیمزاکردنی ڕێك کەوتن نامە لەگەڵ پان ئێرانیستەکان، بەخشینی بەشێکی بەرچاو لە خاکی کوردستان لەلایەن سکرتێری گشتیی حیزب (کاك مستەفای هیجری ) یەوە بە نەزمی ئەفشار و لەم دوایی یانەش دابەپێی هەواڵی مێدیاکان ئیمزاکردنی ڕێك کەوتننامە لەگەڵ سەڵتەنەت خوازەکانی پێ دانەدەپۆشرا . کەوابوو بەهەر شێوەیەك بێ دەبا ڕێگا چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانە ماڵ وێران کەرە کە وەك خۆرە کەوتبوە داڕزاندنی پەیکەری حیزبەکەمان و، ڕۆژ بە ڕۆژ و سات بەساتیش لە تەشەنە کردن و تەنینەوە دابوو، دۆزرابایەوە و هەنگاوی جیددی بۆ لە نێوبردنی هەڵ گیرابایە . بۆ ئەو مەبەستە لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ، بۆ دواین جار داوای وەڵام دانەوەی ویست و داخوازی یە پێشنیار کراوەکانی لە قۆڵی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی کرد . بەڵام بەداخەوە، قۆڵی زۆرایەتی هەنگاوێك لە

بەرزە فڕی و قۆرغە دەماریی پێشوویان دانەبەزین و، بێ پێچ و پەنا وەڵامی نایان دایەوە و بەڕاشکاوی ڕایان گەیاند کە :

ـــ ئێمە هەروەك پێشتریش ئاگادارمان کردوون، کۆبوونەوە و باس و وتووێژمان لەگەڵ ئێوە تەنیا لە چوارچێوەی ئەو حەڤدە خاڵە دایە کە پێمان داون و جیا لەوە هیچ خاڵێی دیکە جێگای پەسندی ئێمە نیە .

وەڵامەکە تا بڵێی زەق و ڕەق و لووت بەرزانە و پاوانخوازانە بوو . هەڵوێستێکی بەتەواوی لە خۆبایی یانەوسەرڕەقی بوو . ڕاشکاوانە دەرکەوت کە نوختەی کۆتایی یان داناوە و لە ڕوودانی ڕووداوی تەنانەت ڕاچڵەکێنەر و قەرەبوو نەکراویش بێ منەتن! بە ڕوونی سەلماندیان کە ئەو هەموو هەیئەت گۆڕین و بێنەوبەرە و فێڵ تەشقەڵەیان، تەنیا بەمەبەستی خافڵاندن و ماندوو کردنی لایەنی ئۆپۆزیسیۆن بووە نەك بۆ چارەسەر کردنی قەیرانە نێوخۆیی یەکان . هەربۆ لایەنی ئۆپۆزیسیۆن بە ناچار بۆ یەك لایی کردنەوەی مەسەلە کە بە وردی کەوتنە ڕاوێژ کردن و بیروڕا گۆڕینەوە . پاش هەڵسەنگاندن و بارە و بار کردنی هەلو مەرجەکە، بەو ئاکامە گەیشتن کە لە حاڵێك دا دەرگای هەر چەشنە وتووێژ و دان و نستانێکیان لەسەر داخراوە، کات بە فیڕۆدان لەوە زیاتر خۆ فریو دان و بە زیانی حیزب و بزووتنەوەکەشمانە .

سەرەنجام ئەوەی نەدەبا ڕوو بدا بە ئاشکرا خۆی نواند . لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ بە ناچاری و پێچەوانەی ویستی خۆی، بە دەر کردنی بەیاننامە یەك بەکردەوە تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتیی خۆی لە قۆڵی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی جوێ کردەوە و ڕایگەیاند کە لێرە بەولاوە، وەك حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەربەخۆ کاردەکەین . ئەوەش دەقی بەیاننامەکە :

## بەیاننامە

ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

کۆمەڵانی خەباتگێڕی خەڵکی کوردستان!

حیزبو ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانیو ئێرانییەکان!

دۆستانی گەلی کوردو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان!

لە یەکێك لە ناسکترین هەلومەرجەکانی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردو بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، نیزیك بە دووساڵو نیوە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی جێگای متمانەو پشتیوانیی زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان، حیزبێك کە بە دەستی بە توانای پێشەوا قازی محەممەد دامەزراو بە بیری تیژی دوکتور قاسملوو نوێکرایەوە، لە ئاکامی پاوانخوازیی زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندیدا تووشی قەیرانێکی قووڵی تەشکیلاتی بووە کە سەرانسەری قەوارەکەی هەر لە سەرێ ڕا تا خوارێ داگرتوەو بە کردەوە کردوویەتە دوولەت. پاش پتر لە دوو ساڵ هەوڵی نهێنی بۆ گێڕانەوەی یەکڕیزیو یەکدڵی بۆ نێو حیزبی دێموکرات، رۆژی 7ی گەلاوێژی 1385 ئێمە بە ناوی "ئۆپوزیسیۆن" یادداشتێکی بیست مادەییمان خستە بەرچاوی زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندی کە قەبووڵکردنو جێبەجێکردنی دەیتوانی میکانیزمێك بۆ چاری گیروگرفتەکانو گێڕانەوەی یەکپارچەیی بۆ ریزەکانی حیزب بە دەستەوە بدا. هەر چەند ئەم یادداشتە وەك سەنەدێکی نهێنی ئامادە کرابوو، بەڵام بێ ئەوەی بمانەوێ کەوتە نێو میدیاکانو ئەو کەسانەی ئۆگری چارەنووسی بزووتنەوەی کوردو حیزبی دێموکراتن لێی ئاگادار بوون.

بەداخەوە چەند کۆبوونەوەی وتوویژ لەسەر ئەو یادداشتەو هەروەها هەولو تەقەلای هێندێ لە دلسۆزانی کورد لە نێوەوەو دەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو هەولی نێوبژیکردنی هێندێ حیزبی کوردستانی لەوانە پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو هەروەها هەولی نوێنەرانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە هۆی رەدکردنەوەی قۆلی زۆرایەتییەوە بێئاکام مایەوەو قۆلی دەسەلاتبەدەستی کومیتەی ناوەندی بە رەفتاری توندوتیژ بەرامبەر جودابیران رۆژ بە رۆژ کەلێنی نێوان خۆیو لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی گەورەترو فرەوانتر کرد. لە راستیدا ئەو لایەنە بە ئاشکرا هەولی داوە لەتکردنێك کە لە دوای کۆنگرەی سێزدەوە بە کردەوە بەسەر حیزبی دێموکراتیدا سەپاندوە، رەسمییەت پێبداو ستراتیژیی لەمێژینەی خۆی سەبارەت بە پووچەلکردنەوەی هەنگاوی "وەسەریەك کەوتنەوەی بنەمالەی گەورەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" لە دوای کۆنگرەی دەیەم، پیادە بکا.

ئێستا ناچارین بەوپەڕی داخو کەسەرەوە هەموو لایەك ئاگادار بکەین کە هەولو تێکۆشانی ئێمە بۆ پاراستن یان باشتر بلێین بۆ گێڕانەوەی یەکپارچەیی بۆ ریزەکانی تێکۆشەرانی دێموکرات گەیشتۆتە بنبەستو ئەگەر ئێمە نەمانتوانیوە یەکڕیزی بەسەر لایەنی بەرامبەردا بسەپێنین، ئەوان توانیویانە لەتبوونی حیزب، حیزبێك کە بە فرمێسکی چاوو خوێنی دلو شەوو شەونخوونیی هەزاران تێکۆشەری شەهیدو بریندارو کەم ئەندام گەیشتۆتە ئەمڕۆ، بەسەر ئێمەدا بسەپێنن. لەو پێوەندییەدا حەز دەکەین چەند مەسەلەی گرنگو بەپەلە رابگەیەنین:

1ـ هەڵوێستە سیاسیی‌یەکان‌و بنەما تەشکیلاتی‌یەکانی ئێمە کە دیارە ریشەیان لە سیاسەت‌و هەڵوێست‌و بنەما فکری‌و تەشکیلاتی‌یەکانی حیزب دایەو لەگەڵ پێداویستی‌یەکانی هەلومەرجی تازەی خەبات‌و ئاڵوگۆڕەکانی ئەم سەردەمە موتوربە دەکرێن، لە دەرفەتێکی دیکەدا بە ئاگاداریی تێکۆشەرانی حیزب‌و بیروڕای گشتی دەگەیەندرێن. مەبەست لە دەرکردنی ئەم بەیاننامەیە زۆرتر ئەوەیە کە رابگەیەنین لەمڕۆ بەدواوە ئێمە تێکۆشانی سیاسی‌و تەشکیلاتیمان بە جیا لە قۆڵی زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندی درێژە پێ‌دەدەین‌و لەو رێگایەشدا بە پشتیوانیی سەدان کەس لە باشترین‌و بە ئەزموونترین کادرو پێشمەرگەکان‌و هەزاران کەس لە ئەندامە دڵسۆزەکانی حیزب لە کوردستان‌و دەرەوەی کوردستان پشت ئەستوورین.

2ـ مل راکێشانمان بۆ لەتبوونی حیزب تەنیا بۆ ئەوەیە کە چیدیکە توانا‌و لێوەشاوەیی تێکۆشەرانی حیزب بە فیڕۆ نەچێ‌و سەرفی گێروگرفتی نێوخۆیی نەکرێ، بەڵکوو هەوڵەکان روویان پێ‌بکرێتە وەدیهێنانی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان‌و بەربەرەکانی دژی دوژمنانی ماف‌و ئازادی‌یەکانی گەلی کورد، نەک قۆڵ‌و لایەنەکانی نێوحیزب. بۆیە بەرەسمی رادەگەیەنین کە کاری ئێمە دژایەتی‌و بەربەرەکانیی سیاسی‌و تەبلیغاتی‌و .... دژی هاوسەنگەرەکانی پێشوومان نیەو لە هیچ مەیدانێکدا دەستپێشخەر نابین. ئاواتمان ئەوەیە لایەنی بەرامبەریش هەر ئەم هەڵوێستە بگرێتەبەرو رێگا نەدا دوژمنانی بزووتنەوەی کورد پێمان خۆش بن‌و دۆستانمان نا ئومێدی دایان بگرێ.

3ـ ئاشکرایە کە رێبەرایەتیی حیزبی دیموکرات‌و بەشێکی زۆر لە کادرو پێشمەرگەکانی‌و بە سەدان بنەماڵەی تێکۆشەرانی حیزب، لە کوردستانی

عێراق‌و  له‌ ژێر سێبه‌ری حکوومه‌تی هه‌رێمی کوردستاندا ده‌ژین، که‌ له‌ هه‌موو که‌مپه‌کاندا بنه‌ماڵه‌کان تێکه‌ڵ‌و دراوسێی یه‌کترن. ئه‌م وه‌زعه‌ تا پێش کۆنگره‌ی سێزده‌ زۆر سروشتی‌و له‌ دوای کۆنگره‌ش تا ئێستا به‌هه‌رحاڵ "قابل تحمل" بووه‌. به‌ڵام ئێستا ئیدی هه‌موو شتێك پێویستیی به‌ لێك جیاکردنه‌وه‌ هه‌یه‌. له‌و پێوه‌ندی‌یه‌دا ئێمه‌ له‌ لایه‌نی به‌رامبه‌ر داوا ده‌که‌ین هاوکاری بکا تا به‌ شێوه‌یه‌کی شارستانیانه‌و بێ کێشه‌و ناخۆشی لێك جیابینه‌وه‌و دوژمنان به‌ خۆمان خۆش نه‌که‌ین.

به‌ڵام ئه‌گه‌ر به‌ پێچه‌وانه‌ی ئاره‌زووی ئێمه‌ ئه‌وان مل به‌و کاره‌ نه‌ده‌ن، سروشتی‌یه‌ که‌ به‌رپرسایه‌تیی ئه‌و کاره‌ ده‌که‌وێته‌ سه‌ر شانی کاربه‌ده‌ستانی هه‌رێمی کوردستان. هیواداری‌ن هه‌م سه‌رۆکایه‌تیی هه‌رێمی کوردستان، هه‌م حکوومه‌تی هه‌رێم‌و هه‌م دوو حیزبی دۆست‌و برامان پارتی دیموکراتی کوردستان‌و یه‌کیه‌تیی نیشتمانیی کوردستان به‌رپرسایه‌تیی نه‌ته‌وه‌یی‌و ئه‌خلاقیی خۆیان له‌و پێوه‌ندی‌یه‌دا به‌جێ بێنن‌و هه‌موو ئاواتمان ئه‌وه‌یه‌ له‌م هه‌ل‌و مه‌رجه‌ی کوردستان‌و ئێران‌و رۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاستدا که‌ چاوه‌دێره‌ سیاسی‌یه‌کان ئاڵوگۆڕی قووڵی سیاسی له‌ ئێران‌و ناوچه‌که‌دا پێش بینی ده‌که‌ن هه‌موو لا جۆرێك ره‌فتار بکه‌ن که‌ زه‌بر له‌ یه‌کیه‌تیی ریزه‌کانی خه‌ڵکی کوردستان نه‌درێ‌و ئه‌گه‌ر نه‌مان توانیوه‌ له‌ نێو حیزبی دێموکراتێکی یه‌کپارچه‌دا هه‌وڵه‌کانمان وه‌سه‌ریه‌ك بخه‌ین، رێگای ئه‌وه‌ که‌ له‌ چوارچێوه‌ی هاوپه‌یمانی‌یه‌کی کوردستانی‌دا پێکه‌وه‌ کار بکه‌ین به‌ربه‌ست نه‌کرێ.

سڵاو له‌ گیانی پاکی شه‌هیدانی حیزب‌و گه‌ل‌و له‌ ریزی پێشه‌وه‌یاندا

قازی ، قاسملوو، شه‌ره‌فکه‌ندی

سڵاو له‌ حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران

سەرکەوتن بۆ بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد
کۆمەڵێك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیو کومیتەی ناوەندیو جێگرانو موشاویرانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
**15/ 9/ 1385ی هەتاوی**
**6/12/ 2006ی زایینی**

**بەڵێ خۆشەویستان!**

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی جێی متمانە و باوەڕی گەلی کورد و ئازادیخوازانی وڵاتەکەمان، لە حاڵێك دا لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستیی بە یەکگرتن و یەك دەنگی و یەك هەڵوێستیی ڕیزەکانی هەبوو، لە ئاکامی سەر ڕەقی، پاوانخوازی، کورسی پەرستی و گوێ شل نەکردنی قۆڵی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی بۆ سکاڵا و ویست و داخوازی یە ڕەواکانی لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ سەرەنجام حووکمی لەت بوونی بەسەر دا سەپێنرا! لەت بوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئەویش ڕاست لەوسەردەمە دا کە ئاڵوگۆڕکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا بە پەلە دەهاتن و تێ دەپەڕین و ئێرانیشیان وەبەر خۆ دابوو، لەو قۆناغە دا کە دەبا هەموو توانا فکری یەکان بۆ پلان دانان و بەرنامە ڕێژیی داهاتوو وەگەڕ خرێن و، تەبایی و نیازپاکی و بڕوا بەیەك بوون لە هەموو کاتێك بە هێز تر بێ ، وەك لەت بوونی دڵی کورد لە کوردستانی ئێران وابوو . تەمی خەمی هاویشتە سەر دڵی تێکۆشەران و دڵسۆزانی حیزب و گەلەکەمان و، دوژمنانی سوێند خۆری نەتەوەکەمانی شاد کرد .

بەو ڕووداوە ڕاچڵەکێنەر و تاسێنەرە، منیش وەك هەمووی ئێوە و دەتوانم بلێم هێدێك زیاتریش خەم دایگرتم، تاساندمی، تەزاندمی، تەزووی ساردی

بەلەش دا هێنام و ژانی لە دڵ چزاندم . بەڵام چ دەکرا؟ چار ناچار بوو! ئەگەر بە وردی بەناخی مەسەلەکە دا ڕۆچین و، لایەنە جۆراوجۆرەکانی بد ەینە بەر سەرنج و سوود و زیانەکانی هەڵ سەنگێنین، باوەڕ بکەن ئەو لەت بوونە هەزار ئەوەند ەی پێکەوە بوونەکەمان بەو شێوە کە بۆم باس کردن، سوود و بەرژەوەندیی هەم بۆ خۆمان ، هەم بۆ حیزبەکەمان و هەم بۆ گەلەکەشمان پتر بوو . پێتان سەیر نەبێ، سەرنج بدەنە ئەم چەند خاڵەی خوارەوە کە بەکورتی ئاماژەیان پێ دەکەم :

یەکەم : ئەوان (زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی) هەر لەکۆنگرەی دەیەمی حیزبەکەمانەوە کە بڕیاری وەسەر یەك کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزب پەسند کرا، کاریان بۆ لەت بوونەوەی دووبارەی حیزب کردبوو! ! مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە بۆخۆی گێڕایەوە کە پێش بەستنی کۆنگرەی دەیەم چۆتە لای کاك مستەفای هیجری کە بە دوای شەهید کرانی دوکتور شەرەفکەندی دا لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی یەوە بەسکرتێری گشتیی حیزب دیاری کرابوو، داوای لێ کردبوو کەئەو شانازی یەی بەناوی خۆیەوە تۆمار بکا و، بۆیەکگرتنەوەی ئەو دووباڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵ بد ا . بەڵام کاك مستەفا ئەو یەکگرتنەوەی بە خەیانەت لە قەڵەم داوە ! !

ئەو بۆچوونەی کاك مستەفا سەلمێنەری ئەو ڕاستی یە حاشا لێ نەکراوەیە کە بەدوای یەکگرتنەوەی ئەو دووباڵەی حیزب دا، ئەوان کاریان بۆ قەرەبوو کردنەوەی بەوتەی خۆی ئەو خەیانەتە (یەك گرتنەوەی ئەو دووباڵەی حیزب) کردوە و، ئەو لەت کردنەوەی ئێستا بەسەرحیزبەکەمانیان دا سەپاندوە، بێ بەرنامە نەبووە . هەروەك کاك شاهۆش لەسەر تەلە ڤیزیۆنی تیشك بەڕاشکاوی ڕایگەیاند : " ئەوکاتیش ئەوان موخالیفی یەکگرتنەوە کەبوون " . کەوابوو هەر هەوڵ دانێك بۆچارەسەر کردنی قەیرانە نێو خۆیی یەکان و لە نێو بردنی گرژی و

ئـاڵۆزی یـەکان و، یـەك خسـتنەوەی ڕیزەکـانی حیـزب لـە فەرهـەنگی ئـەوان دا، ئاسنی سارد کوتان بوو .

دووهـەم : لـە مـاوەی ئـەو دوو سـاڵ و نیـوە دا، هـەموو هەوڵـەکانی لایـەنی ئۆپۆزیسیۆن، پارتی دیموکراتی کوردستان ، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردسـتان ، شەخسـی کـاك مەسعوود بـارزانی ، مـام جـەلال تاڵـەبانی، حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، ئەنـد امـانی پارلـەمانی کوردسـتان، حیزبـی شـیووعیی کوردسـتان، حیزبی زەحمەت کێشان، یەکیەتیی شۆڕشگێڕان، ڕێکخراوی خـەبات، کەسـایەتی یە سیاسی یە ناسراوەکان، دۆستان ودڵسۆزانی حیزب و گەلەکەمان لە نێو خۆ و دەرەوەی وڵات بۆ یەك خستنەوەی ڕیزەکانی حیزب و کۆتایی هێنان بە گـرژی و ئاڵۆزی یەکان، لەلایەن زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی یەوە ڕەت کرابوونـەوە و بـێ ئاکام مابوونەوە !

سێهەم : حیزبی دیـموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی سێزدە بەم لاوە، بـە کـردەوە لەلایـەن زۆرینـەی کۆمیتـەی ناوەنـدی یـەوە لـەت کرابـوو . هـەموو ئۆرگانەکان بە خۆیی و بێگانە دابەش کرابوون . ئەوەی جەناحی خۆیـان نـەبوو، وەك نامۆ سەیـر دەکرا . بیـانووی پـێ دەگیـرا، دەسـەڵاتی لـێ زەوت کرابـوو، کەسایەتیی نەدەپارێـزرا، بوختانی بۆ هەڵ دەبەسـترا و سەزا دەدرا، نەقڵ دەکرا و تەنانەت دەردەکرا و بێروبەوێ دا دەدرا و زیند انی دەکرا .

چوارەم : حیزبی دیـموکرات لە کۆنگرەی سـێزدە بـەم لاوە بەتـەواوی فەلـەج ببـوو، نـەیتوانیبوو خـۆی لەگـەڵ هـەلو مـەرجی سـەردەم بگونـجێنێ . هـەموو تواناکان بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ یەکتـر تـەرخان کرابـوون . نـەك هـەر گەشـە و نەشەیەك لە نێو ڕیزەکانی حیزب دا وەبەر چاو نەدەکەوت، بـەڵکو دڵ ساردی و ناهومێـدی بەتـەواوی سـنووری بەزانـدبوو . هـەموو کـردەوە و هـەڵس و کـەوتی ڕۆژانــەمان نــا ڕاســتەوخۆ لەبەرژەوەنــدیی دوژمــن دابــوو . زۆربــەی کــادر و

پێشمەرگەی لە مێژینە و کەسانی سەردەرچووی بواری سیاسی لە پەراوێز خرابوون . دەسەڵات کەوتبووە دەست کەسانێك کەلەگەڵ ڕووحی هاوفکری و ڕاوێژ کردن لەسەر مەسەلە سیاسی یەکان دا نامۆ بوون و، هەموو هەوڵێکیان لە پێناوی یەك دەست کردنەوەی حیزب بە سوودی دەسەڵاتەکەی خۆیان دابوو .

پێنجەم : سەرەڕۆیی ڕێبەرایەتی، یان ڕوون تر بڵێم : سەر ڕەقی سکرتێری گشتی و چەند کەس لە ئەند امانی دەفتەری سیاسی گەیشتبوە قۆناغێك کە بەهۆی تەك ڕەوی و ڕاوێژ نەکردن لەگەڵ کەسانی خاوەن نەزەر و قاڵبووی کوورەی خەبات لەنێو ڕیزەکانی حیزب دا، حیزبی دیموکراتی لە هەڵدێری لاڕێ بوون لە ڕێبازی ئەسڵیی خۆی نزیك کردبۆوە . بۆ وێنە وەبیرهێنانەوەی ئیمزا کردنی ڕێککەوتن نامە لەگەڵ پان ئێرانیستەکان، وەڵامی نامەی نەزمی ئەفشار لەلایەن کاك مستەفای هیجری وەك سکرتێری حیزب و، لەم دوایی یانەش دا بەپێی بەڵگەی یەکێك لە ماڵپەڕەکان کە دەفتەری سیاسیی حیزب وەدرۆشی خستەوە، ڕێککەوتنی نهێنی بە هۆی کاك شاهۆ حسێنی لەگەڵ سەڵتەنەت خوازەکان، باشترین بەڵگەی زیندوون بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستی یانە . لێرە دا بێ جێ نازانم بەڵگە نامەکە دەقاودەق وەك خۆی تۆمار بکەم :

بەڵگە : ڕێککەوتنی نهێنی جەناحی مستەفای هیجری لەگەڵ ڕەزا پەهلەوی

## لە قاودانی دڵبخوێن

لە دوای هاتنە سەر کاری مستەفا هیجری و تاقمەکەی، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران تووشی زۆر هەڵەی گەورە و یەك لە دوای یەك بووە . هۆیەکی ئەو هەڵە سیاسییانە ئەوەیە کە لەو تاقمە دا کەسانێك بە بێ لەبەر چاوگرتنی هیچ سنورو پرنسیپێك بە هەوا و هەوەسی خۆیان و بەبێ مە شۆرەت و ئاگاداری

کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی و بەدەنەی حیزب لەگەڵ ئەم و ئەو پەیمانی نهێنی دەبەستن و سوودی ئەو ڕێککەوتنانەش بۆ زاڵ بوون بەسەر جیناحی موخالیفدا بەکار دەبەن .

بۆ دوو ساڵ دەچێت شاهۆ حوسێنی بەبێ ئاگاداری ڕێبەرایەتی حیزب لەگەڵ سەڵتەنەت تەڵەبەکان بە نهێنی هاوکاری هەیە و تەنانەت بەشی زۆری پارەی دامەزرانی تیشك تیڤیشی هەر لەوان وەرگرتوە . لەم ڕۆژانەدا شاهۆ کە بۆخۆی بە هۆی نەخۆشی مێشك بۆی نەکراوە، لە ڕێگای عەبدول ڕەزا کەریمیەوە لەگەڵ ڕەزا پەهلەوی تەوافوقێکی نهێنی ئیمزا کردووە کە لەخوارەوە نێوەرۆکەکەی ئاشکرا کراوە .

شاکاری ئەو باندە تەنیا دانو ستانی نهێنی لەگەڵ کەسانێك نییە کە پێشەوا قازی و سەدان تێکۆشەری کوردیان لە سێدارەدا و دوکتور قاسملووی نەمر بە دوژمنی هەتا سەری کوردی دەزانین، بەڵکوو نەنگی کارەکەیان بەتایبەتی ئەوەیە کە لە مەعامەلەکانیاندا لە بەرامبەر هێندێك ئیمتیازی خسوسی و شاراوەدا، تەوا و ئامادەی هەرزان فرۆش کردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەمانن . ئەو شوێنانەی بەڵگەی نهێنی بە دەستهاتوو کە خەتی لە بن دراوە باشتر ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن .

بند 11 : ساختار فرهنگی ایران مجموعەای است از مردمانی با فرهنگها و گویشهای گوناگون که هر کدام ویژگیهای خاص خود را دارا میباشد که در گذارهای مختلف تاریخی با واژەهای متفاوت از جمله قوم و ملیت از آن یاد شده . لژا ما :

1 ـ پشتیبان حقوق سیاسی، اقتصادی، فرهنگی و اجتماعی همەی أنان از هر تیره و تباری بر مبنای اعلامیەی جهانی حقوق بشر و ملحقاتش هستیم .

2 ـ ما خواهان نظام غير متمركز، دمكراتيك و كثرتگرا بر اساس دادههای ملی و جغرافيايی هستيم كه تعين شكل ساختار أن ميتواند فدراتيو باشد كه بايد در مجلس موسسان و قانون اساسی بر خاسته از أن تعيين شود . قوانين ناظر بر حكومتهای محلی با قانون اساسی كشور هيچ مغايرتی نخواهند داشت . تعيين، تطبيق و تفكيك و ظائف دولت مركزی و حكومتهای محلی و مجالس ايالتی با مجلس موسسان و قانون اساسی برخواسته از أن است كه بايد زامن حق خودگردانی حكومتهای محلی و مجالس ايالتی در كليهی امور سياسی، اقتصادی و فرهنگی محلی باشد .

3 ـ با عتقاد ما حق مديريتهای شهری و منطقه ا ی بمنظور پيگيری و تحقق مطالبات سياسی، اقتصادی، فرهنگی و اجتماعی و بمنظور برنامه ريزی و فراهم أوری زمينههای پيشرفت و ترقی شهری و منطقه ا ی و گويش و اموزش بزبان مادری بايست بنمايندگان مناطق مختلف كشور واگزار شود .

4 ــ در يك نظام غير متمركز سياست خارجی، برنامههای دراز مدت اقتصادی، سياست پولی، اوزان و مقياسها بر عهدهی حكومت مركزی خواهد بود .

5 ـ حكومت مركزی و حكومتهای محلی حافظ يك پارچگی كشور و حاكميت ملی ايران و مسوله رشت همه جانبهی مناطق مختلف میباشد .

WWW.4ROJHELAT. COM

ئێستا بمانەوێ و نەمانەوێ و، پێمان خۆش بێ و پێمان تاڵ بێ، حیزبەکە لەت بوە و بەداخەوە حەوانەوەمان پێکەوە نە گونجاوە . بەڵام بە بڕوای من کە

ڕەنگە دوور لە واقیعییەتیش نەبێ، ئەگەر بەڕواڵەت لەو پێوەندی یە دا تووشی زیانێکیش بووبین، دڵنیام بۆ ماوەیەکی کاتی دەبێ و لە داهاتوو دا بە هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانمان کەلەو بوارە دابەرچاویشم ڕوونە، قەرەبوو کردنەوەی کارێکی لەوزە و توانا بەدەر نابێ . ئێستا وەك ئەوە دەچێ کە دوو ئەند امی بنەماڵەیەك هەرکام لە بوارێك دا بە جوێ کاربکە ن و داهاتەکەی بۆ ئەو بنەماڵە بێننەوە . جا هەرکامیان کاری باشتری کرد و ڕێگای گونجاوتری بۆ بەرەوپێش بردنی کارەکەی گرتە بەر و سوودی زۆرتری بە بنەماڵەکەی گەیاند، سرووشتی یە لەبەر چاوی ئەند امانی ئەو بنەماڵەیە دا خۆشەویست تر دەبێ و زیاتر دەبێتە جێی بڕوا و متمانەیان . ئێمەش هەرتك لامان بۆ بنەماڵەی گەورەی گەلەکەمان هەوڵ دەدەین و دوایەش لە مەید انی کردەوە دا دەردەکەوێ کە کام لامان ڕێگای پێش کەوتوانە ترمان ڕەچاوکردوە و سوود و بەرژەوەندیی زیاترمان بە گەلەکەمان گەیاندوە و، خێراتر بۆ وەدی هێنانی ئامانجی بەرزی شەهید ەکانمان هەوڵمان داوە . هیچ گومانیش لەوە دا نیە هەرلایەك لە توانای دا هەبێ بە سیاسەتی سەردەمیانە و پێشکەوتوانەی خۆی سەرنجی بیروڕای گشتی و هەموو چین و توێژەکانی نەتەوەکەی، بەتایبەت ڕووناك بیران بۆلای خۆی ڕابکێشێ و، زیاتر لە نێو کۆمەڵ دا بتوانێ جێی خۆی بکاتەوە، گۆی سەرکەوتنی لە مەید انی ململانێی سیاسی دا ڕفادوە و گرەوی بردۆتەوە .

مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە کەئەگەر بەو هۆیانەوە کە باس کران ئێمە نەمان توانیوە لە ماڵێك دا پێکەوە بحاوێینەوە و لەیەك سەنگەر دا درێژە بەخەبات بد ەین، هیچ بە دووری نازانم سبەی ڕۆژێ لەبەرەکی یەك گرتوو دا یەك بگرینەوە و، تێکەڵ لەگەڵ هەموو ڕێکخراوە پێشکەوتن خواز و دیموکراتەکان کە باوەڕیان بەئازادی و دیموکراسی و دابین کردنی مافی کەمە نەتەوەکان لە ئێرانێکی فیدراڵ دا هەیە، خەباتەکەمان لێك گرێ بد ەینەوە . چونکە مێژوو ئەوەی

سەلماندووە کە زۆرجاران وا ڕێ کەوتوە دوو برای تەنانەت دایك و بابیش بە هۆی سەلیقە و بۆچوونی دژ بەیەك لە ماڵێك دا پێکەوە نەسازاون، بەڵام کاتێك لێك جویێ بوونەوە و هەرکام ماڵە خۆیان کردوە، بەتەواوی لێك نزیك بوونەوە و پێوەندی یەکەیان توند و تۆڵ تر کردۆتەوە . ئەمن بەش بە حاڵی خۆم ئەو مەتانەت و پشوو درێژی و دڵ فراوانی و هەست کردن بەر بەرپرسایەتی یە، لە لایەنی خۆمان دا دبینم و بە تەواوی لێی دڵنیام . دەمێنێتەوە سەر هەڵوێست و لێك دانەوەی واقیع بینانە و هەست کردن بە بەرپرسایەتیی لایەنی بەرامبەر کە بەداخەوە تا ئێستا وەپاش گوێیان داوە و ئەنجامەکەشی ئەوەی لێ کەوتەوە کە دیتمان . هیوادارم لەمە بەولاوە دەرسیان لە مێژوو وەر گرتبێ و، ئەو هەستە پاکە لە ناخیان دا سەوز بووبێ و حەسادەت و بەرچاوتەنگی بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەکەیان لەبەر چاو ون نەکا .

ئێستا وەڵامی ئەو پرسیارە کە لە داهاتوو دا کێ درێژە دەری ڕاستەقینەی ڕیبازی پڕ لەسەروەریی ڕێبەرانی شەهیدمان قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی و هەزاران شەهیدی ڕێگای گەیشتن بە ئاوات و ئامانجە لە مێژینەکانی گەلەکەمان دەبێ و کێش بۆ بە لاڕێ دا بردنی سەرنجی بیروڕای گشتی و بەمەبەستی بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی لە کەسایەتیی ئەو سەروەرانە کەڵك وەردەگرێ ؟! ، مێژوو دیزانێ و، داوەریش سەردەرچوانی بواری سیاسین . با ئێمەش تا ئەو کاتە چاوەڕوان بین و پێش داوەری بەپەلە نەکەین .

تەنیا ئەوەند دەم پێماوە کە بڵێم : خودا غەزەب لەو کەسانە بگرێ کەبوونە هۆی لەت بوون و لێك ترازانی ڕیزەکانی ئەو حیزبە و، پاوان کردنی حیزب بە هەقی بێ ئەملا و ئەولای خۆیان دەزانن .

**خوێنەری خۆشەویست!**

ئەوەی لەبەر دەستت دایە، دوایین گۆڵمەز و کۆتایی داستانەکە نیە . بەڵکو ڕێگایەکی دژوار و قۆناغێکی پڕ لە ئاستەنگی دیکە چاوەڕوانمانە! باپیرانمان گوتوویانە : " چێشتی خۆش لە ئەنگۆریێ ڕا دیارە " . بە داخەوە ئەو هاوڕێ یانەمان ئێستاش خۆ لە ڕاستی یەکان دەدزنەوە . بۆ ڕوون بوونەوەی زیاتری مەسەلەکە ئاماژەیەکی کورت و سەرپێیی بە قۆناغی دوای لەت بوونەکە و، هەڵوێستی ناشارستانی یانەی لایەنی زۆرینەی ڕێبەری بێ جێ نازانم :

هەر بەدوای ڕاگەیەند راوی لەت بوونەکە دا، بێ ئەوەی چکۆلەترین جموجووڵ لە لایە ن ئێمەوە بەرچاو بکەوێ ، ئەوان بەپەلە وەخۆ کەوتن و، بە هێزی نیزامی دەستیان دایە کۆکردنەوەی ماشێنەکان، ماڵی بەرپرسانیان لە ئاڵقەی گەمارۆوەرێنا، پێشمەرگەیان چەك کرد، دەستیان بەسەر فرستند ەکانی ڕادیۆ دا گرت، ئارشیویات لێر و لەوێ قایم کردن، پوول و پارەیناوەندیان بە تالان برد و بە هەڕەشە و گوڕەشەوە مانۆڕی نیزامیان بە نێو بنکەکانی حیزب و نێو مالان دا دەست پێ کرد . بە شێوەیەك کە ئەگەر حکوومەتی هەرێمی کوردستانمان ئاگادار نە کردبا و، ئاسایشی کۆیە وەزعەکەی نەگرتبایە ژێر چاوەدێری، مەترسیی ڕوودانی ڕووداوی دڵ تەزێن لە ڕەگی بنا گوێ نزیك تر بوو .

ئەوجار بۆ بەلاڕێ دا بردنی بیرورای گشتی و بەراواژوو نیشاند انی ڕووی ڕاستی یەکان و لە بایەخ داشکاندنی مەسەلەکە، بەڕادیۆ و تەڤیزیۆن و ڕۆژنامە و پێك هێنانی وتوویژ لە نێو خۆیان دا، وە پەلەپەل کەوتن و، بە دووپات کردنەوەی وشە سواوەکانی وەك : ئەوانە هەر ئەو کەسانەن کەدوای کۆنگرەی هەشتەم حیزبیان لەت کرد و چەند کەسێکن کە لە کۆنگرەی سێزدەهەم دا دەنگی متمانەیان پێ نەدرا و، ئەوانە کار شکێنی یان کرد و . . . دەستیان دایە پڕ و پاگەند ە بڵاو کردنەوە .

لەگەڵ ئـەوە دا بـەپێی سـەرژمێری یـەك كـە حكوومـەتی هـەرێمی كوردسـتان ئەنـجامی داو، لەگەڵ كادری خۆیان ماڵ بە مـاڵ گـەڕان و پرسـیاریان كـرد و، لـە كەمپەكانی ئازادی و ئامیـریـیە و زەوی سپی لایەنی ئۆپۆزیسیۆن هەشتا و پێـنج ماڵ لەوان زیاترن و، زۆربەی كادر و پێشمەرگەی بە ئەزموون و لە مێژینە و لێزان و سەردەرچووی بواری سیاسی لەگەڵ ئێمە ن، ئێستاش ددانیان بەوە دا نـەناوە كە حیزب لەت بوە و هەردەڵێن : " هێندێك كادر و پێشـمەرگە جـویێ بوونـەوە و حیزب هەر لەجێی خۆیەتی " ! !

ئەوەی لە هەمووی ئەوانـەش زۆرتـر جێـی داخـە ئەوەیـە : تـا ئێسـتاش ئـەو هاوڕێ یانەمان هەر لەسـەر ئـەو بـاوەڕەن كـە دەبـێ بـە زەبروزۆرونیشـان دانـی قـوودرەت مەسـەلەكە یـەك لایـی بكەنـەوە و موخالیفـانی خۆیـان لـە گۆڕەپـان وەدەرنێن و لە هەستیی ساقـتیان بكەن ! ! ئێستاش هـەر بەڕبـەی پەنــجا سـاڵ لەوە پێش دەپێـون و، لـە دەورانـی ئینتێرنێـت دا هانایـان وەبـەر چـەكی سـارد (چەقۆ) بـردوە . كۆمـەڵێك كـادر و پێشـمەرگەیان بـە چـەقۆی دەم درێـژ تـەیار كردوون و، هەر دەمە نادەمێـك بیانوویـان بـە یـەكێك لـە لایـەنی ئێمـە دەگـرت و چـەقۆ ئاژنیـان دەكـرد . بـۆ وێنـە هـەتا ئێسـتا حـەوت كـەس لـە كـادر و پێشمەرگەكانی ئێمە بە ناوەكانی : خدری پاك دامەن (خدربەگ)، ئازادی شێخی، حسێنی عەبدوڵلازادە، خـالقی خورشـیدی، سـمایلی زاریعـی، مـحەمـمەدی گـوڵ پەسندی و ئارەشی زەمانی كەوتوونەتە بەر هێرشی چەقۆی ئـەو كۆمەڵـە چـەقۆ كێشە كـە ئـارەش زامـی هـەژدە چـەقۆی پێوەیـە و هـەتا ئێسـتاش لـە جێگـا دا كـەوتوە و چـەقۆ كێشـەكانیش لەبەندیـخانەی كۆیـە دان . ( بڕوانـە وێنـەكانی ئاخری كتێبە كە ) . بەڵگەی ڕوونیش بۆ ئەوە كە هەر لایـەنی ئـەوان لـەو چـەكە كەڵكی وەرگرتوە ئەوەیە كە : كادر و پێشمەرگەی ئەوان نووكە چـەقۆیەكی بـەر نەكەوتوە . بەڵگەی لەوەش ڕوون تر : ڕۆژێـك مـەئمووڕانی ئاسـایش لـە سـاڵۆنی

گشتیی نان خواردن کادر و پێشمەرگەی هەر دووك لایان پشکنیون، لە ئاکام دا شازدە چەقۆیان لە گیرفانی کار و پێشمەرگەی ئەوان دا دۆزیوەتەوە بێ ئەوەی تەنیا چەقۆیەکیان بە کادروپێشمەرگەی ئێمەوە دیبێ . بەڵام بە هۆی هەڕەشەی مەئمووڕانی ئاسایشەوە ماوەیەکە ئەو شێوە خەباتەشیان دامرکاوەتەوە و ئێستا وەزعەکە تا ڕادەیەك ئارام بۆتەوە .

هەربۆیە بە بڕوای من هەتا ئەو هاوڕێ یانەمان ئیمان بەوە نەهێنن کە حیزبی دیموکرات لەت بوە و بەشی هەموانی وەك یەك پێوەیە، لێك ترازان و جوێ بوونەوەکەشمان کارێکی هەروا سووك و هاسان نیە .

بەڵام ئێمە دڵنیاتان دەکەین، لەگەڵ هەموو ئەو تەنگ و چەڵەمانەش دا، بەپێی ئەو بەرپرسایەتی یەی مێژوو پێی سپاردووین، هەروەك تا ئێستاش بە کردەوە سەلماندوومانە، لە سەرەخۆیی و پشوو درێژیی خۆمان پاراستوە و دەشی پارێزین . بەوتەی مامۆستا حەسەن زادە : " ئەگەر سەد جاریش جوابی سڵاومان نەدەنەوە ئێمە هەر سڵاویان لێ دەکەین " و، نەك هەر بە دوژمنی خۆمانیان نازانین، بەڵکو وەك هاوسەنگەری پێشوومان چاویان لێ دەکەین و، ئەگەر شەڕیشمان پێ بفرۆشن، تا ئەو جێگایەی لە توانامان دا بێ خۆی لێ لا دەدەین .

لێرەدا بە خواتا دەسپێرم و ئەگەر مەرگ مەودای پێد ام، لە بیرەوەری یەکانم دا بە وردە کاری یەکانی ئەو ڕووداوە دڵ تەزێن و نەخوازراوە دا دەچمەوە . یا هوو . . . . . . .

## سوپاس و پێزانیـن :

سوپاس بۆ ئەم بەڕێزانە کە بۆ لەچاپ دانی ئەم کتێبە هاوکاری تـەواویان کردووم :

ئاکامی کوڕم کە ئەرکی تایپی کتێبەکەی وە ئەستۆ گرت

سپاس بۆ کاك خالیدی یۆسفی کە ئەرکی مۆنتاژ کردنـی کتێبەکـەی وەئەسـتۆ گرت .

کاك خالید وەنەوشە کە چەند بەڵگەی بۆ دۆزیـمەوە .

کاك سەید جەلالی سـاڵحی کەچـەند بەڵگـەی بـۆ دۆزیـمەوە و لـە ڕێـك کردنـی بەڵگەکانیش دا زەحـمەتی زۆری کێشا .

کـاك فايـەقی مـەحموودی کـە لـە پێداچـوونەوەی بەشـێکی زۆری تایپـە کـە هاوکاریی کردم .



خدر پاكدامن( خدر بەگ



ئارش زەمانی

